# یاسای تونجەلی 1935و
# جینۆسایدی دێرسم

ئیسماعیل بێشکچی



# یاسای تونجەلی 1935و جینۆسایدی دێرسم

ئیسماعیل بێشکچی

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

# یاسای تونجەلی 1935و جینۆسایدی دێرسم

ئیسماعیل بێشکچی

وەرگێڕانی : هاوبیر زەردیئاوایی

2024

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

چاپی یەکەم
2723 ـی کوردی - 2024 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئاداری 2024

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ وەقفی ئیسماعیل بێشکچی، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (226)ی 2024 بۆ تەرخانکراوە.

# نێوەڕۆك


**1. تاوتوێکرانی (یاسای تونجەلی) لە پەرلەمانی تورکیادا** 7

یاسای ئیدارەی پارێزگای تونجەلی / بەشی ئیداری 10

**2. هۆکارە داخوازەکانی یاساکە** 32

**3. مانای وشەکانی (چاکسازی)، (ئاساییش) و (چەتەیی) چین؟** 38

**4. جێبەجێکرانی یاسای تونجەلی** 43

**5. یاسای تونجەلی وەک ئامرازێک بە ڕەوایەتیدان بە جینۆسایدەکە** 86

**6. بیرۆکراسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە لەکاتی دەرکرانی و جێبەجێکردنی یاسای تونجەلی دا** 122

**7. هەڵگیرانی یاسای تونجەلی و پشکنەرە گشتییەکان** 147

بۆچوونی کۆمۆنیست ئینتەرناسیۆنال لەبەرامبەر جینۆساید 200

**ئەنجام** 209

# 1. تاوتوێکرانی (یاسای تونجەلی
# لە پەرلەمانی تورکیادا

تێکڕای گفتوگۆکانی پەرلەمان سەبارەت یاسای تونجەلی لە خوارەوە دانراوە. پەراوێزەکان روونکردنەوە سەبارەت گفتوگۆکان یان ماددەکانی یاساکان دەخەنەڕوو.

**شوکرو کایا (وەزیری ناوخۆ):** ئەو پارێزگایەی کە ئێستا دروست دەکرێت و ناوی تونجەلی لێدەنرێت، پێشتر ناوی دێرسم بووە. دێرسم لە کۆنیشدا ناوێک نەبووە کە لە ناوچەیەکی دیاریکراو نرابێت، بەڵام لە روانگەی ناوچەی ئیدارەی ئەمڕۆیەوە، رووبەرەکەی 450500 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە درێژییەکەی 90 و پانییەکەشی 60 کیلۆمەترە. ئەم ناوچەیە چیای بەرز، رووباری قووڵ و دەشتی بەرینی لەخۆگرتووە. زۆربەی ئەم ناوچەیە بەردین و شاخاوییە. دانیشتووانەکەی بریتییە لە 6570 هەزار کەس. خەڵکەکەی بەئەسڵ سەر بە رەچەڵەکی تورکن.[1] یەکەم باسکرانی ئەم ناوچەیە لە مێژووی فەرمیی تورک دا

1 - هەرچەندە یاساکە بۆ لەنێوبردنی تەواوی کورد داڕێژراوە، کەچی ئەوەش فەرامۆش ناکات کە بڵێت "بەڕەچەڵەک تورکن". یەکێک لە گرنگترین سیفەتەکانی داگیرکاریی تورک لە کوردستان دا ئەوەیە خاکی کورد، پێناسەی کوردستان و بوونی نەتەوەی کورد قبووڵ ناکات و رەتیدەکاتەوە. کاتێک دەگوترێت خەڵکی دێرسم بەئەسڵ تورکن، مەبەست لەوەیە ناوچەکە لە چاخە سەرەتاکانی مێژووەوە خاکی تورک بووە.

دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی نێوان شا ئیسماعیل و سوڵتان سەلیم.[2] دوای ئەمە، هاوشێوەی شێوازی بەڕێوەبردنی زۆر لە ناوچەکانی دیکە، ئیدارە رادەستی ئاغا خۆجێیەکان و بەگەکان دەکرێت[3] لە سەردەمی ریفۆرمی "تەنزیمات"دا کاتێک سیستەمی ویلایەتەکان بەگەڕدەخرێت، ئەوێش وەک ویلایەتێک دەستنیشان دەکرێت. بەڵام هەر چۆنێک بێت، دێرسم فەرامۆش دەکرێت و وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەمڕۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەم ناوچەیە خێڵەکییە. واتە بەسەر چەند پارچەیەک دا دابەشبووە. ئەمانە بابەتە مەدەنی، یاسایی و تەنانەت سزاییەکانیشیان لەنێو خۆیاندا چارەسەر دەکەن. ئەمڕۆ ئەویٚ بەسەر 91 عەشیرەت دا دابەشبووە. لە 1876ەوە تائێستا و لە کاتە جیاوازەکاندا 11 ئۆپەراسیۆنی سەربازی کراونەتە سەر دێرسم.[4] خەڵکەکەی نەزانن، بەهۆی کەمیی خاکی بەپیتیشەوە لە ناوچەکەدا، دانیشتووانەکەی هەژارن و ئەگەر چەکیشیان لەدەستبێت ئەوا کارەسات لەم ناوچەیەدا هەرگیز کەم نابێت.[5] ئەم جۆرە جێگەیانە دەگونجێت لە هەموو وڵاتێکی مەدەنی دا بەرچاو بکەون. لە فەرەنسا، ئیتاڵیا و یۆنانیش ناوچەی لەم شێوەیە هەن. بە نزیکەیی لە هەموو وڵاتێک دا ناوچەی دواکەوتووی لەم جۆرە

---

هەڵوێستێکی لەم جۆرە لە گشت داگیرکارییەکاندا دەبینین، بەتایبەت لە داگیرکاریی پورتوگالی و ئیسپانی دا. پورتوگالییەکان زۆر جەختیان لەوە کردووەتەوە کە هەریەک لە مۆزەمبیق، ئەنگۆلا و گینیا خاکی خۆیانە و ئەوانیش "داگیرکەر" نین. بۆ نموونە، بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە مۆزەمبیق خاکی خۆیانە. بڕوانە کتێبی (خەباتی رزگاریخوازی مۆزەمبیق) کە لەلایەن (ئیدواردۆ مۆندلان)ەوە نووسراوە.

2 - ئەی پێش ئەوەی تورکەکان بێنە ئەنادۆڵ، خەڵکی دێرسم و ناوچەکە کێ بوون؟

3 - مەبەست لێی حکومەتە خۆجێیی و ئەو میرنشینانەیە کە کورد لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ کاروباری خۆیان پێ بەڕێوەدەبرد.

4 - شوکرو کایای وەزیری ناوخۆ دەڵێت لە ساڵی 1876ەوە II ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر دێرسم کراون، بەڵام هۆکاری ئۆپەراسیۆنەکان روون ناکاتەوە. مانای وایە ئەم سیاسەتەی کۆماری تورکیا بەرامبەر دێرسم درێژەی سیاسەتی عوسمانییەکانە.

5 -مەبەست لە وشەکانی "نەزان، هەژار، خاکی بێ پیت، چەکدار" چین؟ خەڵک بۆ نەزانن؟ بۆ هەژارن؟ ئەگەر خاکەکەیان بێ پیت بێت، چ چارەسەرێک گیراوەتە بەر؟ بۆچی چەکدارن؟ هۆکاری ئەوەی لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تاوەکو ئەوکات II هێرشی سەربازی کراوەتە سەر چییە؟ بۆچی کۆماری تورکیاش درێژە بەم سیاسەتە دەدات؟

هــەن. ئــەو ڕووداوانــەی کــە لــەم ناوچەیــەدا ســەریان هەڵــداوە، بوونــە هــۆکاری چەنــدان ئۆپەراســیۆنی ســەربازی. وەک پێشــتریش گــوتم، لە ســاڵی 1876ەوە تائێســتا لــە ڕێگــەی هێــزی جۆراوجــۆرە 11 جووڵــەی ســەربازی بــۆ ســەر ئــەم ناوچەیــە ڕێکخــراوە، بــەڵام ئــەم ئۆپەراســیۆنانە لەبەرئــەوەی ئامانجێکــی دیاریکراویــان هەبــووە، دوای ماوەیەک ســەرباز کشــێنراونەتەوە؛ بــەڵام ئــەو نەخۆشــییەی کــە بووەتــە هــۆکاری پێویســتبوونی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکە نــە شــیکراوەتەوە و نــە چــارە کــراوە.[6] تەنیا کــەم کراونەتەوە. لەبەرئــەوەی دروشــمی قۆناخــی کۆمــار بریتییــە لــە چارەســەرکردنی پێداویســتییە بنەڕەتییەکانــی نیشــتمان و ســاڕێژکردنی نەخۆشــییە ســەرەکییەکان، بۆیــە لــە ڕێگــەی شــێوازە مەدەنییەکانەوە بیر لــە پڕۆژەیەک کراوەتــەوە بــۆ ئــەم ناوچەیــە؛ تاوەکــو هاوشــێوەی جێگەکانــی دیکــەی نیشــتمان، ئــەم جێگەیانــەش لــە پیــت و بەرەکەتەکانــی کۆمــار ســوودمەند بــن. ئــەو یاســایەی کــە ئێســتا گفتوگــۆی لەســەر دەکرێــت یاســایەکی لــەم جۆرەیــە. لــەوێ شــتێکی نائاســایی ڕوونــادات. دەمەوێــت ئەوە بە ڕای گشــتی ڕابگەیێنــم کــە لــە وڵاتــی ئێمــەدا دۆخێکــی نائاســایی نییــە.[7]

**ســەرۆکی پەرلەمــان:** کــەس نییــە گوتەیــەک یــان پرســیارێکی هەبێــت لەســەر ئــەم پێشــەکییە. ئەوانــەی پڕۆژەیاســاکە پەســەند دەکەن با دەســت هەڵببــڕن... ئەوانــەی پەســەندی ناکــەن... یاســاکە پەســەندکرا.

6 - لێرەدا دەبێــت بــە وردی لەســەر دەســتەواژەکانی وەک "ئامانجــی دیاریکــراو لــە ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان" و "ئــەو نەخۆشــییە بنەڕەتییــەی کــە هــۆکاری ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان بــووە" بوەســتین. بەئاشــکرا هەبوونــی نەتــەوە و ناســنامەی کــورد وەک ئــەو نەخۆشــییە دەستنیشــان دەکرێــت کــە داخــوازی ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان بــووە. واتــە دەڵێــت تاوەکــو نەتــەوەی کــورد و ناســنامەکەی لەنێونەبرێــت، هەمیشــە ئــەو ڕووداوانــە ســەرهەڵدەدەنەوە کــە پێویســت بــە ئۆپەراســیۆنی ســەربازی دەکــەن.

7 - شــوکرو کایــای وەزیــری ناوخــۆ لــە دوای ڕیزکردنــی چەندیــن ڕووداوی نائاســایی، دەڵێــت "ڕای گشــتی دڵنیا دەکەمــەوە کــە هیــچ دۆخێکــی نائاســایی نییــە". بەتەنیا ئــەم دەســتەواژەیە دەرخــەری ئەوەیــە کــە دەســەڵاتی سیاســی خــۆی بــۆ شــتێکی نائاســایی ئامــادە دەکات؛ بەبــێ هەســتکردنیش نیگەرانییەکانــی دەردەبڕێــت.

**مـاددەی 1:** کەسـێک وەک پارێـزگار و سـەرکردەی پارێـزگای تونجەلـی دیـاری دەکرێـت کـە پلەیەکـی بـاڵای سـەربازیی هەبێـت.[8]

لـەو رووەوە کـە پارێـزگار و نوێنـەری سـوپایە، بـە مەرجـی وەرگێرانـی لارینەبـوون لـە "وەزارەتـی بەرگری"یـەوە، بـە پێشـنیازی وەزیـری ناوخـۆ و بڕیـاری ئەنجوومەنـی وەزیـران دەستنیشـان دەکرێـت.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 2:** پارێـزگار لـە کاروبـاری پارێزگاریـدا و لـە بڕیارەکانیـدا سـەبارەت فەرمانبەرانـی سـەر بـە پارێزگاکـە، هەمـوو ئـەو دەسـەڵاتە یاسـاییانەی دەبێـت کـە پەرلەمانتـاران هەیانـە.

پارێـزگار ئەگـەر پێویسـت بـکات دەتوانێـت سـنوور و سـەنتەری قـەزا و ناحیـەکان بگۆڕێـت و وەزارەتـی ناوخـۆ لـەم گۆڕانکارییانە ئـاگادار دەکاتەوە.[9]

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی قبووڵـی ناکـەن... قبووڵکـرا.

**مـاددەی 3:** قایمقامـی قـەزاکان و بەڕێوەبـەری ناحیەکانـی ئـەم پارێزگایـە، لـەدوای وەرگرتنـی پەسـەندکردنی وەزارەتـی بەرگـری، لەلایـەن پارێـزگاوە نووسـراوی فەرمییـان بـۆ بەرزدەکرێتـەوە و لەلایـەن وەزیـری ناوخۆیشـەوە پەسـەند دەکرێت. ئەمانـەش بـە مەرجـی مانـەوەی پەیوەندییـان لەگـەڵ

---

8 - حکومـەت بیـر لـە شـێوازێکی بەڕێوەبردنـی جیـاواز بـۆ دێرسـم دەکاتـەوە و دەیەوێـت لـە ڕێگـەی یاسـاوە ڕەوایـی پێبـدات. سـەربازێکی پلەبـاڵا دەکرێتـە پارێـزگاری پارێزگاکە. واتـە پارێزگاری شـارەکەیە و هەروەهـاش فەرمانـدەی هێـزە سـەربازییەکانە. لـە هەمـان کاتیشـدا پشـکنەری گشـتییە. لـە سـەردەمی تـاک حیزبیـدا، ئەمانـە لـە هەمـان کاتـدا نوێنـەری حیزبـی پارتـی گەلـی کۆمـاری CHP بوون لـەو پارێزگایـەدا، بـەڵام چونکـە لەنێـوان سـاڵانی 19301939دا جەهەپـە لـە کوردسـتان ڕێکخسـتنی نەبـوو، لێـرەدا ئـەم پەیوەندییـە نابینرێـت.

9 - لـەم ماددەیـەوە دەردەکەوێـت کـە پارێـزگار دەسـەڵاتێکی زۆر فراوانـی پێدەدرێـت، وەک: دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی پارێزگاکـە و گۆڕینـی ناوەنـد و سـنووری قـەزا و ناحیـەکان. هەندێـک لەمانـە تەنانـەت لـە دەسـەڵاتی وەزیرەکانیشـدا نەبـوون.

سوپادا، لە ئەفسەرەکان هەڵدەبژێررێن. ئەمانە و ئەو ئەفسەرانەش کە لە داوودەزگاکانی پارێزگاکەدا کار دەکەن سەرجەم ماف و خزمەتەکانیان پارێزراوە. خزمەتی ئێرەیان بە خزمەتی سەربازی بۆ ئەژمار دەکرێت و مووچەکانیان بەگوێرەی پلەکانیان لە وەزارەتی بەرگرییەوە دابین دەکرێت.

**سەرۆک:** ئەوانەی ماددەکە پەسەند دەکەن تکایە دەست هەڵببڕن... ئەوانەی پەسەندی ناکەن... پەسەندکرا.

**ماددەی 4:** ئەو فەرمانبەر و کارگوزارانەی لەلایەن پارێزگارەوە دادەمەزرێندرێن، تێچووی ماڵ گواستنەوەیان لە شوێنی پێشوویانەوە بۆ جێگە نوێیەکەیان بۆ خەرج دەکرێت.

**سەرۆک:** ئەوانەی ماددەکە پەسەند دەکەن با دەست هەڵببڕن... ئەوانەی پەسەندی ناکەن... پەسەندکرا.

**ماددەی 5:** پارێزگار، لە روانگەی دیسیپلینەوە، بەگوێرەی ئەو ماف و دەسەڵاتەی کە یاسا سەربازییەکان بۆیان دابین کردووە، مامەڵە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە سەربازیانەدا دەکرێت کە لە پارێزگاکەدا بەکاردەهێنرێن.

سەبارەت بە فەرمانبەرانی دیکە، لە پاڵ سزاکانی ئاگاداركردنەوەدا، دەتوانێت راستەوخۆ سزا ئینزیباتییەکانی وەک لێبڕینی مووچە و نزمکردنەوەی پلە بەکاربهێنێت و ئەم سزایانەش دەچنە نێو تۆماری فەرمانبەرانەوە، بەڵام دابەزاندنی پلەی فەرمانبەر و دەرکردنی لە فەرمانبەری، لەلایەن دەستەی ئینزیباتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. یاساکانی دادوەری وەک خۆیان دەمێننەوە، بەڵام پارێزگار تەنانەت لەو سزایانەدا کە دادوەران بۆ فەرمانبەرانی دادوەری و دادنووسەکان دەریان دەکەن، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە.

**سەرۆک:** ئەوانەی ماددەکە پەسەند دەکەن با دەست هەڵببڕن... ئەوانەی پەسەندی ناکەن... پەسەندکرا.

**ماددەی 6:** ئەرکی ئەنجوومەنی پارێزگا لەلایەن دەستەی ئیداریی پارێزگا

و قایمقامـی قەزاکانـەوە و بـە سەرپەرشـتیی پارێـزگار یـان کەسـێک کـە ئـەو دیاریـی دەکات، بەڕێوەدەبرێـت. هەریـەک لـە بەڕێوەبـەری ئابـووری، بەڕێوەبـەری گشـتیی پـەروەردە، بەڕێوەبـەری ئەندازیـاری بـە سـەرۆکایەتی پارێـزگار یـان کەسـێک کـە ئـەو دیـاری دەکات، ئەرکـی ئەنجوومەنـی هەمیشـەیی پارێـزگا رادەپەڕێنـن. سـەرجەم بڕیارەکانـی ئیـدارەی تایبەتـی پارێـزگاکان وەک خۆیـان دەمێننـەوە و جێبەجـێ دەکرێـن.
**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.
**مـاددەی 7:** پارێـزگار لـە هـەر شـوێنێکدا بـە پێویسـتی زانـی، دەتوانێـت کاری سـەرۆکایەتیی شـارەوانیی بـە قایمقـام و بەڕێوەبـەری ناحیەکان بسـپێرێت.

## لایەنی ئیداری

### بەشی یەکەم
### لێکۆڵینەوەی سەرەتایی

**مـاددەی 8:** لـە لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییدا، داواکاری گشـتی شـایەتەکان لـە ڕێگـەی بانگهێشـتنامەوە بانـگ دەکات. دەرەنجامـی یاسـایی ئەوانـەی کـە بـە دەمییـەوە نایـەن لـە بانگهێشـتنامەکەدا دەنووسـرێت.[10] لـە کارە بەپەلەکانـدا، داواکاری گشـتی بەبـێ ناردنی بانگهێشـتنامە، دەتوانێت بڕیاری هێنـان بـۆ ئـەو کەسـانە دەربـکات کە جێگـەی نیشـتەجێبوونیان لـە دادگاوە دوورە. ئەوەنـدە هەیـە هەمـان مامەڵـە لەگـەڵ هـەردوو جۆرەکـەی شـایەتەکاندا دەکرێـت.
**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

10 - ئەم بەشە مامەڵەیە تەواو نایاسابییە و بەرگی یاسای لەبەرکراوە.

**مـاددەی 9:** داواکاری گشـتی لەکاتـی لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییدا هەمـان دەسـەڵاتی دادوەرەکان بەکاردەهێنێـت.
**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.
**مـاددەی 10:** لـە لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییدا داواکاری گشـتی دەتوانێـت گومانلێکـراو و شـایەتەکان بەجیـا یـان بەکۆمـەڵ رووبـەڕووی یەکـدی بکاتـەوە.[11]
**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**بەشی دووەم**

**داوای مافە گشتییەکان**

**مـاددەی 11:** ئـەو بابەتانـەی کـە داواکارانـی گشـتی لـە لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییدا بـە پێویسـتیان نەزانیـوە، دەتوانـن دواتـر لـە رێگـەی راپۆرتەکەیانـەوە راسـتەوخۆ پێشکەشـی دادگای بکـەن. تەنانـەت لـەو تاوانانەشـدا کـە بەناچـاری پێویسـتە لێۆڵینـەوەی سـەرەتایی بیانگرێتـەوە، داواکارانـی گشـتی دەتوانـن ئـەم دەسـەڵاتە بەکاربێنـن.
**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.
**مـاددەی 12:** لـەو کارانـەدا کـە کردنـەوەی داوا پێویسـتی بـە مۆڵەتـە، پارێـزگار مافـی مۆڵەتدانـی هەیـە.
**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

11 - ئەم ئەرکەی کە بە داواکارە گشتییەکان دراوە زیاتر لە ئەرکی ئەندامانی دەزگا هەواڵگرییەکان دەچێت.

**بەشی سێیەم**

## لێکۆڵینەوەی سەرەتایی

**مـاددەی 13:** بڕیـاری ڕەتکردنـەوە و قبووڵنەکردنـی دادوەر بـۆ داواکاریـی گومانلێکـراوەکان، بڕیارێکـی کۆتاییـە.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 14:** لـە لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییدا ئـەو کارانـەی کـە بـە ئامادەبوونـی دادنـووس لەلایـەن داواکارانـی گشـتییەوە کـراون، دووبـارە ناکرێنـەوە.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**ماددەی 15:** بڕیاری کردنەوەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی تانەی لێنادرێت.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**ماددەی 16:** دادوەری لێکۆڵینەوە هەمان مافی ماددەی 10ی هەیە.

رائیـف کارادێنیـز (پەرلەمانتـاری شـاری تڕابـزۆن): پێویسـتە ژمـارە 10 بێـت نـەک 12، چونکـە ژمـارەکان گـۆڕاون.

**سـەرۆک:** راسـتمان کـردەوە. ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 17:** داواکارانـی گشـتی لـەدوای لێکۆڵینـەوەی سـەرەتایی دەبێـت لـە مـاوەی دوو رۆژدا داواکەیـان بنووسـن.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 18:** گومانلێکـراوان لـە نووسـران و نێوەڕۆکـی داواکـە ئـاگادار ناکرێنـەوە.[12]

---

12 - ئەمـەش یەکێکـی دیکەیـە لـە بڕیـارە سـەیرەکانی یاسـاکە. واتـە کەسـێک دەستبەسـەر

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 19:** ئـەو تاوانانـەی کـە سـزای قـورس دەخـوازن، لـە مـاوەی لێکۆڵینەوەکـەدا کەسـەکە دەبێـت زیندانـی بکرێـت. بڕیـاری ئازادکرانـی زیندانییـەکان پێـش دەسـتپێکردنی وادەی دادگا تەنیا دوای پەسـەندکردنی پارێـزگار جێبەجـێ دەکرێـت. راسـتاندنی ئـەم بڕیـاری ئازادکردنانـە تانـەی لێنادرێـت.[13]

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 20:** بڕیـاری رەتکردنـەوە داوای گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی کـۆن، بڕیارێکی یەکلاکـەرەوە و کۆتاییە.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 21:** گومانلێکـراو ناتوانێـت تانـە لـە بڕیاری دەستبەسـەرکردن بدات کـە لەکاتی لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییدا دەرچووە.[14]

## بەشی چوارەم

## دادگایی

**مـاددەی 22:** تۆمـاری یەکلابوونـەوەی تاوانـەکان پێویسـتە ئـەم شـتانە لەخۆبگرێـت:

1. رۆژەکـە بەتـەواوی، شـوێنی نووسـران و نووسـەر (نـاو و سـیفە تە کە ی ) .

---

دەکرێـت، بـەڵام نازانێـت تاوانەکـەی چییـە و بـە چ تاوانبـار دەکرێـت. بـۆ یەکـەم جـار لـە دانیشـتنی دادگادا گوێـی لـە تاوانـەکان دەبێـت. مەبەسـت لـەم بڕیـارە ئەوەیـە کـە گومانلێکـراوان لـە دادگادا خافڵگیـر بکرێـن.

13 - ئەم ماددەیە دەیسەلمێنێت کە دەسەڵاتەکانی پارێزگار سیاسین.

14 - لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت دەیانەوێت گومانلێکراو بخرێتە ژێر گوشارێکی زۆرەوە.

2. رووداو و بەڵگەکانی، کەلوپەل و ئامرازەکانی تاوان (شێوە، بڕ، تایبەتمەندییەکان، لە کوێ و چۆن بینراون).

3. ناو، پێناس، سیفەت، شوێنی نیشتەجێبوون و گوتەی گومانلێکراو.

ئەم تۆمارە واژۆدەکرێت لەلایەن ئەو فەرمانبەرەوە کە ئامادەی دەکات لەگەڵ گومانلێکراو و بە لایەنی کەمەوە دوو کەسی دەرەکیی کە لەوێدا ئامادەن. هەر تۆمارێک کە ئەم مەرجانەی تێدابێت، تاوەکو ئەوکاتەی دەسەلمێت ساختەیە، متمانەپێکراوە.

ئەگەر گومانلێکراو نەیەوێت واژۆی بکات، هۆکارەکەی لە خوارەوەی دۆسیەکە دەنووسێت و واژۆی دەکات. ئەگەر خوێندنەوە و نووسینی نەزانی، هۆکارەکە لەلایەن کەسێکی دیکەوە دەنووسرێت و واژۆی دەکات. ئەگەر بەبێ هۆ خۆی لە واژۆکردن ببوێرێت، ئەمەش دەنووسرێت. ئەگەر هۆکاری دەرخستبێت، دادگا دەتوانێت بەگوێرەی تایبەتمەندیی ئەم هۆکارانە لێکۆڵینەوە بکات. ئەگەر گومانلێکراو بانگەشەی ئەوە بکات کە فەرمانبەری ئامادەکار ساختەکاری لە تۆمارەکەدا کردووە، دەبێ لەکاتی دادگاییدا بەڵگەی قایلکار بخاتەڕوو. ئەگەر گومانلێکراو بەڵگەی هەبوو، ئەوکات گوێ لە شایەتیی واژۆکەرە دەرەکییەکان دەگیرێت و بەڵگەی پێویستی دیکەش کۆدەکرێتەوە. ئەوانەی کە بانگەشەی ساختەکاری دەکەن بۆ ئەوەی کاری دادگا دوابخەن یان هانی گومانلێکراوان دەدەن بۆ کاری بەوشێوەیە، سزای دارایی دەدرێن بەمەرجێک لە 100 لیرە کەمتر نەبێت. ئەم کەسانە ئەگەر پارێزەربن لە هەمان کاتدا سزای ئینزیباتیی دەدرێن.[15]

**سەرۆک:** ئەوانەی ماددەکە پەسەند دەکەن با دەست هەڵببڕن... ئەوانەی پەسەندی ناکەن... پەسەندکرا.

---

15 - گشت جومگەکانی ئەم ماددەیە جگە لەوەی کە دژی دیموکراسین و بەهەوەسن، لە هەمان کات دا زۆر سەخت و توونديشن. لەو سەردەمەدا کیلۆی ئەو گەنمەی کە جووتیار بەرهەمی هێناوە تەنیا 34 قرووشی* کردووە. واتە بۆ ئەوەی گوندنشینێک ئەم سزایە بدات دەبێت دەوربەری 3000 کیلۆ گەنم بفرۆشێت. بێگومان ئەمەش سزایەکی زۆر قورسە.

* لیرەیەک 100 قرووشە. (وەرگێڕ)

**مـاددەی 23:** ماددەکانــی 13، 19 و 21 لەکاتــی دانیشــتنی دادگایــش دا پەیـڕەو دەکرێـن.

**سـەرۆک:** ئەوانــەی ماددەکــە پەســەند دەکــەن بــا دەســت هەڵببــڕن... ئەوانــەی پەســەندی ناکــەن... پەســەندکرا.

**مـاددەی 24:** جگــە لــەو دۆســیانەی کــە پێویســتە دوابخرێــن، دادگا بانگهێشــتەکانی خــۆی دەکات و پێنــج ڕۆژ دوای پێدانــی داواکــە دانیشــتنی دادگا دەســت پێــدەکات.

ئەگــەر بەڵگــەکان لــە دژی گومانلێکراوێــک بســەلمێن، بەبــێ وەســتان دانیشــتن ڕێکدەخرێــت و بڕیــار دەدرێــت. دادگایــی لــە دانیشــتنێکدا تــەواو دەکرێــت؛ مەگــەر هــۆکاری ڕێگــر هەبێــت. داواکاری گشــتیش ناچــارە لــە هەمــان دانیشــتن دا داواکــەی پێشــکێش بــکات.[16]

**سـەرۆک:** ئەوانــەی ماددەکــە پەســەند دەکــەن بــا دەســت هەڵببــڕن... ئەوانــەی پەســەندی ناکــەن... پەســەندکرا.

**مـاددەی 25:** هەریــەک لــە ماوەکانــی هەڵپەســاردن و دواخســتن ئەگــەر پێویســتییەکی تایبــەت نەبــن لــە پێنــج ڕۆژ زیاتــر تێناپــەڕن.

**سـەرۆک:** ئەوانــەی ماددەکــە پەســەند دەکــەن بــا دەســت هەڵببــڕن... ئەوانــەی پەســەندی ناکــەن... پەســەندکرا.

**مـاددەی 26:** ئەگــەر داواکارانــی گشــتی بەلایانــەوە پەســەندبێت، تەنیــا بــە خوێندنــەوەی ئــەو گوتەیــە وازدێنــن کــە لەلایــەن داواکارانــی گشــتی یــان دادوەری لێکۆڵــەرەوە تۆمارکــراون.

**سـەرۆک:** ئەوانــەی ماددەکــە پەســەند دەکــەن بــا دەســت هەڵببــڕن... ئەوانــەی پەســەندی ناکــەن... پەســەندکرا.

**مـاددەی 27:** دوای کۆکردنــەوەی بەڵگــەکان، داواکاری گشــتی داواکــەی بــێ وەســتان دەســتپێدەکات. ئەگــەر دادگایــی چەنــد دانیشــتنێکی خایاندبێــت و دۆســیەکان پێویســتیان بــە پێداچوونــەوە بووبێــت، ئەوپــەڕی پێنــج ڕۆژ

16 - جەخــت لــە تەواوکرانی دادگاییەکــە لــە یــەک دانیشــتن دا دەکرێتــەوە. ئەمــەش نیشــاندەری ئەوەیــە کــە دادگا هیــچ کاتێــک گرنگــی بــە بەرگــری لەخــۆکــردن نــادات.

مۆڵـەت بـە داواکاری گشـتی دەدرێـت بـۆ هۆنینـەوە و پێشکێشـکردنی داواکـەی.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 28:** تەنیـا دوو ڕۆژ مۆڵـەت بـە گومانلێکـراو و پارێزەرەکـەی دەدرێـت بـۆ ئـەوەی بەرگـری ئامـادە بکـەن. لـەدوای تەواوبوونـی دانیشـتنی دادگا، ئەوپـەڕی لـە سـێ ڕۆژدا پێویسـتە بڕیـار دەربکرێـت.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 29:** ئـەو بڕیـارە سـزاییانەی کـە لـە پارێـزگاوە دەردەچـن یەکلاکـەرەوەن و تێهەڵچوونەوەیـان بـۆ نییـە.[17]

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

**مـاددەی 30:** دۆسـیەکانی تایبـەت بـە کەلوپەلـە گواسـتراوەکان، چۆڵکردنـی جێگەیـەک کـە مـاوەی کرێیەکـەی بەسـەرچووە و ئـەو قەرزانـەی کـە کەمتـرن لـە 300 لیـرە، بڕیارەکانیـان یەکلاکەرەوەیـە و تێهەڵچوونـەوە نایانگرێتـەوە.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن بـا دەسـت هەڵببـڕن... ئەوانـەی پەسـەندی ناکـەن... پەسـەندکرا.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە جۆراوجۆرەکان

**مـاددەی 31:** پارێـزگار ئەگـەر لەپێنـاو ئاشـتی و ئاساییشـدا بـە پێویسـتی بزانێـت، مافـی ئـەوەی هەیـە تـاک یـان خێزانەکانـی دانیشـتووی پارێزگاکە لە

17 - ئەمـەش یەکێکـی دیکەیـە لـەو ماددانـەی کـە پێویسـتە بـە وردی سـەرنجی لێبدرێـت و بـە ئاشـکرا سـیفەتی سیاسـیی دادگا و دادگاییـەکان پێشـچاو دەخـات.

جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە بگوازێتەوە یان مانەوەیان لە سنووری پارێزگاکەدا لێ قەدەخە بکات.[18]
**سەرۆک:** ئەوانەی ماددەکە پەسەند دەکەن با دەست هەڵببڕن... ئەوانەی پەسەندی ناکەن... پەسەندکرا.
**ماددەی 32:** پارێزگار دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لێکۆڵینەوەی هەرکەسێک یان سزاکەی دوابخات کە خۆی دەیەوێت.[19]
ئەم دواخستنەش نابێتە ڕێگر لەبەردەم تێپەڕینی ماوەی یاسایی و سزایی بەسەر تاوانێکدا.
**حوسنو کیتاپچی (پەرلەمانتاری شاری موغڵا):** لەسەر بنەمای گرنگیی بابەتەکە ناچارم چەند شتێک بڵێم. مەزبەتەی ئەنجوومەنی داوەریم بە وردی خوێندەوە. بۆچوونێک لەلایەن زۆرینەوە خراوەتەڕوو کە پێچەوانەی ماددەی 32 و 33یە. کەمینە گوتوویانە دواخستنی لێکۆڵینەوە و سزا و جێبەجێکردنی لەسێدارەدان لە نێوەندی ئەرک و مافەکانی پەرلەماندان. بۆیە گوتوویانە ئەم بڕیارە نوێیانە دژی یاسا بنەڕەتییەکانن.
بەڵام زۆرینە رایەکی پێچەوانەیان هەبووە. لەڕاستیدا بۆچوونی زۆرینە لە هەمان کاتدا رای کەمینەکەش لەخۆدەگرێت. دەڵێن "لەڕاستیدا ماددەی 26ی یاسا بنەڕەتییەکان روونە". روون واتە چی؟ واتە

18 - دەسەڵاتی نائاسایی پارێزگار جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە. پارێزگار دەتوانێت کەسەکان، خێزانەکان یان کۆی دانیشتوونی گوندەکان لەنێو پارێزگا یاخود بۆ دەرەوەی پارێزگا رابگوێزێت.

19 - لێرەدا دیسان سیاسیبوونی دادگاکان ئاشکرا دەبێتەوە. کێن ئەوانەی کە پارێزگار داوایان لەسەر هەڵدەگرێت و سزایان بۆ دوادەخات؟ بێگومان ئەوانەن کە کوردبوونی خۆیان رەتکردووەتەوە، دەڵێن "تورکن و بەختەوەرن بە تورکبوونیان* "؛ ئینجا لەمەشدا قەناعەتیان بە هێزەکانی حکومەت کردووە. ئەم رووداوە لە بابەتی دەرخستنی چۆنیەتیی دروستبوونی سیخوڕە خۆجێییەکاندا رۆشنکەرەوەیە. ئەم کەسانە ئەو رۆڵی سیخورییەیان قبووڵ کردووە کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە خراوەتە بەردەمیان، بەمەش لەو دۆسیە و سزایە رزگاریان بووە کە لە دژیان هەبووە. لێخۆشبوونی سزاکان، دواخستن، گۆڕین یان سووککردنیان دەسەڵات و کاری پەرلەمانن، بەڵام ئەو پارێزگارەی کە بەپێی (یاسای توجەلی) بۆ دێرسم دانراوە، سەرەڕای دژایەتیی ئاشکرای لەگەڵ ماددەی 26ی دەستووری ساڵی 1924دا، ئەم مافانەی پەرلەمانی پێدراوە.
* ئاماژەیە بۆ گوتەیەکی بەنێوبانگی ئەتاتورک کە گوتوویەتی: "بەختەوەرە ئەوەی دەڵێت من تورکم". (وەرگێڕ)

دواخستنی کردنەوەی لێکۆڵینەوە و سزادان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی لەسێدارەدان راستەوخۆ دەسەڵاتی پەرلەمانن. دوای گوتنی ئەم بڕیارە ئاشکرایە، کەوایە دەبێت دەرەنجامەکەشی قبووڵ بکەین، بەڵام ئەوان رێگەیەکیان بۆ خۆدزینەوە دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەی ئەگەر لە ناوچەیەکی وڵات دا رووداوی نائاسایی سەرهەڵبدات و یاسا ئاساییەکان بەشی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم رووداوانە نەکەن، چی دەکرێت؟ دەڵێن نووسەرانی دەستوور بیریان لەم دۆخەش کردووەتەوە و یاسای تایبەتیان بۆ داناوە کە ئەویش ماددەی (86)ە، لەکاتێکدا ئەم ماددەیە باس لە ئیدارەی عورفی (دۆخی نائاسایی) دەکات.

ئێوەی بەڕێز دەزانن کە هەموو بڕیارێکی هەڵاوێردە تەنیا لە جێگەی خۆیدا بەکاردەهێنرێت و سنووردارە. دۆخی نائاسایی لەکاتێکدا رادەگەیێندرێت کە رووداوەکان لەناکاو رووبدەن و پێویست بێت بۆ وەستان رێوشوێنیان لە دژ بگیرێتە بەر، بەڵام ئەمڕۆ دۆخێکی لەم جۆرەمان نییە. ئەوەتا وەزیری ناوخۆ دەڵێت بارودۆخی ناوچەکە ئاساییە و خۆی لە خۆیدا ئەگەر وانەبووایە دۆخی نائاسایی رادەگەیێندرا. [20] دەکرێت لە رێگەی بەکارهێنانی کاردانەوەی خێراوە بەر لە رووداوەکان بگیرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، گوتیان دۆخی نائاسایی بەوشێوەیەمان نییە کە پێویست بە ئیدارەی عورفی بکات.

دووەم پاڵپشتی رای زۆرینە یاسای ژمارە (595)ی خولی پێشووی پەرلەمانە. ئەو یاسایە مافی دەرکردنی سزای لەسێدارەدانی بە ئەفسەرە سەربازییەکان دەبەخشی لەکاتی جەنگدا. بەڵام ماددەی (103)ی دەستوور روون و ئاشکرایە. دەڵێت: "ئەو بڕیارانەی کە دژی دەستوورن هەڵوەشاوەن". ئەمەش دیارە کە پێچەوانەی دەستوورە.

---

20 - ئەم رستەیەی ئەم پەرلەمانتارە زۆر سەیرە؛ دەریدەخات کە ئاگای لە بارودۆخەکە نییە. لەکاتێکدا کە باس لە دۆخێکی زۆر نائاسایی دەکرێت، کەچی باوەڕ بە قسەی وەزیری ناوخۆ دەکات و دەڵێت دۆخێکی نائاسایی نییە. لەڕاستیدا ئەو شتەی کە باسی لێوە دەکرێت سیستمێکی زۆر لە دۆخی نائاسایی توندتر و خراپترە؛ بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەیاساییکردنی ئیدارەیەکی بە هەوەس.

ئەوکاتـەی یاسـای موڵکداریـی شـارەوانییەکانمان پەسـەند کـرد، یەکێـک لـە بەندەکانـی باسـی لـە موڵکدارێتییـەک دەکـرد کـە گرێبەسـتی پێشـەکی کـراوە، بـەڵام هێشـتا پارەکـەی نـەدراوە. ئەوەبـوو یەکێـک لـە هـاوڕێ پسـپۆڕەکانمان داوای لابردنـی ئـەم بەنـدەی ماددەکەی کرد، سـەرۆکایەتیی پەرلەمانیـش لایانبـرد، چونکـە پێیـان وابـوو کەسـێک نابێتـە خاوەنـی شـتێک تاوەکـو پارەکـەی نـەدات. ئایا ئـەم بابەتـەی ئێسـتا کەمتـر لـەو گرنگتـرە؟ بە رای مـن هەمـوو حوکمەکانـی دەسـتوور یـەک لـە یـەک گرنگتـرن.

ئێسـتا کۆتایـی مـاددەی (26)ی دەسـتوور دەخوێنمـەوە. دەڵێـت: ئـەو بڕیـاری لەسـێدارەدانانەی کـە لـە دادگادا یەکلایـی بوونەتـەوە، راسـتەوخۆ لەلایـەن دادگاوە جێبەجـێ دەکرێـن. ئیـدی ئێمـە چـۆن دەتوانیـن ئـەم مافـە بدەینـە کەسـێکی خـاوەن پلـەی سـەربازی؟ ئەمـەش تەنیـا دوای ئـەوە دەبێـت کـە بنەماکـەی نێـو دەسـتوور هەمـوار بکرێتـەوە.[21] تاوەکـو ئەمـە نەکرێـت، بەنـدە پێـم وایـە پەسـەندکردنی ئـەم ماددەیـە و ماددەکانـی دواتر شـتێکی مەحاڵـن. بۆیـە راپۆرتێکیـش لـەم بارەیـەوە دەنووسـم.

**رائیـف کارادێنیـز (پەرلەمانتـاری تڕابـزۆن):** هاوڕێکـەم، گونجانـی لەنێـوان مـاددەی 34ی لائیحەکـە و یاسـاکانی دەسـتووردا نابینـی. لەبەرئـەوەی مـاددەی 35یـش بـە هەمـان جـۆرە، وا گومـان دەبـەم سـەبارەت هەردووکیـان هەمـان هەڵوێسـتی هەبێـت. بێگومـان نامانەوێـت چ لـە رای گشـتی و چ لەنێـو کەشـی پەرلەمـان دا هەسـتێکی وا بڵاوببێتـەوە کـە یاسـا لـە دژی بنەمـا دەسـتوورییەکان دەردەکرێـن. هاوڕێکـەم گوتـی: لـە یاسـای خاوەندارێتیـی شـارەوانییەکاندا ماددەیەکـی بەوشـێوەیە هەبـوو. گوتـی پێچەوانـەی یاسـا دەسـتوورییەکان بـوو و ئـەوەی یـاد هێنایـەوە، ئـەوکات مـن رام وابـوو کـە پێچەوانـەی دەسـتوورە. ئێسـتا لێـم دەپرسـێت چـۆن بەرگریـی لـەم ماددەیـە دەکـەم کـە لەگـەڵ دەسـتوور یەکناگرێتەوە. سـەرەتا پێویسـتە ئـەوە بزانرێـت ئێمـە هەرگیـز ئـەو رێـز و گرنگییەمـان

21 - گوتەکانـی ئـەم پەرلەمانتـارە تـەواو روونـن. لەڕاسـتیدا حوسـنو کیتابچـی دژی حوکمـی لەسـێدارەدان نییـە. تەنیـا داوا دەکات ماددەیەکـی یاسـایی بـۆ دەسـتوور زیـاد بکرێـت بـۆ ئـەوەی پارێزگارێکـی نائاسـاییش بتوانێـت خەڵـک هەڵبواسـێت!

فەرامـۆش نەکـردووە کـە پێویسـتە بەرامبـەر دەسـتوور بنوێنرێت،ئـەم ماددانەمـان لەبـەر خاتـری کەسـێک قبـووڵ نەکـردووە، بـەڵام بەرژەوەندیی باڵای نیشـتمانمان لەلایـەک دانـا، لـە لاکـەی دیکـە یاسـاکانمان دانا، پاشـان بـە ڕەچاوکردنـی ڕێـز و حورمەتیـش بـۆ دەسـتوور، بیرمـان کـردووەوە و گەیشـتینە ئـەم دەرەنجامـە.

لـە مەزبەتەکـەدا نووسـراوە "لەڕاسـتیدا ماددەی 26ی دەسـتوور روونـە". مەبەسـت لەمـەش ئەوەیـە ئەم ماددەیە لـە جێگەی خۆیدایـە، حوکمەکەی ڕاسـتە، بـەڵام بـە مانـای ئـەوە نایێـت یاسـایەک دەرناکرێـت کـە دژی ئەمـە بێـت.[22]

هـاوڕێ ڕەخنەگـرەکان دەڵێـن مـادەم ئەمـە وایـە، چـۆن دەکرێـت یاسـایەک لـە دژی ئەمـە دەربکرێـت؟

هاوڕێیـان، وەک دەزانـن، کاتێـک یاسـایەک بەسـەر ڕووداوەکانـدا جێبەجـێ دەکرێـت، وشـە و پیتەکانـی نـاوی هێنـدە گرنـگ نیـن؛ بەڵکـو کاتێـک یاسـایەک لـە ڕووداوە کەتوارییـەکان (واقیعییـەکان)دا جێبەجـێ دەکرێـت، ڕۆح و ماناکـەی بـە هەنـد وەردەگیرێـت. وشـەکان تەنیا بریتیـن لـە شـکڵ و شـێوەیەک بـۆ گەیاندنـی ڕۆحـی واتـاکان. ئێمـە کاتێـک لـە ئەنجوومەنـی دادوەری بیرمـان کـردەوە، گوتمـان ئایـا دەکرێـت هەنـدێ یاسـای تایبـەت بە ناوچەیـەک دەربکرێـن؟

وەک بەڕێزتـان دەزانـن سـیفەتی یاسـا ئەوەیـە گشـتگیر بێـت. بـۆ نموونـە: نـەک تەنیـا لـە مـاددەی 34 و 35دا، بەڵکـو ئەگـەر جێبەجێکردنـی سـەرجەم یاسـاکان لـە ویلایەتـی تونجەلـی شـێوازێکی جیـاوازی هەبێت لە شـوێنەکانی دیکـە، چ مانایـەک دەگەیێنێـت؟ هاوڕێکـەم ڕەخنـەی لـەم خاڵـە نەگرتـووە، بـەڵام ئـەو شـتەی کـە لـە ڕاسـتیدا دەبێـت ڕەخنـەی لـێ بگیرێـت ئـەم خاڵەیـە. ئێمـە یاسـایەکی تایبـەت بـۆ ناوچەیەکـی دیاریکـراو دەردەکەیـن. ئـەو هاووڵاتییانـەی لـەوێ دەژیـن تەنیـا لـە چوارچێـوەی ئـەم یاسـایانەدا

---

22 - ئـەم دەسـتەواژەیەی ڕائیـف کارادێنـز سـەیر و سـەرمەرەیە. دەڵێـت خـۆی لـە خۆیـدا مـاددەی 26ی دەسـتوور ڕاسـت نییـە، بۆیـە دەتوانرێـت یاسـا لـە دژی دەربکرێـت. ئەمـەش پێچەوانـەی ڕۆحـی دەسـتوور نابێـت، چونکـە ڕۆحـی دەسـتوور "بەرژەوەندییـە باڵاکانـی نیشـتمان" دەپارێزێـت.

پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵـەت دەبەسـتن.[23] مانـای ئەمـەش واتـە "نائاسـایی". وەزیـری ناوخـۆ گوتـی دۆخێکـی نائاسـایی نییـە. دەبێـت بـەم جـۆرە لـەم قسـەیە تێبگەیـن: بەڵـێ، لـەوێ جەنـگ و رووبەڕووبوونـەوە نییـە و دەنگـی تـۆپ نابیسـترێت، بـەڵام خەڵکانێکیـش هـەن کـە حیسـاب بـۆ حکومـەت ناکـەن و تەنیـا گـوێ لـە سـەرۆک عەشـیرەتەکان دەگـرن. لـە وڵاتێکـی شارستانیشـدا گەورەتریـن هێـز حکومـەت و دەوڵەتـە. دانانـی سـەرۆک عەشـیرەتێک یـان ئاغایـەک لـە جێگـەی گەورەترین هێـزدا مانای چییـە؟ ئەمە بـە مانـا یاسـاییەکەی واتـە دۆخـی نائاسـایی. مانـا یاسـاییەکەی ناتوانرێـت پێـی بگوترێـت ئاسـایی.[24] کەوایـە لـەم جـۆرە دۆخانـەدا دەبێـت چـی بکرێـت؟ یاسـا دەسـتوورییەکان بیریـان لەمـە کردووەتـەوە. مـاددەی 86ی دۆخـە نائاسـاییەکانی رەچـاو کـردووە و رێوشـوێنی پێویسـتی پیشـانداوین.

بنەمـا دەسـتوورییەکان "بـاری نائاسـایی" لـە رێگـەی ئـەم وشـانەوە پێناسـە دەکـەن:

دەڵێـت: لەکاتـی جەنگـی کـرداری، سـەرهەڵدان و یاخیبـوون یـان هەبوونـی نیشـانەی بەهێـز لەسـەر ئەگـەری یاخیبـوون، لـەم کاتانـەدا بـاری نائاسـایی رادەگەیێندرێـت.

ئەم یاسـایەش ئەمە دەکات. لە پاشـکۆکەدا دەسـتەواژەی "باری نائاسـایی" نەنووسـراوە، بـەڵام ئەمـەی ئێمـە دەیکەیـن جگـە لەمـە شـتێکی دیکـە نییـە. ئەگـەر بـاری نائاسـایی جێبەجـێ بکرێـت ـ هاوڕێکـەم دەڵێت ـــ ئەوکات

23 - قسـەکانی ئـەم پەرلەمانتـارە لـەو روانگەیـەوە کـە دۆخـە کردارییەکـە وێنادەکـەن گرنگـن. دەڵێـت دۆخەکـە نائاسـاییە و ئەوانیـش بـۆ چارەسـەرکردنی، یاسـایەکی نائاسـایی دادەنێـن. دەڵێـت: "هاووڵاتیانـی ئـەوێ تەنیـا لـە چوارچێـوەی ئـەم یاسـایانەدا پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵـەت دەبەسـتن". مانـای ئەمـەش بـەم جۆرەیـە: بـۆ ئـەوەی دێرسـم بخەینـە پێکهاتـەی دەوڵەتـی تورکـەوە و بتوانیـن ئـەوێ بەتـەواوی داگیـر بکەیـن، دەبێـت یاسـایەکی لـەم جـۆرە دەربکەیـن و پەیـڕەوی بکەیـن. تاوەکـو ئەمـە جێبەجـێ نەکرێـت مەحاڵـە بتوانرێـت ئـەم بەشـەی کوردسـتان داگیربکرێـت.

24 -داگیرکـردن و رووتاندنـەوەی کوردسـتان و لەنێوبردنـی تـەواوەی ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورد لەژێـر پـەردەی ئاغایەتـی و بابەتـی عەشـیرەتدا دەشـاردرێتەوە. وا دەردەخرێـت کـە جەنـگ لـە دژی ئـەم شـتانە دەکرێـت. بابەتـی عەشـیرەت و خێڵگـەری تەنیا تایبـەت نییـە بـە کوردسـتان و لـە هەموو ناوچەکانـی دیکـەی تورکیـادا دەبینرێـت. ئەگـەر بەڕاسـتی دژایەتـی ئـەم شـتانە دەکرێـت، بۆچـی ئـەم خەباتـە لـە گشـت شـوێنەکانی تورکیـا نابینیـن؟

دەکرێت ئەم ماددانە پەسەند بکەین. کەوایە با بەم جۆرە بابەتەکە هەڵبسەنگێنین: ئەگەر بە وردی ماددەی 86 بخوێنرێتەوە، دەبینرێت کە لەو ماددەیەدا سێ بڕیاری سەرەکی هەن. یەکەمیان پێناسەی باری نائاساییە. لە تونجەلی بارودۆخێکی لەم شێوەیە هەیە؟ ئەمەیان بابەتێکی تەواو تەقدیرییە. حکومەت دەڵێت هەیە، ئێمەش بەهۆی رووداوە زانراوەکانەوە قبووڵی دەکەین. ئەگەر دۆخێکی لەو جۆرە نەبێت، کەوایە دەبێت بە هیچ جۆرێک ئەم پرۆژە یاسایە دەرنەکەین.

بڕیاری دووەم: ئەنجوومەنی وەزیران باری نائاسایی رادەگەیێنێت، پەرلەمان ئاگادار دەکاتەوە، پەرلەمانیش یان هەڵیدەگرێت یان درێژی دەکاتەوە. ئەم کارەی کە ئێمەش دەیکەین هەر ئەمەیە. ئێستا حکومەت لە سەرەتاوە باری نائاسایی رانەگەیاند[25]؛ بەڵکو شێوە و هەلورمەجەکەی لە لائیحەیەکدا تۆمارکردووە و لە ئێمەی دەپرسێت. داوا دەکات لە ماوەی چوار ساڵ دا ئەم حوکمانە لەوێ جێبەجێ بکرێن. ئێمەش بەم پرۆژەیاسایە داواکەی بۆ دەهێنینەدی. لەحاڵێکدا بەگوێرەی دەستووربێت دەبووایە ئەنجوومەنی وەزیران ئەم کارە بکات، دواتر دەهات بۆ پەرلەمان. ئایا بەم جۆرەیان قبووڵ دەکرێت؟

ئێمە ئەم خاڵەشمان بە پێچەوانەی نێوەڕۆکی دەستوور نەبینی. چونکە دەزانین سەرچاوەی هێز پەرلەمانە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن هێزێکی جیاواز نییە. دەستەی جێبەجێکار تەنیا ئەرکی پێسپێردراوە. دەستووریش هەر ئەمە داوا دەکات. دەستوەرنەدانی پەرلەمان لە کارێکدا کە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، لە بابەتی دابەشکردنی ئەرکەکاندا شتێکی گرنگە. بەڵام دەستوەردان و راپەڕاندنی کار لەکاتی پێویستیدا، پێچەوانەی نێوەڕۆکی دەستوور نییە. بڕیاری سێیەمی ماددەی 86 ئەمەیە کە دەڵێت: شێوازی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە دۆخێکی نائاساییدا دەردەکرێن لە رێگەی یاساوە دیاری دەکرێن. بەهۆی ئەم

---

25 - دەڵێت هەرچەندە باری نائاسایی رانەگەیێندراوە، بەڵام وا رەفتار دەکرێت کە راگەیێندرابێت. کەوایە "یاسای تونجەلی" جێبەجێکردنی بارێکی نائاسایی رانەگەیێندراوە.

حوکمـەوە ئێمـەش دەتوانیـن یاسـا دەربکەیـن. لەمەیشـەوە مانـای ئـەوە دەردەکەوێـت کـە دەتوانیـن هەنـدێ یاسـا دەربکەیـن کـە پێچەوانـەی یاسـاکانی دیکە و تەنانەت بنەما دەسـتوورییەکانیش بێت: وەک راسـتاندنی فەرمانـی لەسـێدارەدان و دواخسـتنی سـزاکان.[26] لەوانەیـە لێمـان بپرسـن ئـەم مانایـە لەکوێـوە دەردەهێنیـن: مـاددەی 26 روونـە. مـادەم ئـەم بەنـدە لێـرەدا هەیـە، کەوایـە دەکرێـت مافـی راسـتاندنی لەسـێدارەدانیش لەژێـر ئـەم یاسـا تایبەتانـەدا جێیـان بکرێتـەوە. لەمـەدا گـەورەترین هێـز ئەم شـتەی خـوارەوە بـۆی دابیـن کردوویـن: کاتێـک گفتوگـۆ لەبـارەی یاسـای ژمـارەی (595)ەوە دەکـرا، هاوشـێوەی ئەمـەی ئێسـتا مشـتومڕی توونـد روویانـدا. لـە ئەنجامـی ئـەو گفتوگۆیانـەدا گوتـرا بەپێـی ئـەم کۆتا بەنـدەی مـاددی (86) دەکرێـت دەسـەڵاتی راسـتاندنی حوکمی لەسـێدارەدان بدرێتە یەکێکـی دیکـەش.

ئەمـەش شـتێکی زۆر گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە مانـای یاسـایەک، ئینجـا جێبەجێکردنـی و یەکلابوونـەوەی ماناکـەی لـەدوای تاوتوێکردنـی لـە پەرلەمـان دا. لـەم روانگەیـەوە، ئێمـە بەشـێوەیەکی تـەواو راسـتگۆیانە گەیشـتینە دەرەنجامـی ئـەوەی کـە ئـەم پرۆژەیاسـایە بـە هیـچ جۆرێـک پێچەوانـەی رۆح و نێوەرۆکـی بنەمـا دەسـتوورییەکان نییـە و قەناعەتێکـی تەوامـان لـەم رووەوە بـۆ دروسـتبوو.

هاوڕێکەمـان سـەبارەت بـە یاسـای (595) گوتـی هەڵوەشـاوەتەوە، بـەڵام ئـەم یاسـایە هەڵوەشـاوە نییـە. چونکـە پەرلەمـان دوای گفتوگۆیەکـی دوورودرێـژ لەسـەر مـاددەی 26ی دەسـتوور و حوکمەکانـی دیکـەی، بـە رای زۆرینـە (زیاتـر لـە دوو لەسـەر سـێی دەنگـەکان) پەسـەندی کـرد.[27]

---

26 - پێویسـتە گوتەکانـی رائیـف کارادێنیـز بـە وردی بخوێنرێنـەوە. دەڵێـت لەسـێدارەدان تەنیـا ئەرکێکـی جێبەجێکارییـە. واتـە مرۆڤێـک هەڵدەواسـیت، یـان بـە تـەور دەیکوژێـت و تـەواو. مـادەم ئێمـە ئـەم دەسـەڵاتە دەبەخشـینە یەکێکـی دیکـە، کەوایـە ئـەو کەسـە تەنیا ئەرکـە پێسـپێرراوەکە ئەنجـام دەدات و هیـچ لـە بابەتەکـە ناگۆڕێـت.

27 - لـە رۆژی 4/3/1925دا یاسـای (578) دەرچـوو بـە نـاوی "دابینکردنـی ئاسـاییش". بەگوێـرەی ئـەم یاسـایە کۆمەڵێـک دادگای تایبـەت دامەزرێنـران بـە نـاوی (دادگاکانـی ئیسـتیقلال). لـە یاسـای ژمـارە (595)یشـدا کـە لـە 31/3/1925دا دەرچـوو فەرمـان بەوە کـراوە ئەو بڕیاری لەسـێدارەدانانەی

هاوڕێیـان، ئێمـە تەنیـا بیرکردنەوەکانمـان دەخەینـە ڕوو، لەوانەیشـە هەڵـە بیربکەینـەوە، بڕیـار لای بەڕێزتانـە.

**شــوکرو کایــا (وەزیــری ناوخــۆ):** گرنگیــی ڕووداوەکان پەیوەســتە بــە هەلومەرجــەوە. ئەگــەر وڵات لــە دۆخــی 25 ســاڵ پێــش ئێســتادا بووایــە ــ هەمووومـان ئـەو کاتەمـان بیـرە ــ ئـەوکات ڕەوشـی ئێسـتای دێرسـممان وەک شـتێکی ئاسـایی دەبینـی، بـەڵام ئەمـڕۆ لـە سـایەی بەهێزیـی کۆمـاردا لـە هیـچ لایەکـی وڵات دا ڕووداوی هاوشـێوە ڕوونـادەن، بـەڵام بچووکتریـن ڕووداو کـە لـەوێ ڕوودەدات لەسـەر دڵمـان قورسـە. بۆیـە خۆمـان بە ناچار دەزانیـن بـە بەکارهێنانـی ڕێوشـوێنی کۆمەڵایەتی، ئاسـاییش و نیزامی ئەوێ بپارێزیـن. سـەبارەت ئـەوەش کـە ئـەم یاسـایانە دژی دەسـتوورن یـان نـا: لـە ڕوانگـەی زانسـتییەوە و بەپێـی بەدواداچـوون، لەگەڵ هەڤـاڵ (کارادێنیز)دا هـاوڕام. حکومـەت لەکاتـی ئامادەکردنـی ئـەم پڕۆژەیاسـایەدا هاوشـێوەی گشـت پڕۆژەیاسـاکانی دیکـەی پەرلەمـان، بەتـەواوی ڕەچـاوی دەسـتووری کــردووە. شــتەکانی ڕابــردوو هەڵوەشــاوە نیــن. ئــەو یاســایانەش کــە پێشـتر دەرکـراون بەتـەواوی لەگـەڵ دەسـتووردا گونجـاو بـوون. ئێمـە کـە ئێسـتا ئـەم یاسـایەمان هێناوەتـە پەرلەمـان بەتـەواوی لـە ویژدانیبـوون و سیاسـەتی خۆمـان دڵنیایـن. لێـرەوە دەمەوێـت ویژدانی یاسـایی و سیاسـیی هەمـوو هاوڕێیانمـان دڵنیـا بکەمـەوە کـە خەیاڵیـان ئاسـوودەبێت.

**سەرۆکی پەرلەمان:** داواکارییەکی دیکە هەیە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان**

**پێشنیازی لابردنی ماددەی 32 و 35 دەکەم.**

**(حوسنو کیتابچی، پەرلەمانتاری موغڵا)**

**سـەرۆک:** داواکـە دەخەمـە دەنگدانـەوە. ئەوانـەی پەسـەندی دەکـەن تکایە

---

کـە دادگا سـەربازییەکان دەریـان دەکـەن خێـرا و ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن سـوپا، لیـوا و فیرقەکانـەوە جێبەجێـی دەکرێـن.

دەسـت بەرزبکەنـەوە.. ئـەی ئەوانـەی رەتی‌دەکەنـەوە؟ پەسـەند نەکـرا. ئێسـتا مـاددەی 32 دەخەمـە دەنگدانـەوە. کـێ پەسـەندی دەکات؟ کـێ رەتی‌دەکاتـەوە؟ پەسـەند کـرا.

**مـاددەی 33:** ئـەو بڕیـاری لەسـێدارەدانانەی کـە لەلایـەن پارێـزگارەوە دواخرانیـان بـە پێویسـت نازانرێـت، بـێ وەسـتان جێبەجێدەکرێـن.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی پەسـەندی دەکـەن تکایـە دەسـت هەڵبڕن.. کـێ لەگەڵـی نییە؟ پەسـەندکرا.

**مـاددەی 34:** ئەگـەر کەسـێک لـە دانیشـتووانی پارێـزگای تونجەلـی بچێـت بۆ پارێـزگای ئەلعەزیـز، مالاتیـا، سـیڤاس، ئەرزینجـان، ئـەرزڕۆم، گومووشـخانە و بینگـۆل و ئـەو تاوانانـە بـکات کـە لـە بەشـی دووەمـی بابـی یەکـەم و دەیەمـی بابـی نۆیەمـی یاسـای سـزاکانی تورکیـادا (جگـە لە مـاددەی یەکەم و 455ی بابـی یەکـەم، دووەم و حەوتەمـی کتێبـی دووەم) نووسـراون، هەروەهـا یارمەتیـدەر و هاوکارەکانیـان، لـە دادگاکانـی پارێـزگای توجەلی دا بەگوێـرەی شـێوازی نـاو یاسـاکان دادگایـی دەکرێـن.[28]

**سـەرۆک:** ئەوانـەی قبووڵـی دەکـەن تکایـە دەسـت هەڵبـڕن.. کـێ لەگەڵـی نییە؟ پەسـەندکرا.

**مـاددەی 35:** بڕیارەکانـی ئـەم یاسـایە ئەوانـەی پێش خۆیشـی دەگرێتـەوە.[29] بـەڵام ئـەو کەسـانەی کـە پێـش جێبەجێکرانی ئـەم یاسـایە مافـی تەمییزیان بەکارهێنـاوە، دۆسـیەکانیان لـە دادگای تەمییـز پێداچوونـەوەی‌ان بـۆ دەکرێـت.

---

28 - لـە کۆتایـی ئـەم ماددەیـەدا بـواری جێبەجێکرانـی ئـەم یاسـایە بـۆ لەخۆگرتنـی پارێزگاکانـی چـواردەوریـش فـراوان دەکرێـت. ئـەو تاوانانـەی کـە لـەم پارێزگایانـەدا کـراون و پەیوەندییـان بـە تونجەلییەوە هەیـە، دەبرێنـەوە بـۆ تونجەلـی و لـەوێ دادگایـی دەکرێن. ئەمـە زۆر لـە مـاددەی 13ی یاسـاکانی کودەتاکـەی سـاڵی 1971 دەچێـت. ئەوەبـوو بەهـۆی ئـەم حوکمـەوە چەنـدان کەسـی خەڵکـی ئاگـری، ماردیـن، تونجەلـی، ئەنقـەرە، ئیسـتەنبووڵ و چەنـدان شـاری دیکـە لـە دادگای بـاری نائاسـایی دیاربەکـردا دادگایـی کـران.

29 - ئـەم ماددەیـە تـەواو نایاسـاییە، چونکـە بـۆ ئـەوەی کردارێـک وەک تـاوان هەژماربکرێـت، پێویسـتە لەکاتـی ئەنجامدرانیـدا بـە یاسـا وەک تـاوان ناسـێنرابێت؛ بۆیـە هەرگیـز نابێـت کاتـی پێـش دەرچوونـی یاسـاکە بگرێتـەوە.

**حوسـنو کیتابچـی (پەرلەمانتـاری موغـلا):** ئەگـەر ئەنجوومـەن پەسـەندی بـکات دەمەوێـت ئەمـەی بـۆ زیـاد بکرێـت:
ئەوانـەش کـە حوکمیـان لەبـارەوە دراوە و تەنانـەت تەمییزیـش کـراون، ئـەم مافـی تێهەڵچوونەوەیـە دەیانگرێتـەوە. چونکە لە یاسـادا لەپێشـینەیی بـۆ شـێوازە. بۆچـی داوای ئەمـە دەکـەم؟ بـا روونیبکەمـەوە. بێگومـان حکومـەت ئـەو دادوەرانـەی کە لـەوێ ئەم یاسـا توندانـە جێبەجێدەکەن لە کەسـە هـەرە دیـار و نـاوازەکان هەڵدەبژێرێـت، بـۆ ئـەوەی لـە بڕیارەکانیاندا چەنـد لـە تواناداپـە بیپێکـن.[30] تائێسـتا هەمـوو بڕیارەکانـی دادوەرەکان تەمییـز گرتوونیەتـەوە. لەسـەر ئـەم بنەمایـە، ئەگـەر وا نەبێـت لەوانەیـە هەمـان هەسـتیاری و وردی نەنوێنـن و هەندێـک فەرامۆشـکردن رووبـدات. لەپێنـاو رێگریکـردن لەمـە، دەڵێـم بـا ئەو دۆسـیانەی کـە بڕیاریان لەبـارەوە دراوە، بـەڵام هێشـتا پێشکەشـی تێهەڵچوونەوەیـان نەکـردووە، تەمییـز بیانگرێتـەوە.
**رسـائیف کارادێنیـز (ترابـزۆن):** خـۆی لـە خۆیـدا ماددەکـە ئـەو شـتە دەسـتەبەر دەکات کـە هاوڕێیەکەمـان دەیڵێـت. ئەگـەر دادگای ئەو شـوێنە بڕیارێکـی دابێـت، بـەڵام لایەنەکـە مافـی تەمییـزی بەکارهێنابێـت، کەوایـە دۆسـییەکە دەچێـت بۆ تێهەڵچوونـەوە. ئەگەر ئەم مافـەی بەکارنەهێنابێت و بڕیارەکـەش یەکلاکەرەوەبێـت، ئـەوکات دانانـی یاسـایەک کـە ئەمانیـش بتوانـن تەمییـز بەکاربێنـن، ئاڵـۆزی و تێکـەڵاوی دەنێتـەوە.
**حوسـنو کیتابچـی (ئیزمیـر):** کاتێـک دەڵێیـن مافـی تەمییـز بەکارهێنـراوە، واتـە دۆسـیەکە پێشـکەش بـە دادگای تێهەڵچوونـەوە کـراوە. لـەدوای دەرکردنـی بڕیـار ماوەیەکـی دیاریکـراو هەیـە بۆ هانابـردن بۆ تەمییـز. دەڵێم بـا ئەوانـەی کـە هێشـتا ئـەم ماوەیـان تـەواو نەبـووە و یاسـاکانیش ئـەم مافایـان پێـدەدەن، لـە تەمییـز سـوودمەند ببـن. پێدەچێـت هـەر ئەمـەش شایسـتەی دادپـەروەری بێـت.

30 - بـاس لـە دامەزراندنـی دادوەرەکان دەکات لەلایـەن حکومەتـەوە. ئـەم شـێوازە لەکاتـی جۆراوجـۆری دیکـەش دا بەکارهاتـووە و بەهۆیـەوە تەنیـا ئـەو دادوەرانـە هەڵبژێـردراون کـە گوێڕایەڵـی دەسـەڵاتی سیاسـین.

**سەڵاح یارگی (ئەندامی ئەنجوومەنی داوەری):** یاسای سزاکان ماوەی هەشت رۆژی بۆ تەمییز دەستنیشان کردووە. نازانم ئایا لەبەر خاتری ماوەیەکی کەمی وەک هەشت رۆژ پێویست دەکات لێرەدا شتێک بۆ ماددەکە زیاد بکەین؟ ئەوانەی بیانەوێت یەکسەر دوای دەرچوونی بڕیار دەچن بۆ تەمییز. داواکاری گشتیش بە ناوی مافە گشتییەکانەوە بڕیارەکە تەمییز دەکات.

**حوسنو کیتابچی (ئیزمیر):** هەشت رۆژ ماوەیەکی کورتە؛ بۆیە ئەگەر لەم ماوەیەدا هاووڵاتییەک مافی خۆی بەکارنەهێنابێت و ئێمەش لەبەر خاتری چەمکی بەرزی حەق ئەم مافەی پێبدەین چ دەبێت؟ ئەم یاسایە دەسەڵاتی فەرمانبەرانی ئەو پارێزگایە فراوان دەکات؛ بێگومان ئێمەش ئەم دەسەڵاتە دەدەین بەو فەرمانبەرانەی کە خاوەنی رەوشت و کاراکتەرێکی بەرزن. دواتریش ئەو کەسانە بۆ پۆستەکان دیاری دەکەین کە بوونەتە نموونەی باش. بۆیە سەبارەت بە داهاتوو کێشەیەک لەئارادا نییە، بەڵام سەبارەت ئەو حومکانەی کە ئێستا دراون، ئەگەر مافی تەمییز نەدەین، هاووڵاتییەک کە چەند رۆژێک پێش دەرچوونی یاساکە مافی تەمییزی بەدەستهێناوە، لەم مافە بێبەش دەکەین. هەرچەندە لە سزادا ماوەی تەمییز کورتە؛ بەڵام لە یاسادا بەگشتی دوورودرێژە، بەم جۆرە هەندێک لەوانیش لە مافی تەمییز بێبەش دەکەین.

**سەڵاح یارگی (ئەندامی ئەنجوومەنی دادوەری):** کاتێک یاسایەک بەدەر لە یاسا گشتییەکان دەردەکرێت و بیر لەو بارودۆخە نائاساییە دەکرێتەوە کە بووەتە هۆکاری دەرچوونی یاسایەکی وەها، بێگومان بیر لەوەش کراوەتەوە چ بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە پێیان وایە بەهۆی ئەم یاسایەوە زۆرداریان لێکراوە. خۆی لە خۆیدا لەکاتی دانانی ئەم یاسایانەدا بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان رەچاوکراون. لەبەرئەوەی هەشت رۆژ ماوەیەکی کەمە، بارودۆخی ئەو ناوچەیەش تایبەتییە و لە ماددەکەشدا باسی ئەو دۆخە تایبەتەشمان کردووە کە

داخـوازی دەرکردنـی بڕیارێکـی بەوشـێوەیە بـووە، بۆیـە درێژەپێدانـی زیاتـر بـە پێویسـت نازانیـن.

**سـەرۆک:** ماددەکـە دەخەمـە دەنگدانـەوە. تکایـە ئەوانـەی پەسـەندی دەکـەن دەسـت هەڵبـڕن. کـێ ڕەتیدەکاتـەوە؟ پەسـەندکرا.

**مـاددەی 36:** لـە سـەنتەری پارێزگای تونجەلیدا دادگایەکی سـزا سـەختەکان و چەنـد دادگایەکـی ئاسـایی و لـە هـەر یەکێـک لـە قەزاکانیشـدا دادگایەکی ئاسـایی دادەمەزرێندرێن.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن.. کـێ ڕەتیدەکاتـەوە؟ پەسـەند کـرا.

**ماددەی 37:** لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئەم یاسـایەوە تاوەکـو ڕۆژی 1/12/1940 ئەم یاسـایە کاری پێدەکرێت.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن.. کـێ ڕەتیدەکاتـەوە؟ پەسـەند کـرا.

**ماددەی 38:** ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکات.

**سـەرۆک:** ئەوانـەی ماددەکـە پەسـەند دەکـەن.. کـێ ڕەتیدەکاتـەوە؟ پەسـەندکرا.

ئەمـەی سـەرەوە تـەواوی گفتوگـۆی پەرلەمـان بـوو لەسـەر (یاسـای تونجەلی). یەک بە یەک و بەجیا گشـت ماددەکانی یاسـاکە کە لە 38 ماددە پێکدێـت تۆمارکـراون. وەک بەڕوونـی دەبینرێـت، تەنیا سـەبارەت دوو ماددە چەنـد پەرلەمانتارێـک بۆچوونـی خۆیـان دەربڕیـوە. واتـە تەنیـا دوو مـاددە گفتوگـۆی لەسـەر کراوە. لەمانەشـدا پێشـنیازە نوێیـەکان ڕەتکراونەتەوە و حکومـەت یاسـاکەی وەک خـۆی دەرچوواندووە. بۆیە لەکاتـی گفتوگۆکەدا دەسـتەواژەکانی "ئەوانـەی ماددەکـە قبـووڵ دەکـەن.. کـێ ڕەتیدەکاتەوە؟ پەسـەندکرا.." زۆرتریـن شـتە کـە بەکارهێنـراون و بیسـتراون. بـەم جـۆرە، پـڕۆژە یاسـاکە چـۆن هاتـووە بـۆ پەرلەمـان، ئـاواش لێـی دەرچـووە. واتـە تەنیا لـە ڕۆژێکـدا و لـە مـاوەی کەمتـر لـە کاژێرێکـدا تێپەڕێنـدراوە.

بـا ئامـاژە بـە بابەتێکـی گرنگـی دیکـەش بکـەم: (یاسـای پارێـزگای

تونجەلـی) پارێزگارێـک بـە پلەیەکـی بـەرزی سـەربازی دەستنیشـان دەکات و دەسـەڵاتەکانی ریـز دەکات، بـەڵام کاتێـک ئـەم یاسـایە چووەتـە پەرلەمـان، لـە پێکهاتـەی ئیداریـی تورکیـادا، پارێزگایـەک بـە نـاوی تونجەلـی نەبـووە. چونکـە ئەمـەی دواییـان یاسـایەکی دیکەیـە بـە نـاوی (یاسـایەک سـەبارەت سـەرلەنوێ رێکخسـتنەوەی ئیـدارەی 5 پارێـزگا، 9 قـەزا و 32 ناحیـە) کـە لـە رۆژی 4/1/1936دا دەرچـووە. مانـای وایـە کاتێـک لـە پەرلەمـان دا تاوتوێـی (یاسـای تونجەلـی) کـراوە پارێزگایـەک بـە نـاوی تونجەلـی نەبـووە. ئەمـەش خاڵێکـی زۆر گرنگـە. چونکـە دەریدەخـات حکومـەت پێشـوەختە هەندێـک رێوشـوێنی نائاسـایی بـۆ دێرسـم ئامـادە کـردووە. حکومـەت سـەبارەت بـە ناوچەیەکـی دیاریکـراو، لـە دەرەوەی یاسـای جێبەجێکارییـە ئیـداری و ئاسـاییەکان بیـر لـە جێبەجێکارییەکـی دیکـە دەکاتـەوە و ئامـادەکاری بـۆ دەکات. بیرکردنـەوە لـە دامەزراندنـی پارێزگایـەک لەژێـر نـاوی (تونجەلـی)دا، ئامانجـی ئـەوەی لەخۆگرتـووە کـە لـەڕووی شـوێنەوە سـنووردارببێت. لـەم روانگەیـەوە حکومـەت لـە دەرکردنـی ئـەم یاسـایەدا هەڵەیەکـی گـەورەی کردووە. هەوڵدەدات سـەربازێکی پلەبەرز بە دەسـەڵاتێکی زۆر و فراوانەوە بکاتـە پارێـزگاری ویلایەتێـک کـە تاوەکـو ئەوکاتـە لـە پێکهاتـەی ئیداریـی تورکیـادا نابینرێـت و نەبـووە. واتـە گشـت دەسـەڵاتەکانی وەزیـرەکان، ئەنجوومەنـی وەزیـران و تەنانـەت پەرلەمانیـش دەداتـە تاکـە کەسـێک. ئـەم هەڵەیـە، بەڕوونـی ئامانجـی بنەڕەتیـی حکومـەت ئاشـکرا دەکات. ئـەو سـاڵەی کـە تێیـدا (یاسـای تونجەلـی) ئامادەکـراوە، گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە و پەسـەندکراوە 1935ە، بـەڵام یاخیبوونـی دێرسـم سـاڵی 1937 روویـدا. دەکرێـت یاخیبوونەکـە وەک کاردانەوەیـەک ببینیـن بەرامبـەر بـەو یاسـا نائاسـاییانەی کە حکومـەت بیـری لێکردوونەتەوە و جێبەجێیکـردوون. دەشـتوانرێت بگوترێـت، بـۆ ئـەوەی حکومـەت بتوانێـت هەندێـک شـت فەرز بـکات (وەک رووتاندنـەوەی تەواوەتـی هەمـوو لایەکـی کوردسـتان) لـە هەوڵـی ورووژانـدن و بزواندنـی خەڵـک دا بـووە.

# 2. هۆکارە داخوازەکانی یاساکە

لـە ڕۆژی 7/11/1935دا عیسـمەت ئینۆنـو، سـەرۆک وەزیـران و جێگـری سـەرۆکی حیزبی جەهەپە نووسـراوێکی بۆ پەرلەمان ناردووە. لە خـوارەوە تـەواوی دەقەکـە دەگوزایـنـەوە و لـە پەراوێزیـش دا ڕوونکردنـەوەی پێویسـت دەخەینـەڕوو.

**هۆکارە داخوازەکانی یاساکە**

هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییە باشـترین شـێوازی یاسـادانان ئەوەیە بگونجێت لەگـەڵ تایبەتمەنـدی و پێداویسـتییەکانی ئـەو ژینگەیـەی کـە تێیـدا جێبەجێدەکرێـت. لـەو شـوێنانەی نیشـتمان کـە تێیـدا ژیانـی کۆمەڵایەتـی بەراورد بە جێگەکانی  دیکەی وڵات نزمترە و شـوێنەکەی لەسـەر نەخشـەی هاوپێـچ دیاریکـراوە، یاسـاکانی کۆمـار کـە میـوەی جـوان دەبەخشـن، بەداخـەوە چ لـە ڕووی ئیـداری و چ لـەڕووی یاسـاییەوە، نەیانتوانیـوە ئـەو سـوودانە دەسـتەبەر بکـەن کـە ئـارەزوو دەکـرا. ئـەم خەڵکـە داماوەی کـە توانـای ئەوەیـان نییـە خۆیـان لـە کاریگەریـی هەندێـک ئاغـا و خۆسـەپێن بپارێـزن و تەنانـەت بەهـۆی نەزانینیانـەوە و بـێ ئـەوەی کـە بیانەوێـت دەبنـە هـۆکاری دەرکەوتنـی ئـەم جـۆرە کەسـانە لەنێویاندا، پێویسـتە حکومەت لە

نزیکترەوە بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە[31]؛ بەراورد بەوەی کە هاووڵاتیانی پێگەیشتوو لە یاساکان تێدەگەن و رەچاویان دەکەن و لە ئەنجامیشدا خۆیان دەپارێزن[32]، ئامێری دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵکە نەزانەکان دەبێت رێوشوێنی توند و بنبڕ لەپێناو پاراستنیاندا بخاتە گەڕ. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی ناوچەکە بە پێویست زانرا سەربازێکی پلەبەرز وەک پارێزگار دەستنیشان بکرێت، کە ماف و دەسەڵاتی ئیداری و هەروەها توانای سەربازی هەبێت بۆ ئەوەی بڕیارە دەرکراوەکان بەخێرایی جێبەجێ بکات.

9 ماددەی یەکەمی یاساکە دەرفەتی پێدانی ماف و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بە کەسێک دەبەخشێت بۆ ئەوەی لە رێگەیەکی کورتترەوە، لە جێگەی خۆیدا یاسا بەرکارەکان جێبەجێ بکات. لەبەرئەوەی پارێزگای ئەلعەزیزی دراوسێ لەسەر هێڵی شەمەندەفەرە، بڕیاردرا پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لەنێوان ئەم پارێزگایە و پارێزگا نوێیەکەدا

31 - ئەم رستەیە پێویستە زۆر بە وردی بخوێنرێتەوە. رکێف یەکێکە لەو چەمکانەی کە ئیمپریالیزم لەگەڵ خۆیدا هیناویەتی. لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا داگیرکارە ئینگلیز، فەرەنسی، ئەڵمانی، بەلجیکی، هۆڵەندی، ئیتاڵی، ئیسپانی و پورتووگالییەکان بەتایبەت لە رووتاندنەوەی خەڵکی ئەفریقادا ئەم دەستەواژەیەیان زۆر بەکارهێناوە. بەگوێرەی ئەمە، خەڵکانی ئەفریقا داماون، دواکەوتوو و بێ مێشکن. عەقڵ و توانای خۆبەرێوەبردنیان نییە. ئەمەش لە سرووشتیانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێت ئەو خەڵکانە بەرێوەبەرن کە سەرەتایی، دواکەوتوو، بێ هێز و بێ مێشکن. ئەم خەڵکانەش بەهۆی ئەمەوە دەبنە خاوەنی کولتوور و شارستانی و بەهرەی خۆبەڕێوەبردن بەدەستدێنن. ئیدی وردە وردە سەربەخۆییان پێدەدرێت.
لە پاشکۆی یاسای تونجەلی دا باس لە رکێف و پاراستن دەکرێت، بەڵام دۆخە کردارییەکە زۆر لە ئیمپریالیزمی کلاسیکی جیاوازە. چونکە لێرەدا هەوڵی لەنێوبردنی تەواوەتی ناسنامەی نەتەوەیی خەڵکی دێرسم دەدرێت. بەکورتی هەوڵدەدرێت زمان، کولتوور و مێژووی کورد لە رەگەوە دەربهێنرێت.
خاڵێکی دیکەش کە پێویستە بەگرنگییەوە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت ئەمەیە: دەگوترێت ئەم پرۆژە یاسایە بەباشترین شێوە تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی ئەو ناوچەیەی لەبەرچاو گرتووە. بێگومان ئەوانەی کە ئەم تایبەتمەندی و پێداویستییانە دەستنیشان دەکەن خەڵکی ناوچەکە نین؛ بەڵکو ئارەزووی دەوڵەت کە دەیەوێت ئەو ناوچەیە داگیربکات رۆڵی دەستنیشانکەر دەگێڕێت.

32 - دەڵێت هاووڵاتیانی پێگەیشتوو مافی خۆیان دەپارێزن، بەڵام لە دێرسم کە پارچەیەکە لە کوردستان، دەوڵەت و ئامرازەکانی حکومەت بەشێوەیەکی بنبڕ و لەنزیکەوە مافی هاووڵاتیان دەپارێزن. ئەمە بە مانای ئەوەدێت کە داوودەزگا حکومییەکان ماف و ئازادییە نەتەوەییەکان بەتەواوی لەنێودەبەن، دەیانکەنە کۆیلە و دەیانخەنە ژێر رکێفی حکومەتەوە.

گرێبدرێـت، تاوەکـو لـە چاکسـازی، رێوشـوێنە ئیدارییـەکان، گواسـتنەوەی کەلوپـەل دا گرفتێـک دروسـت نەبێـت.[33]

ماددەکانـی دیکـە کـە پەیوەندییـان بـە بابەتـە یاسـاییەکانەوە هەیـە، ئەوانیـش بـە رەچاوکردنـی پێداویسـتییەکان دانـراون. یاسـا سـزاییەکانی بەردەسـتمان بەجوانـی هەریـەک لـە ئـەرک و مافەکانـی دامـەزراوەی داواکاریـی گشـتی و دادگایـان دەستنیشـان کـردووە. بـەم جـۆرەش هاوسـەنگییەکی راسـتەقینە لەنێـوان لایەنەکانـدا بەرپاکـراوە، بـەڵام ئـەم یاسـەیەی کـە بەرهەمـی وردبینییەکـی زانسـتییە، لەکاتێکـدا لـەو ناوچـە دراوسـێیانەدا کـە دانیشـتووانەکەی چـڕ و هاووڵاتییەکانـی رۆشـنبیرن دەرەنجامـی بـاش دەدات بـە دەسـتەوە؛ بـەڵام لـەم ناوچـە زانراوانـەدا هەمـان سـوود ناگەیێنێـت.[34]

لـەدوای لەبەرچاوگرتنـی پێداویسـتییەکانی ناوچەکـە، بـۆ ئـەوەی لـە رێگـەی کـورت و سـادەوە مـاف بـە خـاوەن مـاف بدرێـت و بەخێراییـش تاوانبـاران سـزابدرێن، کۆمەڵێـک رێسـای ئوسـوڵی و پووخـت، بـەڵام زامـن دەرکـراون. لێـرەدا هـۆکاری دەرچوواندنـی یاسـاکە تـەواو دەبێـت. شـتێکی بەسـوودە ئەگـەر ئامـاژە بـە نێوەڕۆکـی مەزبەتـەی لیژنـەی ناوخـۆ، بەرگـری، داد و لیژنـەی بودجـەش بدەیـن. لـە مەزبەتـەی لیژنـەی ناوخـۆدا نووسـراوە: "لیژنەکەمـان پشـتگیری لـە هەمـوو ئـەو هـۆکار و پێویسـتییانە دەکات کـە حکومـەت لـە پاشـکۆی یاسـاکەدا ئاشـکرای کـردوون بـە ئامانجـی دەسـتەبەرکردنی ئاسـاییش و خۆشـگوزەرانییەکی بـەردەوام و رەگداکوتـاو لـە پارێزگایەکـی نـوێ دا بـە نـاوی تونجەلـی کـە تێیـدا بارودۆخـی تایبەتـی ناوچەکـە بەهەنـد وەرگیـراوە.

33 - هێڵی شەمەندەفەر بۆ گواستەوەی چەک، سەرباز و جبەخانە بیری لێکراوەتەوە.

34 - لـە یاسـا سـزاییەکاندا هەریـەک لـە مەقامەکانـی داواکاری گشـتی و دادگاکان سـەربەخۆن. داواکاران و هەروەهـاش دادگاییکـراوان دەتوانـن رەخنـە لـە بڕیـاری دادگاکان بگـرن، بـەڵام لـەم پرۆژەیاسـایەدا کـە بەتایبـەت بـۆ تونجەلـی دەردەکرێت، دەگوترێت یاسـا سـزاییە گشـتییەکان تەنیا لـەو جێگەیانـەدا جێبەجـێ دەکرێـن کـە خەڵکەکـەی "رۆشـنبیر"ن، بـەڵام خەڵکـی دێرسـم لەبەرئـەوەی "دامـاو و نـەزان"ن، ئـەوا لـەوێ پەیـڕەو ناکرێـت. ئـەم ناوچانـە پێویسـتیان بـە یاسـای تایبەتـە.

بابەتــە یاســاییەکانی نێــو پڕۆژەکــەش بــۆ لیژنــەی داد جێدەهێڵیــن تەنیــا ســەرنجی خۆمــان ســەبارەت بوارەکــەی خۆمــان دەردەبڕیــن.
جێبەجێکردنــی راســتەوخۆی ســزای دابەزاندنــی ئاســت و دەرکــردن لــە فەرمانبەریــی بــۆ ئــەو فەرمانبەرانــەی پارێــزگا کــە کــە ســەرباز نیــن لەلایــەن پارێــزگارەوە بــە شــتێکی گونجــاو نەبینــراوە و جێبەجێکردنــی ئــەم ســزایانە لەلایــەن لیژنــەی ئینزیباتییــەوە پێشــنیاز کــراوە. هــەر بۆیــە مــاددەی شەشــەم بەگوێــرەی ئەمــە گــۆڕدراوە.
بــە لەبەرچاوگرتنــی تایبەتمەنــدی و گرنگیــی ئــەو پارێزگایــەی کــە دادەمەزرندرێــت، مووچــەی 70 لیــرە بــۆ یاریــدەدەری پارێــزگار بــە کــەم زانــراوە و بــڕی 100 لیــرە دیاریکــراوە بــۆ هەڵبژاردنــی کەســێکی بــە ئەزمــوون و شایســتە بــۆ ئــەم پۆســتە."
مەزبەتــەی لیژنــەی ناوخــۆ زۆر روونــە و پێشــنیازەکەی حکومــەت وەک خــۆی قبــووڵ دەکات، بــەڵام مافــی دابەزاندنــی ئاســتی ئــەو فەرمانبەرانــەی کــە لــە ســوپادا نیــن لەلایــەن پارێــزگارەوە بــە گونجــاو نازانێــت. هیــچ رەخنەیەکیــش لــەوە ناگرێــت کــە دادوەرەکان لەلایــەن حکومەتــەوە هەڵببژێردرێــن. هەروەهــا هیــچ رەخنەیەکیــش ناگرێــت لــەوەی کــە پارێــزگار لــە هەمــان کاتــدا دەســەڵاتی داواکاری گشتیشــی پێــدراوە. ســەبارەت ئــەوەی کــە بڕیارەکانــی دادگا یەکلاکــەرەوەن و تەمییــز نایانگرێتــەوە، هیــچ رەخنەیەکــی نییە. راســتەوخۆ ئــەوەش قبووڵ دەکات کــە پارێــزگار بــە تەنیا خــۆی دەســەڵاتی وەزیــرەکان، ئەنجوومەنــی وەزیــران و تەنانــەت پەرلەمانیشــی پێــدراوە. ئــەوەش کــە ئــەم یاســایە رووداوەکانــی پێــش دەرچوونــی یاســاکەش دەگرێتــەوە، ئەنجوومەنــی ناوخــۆ بێــزار نــاکات. نیگــەران نییــە لــەوەی کــە گومانلێکــراو لــە نێوەڕۆکی ئێددیعانامــە ئــاگادار ناکرێتــەوە. هیــچ شــتێکیش لەســەر ئــەوە ناڵێــت کــە پارێــزگار دەتوانێــت لێکۆڵینــەوە لەســەر کەسێک لاببــات و ســزاکەی دوابخــات. هیــچ شــتێکیش ســەبارەت راگواســتنی تــاک، خێــزان، گونــد و ناحییــەکان بــۆ جێگەیەکــی دیکــە ناڵێــت. تەنیــا ئەوەنــدە هەیــە مافــی

سـزای کەمکردنـەوەی پلـەی فەرمانبـەر بـە شایسـتەی پارێـزگار نازانێـت.
ئەمــەی خــوارەوەش پووختــەی مەزبەتــەی لیژنــەی بەرگرییــە لەســەر پڕۆژەیاســاکە:

"دەستنیشـانکرانی پارێزگارێـک کـە خاوەنـی دەسـەڵاتێکی فراوانـی کارگێـڕی و یاسـاییە بـۆ پارچەیـەک لـە پارچەکانـی نیشـتمان، گوزارشـت لـە ئیمتیـاز بـۆ ئـەو ناوچەیـە نـاکات، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی لـەم بەشـەی وڵات دا کـە لەچـاو بەشـەکانی دیکـەدا دواکەوتـووە، بەخێرایـی نیـزام و چاکسـازی ئەنجـام بدرێـت، سـوودەکانی وەک خۆشـگوزەرانی و ئاوەدانـی دەسـتەبەر بکرێـت. ئێمـەش هـۆکارە پێویسـتەکانی پاشـکۆی ئـەم یاسـایە کـە بـۆ کات و ماوەیەکـی دیاریکـراو سـنووردار کـراوە، قبـووڵ دەکەیـن".

مەزبەتـەی لیژنـەی دادیـش وەک خـۆی پێشـنیازەکەی حکومـەت قبـووڵ دەکات و تەنیـا لەسـەر دوو حوکمـی لاوەکیـی پڕۆژەیاسـاکە هەڵوێسـتە دەکات، بـەڵام لـە ناخـی دڵـەوە بەشـداریی لـە نێوەڕۆکـی یاسـاکەدا دەکات.
لـە بەشـێکی مەزبەتەکـەدا بـەم جـۆرە پاڵپشـتیی خـۆی دەردەبڕێـت:

"لـە دەرەنجامـی گفتوگۆکانمـان هەندێـک لـە ماددەکانـی پاشـکۆکەکەمان لابـرد و هەندێکیشـیانمان گـۆڕیـن. ئاماژەکـردن بـە هەندێکیـان لـەم مەزبەتەیـەدا بـە شـتێکی سـوودبەخش دەزانیـن. بەلامانـەوە شـتێکی بەسـوود بـوو ئەگـەر پارێـزگار مافی جێبەجێکردنـی سـزای ئینزیباتیی هەبێت بەسـەر فەرمانبەرانـی داداگاکان و کاتبەکانـەوە (جگـە لە داواکارانی گشـتی و دادوەرەکان)؛ بۆیـە چەنـد قەیدێکمـان بـۆ مـاددەی 7 زیـاد کـرد.
سـەبارەت بـە مـاددەی 13 کـە دەڵێـت داواکاری گشـتی دواتـر دەتوانێـت راسـتەوخۆ لـە دۆسـیەیەکدا ئـەو شـتانە پێشـکێشـی دادگا بـکات کە پێشـتر لـە لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییدا بەلایـەوە گرنـگ نەبـووە، تاوتوێـی ئەوەمـان کـرد داخـۆ ئەمـە سـزا قورسـەکانیش دەگرێتـەوە یـان نـا. مـادەم هـۆکاری ئـەم ماددەیـە دەرچوونـی خێـرای حوکمەکانـە، پێمـان بـاش بـوو داواکارانـی گشـتی ئـەم مافەشـیان هەبێـت؛ بۆیـە بەندێکمـان بـۆ ماددەکـە زیـاد کـرد.
لەبەرئـەوەی ئـەو بڕیارانـەی کـە دادگاکانـی تونجەلـی دەریدەکـەن

یەکلاکـەرەوەن و تەمییـز نایانگرێتـەوە، کەوایـە بێگومـان دوای دەرچوونـی حوکـم، یەکسـەر لەسـەر ئەوانـەش جێبەجـێ دەکرێـت کـە دەستەبەسـەر نەکـراون. لەسـەر بنەمـای ئەمـە، مـاددەی 32 (کـە دەڵێـت ئـەو گومانلێکراوانـەی کـە نەگیـراون یـان دوای گیـران ئـازاد کـراون، لەگـەڵ دەرچوونـی بڕیارەکـەدا دیسـان دەگیرێنـەوە) لـە پاشـکۆکە دەرکـرا. هـۆکاری دەرچوواندنـی بنەڕەتیـی (یاسـای ئیـداری تونجەلـی) لـە کتێبێکـدا بـە نـاوی (سـەرهەڵدانەکان لە کۆمـاری تورکیـادا 19241938) کـە لەلایەن سـەرۆکایەتیی ئەرکانـی سـوپای تورکیـاوە لـە سـاڵی 1972دا چاپکـراوە، بەتێروتەسـەلی باسـکراوە. لـە بەشـی داهاتـوودا هەوڵدەدەیـن پووختـی بکەینـەوە.

## 3. مانای وشەکانی (چاکسازی)، (ئاساییش) و (چەتەیی) چین؟

**أ) چاکسازی**

"... لـە سـاڵانی دوای دامەزراندنـی کۆمـاردا و بەتایبـەت دوای سـەرهەلدانی شـێخ سـەعید، دێرسـمیش لەگـەڵ پارێزگاکانـی دیکـەی رۆژهـەڵات دا بەگرنگییـەوە و لەپێنـاو جێگیرکردنـی بنەماکانـی چاکسـازیدا خراوەتـە ژێـر سـەرنجەوە. ئـەم سـەرنجدانە دەبێـت بـە دوو بەشـەوە: پێـش و دوای دروسـتکردنی دامـەزراوەی (چاودێریـی گشـتی).

بـۆ نموونـە، دوای دامەزراندنـی ئـەم دامەزراوەیـە، حەمـدی بـەی کـە (موفەتتیشـی موڵکییـە) بـووە، لـە رۆژی 2/2/1926دا لـە راپۆرتێکـدا کـە ئاراسـتەی وەزارەتـی ناوخـۆی کـردووە، دەڵێـت:

لـە دەرەنجامـی پەیوەنـدی و بەدواداچوونەکانم بـۆم دەرکـەوت کە دێرسـم تاوەکـو دێـت کوردایەتـی تێیـدا زیـاد دەکات، بۆیـە مەترسـییەکە گـەورە دەبێـت. کێشـەی دێرسـم کـە چەندان سـاڵە حکومەتـی بەخۆیەوە سـەرقاڵ کـردووە، جگـە لـە میراتـی خراپـی ئیـدارەی پێشـوو هیچـی دیکـە نییـە.

سیاسـەتی ناهاوسـەنگ و بێسـوودی حکومەتـی نوێـش، کـە گاهـێ

دادپەروەر، گاهێ لاواز و گاهێکیش بێ هۆ و بێ ئەنجام توونداوتیژ بووە، هەردەم دێرسمی کردووەتە لانەی پشێوی و ئاژاوە. بۆچوونی دژبەیەکی فەرمانبەرە مەدەنی و سەربازییە پلەباڵاکان کە هەندێکیان لایەنگری چاکسازی و هەندێکیشیان لایەنگری سزادان بوون، ناوەندەکانی ئیدارەی پێشووی بەردەوام بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

دێرسم دوومەڵێکە بۆ کۆماری تورکیا. ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی راستەوخۆ و روون لەسەر ئەم دوومەڵە و رێگە گرتن لە ئەگەرە ئازاربەخشەکان، لە روانگەی سەلامەتیی نیشتمانەوە کارێکی پێویستە. زانیارییە کۆکراوەکان لەسەر دۆخی چەکداریی عەشیرەتەکان لەوە دەرچووە پێویستی بە پشتڕاستکردنەوە هەبێت. ئەم خەڵکەی کە تاوەکو بڵێیت زیرەک، فێڵباز و تەڵەکەبازن بەگوێرەی لاوازی یان بەهێزیی دەوڵەت دەستدرێژیکار یان گوێڕایەڵن.

کردنەوەی خوێندنگە، لێدانی رێگە، دروستکردنی هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی وەک کردنەوەی کارگە، دەستەبەرکردنی کاری پیشەسازیی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی پێوەی سەرقاڵ بن، بەکورتی کردنیان بە خاوەنی خانە و لانە، بەشارستانیکردن و هەوڵدان بۆ چاکسازی جگە لە خەیاڵ شتێکی دیکە نییە.

خەڵکی عەوام کە لەژێر کاریگەریی نەزانی، هەژاری، فریودانی ناوخۆیی و دەرەکی، مەیلی کوردایەتی، هەستی تۆڵەسەندنەوە دوای سزادانی دواییـن هەوڵەکانی یاخیبوون، را و بۆچوونی خراپ لەسەر دەوڵەت لەدوای ئەو شۆڕشە یەک لەدوای یەکانەی کە دەوڵەت لە بواری ئایینی و کۆمەڵایەتیدا ئەنجامیدان... هەموو ئەمانە خەڵکیان کردووەتە یاری و دیلی دەستی سەرۆک عەشیرەت و شێخەکان. هەر ئەمانیش دنەدەری یاخیبوونەکانن.

ئەگەر شێنەیی و سیاسەتی ئیدارەی مەسڵەحەت ماوەیەکی دیکەش بەردەوام بێت، دەبێت چاوەڕوانی ئاڵۆزیی زیاتر بین. ئەو چاکسازییەی کە ساڵی رابردوو بڕیاری لەسەر درا، بەهۆی هەندێک هۆکاری سیاسییەوە

بـۆ کاتێکـی گونجـاو دواخـرا. گرنگتریـن هـۆکار مەسـەلەی موسـڵ بـوو کـە ئەویـش نەگەیشـتە ئەنجامێکـی یەکلایـی. بۆیـە چارەسـەرکردنی کێشـەی دێرسـم کـە لـەوە زیاتـر دواخسـتن هەڵناگرێـت، پێویسـتی و دووربینییـە."

وەک دەبینرێـت، نووسـەری راپۆرتەکـە چاکسـازی بـە خەیـاڵ دەبینێـت و پێشـنیازی گرتنەبـەری رێوشـوێنی توونـد دەکات. لەڕاسـتی دا چاکسـازی بریتییـە لـە بەکارهێنانـی سـوپا بەرامبـەر بـە نەتـەوەی کـورد و خەسـڵەتە نەتەوەییەکانـی. واتـە لەنێوبردنـی "مەیلەکانـی کوردایەتـی". هەرچەنـدە بەرخۆدانەکـەی شـێخ سـەعید بزاوتنێکـی نەتەوەیـی بـوو، کەچـی لێـرە بـە "کۆنەپەرسـتی" [35] نـاوزەد دەکرێـت. بـە ناوبردنـی شـێخ و ئاغـاکان ئامانجـە سـەرەکییەکە کـە رەگەزپەرسـتی و داگیرکارییـە پەردەپـۆش دەکرێـت. هەروەهـا دەشـڵێت "چاکسـازی"، واتـە بەکارهێنانـی هێـزە چەکـدارەکان لە دژی نەتـەوەی کـورد، لەبـەر هەندێـک هـۆکاری سیاسـی دواخـراوە.

لـەو کتێبـەدا کـە ئامـاژەمـان پێکـرد، بـاس لـە بۆچوونـی (ئیبراهیـم گونگـۆرەن)ی پشـکنەری گشـتی دەکرێـت کـە ئاراسـتەی وەزیـری ناوخـۆی کـردووە. ئەمیـش هەمـان رای (حەمـدی بـەی) دووپـات دەکاتـەوە و لـە دەرەنجامیشـدا دەڵێـت:

"بنەماکانـی چاکسـازیی دێرسـم داریکـران و پرۆگرامێکـی درێژمـەودای بـۆ دانـرا".

لـەم دەربڕینانـەوە بەڕوونـی دەردەکەوێـت کـە مەبەسـت لـە "چاکسـازی" هەوڵدانـە بـۆ لەنێوبردنـی خەسـڵەتەکانی نەتەوەی کـورد. لەپێنـاو ئەمەش دا بەکارهێنانـی هەمـوو رێگەیـەک رەوایـە؛ وەک: نەفیکـردن بـۆ نـاوەوە و دەرەوەی وڵات، سـڕینەوەی ناسـنامە لە رێگە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانەوە، سـووتێنرانی گونـد و ئەشـکەوتەکان، تاڵانکردنـی بەرهەمـە کشـتوکاڵی و ئاژەڵییـەکان. ئەوەتـا چاکسـازیی لـە دێرسـم بـە دروسـتکردنی (قەرەقـۆڵ) دەسـت پێـدەکات. لـە کتێبـی ناوبـراودا دەڵێـت:

---

35 - وشـەی کۆنەپەرسـتی (irtica) کـە لـە وشـەی (ارتجـاع)ی زمانـی عەرەبییـەوە وەرگیـراوە، یەکێکـە لـە چەمکـە دیارەکانی مێـژووی کۆمـاری تورکیـا و بەهۆیـەوە زۆربـەی چالاکییـە ئایینییـەکان سـەرکوتکراون. (وەرگێـڕ)

"لەکاتی جێبەجێکردنی یاسای تونجەلی دا و لەپێناو دەستگرتن بەسەر دێرسم دا، لە قاهموت، شین، کارائۆغڵان، ئامووتکا، دانزیک و حەیدەران دەست بە بنیاتنانی قەرەقوڵ کرا... لەبەرامبەردا خەڵک کاردانەوەیەکی توونديان نواند".

**ب) ئاساییش**

لە کتێبی (یاخیبوونەکان لە کۆماری تورکیا)دا بەم جۆرە هۆکاری سەرهەڵدانی یاخیبوونێک لە ناوچەی (ئەرۆ) روون دەکاتەوە:

"یاخیبوونی رەسوڵی عاسی، لە راستی دا نە راپەڕینێکی جەماوەرییە و نە ئاژاوەیەکیشە لەلایەن هەندێک چەتەوە نرابێتەوە کە لە باشوورەوە هاتوون. سەرکردەی جەندرمەی شارۆچەکی ئەرۆ بە ناوی عەقید زیيا، لە کۆنەوە نێوانی لەگەڵ رەسوڵی سەرۆک عەشیرەتی ژیلیان تێکچووە. زیيا، (غالیب)ی قایمقامی ئەرۆ بە بەهانەی "هەڵگرتنی چەک و تەقەمەنی" فریودەدات. ئەوەبوو لە چوار گوند دا پشکنینی هاوکات، بە ماڵی رەسوڵیشەوە ئەنجامدرا. هیچ چەکێک و نادۆزرێتەوە و رەسوڵ دەستگیر دەکرێت. لە گوندەکانی دیکەش دا رووداوێکی نائاسایی روونەدا، بەڵام لە گوندی ئاگیت لەکاتی پشکنیندا پشێوی کەوتەوە و پێنج سەرباز کوژران.

زیيا لەکاتی بردنی رەسوڵ لە گوندەکە، لە دوو لاوە کەوتە بەر تەقە و لەو نێوەندەدا رەسوڵ بەئاسانی رایکرد. لەمەشدا سەربازێکی دیکە کوژرا و ژمارەی کوژراوەکان بۆ شەش کەس بەرزبووەوە.

گوندنشینەکان کە ژمارەیان 15 کەس بووە دەترسێن، ماڵ و خەرمانەکان بەجێدەهێڵن و بەرەو میدیات و شارۆچکەکانی دیکە هەڵدێن. بەم جۆرە یاخیبوونێک کە ئاساییشی کردە ئامانج دەستی پێکرد".

لەم رووداوەدا بەئاشکرا دەبینرێت ئەوە خودی دەوڵەتە کە ئاساییش تێکدەدات و نائارامی دەخوڵقێنێت. چالاکییەکانی عەقیدێکی داگیرکاریش

دەبێتـە بزوێنـەری ڕووداوەکان. کەوایـە ئـەو شـتەی کـە دەوڵەتـی داگیـرکار نـاوی "نائارامـی" لێدەنێـت پەیوەنـدی بـە گریمانـی بانگەشـەی نەتەوەیـی کـوردەوە هەیـە.

**ج) چەتەیی**

لـە دەربڕینەکانـی سـەرەوە بۆمـان دەردەکەوێـت: ئەوانـەی کەسـایەتی، نامـووس، شـەرەفی نەتەوەیـی کـورد دەپارێـزن، لەلایـەن دەسـەڵاتی داگیـرکاری تورکەوە بە "چەتە" نـاوزەد دەکرێن. کردارەکانی داگیرکارییەکانی ئـەم دەسـەڵاتەش لـە جـۆری بەتاڵانبردنـی مـاڵ و موڵـک، ئـاژەڵ و خەرمانـی کـوردان و سـووتاندنی گوندەکانیـان، نـاوی "دەسـتەبەرکردنی ئاسـاییش و ئارامـی"ی لێدەنرێـت.

# 4. جێبەجێکرانی یاسای تونجەلی

### أ) پشکنەرە گشتییەکان بۆ دامەزرێندران؟

لـە سـاڵی 1919 بـەدواوە لـە دژی داگیرکارانـی کوردسـتان، لـە شـوێنانی جۆراوجـۆر و بەرامبـەر بـە دەسـەڵاتە سیاسـییە هەمەجـۆرەکان شـۆڕش روویانـدا. بـۆ نموونـە، لـە باشـووری کوردسـتان بەرامبـەر بـە ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی سـەهەڵدانێکی بـەردەوام هەبـوو. لـەدوای پەیماننامـەی لـۆزان و دابەشـکرانی کوردسـتانیش ئـەم شۆڕشـانە بـەردەوام بـوون. ئەمانـە هەوڵـی نەتـەوەی کـورد بـوون بـۆ بڕیاردانـی چارەنووسـی خـۆی، بـەڵام ئەم هەوڵانە، بەهـۆی کـردارە سیاسـی، سـەربازی و ئایدۆلۆژییە هاوبەشـەکانی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزی و فەرەنسـی، حکومەتـە کەمالیسـتییەکان و رژێمـە مۆنارشـییەکەی رەزا شـا، نقومـی خوێـن کـران. بـەم جـۆرە مافـی دامەزراندنـی دەوڵـەت لـە نەتـەوەی کـورد زەوت دەکـرا. کێشـەی نەتەوەییـش هـەر لەمـەوە سـەرچاوەی دەگـرت. واتە ئـەم مافـە لەلایـەن دوو دەوڵەتـی ئیمپریالیسـتی جیهانـی و هـاوکارە هەرێمییەکانـەوە زەوت دەکـرا. ئەمـەش ئـەو گرنگتریـن هۆکارەیـە کـە دۆزی نەتەوەیـی کـورد لـە دۆزی میللەتانـی دیکـە جیادەکاتـەوە. سیاسـەتی دابەشـکردنی کوردسـتان

بەسـەر چەنـد ناوچەیـەک دا پەیوەنـدی بـە چۆنێتییـەوە هەیـە نـەک چییەتی.
لـە سـەرەتای سـاڵی 1925دا سـەرهەڵدان لـەو بەشـەی کوردسـتان کـە کەوتبـووە تورکیـاوە، دەسـتی پێکرد. لەسـەر ئەمـە، لـە رۆژی 25/2/1925دا (بـاری نائاسـایی) لـە ناوچەکـەدا راگەیێنـدرا. دوای ئەمـە، لـە 4/3/1925دا یاسـای (تەقریـری سـکون) دەرکـرا.

5. کاتێـک ئـەم یاسـایە دەرکـرا، ژمـارەی ئەندامانـی پەرلەمـان 287 کـەس بـوون. لەکاتـی گفتوگۆکـردن لەسـەر یاسـاکە 144 کـەس ئامادەبـوون. 122 کـەس دەنگیـان بـە "بەڵـێ" دا و 22 کەسـیش دەنگیـان بـە "نەخێـر" دا. 143 کـەس بەشـداری دانیشـتنەکەیان نەکـرد. ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە لەوکاتـەدا ئۆپۆزیسـیۆنێکی رژد هەبـووە. بـۆ نموونـە، ئەگـەر ژمـارەی ئەوانـەی ئامـادەی دانیشـتنەکە نەبـوون 144 کـەس بوونایە لەجیاتـی 143، نەدەتوانـرا پرۆژەیاسـاکە تاوتـوێ بکرێـت. بێگومـان سـەرچاوەی بەشـێکی زۆری ئـەم بەرهەڵسـتییە پەرلەمانتارانـی کـورد بـوون.

حکومـەت نـاوی "کۆنەپەرسـتی" لە هەمـوو چالاکییەکانـی کـوردەکان نابوو کـە ئامانـج لێـی پاراسـتنی بوونـی نەتەوەیـی بـوو. بۆیە لـە مـاددەی یەکەمی یاسـای ناوبـراودا ئـەم جـۆرە پروپاگەنـدە و بڵاوکراوانـە قەدەخـە کـران، لـە مـاددەی دووەمیشـدا دەڵێـت ئـەم جـۆرە داوایانە لـە دادگا سـەربازییەکاندا یەکلایـی دەکرێنـەوە. یاسـایەکی دیکـەش لـە دژی شـۆڕشـە نەتەوەییـەکان دەرکـراوە. بەگوێـرەی یاسـایەک کـە لـە 31/3/1925دا دەرکـراوە، هەمـوو بەشـێکی سـوپا بۆیـان هەیـە راسـتەوخۆ ئـەو سـزای لەسـێدارەدانانە جێبەجـێ بکـەن کـە لـە دادگا سـەربازییەکانەوە دەرچـوون. ماددەکـە راسـتەوخۆ دەڵێـت:

"لـە رەوشـی جەنـگ، یـان شـۆڕشـی دەسـتەجەمعی و چەکـداری دا، ئـەو بڕیـاری لەسـێدارەدانانەی کـە لـە دادگا سـەربازییەکانی بـاری نائاسـاییدا دەردەچـن، دوای پەسـەندکرانیان لەلایـەن سـوپا، لیـوا یـان فیرقـەوە راسـتەوخۆ جێبەجـێ دەکرێـن".6

6. ئـەم پرۆژەیاسـایەش هاوشـێوەی ئـەوەی پێشـوو لـە پەرلەمـان دا

مشـتومڕێکی زۆری لەسـەر کـراوە و بـە جیاوازییەکـی زۆر کـەم پەسـەند کراوە. لەلایەن پەرلەمانتارانی فراکسـیۆنی "جمهورییەتی تەرەققیپەروەر" رەخنـەی ئـەوەی لێگیـراوە کـە پێچەوانـەی دەسـتوورە؛ چونکـە مـاددەی 26ی دەسـتوور مافـی پەسـەندکردنی سـزای لەسـێدارەدان بـە پەرلەمـان دەبەخشـێت.

ئـەم یاسـایەش تاوەکـو رۆژی 22/5/1940 و دەرچوونـی یاسـای (ئیـدارەی عورفـی) کاری پێکـرا.

دوای ئـەوەی شۆڕشـەکانی سـەرەتای سـاڵی 1925 سـەرکوتکران، یەکـەم دائیـرەی (پشـکنەری گشـتی) لـە کوردسـتان دامەزرێنـدرا. یاسـای 1164ی رۆژی 27/6/1927 سـەبارەت ئەمـە بـوو. هـۆکاری بنیاتنرانەکـەی، لـە مـاددەی (1و 3)دا بەڕوونـی دەستنیشـانکراوە. بەگوێـرەی ئەمـە، ئامانجـی سـەرەکی بریتییـە لـە دەسـتەبەرکردنی بیـر، بۆچـوون، ئیـرادە و هاریکاریـی لەنێـوان ویلایەتـە لەیەکچووەکانـدا. یەکێتیـی کار لەنێـوان فەرمانبەرانـی دەزگاکانـی ئاسـاییش، پۆلیـس و دائیرەکانـدا دابیـن دەکات. واتـە مـادەم کێشـەی کـورد و کوردسـتان کێشـەیەکی سـەرەکیی ویلایەتەکانـی رۆژهەڵاتـە، کەواتـە دەبێـت لـە رووبەڕووبوونەوەیـدا یەکێتیـی بیرکردنەوە و کـردار زامـن بکرێـت. چەندیـن کەسـایەتیی دەوڵـەت لـە چەنـدان تۆمـاری مێژوویـدا ئـەم خاڵەیـان دەستنیشـان کـردووە.

وەک دەبینرێـت، هـۆکاری دامەزراندنـی پشـکنەرە گشـتییەکان بەتـەواوی سیاسـییە. ئامانـج لێـی رێکخسـتنی چالاکییـە ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و سـەربازییەکانە بـۆ لەنێوبردنـی تـەواوی بوونـی نەتەوەیـی کـورد و کەسـایەتییەکەی. یاسـای ژمـارە 1164ی رۆژی 25/6/1927 دەسـەڵاتی دامەزرانـدن و هەڵگرتنـی پشـکنەرە گشـتییەکان دەداتـە حکومـەت. بەگوێـرەی ئـەم یاسـایە، حکومـەت دەتوانێـت لـە هـەر کات و شـوێنێکدا کـە ویسـتی دامـەزراوەی پشـکنەرایەتی گشـتی دابمەزرێنێـت. لەلایەکـی دیکـەوە زۆر لـە مافـە پێویسـتەکانی وەزیـرەکان دەداتـە پشـکنەرە گشـتییەکان (مـاددەی 1). ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە دێـت کـە کوردسـتان

بەپێی بڕیارنامـە و ڕێنماییەکانـی حکومـەت بەڕێوەدەبرێـت نـەک بەگوێرەی یاسـا گشـتییەکان (مـاددەی 3). حکومـەت پارێـزگار بـە کۆمەڵێـک مافـی ڕەهـاوە بـۆ کوردسـتان دادەنێـت، ئەویـش لـە ڕێگـەی ئـەم دەسـەڵاتە بێسـنوورانەوە هەوڵـی بەڕێوەبـردن دەدات. کاتێـک دامـەزراوەی پشـکنەرایەتی گشـتی دروسـتکرا، هێشـتا (یاسـای کاتیـی ئیدارەی گشـتیی ویلایـەت) کاری پێدەکـرا.

ڕۆژی 27/11/1927 ئەنجوومەنـی وەزیـران یاسـای ژمـارە 5858ی دەرکـرد کـە لـە دوو بـەش پێکدەهـات. بەشـی یەکـەم دامەزرانـی پشـکنەرایەتی گشـتی (پارێزگاریـی گشـتی) لـە پارێزگاکانـی ئەلعەزیـز، ئورفـە، بتلیـس، هـەکاری، دیاربەکـر، سێرت، ماردیـن و وانـدا رادەگەیانـد. پـاش ماوەیەکـی کـەم شـاری (ئاگـری)ش خرایـە سـەریان. ئـەوکات (مـووش) شـارۆچکەیەکی سـەر بـە بتلیـس بـوو. هەریـەک لـە بینگـۆل و تونجەلیـش سـەر بـە ئەلعەزیـز بـوون. بـەم جـۆرە لـە کوردسـتان دا یەکـەم پشـکنەرایەتی گشـتی دامەزرێنـدرا. مـاوەی نزیکـەی 22 سـاڵ ئـەم شـارانەی کوردسـتان لـە ڕێگـەی ئـەم دامەزراوەیـەوە بەڕێوەبـران. پشـکنەر لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە دادەنـرا.

ماددەکانـی دیکـەی پەیـڕەوی ناوخـۆی ئـەم دامەزراوەیـە کـە لـە 17 مـاددە پێکهاتبـوو، کۆمەڵێـک بڕیـاری سـەبارەت ئـەرک و مافەکانـی دامەزراوەکـە و بەرپرسـەکەی لەخۆدەگـرت. کاتێـک سـەرنجی لێدەدرێـت، دەبینرێـت دەسـەڵات و مافێکـی زۆر فراوانیـان پێـدراوە و دادگاکانیـش نەیانتوانیـوە لێیـان بپێچنـەوە.

ڕاوێـژکار لەسـەر ڕەزامەندیـی دامـەزراوەی پشـکنەری گشـتی، پێشـنیازی وەزیـری ناوخـۆ و بـە بڕیـاری سـەرۆکایەتیی وەزیـران دەستنیشـان دەکرێت. (مـاددەی 2/أ)

ڕاوێـژکارەکان بـە مەرجـی وەرگرتنـی ڕەزامەندیـی پشـکنەری گشـتی، لەسـەر بنەمـای ڕێنماییەکانـی سـەرۆک وەزیـران و وەزارەتـی پەیوەندیـدار بـە کاری ڕاوێژکارەکـەوە، دیـاری دەکرێـن. (مـاددەی 2/ب)

بەڕێوەبەری لقەکان لەسەر ڕێنمایی پشکنەری گشتی و بە لارینەبوونی وەزیری ناوخۆ دەستنیشان دەکرێن. (ماددەی 2/پ)
ئەو ئەفسەرانەی سوپا کە لە یەکەی ئیداریی پشکنەرایەتی گشتی دا کار دەکەن، لەسەر پێشنیازی پشکنەرایەتی گشتی و لارینەبوونی وەزیری بەرگری دادەمەزرێندرێن، بەڵام ئەو ئەفسەرانەی سەر بە ژەندرمە و کارمەندی ئاساییشن، لەسەر ڕێنمایی پشکنەرایەتی گشتی و لارینەبوونی وەزیری ناوخۆ دەستنیشان دەکرێن. (ماددەی 2/ت)
کارمەندان و خزمەتگوزارەکانی دیکە ڕاستەوخۆ لەلایەن دامەزراوەی پشکنەرایەتی گشتییەوە دادەمەزرێندرێن. (ماددەی 2/ج)
کاتێک دامەزراوەی پشکنەرایەتی گشتی هەڵدەگیرێت، کاروباری فەرمانبەرەکانی لە بابەتی دامەزران و گواستنەوەدا، بەراورد بە فەرمانبەرانی دیکە لەپێشنەییان هەیە. (ماددەی 3)
گەڕاندنەوەی فەرمانبەرانی فەرمانگەی پشکنەرایەتی گشتی بۆ شوێنەکانی پێشوویان بەگوێرەی ئەو پێویستییانەیە کە دێنە پێشەوە، لەسەر بنەمای ڕێوشوێنە ئاساییەکانی دامەزراندن بەڕێوەدەچن. (ماددەی 4)
کۆمیسیۆنی ڕاوێژکاران و سەرۆکی ڕاوێژکاران کە لەنێو ئیدارەی پشکنەرایەتی گشتی دا دەبێت، ئەرکی کۆمیسیۆنی ئاسایشی وەزارەتەکان ڕادەپەڕێنن. (ماددەی 5)
پشکنەری گشتی، لە هەر کات و شوێنێکدا کە بیەوێت دەتوانێت دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە دژی هەموو ئەو فەرمانبەرانە بکاتەوە کە لە ئیدارەی پشکنەرایەتی گشتی دا کار دەکەن. (ماددەی 6)
پشکنەری گشتی، وەکیلی حکومەتە لە ناوچەکەی خۆیدا و نوێنەری وەزیرەکانە. بۆیە سەرەتا گشت پارێزگارەکان و پاشان هەموو فەرمانبەران بەرامبەر ئەو بەرپرسیارن. ناچارن حیساب و ڕوونکردنەوە بدەنە ئەو لەسەر سەرجەم کار و چالاکییەکانیان. (ماددەی 7)
لەو پارێزگایانەدا کە سەر بە پشکنەرایەتی گشتین، پارێزگار و فەرمانبەران

بەگوێـرەی یاسـا و پەیـڕەوەکان ئەرکەکانیـان رادەپەڕێنـن. وێـڕای ئەمـە، ئەگـەر پێویسـتی کـرد یـان کاتێـک پشـکنەری گشـتی داوای کـرد، پێویسـتە بەخێراتریـن شـێوە روونکردنـەوە لەسـەر دۆسـیە و ئاسـت و شـێوازی کارەکانیان پێشکێشـی پشـکنەری گشـتی بکـەن. فەرمانگەی پشـکنەرایەتی گشـتی لـەو کارانـەدا کـە ئەنجامیـان دەدات، تاکـە پۆسـتی گواسـتنەوەی هـەواڵ و زانیارییـە لەگـەڵ وەزیـر و لێپرسـراوەکانی دیکـەی دەوڵـەت دا.

لەبـەر ئـەم هۆیـە، هەرکارێـک کـە پشـکنەری گشـتی پێـی گرنـگ بێـت، دەتوانێـت سـەبارەت شـێوازی جێبەجێکـردن و بەرەوپێشـچوونی کارەکان ئامـۆژگاری پێشـکێش بـکات یان فەرمـان بدات. زانیاری پێویسـت سـەبارەت ئـەم کارانـەش دەداتـە وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان. (مـاددەی 8)

پشـکنەری گشـتی، هێـزە چەکدارەکانـی ناوچەکـەی خـۆی، وەک پۆلیـس و ژەندرمـە، بەڕێوەدەبـات و ئاراسـتەیان دەکات. (مـاددەی 9)

پشـکنەری گشـتی ئەگـەر چەندێتـی و چۆنیەتـی هێـزە چەکدارەکانـی ناوچەکـەی خـۆی پـێ کەموکـورت بێـت، دەتوانێـت لـە نزیکتریـن شـوێن لـە خـۆی، چەنـدی دەوێـت ژەندرمـە و هێـزی چەکـدار داوابـکات. لـەم بارەیەشـەوە زانیـاری دەداتـە وەزیـری ناوخـۆ.

پشـکنەری گشـتی، ئـەو کارەی کـە لـە ناوچەکەیـدا لـە هێزە چەکدارەکانـی داوا دەکات هـاوڕێ لەگـەڵ هـۆکار و پاسـاوەکەیدا، دەگەیێنێتـە بەرزتریـن فەرماندەی هێـزەکان لـەو ناوچەیـەدا. فەرمانـدە، لەپێنـاو جێبەجێکردنـی ئەرکەکـەدا یەکـە سـەربازییەکان ئەگـەر پێویستیشـی کـرد هێزەکانـی ژەندرمـە لـە چوارچێـوەی یاسـا سـەربازییەکان رێکدەخات، بەڕێوەیـان دەبات و ئاراسـتەیان دەکات. (مـاددەی 10)

پشـکنەری گشـتی، بەرامبـەر بـە حکومەتـی ناوەنـدی، لـەو ئـەرک و مافانەدا کـە یاسـا و پەیـڕەوی ناوخـۆی پشـکنەری گشـتی پێـی دەبەخشـێت، بەرپرسـیارە. ئـەم مافانـە بەگوێـرەی مـاددەی سـێی پشـکنەری گشـتی دەکرێـت بـەم شـێوەیە ریـز بکرێـن:

دەستەبەرکردنی ئاساییش و ئارامی. (ماددەی 11/أ)

بەدواداچــوون لەســەر ئــەوەی داخــۆ یاســا و پەیــڕەوەکان وەک خۆیــان جێبەجــێ دەکرێــن. (مــاددەی 11/ب)
کردنــەوەی دۆســیە ســەبارەت ئــەو ســکاڵایانەی کــە لــە دادوەرەکان دەکرێــن بــە مەرجــی ئاگادارکردنــەوەی وەزیــری داد. (مــاددەی 11/پ)
گواســتنەوەی هــەر داوا و دۆســیەیەک کــە دەیەوێــت بــەرەو هــەر جێگەیەکــی دیکــە کــە دەیەوێت، لەپێنــاو دابینکردنــی ئاسایيش و ئارامــی، بــە مەرجــی پێدانــی زانیــاری بــە وەزیــری داد. (مــاددەی 11/ت)
هەوڵدانــی خێــرا بــۆ دەســتەبەرکردنی پێداویســتییە ئابــووری، کۆمەڵایەتــی، کولتــووری، شارســتانی، تەندروســتی و ئاوەدانییەکانی تایبــەت بە ناوچەکە. (ماددەی 11/ج)
پاراستنی مافە کەسییەکانی خەڵک لە ناوچەکەی دا. (ماددەی 11/ح)
نیشــتەجێکردنی خەڵــک و بەرزکردنــەوەی ئاســتی ئابوورییــان و دەســتەبەرکردنی ئــەوەی کــە گوندنشــینان و جووتیــارەکان ببنــە خــاوەن موڵــک و زەوی خۆیــان. (مــاددەی 11/خ)
بەدواداچــوون بــۆ کاروبــاری پارێــزگار و بەڕێوەبــەرە گشــتییەکان لــە ناوچەکــەی خۆیــدا و دوورخســتنەوەیان لــە کار ئەگــەر پێویســتی کــرد. (مــاددەی 11/د)
پشــکنەری گشــتی، لــە ئیدارەی گشــتی و لــە ئیــدارە ناوچەییەکانــدا مافــی بەدواداچــوون و کۆنترۆڵکردنــی هەیە. بودجــەی ئیدارەی تایبەتی پارێزگاکان تەنیــا دوای ڕەزامەندیــی پشــکنەری گشــتی دەچێتە بــواری جێبەجێکردنەوە. دەســەڵاتی تــەواوی بەســەر شــارەوانییەکاندا هەیــە. دەتوانێــت کاروبــاری ئیــدارەی تایبەتــی پارێــزگاکان و شــارەوانییەکان راســتاندن بــکات، یاخــود بەمەبەســتی هەندێــک گۆڕانــکاری بۆیــان بگەڕێنێتــەوە. (مــاددەی 13)
پشــکنەری گشــتی، کاتێــک هەســت دەکات ئەمنییەتــی یاســا پێشــێلکراوە یــان هەڕەشــەی لەســەرە، داوای راگەیاندنــی بــاری نائاســایی بــۆ ناوچەکــە دەکات لــە وەزیــری ناوخــۆ. (مــاددەی 12)
پشــکنەری گشــتی، کاتێــک کارێکــی تایبــەت بــە چەنــد پارێزگایــەک ئەنجــام

دەدات، خەرجییەکان لەنێوان پارێزگاکان دا بەگوێرەی داهاتەکانیان دابەش دەکرێت. (ماددەی 14)
پشکنەری گشتی رۆژانە راپۆرت لەسەر ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنێرێت. (ماددەی 15)
وەزارەتی ناوخۆ بەشێوەیەکی گونجاو بەدواداچوون بۆ کار و چالاکییەکانی پشکنەرایەتی گشتی دەکات. (ماددەی 16)
سەرۆکی دەستەی راوێژکاران، راوێژکار و یاریدەدەری پشکنەری گشتی دەبێت، لە چوارچێوەی ئەو ماف و ئەرکانەی کە پشکنەری گشتی پێیدەدات کارەکانی رادەپەڕێنێت و راپۆرتەکان واژۆ دەکات. (ماددەی 17)
ئەم پەیڕەوی ناوخۆیەی دامەزراوەی پشکنەرایەتی گشتی بەئاشکرا دەریدەخات کە لە ساڵی 1927ەوە کوردستان لە رێگەی رێنماییەکانەوە بەڕێوەبراوە نەک دەستوور و یاسا. لێرەدا پێویستە سەرنجی ورد لە پەیوەندیی نێوان پشکنەری گشتی و پارێزگارەکان بدەین. ئەمڕۆ پەیوەندیی نێوان پارێزگار و قایمقام چۆن بێت، پەیوەندیی ئەوکاتەی نێوان ئەم دووانەش بەوشێوەیەبووە.
بەگوێرەی ئەم یاسایەی کە مافی پێکهێنانی پشکنەرایەتی گشتی دەداتە حکومەت، لە 19/2/1934دا دووەم پشکنەرایەتی گشتی دامەزرێندرا. ئەم پشکنەرایەتییە گشتییە پارێزگاکانی چەناق قەلعە، تەکیرداخ، ئەدیرنە و کرکلارێلی دەگرتەوە.
سێیەم پشکنەرایەتی گشتی لە 6/9/1935 و بە بڕیاری ژمارە 23199ی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرێندرا. ئەم دامەزراوەیەش پارێزگاکانی ئەرزینجان، ئەرزڕۆم، قارس، گوموشانە، چۆرو، تڕابزۆن و ریزەی دەگرتەوە. شاری (ئاگری)ش لە پشکنەرایەتی گشتی یەکەمەوە بۆ دووەم گوێزرایەوە.
چوارەم پشکنەرایەتی گشتی لە رۆژی 6/1/1936دا، واتە هەفتەیەک دوای پەسەندکرانی یاسای تونجەلی، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دامەزرێندرا. ئەمەش بۆ "چارەسەرکردنی کێشەی دێرسم" دروستکرا.

پارێزگاکانی تونجەلی و بینگۆلی دەگرتەوە. (ئەلعەزیز)یش لە ناوچەی یەکەم پشکنەرایەتی گشتییەوە بۆ چوارەم گوێزرایەوە.
پشکنەرایەتییە گشتییەکان، واتە پارێزگارە گشتییەکان، تاوەکو ساڵی 1948 چالاکیان بەردەوام بوو. سێ ساڵ پێش ئەم رێکەوتە و لە 28/2/1945دا بە بڕیاری ژمارەی 32222ی ئەنجوومەنی وەزیران گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی ناوخۆکەیدا کرا. بەم جۆرەش هەندێک گۆڕانکاری لە ماف و ئەرکەکانی ئەو پەیڕەوە ناوخۆیەدا کرا کە لە ساڵی 1927دا بۆ پشکنەرایەتییە گشتییەکان دەرکرابوو. ئەم گۆڕانکارییانە، هەندێک ئەرکی بە پشکنەرە گشتییەکان دەسپارد لە بابەتی بەرەوپێشبردنی ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتیان. کاتێک لە ساڵی 1948دا پشکنەرایەتییە گشتییەکان هەڵگیران، 23 پارێزگا لە کۆی 63 پارێزگای تورکیا لەلایەن ئەم دامەزراوانەوە بەڕێوەدەبران:
پشکنەرایەتی گشتی یەکەم: دیاربەکر، ئورفە، ماردین، سێرت، وان، هەکاری، بتلیس، مووش.
پشکنەرایەتی گشتی دووەم: چەناق قەلعە، ئەدیرنە، تەکیرداغ، کرکلارێلی.
پشکنەرایەتی گشتی سێیەم: ئاگری، قەرس، ئەرزڕۆم، ریزە، ترابزۆن، گوموشانە، چۆرو.
پشکنەرایەتی گشتی چوارەم: تونجەلی، بینگۆل، ئەلعەزیز، ئەرزینجان.
دیاربەکر، ئورفە، ماردین، سێرت، وان، هەکاری، بیتلیس مووش کە دەکەوتنە ناوچەی پشکنەرایەتی گشتی یەکەمەوە، لە ساڵی 1927ەوە لەلایەن ئەم دامەزراوەیەوە بەڕێوەدەبران. ئەلعەزیز و ئاگریش سەر بە ناوچەی پشکنەرایەتی گشتی یەکەم بوون. لە لایەکی دیکەوە، ئەوکات پارێزگاکانی تونجەلی و بینگۆل لەناو سنوورەکانی (ئەلعەزیز) دا بوون. بۆیە دەتوانین بڵێین 12 پارێزگا لە ساڵی 1927ەوە لەلایەن پشکنەرایەتی گشتییەوە بەڕێوەبراون. پارێزگاکانی دیکە لە (19341935) ەوە خراونەتە ژێر ئەم جۆرە ئیدارەیەوە. ئەگەر بەدەر لەمانە، بیر لە یاسای (تەقریری سکون) و جێبەجێکردنەکانی بکەینەوە، دەتوانین بڵێین

کوردستان لەنێوان ساڵانی 19231949دا لەلایەن پارێزگاریی گشتییەوە (تەفتیش عام) بەڕێوەبراوە.
پێویستە ئەوەش بڵێین کە پشکنەرایەتی گشتیی دووەم حیسابێکی جیاوازی لەوانی دیکە بۆ کراوە. چونکە جێبەجێکردنەکەی ئێرە جیاوازە. یاسایەک بە ناوی (یاسای تەشکیلاتی دەستەی راوێژکاریی پشکنەرایەتی گشتی یەکەم، سێیەم و چوارەم) کە لە رۆژی 24/12/1935دا دەرچووە، بە روونی ئەم جیاوازییە پیشان دەدات. چونکە هۆکاری دامەزرانی ئەمانە ئاشکرا دەکات. بۆ نموونە، بەشە ئیدارییەکانی پشکنەرایەتی گشتی نێوان ساڵانی 19271935 بەم جۆرەیە: سەربازی، راوێژکاری، دادوەری، ئاساییش، هەواڵگری و نیشتەجێکردن... بەڵام ئەوانەی پشکنەرایەتی گشتی دووەم کە هەندێک شاری تورکی دەگرێتەوە، زیاتر پەیوەندیی بە خزمەتگوزارییەکانی ئاوەدانکردنەوە، پەروەردە و تەندرووستییەوە هەیە. لەلایەکی دیکەوە، نەفیکردنی کوردان کە لە ساڵی 1934ەوە تاوەکو ئەوکاتە بەردەوام بوو، چڕتر و خێراتر کرا. لەنێو ئەو شوێنانەدا کە کوردی بۆ نەفیکراوە، (تراکیا) پێگەیەکی گرنگی هەیە. تەنانەت یەکەمیشە. لەم روانگەیەوە، تراکیا وەک درێژەی مەنفاکانی کورد هەژمار دەکرێت. نەفیکرانی ژمارەیەکی زۆری کورد بۆ تراکیا و نیشتەجێکرانیان بەجۆرێک کە لەگەڵ سیاسەتی تواندنەوەدا بگونجێت، پێدەچێت هۆکاری داخڵکرانی پارێزگای (تراکیا) بووبێت بۆ ناو ئیدارەی پشکنەرایەتییە گشتییەکان. یەکەم کەس کە بەگوێرەی دووەم پشکنەرایەتی گشتی بۆ پارێزگای تراکیا دەستنیشان کراوە (ئیبراهیم تالی ئۆنگۆرەن)ە. ئەم کەسە لە پشکنەرایەتی گشتی یەکەم دا لەنێوان ساڵی 19271932دا کاری کردووە. لە سپاردنی ئەرکی شاری تراکیا بە ئەو، ئەزموونی پێشتر لە پشکنەرایەتی گشتی یەکەم و ناسینی "خەڵک" وەک پاساوێکی گرنگ خراوەتە گۆڕێ. بەهەمان جۆر، (عابیدین ئۆزمەن)یش کە دواتر کراوەتە پشکنەری موفەتتیشی تراکیا، ساڵانێکی زۆر لە پشکنەرایەتی یەکەم دا خاوەن پۆست بووە. لەلایەکی دیکەوە، چەندین راوێژکاری دیکە لە

پشکنەرایەتی گشتی یەکەم گوێزراونەتەوە بۆ تراکیا و لەوێ بەردەوام بوون. پێدەچێت مەترسیی ئەڵمانەکان لەسەر ناوچەی بەڵقانیش کاری لە دروستکردنی ئەم پشکنەرایەتییە گشتیانە کردبێت.

لەبەرامبەر ئەوەدا کە کە خەڵکی کورد بە ژمارەیەکی بێشومار لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران نەفیکراون، هەوڵێکی زۆریش دراوە بۆ گواستنەوە (لاز)ەکانی ناوچەی کارادێنز و تیشتەجێکردنیان لە کوردستان، بەڵام دروستکردنی پشکنەرایەتی گشتی لە هەندێک جێگەی دەرەوەی کوردستان دا، تەنیا ئامانج لێی شاردنەوەی داگیرکردنی کوردستانە.

**ب) بۆچوونەکانی عابیدین ئۆزمەنی پشکنەری گشتی**

عابیدین ئۆزمەن لە ساڵی 1947دا لە وتارێکدا بە ناوی (بۆچوونێک سەبارەت پشکنەرایەتییە گشتییەکان"دا دەڵێت:

"... روونکردنەوەی زانیاری و بیر و بۆچوونەکانم سەبارەت دامەزران، کارکردن و ئاییندەی پشکنەرە گشتییەکان بۆ ئەوانەی کە بەم کارەوە سەرقاڵن، بە کارێکی بەسوود دەزانم.

لە دەستدانە ئەم کارەدا باوەڕناکەم کەس وابزانێت سنووری خۆم دەبەزێنم. چونکە کەسێک کە زیاتر لە 11 ساڵ راستەوخۆ کاری پشکنەری گشتی کردووە و لەناو ئەو رووداوانەدا ژیاوە کە بوونە هۆکاری دامەزراندنی پشکنەرە گشتییەکان، بێگومان قسەکانی کەم تاوەکو زۆر راستیان تێدا دەبێت.[36]

سەرەتا وای بە گونجاو دەزانم کە لە دامەزراندنی پشکنەرایەتییە گشتییەکانەوە دەست پێبکەم:

---

36 - ساڵانی 1947 و 1948 هەندێک کەس پێشنیاز دەکەن بۆ حکومەت کە دامەزراوەی پشکنەرە گشتییەکان هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام عابیدین ئۆزمەن دژی ئەم کارەیە. لە ساڵانی 19351943 لە پشکنەرایەتی گشتی یەکەم دا و لەنێوان ساڵانی 19431948یشدا لە پشکنەرایەتی گشتی دووەم دا وەک پشکنەری گشتی کاری کردووە. عابیدین ئۆزمەن دەڵێت پێویستە لە هەڵسەنگاندنی قسەکانیدا ئەم ئەزموونە بەدووردرێژەی لە بەرچاو بگیرێت.

لـەدوای ڕووداوی شـێخ سـەعید کـە کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر پارێزگاکانـی گەنـچ، دیاربەکـر و ئەلعەزیـز هەبـوو و پریشـکی بـۆ پارێزگاکانـی دەوربەریـش بڵاوبـووەوە، پێویسـتیی یەکخسـتنی بیـر، بۆچـوون، ئیـدارە و هاریکاریـی هاتـە پێشـەوە و ئـەم پێداویسـتییەش لـە بنەڕەتـدا لـە خۆیـەوە سـەری هەڵـدا. لـەدوای کپکردنـەوەی ئاژاوەکـە، فەرمانگـەی پشـکنەرایەتی گشـتی سـێیەمی سـوپا بەشـێوەیەکی کردەیـی، ئارامـی دەسـتەبەر دەکـرد. فەرمانگـەی پشـکنەرایەتی سـێیەمی سـوپا کـە ئـەوکات سـەنتەرەکەی لـە دیاربەکـر بـوو، لـە هەمـان کاتـدا ئەرکـی سـەرکردایەتیی بـاری نائاسـایی ڕادەپەڕانـد و لەگـەڵ پارێـزگاری پارێزگاکانـی غـازی عەنتـاب، مەڵاتیـا، ئەرزینجـان، ئـەرزڕۆم و ئاگـری کـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ پێکدەهێنن، کاری هاوبەشـی لەسـەر ئاسـتی ئەمنییـەت و ئاسـاییش، تاپـۆ، کارگێـڕی و هەواڵگـری بەڕێوەدەبـرد. دوو پشـکنەری تاپـۆ و زەوی و زاریـش وەک ڕاوێـژکار لەژێـر فەرمانـی ئـەم فەرمانگەیـەی پشـکنەرایەتی سـوپادا بـوون. لەنێـوان سـاڵانی 19261927دا منیـش 15 مانـگ وەک پشـکنەری تاپۆ لەوێ کارم کـرد.[37]

مـاوەی بـاری نائاسـایی درێـژ بووەتـەوە، بـەڵام لەبەرامبـەر پێویسـتیی یەکخسـتنی کاری ئاسـاییش و کارگێڕیـی فەرماندەکانـی ناوچەکـە، فەرمانگـەی پشـکنەرایەتی گشـتی سـوپا کارە ئەسـڵییەکانی خـۆی و کۆمەڵێـک کاری لاوەکیـی دیکەشـی کەوتبـووە سەرشـان؛ بۆیـە تووشـی زەحمـەت ببـوو. لەسـەر ئەمـە، لـەو ناوچانـەی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دا کـە بەهـۆی گەندەڵـی و دوورییـان لـە مەرکـەزەوە نەتوانرابـوو سیسـتەمێکی کارگێـڕی و کۆمەڵایەتیـی هاوشـێوەی جێگەکانـی دیکەی نیشـتمان سـەرپێ بخرێـت، حکومەتـی کۆمـاری بیری لـە دروسـتکردنی دامەزراوەیـەک کردەوە کـە ببێتـە چـاو و گوێـی حکومـەت لـەم ناوچانـەدا و وەک یـەک ناوچـەی

37 - دیسـان ئەمـەش دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە کوردسـتان بەردەوام لـە ڕێگەی باری نائاسـایی و شـێوازی تایبەتـی کارگێڕییـەوە بەڕێوەبـراوە. هـەر بۆیە کاتێـک ئـەم دامەزراوەیە هەڵوەشـاوەتەوە، یەکسـەر دانەیەکـی دیکـە بە ناوی (تەفتیش عام) دامەزرێنـراوە و هەمان کارمەنـد و فەرماندەکانی پێشـووی بـۆ گوازراونەتەوە.

یەکگرتوو ئارامی و ئاساییشی تێدا دەستەبەر بکرێت. ئەوەبوو لە رۆژی 25/6/1927دا و بە بڕیاری ژمارە 1164 یاسای دامەزراندنی پشکنەرایەتییە گشتییەکان دەرکرا. لەم یاسا پێنج ماددەییەدا سێ بنەمای سەرەکی قبووڵکران:

1. دامەزراندن و هەڵگیرانی پشکنەرایەتییە گشتییەکان بەگوێرەی پێویستی، درایە دەستی ئەنجوومەنی وەزیران.

2. پێکهاتەی کارگێڕی و پێداویستییەکانی ئەم دامەزراوەیە لە بودجەی گشتیی ساڵ دا دیاریکرا.

3. ئەرکەکانی فەرمانگەی پشکنەرایەتی گشتی بەم شێوەیە دەستنیشان کران: چاودێریکردن و دەستەبەرکردنی نیزام و ئاساییش، جێبەجێکردنی تەواوەتیی یاسا و رێساکان. لەپێناو ئەمەشدا مافی وەزارەتەکان درایە پشکنەرە گشتییەکان.

لەسەر بنەمای ئەم یاسایە، لە 27/11/1927دا رێنماییەکی 17 ماددەیی لەسەر شێوازی جێبەجێکرانی یاسای پشکنەرایەتی گشتی ئامادەکرا. ئەم رێنماییەش لە رۆژی 27/12/1927دا بە ژمارەی 5858 قبووڵکرا.

دەکرێت ماددەکانی رێنماییەکە لە سێ بنەمادا کۆبکەینەوە:

1. دامەزراندنی پشکنەرایەتییەکی گشتی کە شارەکانی ئەلعەزیز، ئورفە، بتلیس، هەکاری، دیاربەکر، سێرت، ماردین و وان لەخۆبگرێت.

2. شێوازی دامەزراندنی فەرمانبەرەکانی دامەزراوەکە.

3. ژماردنی ماف و دەسەڵاتەکانی پشکنەری گشتی.

کاری دامەزراندنی فەرمانبەرەکان پەیوەندییەکی بنەڕەتی بەباسەکەمانەوە نییە. لەبەرئەوەش کە ئەرک و مافەکانی پشکنەری گشتی بەجیا سەرنجیان لێدەدەین، لێرەدا زیاتر هەڵوێستە لەسەر روونکردنەوەی کارە تەشکیلاتییەکان دەکەم.

تالی ئۆنگۆرەن کە ئێستا پەرلەمانتاری شاری (ئەلعەزیز)ە وەک پشکنەری گشتی دەستنیشان کرا. لە رۆژی 1/1/1928دا لە دیاربەکر دەستی بە کار کرد و سەرەتا کارە کارگێڕییەکانی پشکنەری پێشووی سوپای

هەڵوەشاندەوە و گواستیەوە بۆ بنکەی سەرەکیی خۆی لە ئەرزینجان. منیش لەوکاتەدا پارێزگاری بتلیس بووم.

دوای ئەمە، پارێزگای (ئاگری)ش خرایە سەر ناوچەی پشکنەری گشتی. هەرچەندە هاوئاهەنگیی کارگێڕیی پشکنەری گشتی لەم پارێزگایانەدا و پەیوەندیی نزیکی نێوان خەڵک و حکومەت کاریگەرییەکانی رووداوی شێخ سەعیدی نەهێشتبوو، بەڵام هەلومەرجەکان داخوازی تەمەندرێژیی ئەم دامەزراوەیە و بگرە زیادکردنی ژمارەکەشی بوون. [38]

لە پارێزگاکانی ئەدیرنە، چەناق قەلعە و تەکیرداغیش کە لە روانگەی خزمەتگوزاریی گشتی و نیشتەجێبوونەوە بە یەک ناوچە حیسابن، لەپێناو بەڕێکردنی کاروبارەکان بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ، لە رۆژی 19/2/1934دا بڕیاری دروستکردنی پشکنەرایەتییەکی گشتی بۆ دەرکرا. بەڕێز (ئیبراهیم تالی ئۆنگۆرەن)یش کە ئەوکات گەڕابووەوە سەر کاری پەرلەمانتاری، لەسەر بنەمای ئەزموونەکەی پێشوو لە رۆژهەڵات، بۆ پۆستی پشکنەری گشتی ئەم دامەزراوەیە دیاریکرا. ئەوەبوو لە مانگی نیسانی 1934دا وەک پشکنەری گشتی لە تراکیا دەستبەکار بوو.[39]

بەڕێز عیسمەت ئینۆنوی سەرۆک کۆمار لە هاوینی ساڵی 1935دا گەشتێکی دوورودرێژی بۆ پارێزگاکانی رۆژهەڵات ئەنجامدا کە تێیدا چاوی بە خەڵکانێکی زۆری ناوچەکە کەوت.[40] ئەوکات زۆر لە شار و شارۆچکەکانی سەر بە ناوچەی پشکنەرایەتی گشتی یەکەمی بینیوە

38 - مەبەست لە وشەی "خەڵک" لێرەدا دەبێت ئەو ئاغا، شێخ و سەرۆک عەشیرەتانە بێت کە لەنێو دەزگا هەواڵگرییەکاندا کاریان کردووە، نکۆڵییان لە کوردێتیی خۆیان کردووە و پڕوپاگەندەیان بۆ تورکێتی کردووە. پاراستنی دامەزراوە کۆنەپەرستییەکان لەلایەن دەسەڵاتی کەمالیستەکانەوە لە داگیرکردنی کوردستان و بەکۆیلەکردنی کورددا، شتێکی تەواو ئاسایی و سرووشتییە.

39 - عابیدین ئۆزمەن کاتێک باس لە پشکنەرایەتی گشتی ناوچە کوردییەکان دەکات بەردەوام وشەکانی وەک ئاساییش و ئەمنییەت بەکاردەهێنێت، بەڵام سەبارەت بە پشکنەرایەتی گشتی ناوچەیەکی تورکی باس لە خزمەتگوزاری و نیشتەجێبوون دەکات.

40 - عیسمەت ئینۆنوی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی حیزبی جەهەپە لە ساڵی 1935دا سەردانی دیاربەکر، ماردین، سێرت، بتلیس، وان، ئەخلات، مووش، بوڵانک، مەلازگیرت و ئاگری و شارۆچکەکانیانی کردووە. پێشتریش لە ساڵی 1932دا بە نیازی لێکۆڵینەوە سەردانی بیلەجیک، ئورفە، سیڤەرەک، دیاربەکر و ئەلعەزیزی کردووە.

و لەنزیکــەوە ئــەم دامەزراوەیــەی بەســەرکردووەتەوە. لەکاتــی ئــەم گەشــتانەدا مــن پشــکنەری گشــتی ناوچــەی یەکــەم بــووم.
پێدەچێت ئـەوەی بینیبێـت کە شـوێنەکانی باشـووری پشـکنەرایەتی گشـتی ســوودیان لــە دامەزراوەکــە وەرگرتــووە و لەنێــوان ئــەم پارێزگایانــەدا تێگەیشــتنێکی زیاتــر فەراهــەم بــووە، بۆیــە وای بــە گونجــاو زانیــوە کــە لــە ناوچەکانــی باکووریــش فەرمانگەیەکــی پشــکنەرایەتی گشــتی ســێیەم دابمەزرێنێــت بەجۆرێــک کــە پارێزگاکانــی ئــەرزڕۆم، قــەرس، گوموشــانە، چــۆرو، ئەرزینجــان، ترابــزۆن و هەروەهــا (ئاگــری)ش بگرێتــەوە کــە پێشــتر ســەر بــە ناوچــەی یەکــەم بــوو. ئەرکــی پشــکنەری گشــتیش بــە (تەحســین ئــوزەر)ی خوالێخۆشــبوو ســپێردرا کــە لــەو گەشــتەدا لەگەڵی بەشــدار بوو.
هەرچەنــدە ســێ بەڕێوەبەرایەتیــی پشــکنەرایەتی گشــتی ســەرقاڵی کاری بەڕێوەبــردن و ئاوەدانکردنــەوەی خۆیــان بــوون و گرنگییەکــی زۆریــان بــە ئاســاییش و ئەمنییــەت دەدا، بــەڵام لەبەرئــەوەی پارێزگاکانــی رۆژهــەڵات خەڵکێکــی زۆریــان تێــدا نیشــتەجێ بــوو و لــە ســەردەمی ئیمپراتۆریــی عوســمانییەکاندا و لــە رۆژگاری کۆماریــش دا بەهــۆی ســەرەتاییبوونی دانیشــتووانەکەیەوە ناوچەکــە لەبــار نەبــووە بــۆ پێشــکەوتنی ئابــووری؛ بۆیــە ســەبارەت بــە دێرســم کــە کاروبــاری ئاساییشــی تێیــدا جێگــر نەبــووە و پەیوەندیــی نێــوان خەڵــک و حکومــەت بەشــێوەیەکی بــاش رێکنەخــراوە، بیــر لــە فەرمانگەیەکــی بەهێــز کرایــەوە. [41] ئەوەبــوو لــە مانگــی ئەیلوولی ســاڵی 1935دا هەریــەک لــە کازم ئۆربــای پشــکنەری ســوپا و جەنــەڕاڵ عەبــدوڵا ئالپدۆغــان کــە بڕیاربــوو بکرێتــە فەرمانــدەی هێــزە چەکدارەکانــی دێرســم هاتــن بــۆ دیاربەکــر و پڕۆژەیاســاکەیان لەگــەڵ مــن تاوتوێکــرد و دوای ســێ رۆژ گەڕانــەوە بــۆ ئەنقــەرە.
لەپێنــاو رێکخســتنی کاروبــارە ئیــداری و ئینزیباتییــەکان و دەســتەبەرکردنی کۆنترۆڵــی حکومــەت لــە ناوچــەی دێرســم دا کــە بــە بڕیــاری ژمــارە 23823ی

41 - پارێــزگاری رژێمــی داگیــرکار بــاس لــە هۆکارەکانــی دواکەوتنــی کوردســتان دەکات. بــەڵام لەڕاســتیدا ئەمانــە دەرەنجامــن و خــۆی لــە قــەرەی هــۆکارە راســتەقینەکان نــادات.

ئەنجوومەنـی وەزیـران لـە رۆژی 6/1/1936دا ناوەکـەی گـۆڕا بـۆ تونجەلـی، بڕیـاری دامەزراندنـی چـوارەم ناوچـەی پشـکنەرایەتی گشـتی درا بەجۆرێـک کـە بینگـۆل و ئەلعەزیزیـش کـە پێشـتر سـەر بـە ناوچـەی یەکـەم بـوون، بگرێتـەوە. ئـەم پشـکنەرایەتییە گشـتییە مافەکانـی پارێـزگار و فەرمانـدەی هێـزە سەربازییەکانیشـی پێدرا. پۆسـتەکە، وەک پێشـتر قسـەی لەبارەوە کرابـوو، بەخشـرایە جەنـەڕاڵ عەبـدوڵا ئالپدۆغـان. ئەوکاتـەش کـە بڕیـاری چارەسـەرکردنی کێشـەی دێرسـم لـە رەگ و ریشـەوە درا، ئەرزینجانـش لـە ناوچـەی سـێیەمەوە بـۆ سـەر ئـەم پشـکنەرایەتییە گشـتییەی ناوچـەی چـوارەم گوازرایـەوە. بـەم شـێوەیە و لەسـەر بنەمـای ئـەم هۆکارانـە، ناوچـەی چوارەمـی پشـکنەرایەتی گشـتی دوای ئـەو چەنـد گۆڕانکارییـەی کە بەسـەریدا هاتـووە، لەمـڕۆدا ئـەم پێکهاتەیـەی وەرگرتـووە:

پشـکنەرایەتی گشـتی یەکـەم: دیاربەکـر، ئورفـە، ماردیـن، سـێرت، وان، هـەکاری، بتلیـس، مـووش.

پشکنەرایەتی گشتی دووەم: چەناق قەلعە، ئەدیرنە، تەکیرداغ، کرکلارێلی.

پشـکنەرایەتی گشـتی سـێیەم: ئاگـری، قـەرس، ئـەرزڕۆم، ریـزە، تڕابـزۆن، گوموشـانە، چـۆرو.

پشکنەرایەتی گشتی چوارەم: تونجەلی، بینگۆل، ئەلعەزیز، ئەرزینجان.

مـن وەک کەسـێک کـە زیاتـر لـە 11 سـاڵ خزمەتـم هەیـە لـە پۆسـتی بەڕێوەبەرایەتیـی دوو لـە پشـکنەرایەتییە گشـتیانەدا کـە پیرترینیـان تەمەنی 20 سـاڵ و لاوترینیشـیان تەمەنی 11 سـاڵە و وەک تاکێکی ئەم کۆمارە کە کـەم تاوەکـو زۆر دونیـای دیـوە، ویژدانـم زۆر ئاسـوودەیە لـەو کارانـەی کـە لەم پۆسـتەدا کردوومن. یەکسـەر پێویسـتە بڵێم پێشتریش لە نووسینێکدا بەدوورودرێژیـی ئـەوەم روونکردووەتـەوە کـە لەڕووی تەشـکیلاتی تاپۆیی و زەوی و زارەوە لایەنگـری مانـەوەی پشـکنەرە گشـتییەکان و ئەنجوومەنـی پارێـزگاکان لەسـەر شـێوەی ئێسـتایان نیـم. بۆیـە لـە بابەتـی پشـتگیریم بـۆ سـوود و بەرژوەندییەکانـی دامـەزراوەی پشـکنەری گشـتی دا بەئاسـانی دەردەکەوێـت کـە هەڵوێسـتەکەم شەخسـی و لایەنگرانـە نییـە.

ئەگەر ئەو خزمەتانەی کە پشکنەرە گشتییەکان پێشکەشیان کردووە بە وڵات لەلایەن کۆمیسیۆنێکی باڵاوە مامەڵە و ئەوراقەکانی بپشکنرێت، قەناعەتم وایە ئەو هاوڕێیانەی سەبارەت پشکنەرایەتییە گشتییەکان شتی وەک "پێویستە پشکنەرایەتییە گشتییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە" و "چییان کرد؟" دەنووسن، 180 پلە بیر و بۆچوونیان دەگۆڕێت.
کارە کارگێڕییەکان وەک پردێک یان بینایەک نین کە لەلایەن ئەندازیارێکەوە دروست دەکرێت. سەرەڕای ئەمە، فەرماندە کارگێڕییەکان لە جێبەجێبوونی ئەم کارە بەرجەستە و مادديیانەشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە و خزمەتێکی ماددی و مەعنەوی ئەنجام دەدەن؛ بۆیە بەهای فەرماندە کارگێڕییەکان پێویستە لە ڕێگەی ئەم کارانەوە بپێورێن.
ریزکردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکانی پشکنەرە گشتییەکان بۆ ناوچەکان قەبارەی نووسینەکەم تێدەپەڕێنێت و لەگەڵ نیزامی ئیداریشدا ناگونجێت. بەڵام بەگشتی دەکرێت بابەتەکە بەم جۆرە پووخت بکرێتەوە:
1. تەفتیش عامەکان کە ئامانجی سەرەکیی دامەزراندنیان ئەمنییەت و ئاساییشە، لە ماوەیەکی کەم دا ئەم کارەیان چارەسەرکردووە و هەموو ئەو نائارامییە ماددی و مەعنەوییانەیان لەنێوبردووە کە لە سەرەتای کارەکەیاندا لە ناوچەکەدا هەبوون و بە پشتبەستن بە یاساکانی کۆمار سەلماندوویانە کە شێخ و ئاغاکان سەرچاوەی چاکە و سزا نین و ئەو بیرۆکەیەشیان چاندووە کە هیچ کەسێک بۆی نییە بچێتە نێوان خەڵک و حکومەتەوە.[42] لەڕاستیدا دەکرێت

42 - گرنگترین ئامانجی دەسەڵاتە داگیرکارەکان بریتییە لە لاوازکردنی چینە دەسەڵاتدارە خۆماڵییەکان. چونکە گرنگترین هێز کە بتوانێت بەرامبەر دەوڵەتی داگیرکار بانگەشەی نەتەوایەتی بکات ئەمانەن. لەو شوێنانەدا کە سەرمایەداری گەشەی نەکردووە و بزووتنەوەیەکی چڕ و چالاکی کرێکاران نابینرێت، گرنگترین هێز کە داوای مافە نەتەوەییەکان بکات چینە باڵادەستە خۆجێییەکانن. بۆیە دەوڵەتی داگیرکار لەپێناو شکاندنی توانای بەرخۆدانی ئەم هێزانە و بەکۆیلەکردنیان هەموو ڕێگەیەک بەکاردەهێنێت. لەسێدارەدان، نەفیکردن و ڕەشەکوژییەکان لەو ڕێگەیانەن کە بەزۆری بەکارهێنراون. لەمەشدا ئامانجی سەرەکیی داگیرکار ئەوەیە هێزە دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان بکاتە سیخوڕی خۆی. بۆیە لەلایەک ڕێوشوێنی زۆر توند بەرامبەر ئەوانە دەگرێتەبەر کە بانگەشەی نەتەوایەتی دەکەن، بەڵام هەموو بەرژەوەندی و ئیمتیازێک بۆ ئەو شێخ و عەشیرەتانە فەراهەم دەکات کە سیخوڕی بۆ دەکەن. عابیدین ئۆزمەن لەپێناو شاردنەوەی ئەم ڕاستییە بەرجەستەیەدا باس

کەسێک ئیددیعای ئەوە بکات کە هۆکاری کات دەیتوانی ئەم کارە بکات، بەڵام ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگادارن، دەزانن ئەم ناوچە بچووکانەی کە دوورن لە حکومەتی مەرکەزییەوە تەنیا بە جووڵە و کاری ئاسایی خۆیان ناتوانن لە ماوەیەکی کەم دا ئەم دوورییە پڕبکەنەوە و بگەنەوە ناوچەکانی دیکەی وڵات؛ بۆیە تاوەکو هەلومەرجەکان گۆڕانکارییان بەسەردا نەیێت، زەحمەتە گەشەکردنی سرووشتیی ناوچەکە ئەم گرفتانە چارەسەر بکات. تەنانەت لەو رووەوە کە پشکنەرە گشتییەکان یەکێتیی بیر و کاریان لەگەڵ پارێزگاکانی دراوسێدا دەستەبەر کردووە و لەم رێگەیەشەوە ئاساییشیان سەقامگیر کردووە، مەحاڵ بوو بەبێ ئەم دامەزراوەیە ئەم دەرەنجامە بەرهەم بهاتایە.
خزمەتەکانی پشکنەرایەتییە گشتییەکانی رۆژهەڵات لە کاروبارەکانی ئەمنییەت و ئاساییشدا، پێویستە لە مێژووی میللی دا تۆماربکرێت.[43]
2. ئەو خزمەتانەی کە پشکنەرایەتییە گشتییەکان بە ناوی حکومەتەوە رایانپەڕاندووە، وەک چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی دۆخی فەرمانبەرانی ناوچەکە، بەڕێوەچوونی پەیوەندییەکی باش لەنێوان خەڵک و حکومەت و پەیڕەوکردنی تەواوەتیی پەیڕەو و رێنماییەکان، لەبەرئەوەی رۆژانە لە رۆژنامەکان دا نابینرێن، لەو جۆرە خزمەتانەن کە زۆر بەرچاو ناکەون.[44] هەبوونی پشکنەرە گشتییەکان لە

---

لە "خەبات دژی ئاغا و شێخەکان" دەکات

43 - ئەم دەستەواژەیە دەریدەخات لەنێوان ئامانج و خواستەکانی دەوڵەتی داگیرکار و بەرژوەندییەکانی میللەتی داگیرکراودا چ جیاوازییەکی قووڵ و دژبەیەک هەیە. نووسەر باس لە خزمەتێک دەکات کە مێژوو دەبێت بینووسێتەوە، بەڵام ئەم "خزمەت"ە کاولکارییەکی زۆری بۆ کورد و کوردستان هێناوە. هەموو جۆرە "خزمەت"ێک بۆ لەنێوبردنی پێکهاتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری نەتەوەی کورد گێراوەتەبەر.

44 - نەبینرانی "خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە ئارامی و ئاساییش"ی دەوڵەتی داگیرکار لە رۆژنامەکاندا شتێکی تەواو سرووشتییە. خۆی لە خۆیدا ئەم "خزمەت"انە لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکان، پۆلیس و ژەندرمەوە جێبەجێکراون. بۆ نموونە، سزادانی دارایی و مەعنەویی ئەوانەی کە بەکوردی قسەیان کردووە و هەروەها ئەشکەنجەکان، لەو جۆرە هەواڵانەن کە نابێت لە رۆژنامەکان دا باس بکرێن. لەوبارەیەوە سانسۆر پەیڕەو دەکرێت. ئەمانە تەنیا لە راپۆرتە هەواڵگرییەکاندا باس دەکرێن و لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە دەگوترێن. هەروەها

ناوچەکـەدا، وەک چاودێرێکـی بێلایـەن وابـووە بەسـەر فەرمانبەرانـەوە و پۆسـتێکی وەهـاش بـووە خەڵکـی هـەر کاتێـک ویسـتبێتیان توانیویانـە بەخێرایـی سـکاڵاکانیان بگەیێنـن؛ بێگومـان ئەمەش چاکەیەکـی رەهایە.[45]

3. پشـکنەرایەتییە گشـتییەکان لەبەرئـەوەی ئـەو پارێزگایانەشـی لەخۆگرتـووە کـە سـنووریان لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێ هەیـە، لـە بابەتـی پاراسـتنی ئارامـی و ئاساییشـی سـنوورەکان، رێگریکـردن لـە قاچاخچێتی و فەراهەمکردنـی کاری هاوبەشـی نێـوان پۆلیـس، ژەندرمـە و فەرمانبەرانـی فەرمانگـەی گومـرگ دا، سـوود و بەژەوەندییەکـی زۆری هەبـووە.

4. تەفتیـش عامـەکان لـە کاروبـاری موڵـک و زەوی و زاریشـدا رۆڵێکـی فراوانیـان گێـڕاوە. چونکـە بـەردەوام گەشـتیان کـردووە، توانیویانـە تێکـڕای کاروبارەکانـی ناوچەکـە موتـاڵا بکـەن، بـەراورد بـە فەرمانگـە و دامـەزراوە جێگیـرەکان زیاتـر بێلایەنانـە بیریـان کردووەتـەوە و پەیوەندیی نێـوان خەڵـک و حکومەتیـان ئاسـان کـردووە. کاتـی خـۆی لەسـەر داوا و پێشـنیازی مـن، لـە 11 شـارۆچکەدا ئـەم بەشـەی پشـکەرایەتییە گشـتییەکان کرانـەوە.

5. کاروبارەکانـی تایبـەت بـە تەندرووسـتی، خزمەتگوزاریـی گشـتی، پـەروەردە، ئابـووری، ئاوەدانکردنـەوە، نیشـتەجێکردن..."

وەک دەبینرێـت، عابیدیـن ئۆزمـەن بەئاشـکرا بەرگـری لـە سیسـتەمی پشـکنەرایەتییە گشـتییەکان دەکات.

---

رووداوەکانی وەک پشـکنینی گوندەکان، سـووکایەتیکردن بە پیاوەکان لەپێناو شـکاندنی کەرامەتی خەڵـک و نەتەوەیـەک دا، دەسـتدرێژیکردنە سـەر ژنـان و تراسـاندنی منداڵان لـەو هەواڵانـەن کـە نابێـت لـە رۆژنامـەکان دا بـاس بکرێـن. عابیدیـن ئۆزمـەن کاتێـک دەڵێـت هەمـوو جـۆرە خزمەتێک لە رۆژنامـەکان دا نانووسـرێت، مەبەسـتی لـەم جـۆرە خزمەتانەیـە.

45 - وەک دەبینرێـت، بەرامبـەر بـە هـەر ناهەقییـەک رێگـە لـە خۆڕێکخسـتنی خەڵـک دەگیرێـت. فەرمانبـەر و بیرۆکراتەکانـی دەوڵـەت، بـە نـاوی خەڵکـەوە، گرفتـەکان چـارە دەکـەن. لەبەرئـەوەی خەڵـک نـەزان و نەفامـە، ئـەوا بیرۆکراتەکانـی دەوڵـەت هەمـوو جـۆرە کارێکـی بەسـوودی بـۆ هەڵدەبژێـرن.

## ج) پەیوەندیی نێوان یاسای تونجەلی و ناوچەی چوارەمی پشکنەرایەتی گشتی

یاسـای تونجەلـی لـە 25/12/1935دا پەسـەندکرا. لـە 2/1/1936دا خرایـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، بـەڵام پشـکنەرایەتی گشـتیی چـوارەم لـە 6/1/1936دا بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی وەزیـران دامەزرێنـرا. لەڕاسـتیدا بوار و ناوچـەی هەردووکیـان یـەک شـوێنە. بۆیـە بڕیـار و ماددەکانـی هەردووکیان لـە کوردسـتان دا جێبەجێکـراون. خـۆی لە خۆیدا بەرپرسـی هەردووکیشـیان جەنـەڕاڵ عەبـدوڵا ئالپدۆغانـە. پێشـتر گوتمـان ئـەم کەسـە پارێـزگار و پشـکنەری گشـتی و هەرواش فەرماندەی سوپا، داوەر و داواکاری گشتیش بـووە. بەراوردکردنـی یـەک بـە یەکـی ماددەکانـی ئـەم دوو یاسـا و ڕێنماییـە بـە یەکتر، سـوودێکی نییە. کوردسـتان بەگشـتی لـە ڕێگـەی ڕێنماییەکانەوە بەڕێوەبـراوە، بـەڵام یاسـای تونجەلـی کـە بەرهەمـی هێـزی یاسـادانان بـووە و چـاوەڕێ دەکـرا زیاتـر "یاسـایی" بێـت، لـە هەمـوو ڕێنماییەکانـی دیکـە قورسـتر و بەهەوەسانەتر بـووە. خـۆی لـە خۆیـدا یاسـای تونجەلیـش بریتی بـووە لـە بەیاسـاییکردنی کەیفۆکراسـی.

یاسـای تونجەلـی لـە مـاوەی زیاتـر لـە 11 سـاڵ دا جێبەجێکـرا. هەرچەنـدە مـاددەی 37ی یاسـاکە ڕۆژی 1/1/1940ی وەک دوا کاتـی بەڕێوەچوونـی بـۆ یاسـاکە دیاریکـردووە، بـەڵام لـە ڕێگـەی چەندیـن بڕیـاری دیکـەوە ماوەکەی درێژکراوەتـەوە.

بـە یاسـای ژمـارە 3706 تاوەکـو 1/1/1943 درێژکراوەتـەوە. ئینجـا دوای ئەمـە بـە بڕیـاری ژمـارە 4430 سـاڵێکی دیکـەش واتـە تاوەکـو 1/1/1945 درێژکراوەتـەوە. پاشـان بـە بڕیـاری ژمـارە 4687 سـاڵێکی دیکـە و تاوەکـو 1/1/1946 درێژکراوەتـەوە. پاشـان بـە بڕیـاری ژمـارە 4809 سـاڵێکی دیکـەش تاوەکـو 1/1/1947 درێژکراوەتـەوە.

پاسـاوی هەمـوو ئـەم درێژکردنەوانـە جێگیرنەبوونـی تەواوەتـی "ئارامـی، هێمنـی و ئاسـاییش" بـووە. لـەم ڕوانگەیـەوە پێـش ئـەوەی مـاوەی یاسـایی

یاساکە تەواو ببێت یەکسەر لە ڕێگەی بڕیارێکی دیکەوە درێژکراوەتەوە. ئەم یاسایانەش هەمان ئەو ڕۆژەی کە هاتوون بۆ پەرلەمان یەکسەر پەسەند کراون.
دەبێت باس لەچەند یاسایەکی دیکەش بکەین کە سەبارەت بەڕێوەبردنی دێرسم دەرچوون. یاسای (سەرژمێریی دانیشتووانە نادیارەکان) زیاتر لە کوردستان دا پەیڕەوکراوە. لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا لە دێرسم، داوا دەکرێت ئەوانەی کە تاوەکو ئەوکاتە لە تۆمارە فەرمییەکاندا ناویان نییە، ڕۆژی لەدایکبوون، مردن، هاوسەرگیری، تەڵاق و هاوشێوەکانیان تۆمار بکەن. لەمە گرنگتر، ئەوانەی ماڵیان بۆ جێگەیەکی دیکە گواستووەتەوە، پێویستە زانیارییەکانی ئەم گواستنەوەیە بۆ فەرمانگە فەرمییەکان ئاشکرا بکەن. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێکی خەڵکی دێرسم بچێت بۆ دیاربەکر، بتلیس یان هەر شوێنێکی دیکە، سەرەتا داواکاری پێشکێشی دامەزراوە فەرمییەکان دەکات، ئینجا بەگوێرەی مۆڵەتی ئەوان دەتوانێت بجووڵێتەوە. واتە لە چوون و هاتنەوەیدا لەژێر چاودێریی داوودەزگاکان دا دەبێت. وەک دەبینرێت، ئەمە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە پرۆسەی دەرهێنانی پاسپۆرت دەچێت. ئەوانەی کە بۆ کارێک لە تورکیاوە بۆ نموونە دەچن بۆ فەرەنسا، وەک چۆن دەبێت پاسپۆرتیان هەبێت، ئەوانەش کە بۆ کارێک ڕوو لە دێرسم دەکەن یان لێی دەردەچن دەبێت بە پرۆسەیەکی هاوشێوەدا تێپەڕیبن.
لە ڕژێمی باری نائاسایی دوای کودەتاکەی 1971دا ڕێنمایی جۆراوجۆر درابوونە موختاری گەڕەک و خاوەن ماڵەکان لە شارە گەورەکانی وەک ئیستەنبووڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر و دیاربەکر. بێگومان ئەو شتەی لە دێرسم جێبەجێکراوە زۆر فراوانتر و ماوەدرێژتر بووە.
لەسەر پێشێلکردنی ئەم یاسایەی کە باسمان کرد، خەڵکی دێرسم زوو زوو سزادراوە. ئەمەش لە شێوەی زیندانیکردن یان سزای پارەدا بووە. جاری واهەبووە هەردووکی لەسەر کەسێک جێبەجێکراوە. جاروباریش لێبووردنی گشتی بۆ ئەم تاوانانە دەرکراوە. سەرەتا دەرکردنی سزای

قـورس و پاشـان بەخشـینی ئـەم سـزایانە بـۆ خـۆدەرخسـتن وەک رژێمێکـی "دادپـەروەر" و "مرۆیـی" خەسـڵەتی هاوبەشـی سـەرجەم دەسـەڵاتە داگیرکارەکانـە.

بـۆ نموونـە یاسـای ژمـارە 2887 بە نـاوی (لێخۆشـبوون لە سـزای دەرچووی سـەر هەندێـک لـە دانیشـتووانی دێرسـم لـە کاروبارەکانـی سـەربازی و سـەرژمێریی دانیشـتووان دا) کـە لـە ڕۆژی 8/1/1936دا پەسـەندکراوە، لەم جۆرەیـە.

ئەم یاسایە بەم شێوەیەیە:

مـاددەی 1: ئەوانـەی کـە خەڵکـی ویلایەتـی تونجەلیـن و تائێسـتا بـە هـەر هۆکارێـک نـاوی خۆیـان لـە تۆمـارە فەرمییەکانـدا نەنووسـیوە، یـان زانیاریـی تایبـەت بـە لەدایکبـوون، مـردن، هاوسـەرگیری، تـەڵاق و ونبوونیان تۆمارنەکـردووە و بەگوێـرەی یاسـای ژمـارە 2576 سـزادراون، ئـەم لێخۆشـبوونە دەیانگرێتـەوە.

هەتـا ئـەم یاسـایە لـە بـواری جێبەجێکردنـدا بێـت، لەسـەر هیـچ یەکێـک لـە کارەکانـی سـەرەوە لێپرسـینەوەیان لەگـەڵ ناکرێـت.

ئـەو سـزایانەش کـە بـۆ کەسـانێک دەرکـراون کـە بەبـێ مۆڵـەت مـاڵ و شـوێنیان گواسـتووەتەوە، لێخۆشـبوون دەیانگرێتـەوە.

مـاددەی 2: کاروبارەکانـی یاسـای ژمـارە 2576 لـە مـاوەی دوو سـاڵ دا بەخۆڕایـی و بەبـێ حیسـابکردن بـۆ سـزاکانی پێشـوو، لـە دێرسـم جێبەجـێ دەکرێـت.

مـاددەی 3: ئەوانـەی کـە خەڵکـی دێرسـمن و لەدایکبـووی سـاڵانی (19001917)ەن، لـە سـزای خۆدزینـەوە لـە خزمەتی سـەربازی دەبووردرێن و تەنیـا مـاوەی خزمەتـی ئاسـایی سـەربازیی دەیانگرێتـەوە. ئەوانـەش کـە تەمەنیـان بەرزتـرە، لـە لیسـتی یەدەگەکانـدا ناونـووس دەکرێـن.

مـاددەی 4: ئەوانـەی کـە لە سـەربازی هەڵاتـوون یان خۆیان شـاردووەتەوە، ئەگـەر لـە ماوەی دوو سـاڵ دا ناوی خۆیان تۆماربکەن، سـزاکانی پێشـوویان لەسەر هەڵدەگیرێت.

ماددەی 5: ئەم یاسایە تاوەکو دوو ساڵ دوای دەرچوونی جێبەجێدەکرێت.
گرنگترین بڕیاری ئەم یاسایە، سێیەم بڕگەی ماددەی یەکەمە کە لەبارەی سزای ئەوانەیە کە بەبێ مۆڵەت جێگۆڕکێیان کردووە. جگە لەمە جەخت لە لەدایکبووانی ساڵانی (19001917) کراوەتەوە. واتە ئەو بەشەی دانیشتووان کە لە بەرخۆدانی دێرسم دا دەگونجێت چەکیان هەڵگرتبێت.
لە یاساکانی ژمارەی 3323 و 2887 هەندێک گۆڕانکاری کراوە. ناوی (یاسای هەمووارکردنەوەی یاسای ژمارە 2887 )ی لێنراوە و لە 14/1/1938دا پەسەندکراوە. لەم یاسایەدا، ئەم بڕگەیە بۆ ماددەی یەکەم زیادکراوە: "لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا لێپێچینەوە لەو تاوانانە ناکرێت کە لەم یاسایەدا لێخۆشبوونیان بۆ دەرکراوە، ئەوانەش کە ناسنامە دەردێنن پارەیان لێ ناسەنرێت". ئەوانەی کە لەدایکبووی ساڵی 1940ن، لەسەر ناسنامەکانیان ئەم دەستەواژەیە نووسراوە: "تایبەتە بە خەڵکی ویلایەتی تونجەلی بەگوێرەی یاسای ژمارە 3223". هەروەها لەسەر هەندێک لەم ناسنامانە تێبینی لەم جۆرە تۆمارکراوە: "لە فڵانە رێکەوت دا چووە بۆ فیسارە شوێن...". لەو گۆڕانکارییەشدا کە لە ماددەی دووەم دا کراوە، ماوەی یاساکە تاوەکو 1/1/1940 درێژکراوەتەوە. ئەو گۆڕانەش کە لە ماددەی سێیەم دا کراوە، خزمەتی ناچاریی سەربازیش بۆ 6 مانگ کەم دەکاتەوە. گۆڕانکاریی ماددەی چوارەمیش بەم جۆرەیە: "ئەوانەی کە پێش دەرچوونی یاسای ژمارە 2887 لە خزمەتی سەربازی هەڵاتوون، ئەگەر لە ماوەی کارکردنی ئەم یاسایەدا سەردانی بنکە سەربازییەکان بکەن، لەسەر هەڵاتنی پێشوویان سزا نادرێن و تەنیا 6 مانگ سەربازییان پێدەکرێت".
سەرەڕای هەمو ئەم یاسا، جێبەجێکردن، سزا و لێخۆشبوونانە، هەرگیز سەرژمێریی دانیشتووانی دێرسم بەشێوەیەکی رێکوپێک و تەواو نەکراوە. بەپێچەوانەوە، هەوڵێکی زۆر بۆ بەهەڵە نووسینەوەی

دانیشـتووان دراوە. بـۆ نموونـە، منداڵێـک کـە لەدایکبـووی 1937ە، ڕێکەوتـی مردنـی دایکـی بـە ساڵی 1935 تۆمارکـراوە. هـۆکاری ئەمـەش ئەوەیـە کـە جینۆسـاید و کوشـتارێکی زۆر لەنێوان ساڵانی (19371938) دا کـراوە. لـەم سـاڵانەدا ئەوەنـدە خەڵکـی زۆر کـوژران، ڕێکەوتـی کوژرانـی ئـەم کەسـانە بەسـەر سـاڵەکانی دیکـەدا دابەشـکراوە بـۆ ئـەوەی بشـاردرێنەوە. هەروەهـا لـەم ساڵانەدا هێنـدە منداڵ کـوژراون، لـە تۆمـارە فەرمییەکانـدا بەزەحمـەت منداڵێـک دەبینرێتـەوە کـە لـەم سـاڵانەدا لەدایکبووبێـت. لـەم ڕوانگەیـەوە، ئەوانـەی دوای سـاڵی 1940لەدایکبوون،لەسـەر ناسـنامە وەک لەدایکبـووی (19371938) تۆمارکـراون. لەمەشـدا دیسـان هەوڵـی شـاردنەوەی جینۆسـایدەکە دراوە.

لەدوای یاسـای (سـەرژمێریی دانیشـتووانە نادیارەکان)، یاسـایەکی  دیکە بـە ژمـارە 2577 دەرکـراوە. ئەمەیـان نـاوی (یاسـای دەسـتکاریی هەندێک لـە ماددەکانـی یاسـای تەشـکیلات و ئەرکەکانـی وەکالەتـی وەزارەتـی ناوخۆ)یـە و لـە 5/7/1934دا پەسـەندکراوە. وەک دەبینرێـت، ئـەم دوو یاسـایە لـە هەمـان ڕۆژدا گفتوگۆیـان لەسـەر کـراوە و پەسـەندکراون و لـە هەمـان ڕۆژنامـەی فەرمیـش دا بڵاوکراونەتـەوە. ئـەم یاسـەیەی کـە لـە هەمـان کاتـدا پەیوەندیـی بـە سیاسـەتی نیشتەجێکردنیشـەوە هەیـە، مـاددەی یەکەمـی بـەم جۆرەیـە: مـاددەی هەشـتەمی یاسـای ژمـارە 1624 بـەم جـۆرەی خـوارەوە هەمـوار کراوەتـەوە:

بەڕێوەبەرایەتیی باری شارستانی لە چوار بەش پێکدێت:

أ. بەشـی یەکـەم: بەگوێـرەی حوکمەکانـی یاسـای نیشـتەجێکردنی ژمـارە 2510، ئـەم کاروبارانـە بەڕێوەدەبـات: گواسـتنەوە و نیشـتەجێکردنی کۆچبـەر، پەناهەنـدە و کۆچەرییـەکان، تۆمارکرانیـان لـە تۆمـارە فەرمییەکانـدا، دابەشـکردنی خـاک و زەوی بەسـەر ئەو گوندنیشـانەدا کە زەوییـان نییـە یـان کەمـە، هەڵوەشـاندنەوەی کاروبارەکانـی تایبـەت بـە نیشـتەجێبوونی کـۆن، بەڕێکردنـی ئـەم جـۆرە مامەڵانـە و گواسـتنەوەی

هـەواڵ و بەڵگەنامـەی پێویسـت. ئەمـەش لـە سـێ نووسـینگە و سـێ فەرمانبـەری سـەربەخۆ پێکدێـت.
ب. بەشـی دووەم: ئەرکـی ئـەم بەشـە لێکۆڵینەوەیـە لـە هەمـوو جـۆرە بارودۆخێکـی کولتووریـی هاووڵاتیـان و بەگوێـرەی (یاسـای نیشـتەجێکردن) یـش ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ ئـەم کاروبارانـە دەدۆزێتـەوە و جێبەجێیـان دەکات. هەروەهـا لـە بارودۆخـی ئایینـدەی ئەوانـە دەکۆڵێتـەوە کـە لـە دەرەوەی سـنووری تورکیـا خاوەنـی خوێـن و کولتـووری تورکیـن، بـەدوای خـاک و زەوییـە بەپیـت و لەبارەکانـدا دەگەڕێـت و لـە ڕێگـەی بەخشـینی ئـەم زەوییانـەوە پێیـان هەوڵـی گەڕاندەوەیـان بـۆ نێـو وڵات دەدات. ئەمیـش لـە چـوار نووسـینگە پێکهاتـووە.
پ. بەشـی سـێیەم: دوو نووسـینگەیە و کاری تۆمارکردنـی مامەڵـەکان و کاروبـارە ئامارییـەکان بەڕێوەدەبـات.
ت. بەشـی چـوارەم: یاسـای هاووڵاتیبـوون جێبەجێـدەکات و کاروبارەکانـی پەیوەسـت بە هاووڵاتیبوون بەڕێوەدەبات و لە دوو نووسـینگە پێکهاتووە. وەک دەبینرێـت، ئـەم یاسـایە زیاتـر پەیوەندیـی بـە دۆخـی ئـەو کوردانـەوە هەیـە کـە نەفیکـراون. هەڵوێسـتە لەسـەر سیاسـەتی تواندنـەوەی نەفیکـراوەکان لەنێـو کولتـووری تورکـی دا دەکات.

## د) هەندێک زانیاریی لەبارەی پارێزگارییە گشتییەکان

گوتـەی زۆر و ستایشـکار سـەبارەت پشـکنەرە گشـتییەکانی وەک ئیبراهیـم تالـی ئۆنگـۆرەن، عابیدیـن ئۆزمـەن، عەونی دۆغان، حەسـەن تەحسـین ئوزەل و عەبدوڵـڵا ئالپدۆغـان گوتـراون. لـە کتێبی (مێـژووی نوێی تاپـۆ و فەرمانبەرە بەنێوبانگەکانـی فەرمانگـەی زەوی و زار)دا کـە ژیانـی 50 پارێـزگاری بەنێوبانگ لەخۆدەگرێـت، دەتوانرێـت زانیاریـی لەسـەر ژیـان و کارەکانـی ئـەم ناوانـە وەربگیرێـت. سـەمەد ئاغائۆغڵـو لـە کتێبـی (سـیما ئاشـناکان)دا لەبـارەی عەونـی دۆغـان دەڵێـت:

"... نەک تەنیا بەڕواڵەت، بەڵکو بە ڕۆح و مێشکیش ئەکتەرێکی هونەرمەند و کارامەیە. لەکاتی خۆیدا سەری بەرز رادەگرێت، بەڵام ئەگەر پێویستی کرد ملیشی کەچ دەکات. چەندان جار بە چاوی تووندوتیژ لەوانەی روانیوە کە ژیان و مردنیان بە دەست بووە! بەهۆی ئەم خەسڵەتانەیەوە نە سەرۆکی پارتەکەی و نە هاوڕێ سیاسییەکانی هەرگیز لە سەتا سەت متمانەیان پێنەکرد، بەڵام لەوەش خۆیان نەبوارد کە سوود لە ئەکتەری و هونەرمەندییەکەی وەربگرن. بووە پارێزگار، پشکنەری گشتی، پەرلەمانتار، ئەندامی دادگاکانی ئیستیقلال و وەزیر. لە هەر شوێنێک بووبێت یادگاری و شوێنەواری بەجێهێشتووە. هەندێکیان ترسێنەر، هەندێکیان خەمناک و هەندێکیشیان بیزبزوێن...

هەرچەندە لە پارێزگاکانی رۆژهەڵات وەک دەسەڵاتدارێکی تووندوتیژ ناوی دەرکردبوو، بەڵام هێندەش خوێنسارد بوو کە دڵۆپە خوێنێک نەکاتە هۆکاری هەڵگیرساندنی کوشتار. بەهۆی ئەم خوێنساردییەشەوە، لە جێگەی خۆیەوە بە هەر چوار لادا بەئاسانی دەیڕوانی، بەگوێرەی ئەو شتانەش کە لە ئاسۆدا هەستی پێدەکردن گوفتار و کردارەکانی رێکدەخست، لەبەرامبەر رووداوەکانەوە بەپێی پێویستییەکان هەڵوێستی خۆی دەگۆڕی، دەمامکی کەسێکی بێتاوانی لە دەموچاوی دەبەست و تۆنی رەقی دەنگی دەگۆڕی بە نەرمونیانی".

پێشتر گوتمان کە عەونی دۆغان لە تەممووزی 1943دا کراوەتە پذشکنەری گشتی ناوچەی یەکەم. لە کۆتایی ئەم مانگەشدا لە ئۆزالپ رووداوی "سی و سێ گوللە" قەوما. لە کتێبێکی دیکەدا بە وردی لەم رووداوە و هەڵوێستی عەونی دۆغان دەکۆڵینەوە. سەبارەت (ئیبراهیم تالی ئۆنگۆرەن)یش کە لە ساڵی 1927دا کراوەتە پشکنەری گشتی ناوچەی یەکەم، زانیاریی زۆر سەرسووڕهێن بەردەستن. لە کتێبی (پارێزگارە بەنێوبانگەکان)دا دەکرێت زانیاری نەک تەنیا لەسەر خۆی بەڵکو لەسەر پەیوەندیی نێوان هێزە میللییەکان و بەلشەڤیکەکانی رووسیاش بزانرێت.

لـەو بەشـەدا کـە بـاس لـە بەخشـرانی نازنـاوی "ئۆنگـۆرەن" [46] دەکرێـت، دەڵێـت:

"... بەڕێـز ئیبراهیـم تالـی کەسـێکی زۆر خاکـی بـوو. هەرگیـز ڕۆژێـک لێـی نەبینـراوە بەسـەر کەسـانی چواردەوریـدا و تەنانـەت لای کـچ و زاواکـەی خۆیشـیدا ستایشـی خـۆی بـکات و چیرۆکـی سـەرکەوتنەکانی بگێڕێتـەوە. ئیبراهیـم تالـی لـە سـاڵانی خەباتـی میللـی و دواتریـش لـە ژیانـی سیاسـی و ئیداریـی تورکـی دا یەکێکـە لـە کەسـایەتییە گرنگـەکان. یەکێکبـوو لـە هـاوڕێ نزیکەکانـی ئەتاتـورک. خـودی ئەتاتـورک نازنـاوی (ئۆنگـۆرەن)ی پێبەخشـیبوو. لـەم بارەیـەوە، دەمانەوێت بەڵگەنامەیەکـی تۆمارکـراو وەک خـۆی بگوازینـەوە:

پشکنەرایەتی گشتی تراکیا - 2/17

5/1/1935

بۆ وەزارەتی ناوخۆ

ئەتاتـورک نازنـاوی (ئۆنگـۆرەن)ی پێبەخشـیوم. لـە یەکەم ڕۆژی سـاڵی نوێوە ئـەم نازنـاوە بەکاردەهێنـم. تکایە بـۆ ئاگاداریتان..

پشکنەری گشتی تراکیا

د. تالی ئۆنگۆرەن

ئۆنگـۆرەن، بـۆ سـاتێک واز لـەو سـادەیی و خاکیبوونـەی دەهێنێـت کـە نـاوی پێدەرکـردووە و لـە نووسـراوێکی فەرمـی دا کـە ئاراسـتەی وەزارەتـی ناوخـۆی کـردووە دەڵێـت ئەتاتـورک نازناوێکـی تـازەی پێبەخشـیوە،بەڵام هـۆکاری ئەمـەی نەنووسـیوە و بە کەسیشـی نەگوتووە. ئێمـە دەمانەوێت هـۆکاری ئەمـە ڕوون بکەینـەوە.

لـە 1/9/1920دا کۆڕبەندێکـی گـەورە و ئـاڵ و واڵا لـە باکـۆی پایتەختـی ئازەربایجـان لەژێـر نـاوی (کۆڕبەنـدی میللەتانـی ڕۆژهـەڵات)دا دەبەسـترێت. ئـەو تورکـە کۆمۆنیسـتانەش کـە بڕیاربـوو بـە نـاوی تورکیـاوە بەشـداری

---

46 - بە مانای دووربین دێت. (وەرگێڕ)

تێدا بکـەن، لەلایـەن رووسـەکانەوە دەستنیشـان کرابـوون. سـەرۆکی ئـەم گرووپـەش مسـتەفا سـوبحی بـوو. گرنگییەکـی هێنـدە زۆر بـە مسـتەفا سـوبحی درابـوو کـە لـە پێگـەی سـەرۆکایەتیی کۆڕبەندەکـەدا شـوێنی تایبەتـی بـۆ دیاریکرابـوو، بـەڵام لەڕاسـتیدا مسـتەفا سـوبحی راکردوویـەک بـوو لـە زیندانـی سـینۆپ. گەنج بـوو و لە ئەورووپا خوێندبووی. رووسـەکان گرتبوویـان، مێشـکیان شـتبوو و گۆڕیبوویـان. بێگومـان خوێـن، رەچەڵـەک و ئایینیشـی شـێوابوو.

مسـتەفا کەمالیـش ویسـتبووی شـاندێک لـە ئەنقـەرەوە بنێرێـت بـۆ ئـەم کۆڕبەنـدە، بـەڵام دەبـوو کـێ لـەم شـاندەدا بێـت؟ کازم کارابەکـر لـە (قـەرس)ەوە دۆسـیەیەکی ئەسـتوور دەنێرێـت بـۆ ئەنقـەرە. لـەم دۆسـیەیەدا زانیـاری و هەمـاڵ لەبـارەی پەیوەندیی نێوان مسـتەفا سـوبحی و هاوڕێیەکانـی لەگـەڵ ئامانـج و بەرژەوەندییەکانـی بەلشـەڤیکەکان، هەبـووە.

شـەوێک ئەتاتـورک د. ئیبراهیـم تالیـی بانگکرد بۆ کۆشـکی چانکایا. پێیگوت "دەتنێـرم بـۆ کارێـک، راسـتییەکەی دەتنێـرم بـۆ مـردن". دۆسـیەکەی کارابەکـری پێـدا. ئـەو شـەوە تاوەکـو بەیانـی ئیبراهیـم تالـی لە دۆسـەیەکی کۆڵییـەوە بەبـێ ئـەوەی کۆشـک جێبهێڵێـت و لـە کۆتاییـدا گوتی "مەترسـی لـە ناوخۆماندایـە!".

تالـی بـەگ دوای هاتنـەوە گوتـی "رۆیشـتنم بـۆ باکـۆ و ئـەو رووداوانـەی تووشـم بـوون هەریەکەیـان سەرکێشـییەکی پەندئامێـزن. نـەک تەنیـا جارێـک، بەڵکـو چەنـدان جـار رووبـەڕووی مـەرگ بوومـەوە". بەمـەش راسـتی گوتەکـەی پێشـووی ئەتاتورکـی دەرخسـت. ئیبراهیـم تالـی چـاوی بـە مسـتەفا سـوبحیی سـەرۆکی تورکـە کۆمۆنیسـتەکان کـەوت. لەبارەی ئـەوەوە ئەمـەی نووسـی:

"بـە چـاوی خـۆم بینیـم کـە چـۆن سیسـتەمی نەخـۆش و کاولـکاری کۆمۆنیـزم رەچەڵـەک، ئاییـن، نەتـەوە و بۆچوونە مەعنەوییەکانی کەسـێکی لاوی وێـران کـردووە. ئەگـەر مـاف، پیشـە و تەنانـەت تەمەنـم رێگـەی

بدامایە، نەک تەنیا بە نیشتمانە سادەکەم، بەڵکو بە هەموو جیهانم رادەگەیاند کە: کۆمۆنیزم سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە. بەڵکو تەریقەتێکی لەنێوبەری ئەوتۆیە کە ژیان لە بۆشاییدا دەکاتە مەرج و پایەی سەرەکیی ژیانی مرۆڤ. سیستەمێکە مرۆڤ لە مرۆڤێتی دەخات و دەیکاتە شتومەک".

بۆچوونی ئیبراهیم تالی لە کۆتایی کۆڕبەندەکەدا لەسەر مستەفا سوبحی و کۆمۆنیزم بەم جۆرەیە. ئەو مستەفا سوبحییەی کە باسکرا لەدوای کۆڕبەندەکەی باکۆ لەگەڵ 17 هاوڕێیدا دەیانەوێت لە ڕێگەی ترابزۆنەوە خۆیان بگەیێننە ئەنقەرە. بەڵام ئەو بەلەمەی کە لە بەندەری ترابزۆن دەردەچێت، لە ئاوی دەریای رەش دا نوقم دەبێت، نە خۆیان و نە مەبەست و ئامانجەکانیان نەگەیشتنە ئەنقەرە.[47]

بەڕاستی ڕووداوی کوژرانی مستەفا سوبحی یەکێکە لەو ڕووداوانەی کە شایانی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیە، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەو بەشەیەتی کە پەیوەندیی بە ئیبراهیم تالییەوە هەیە. ویستمان بڵێین: لە سەرەتاکانی خەباتی میللیدا یەکێک لەو دووربینانەی کە زوو هەستیان بە مەترسییە گەورەکەی رۆژهەڵات کرد د. ئیبراهیم ئۆنگۆرەن بوو.

د. ئیبراهیم تالی یەکێک بوو لەوانەی کە لەگەڵ ئەتاتورک دا رۆیشت بۆ شاری سامسوون و یەکێکبوو لە دامەزرێنەرانی خەباتی میللی.

ساڵ تێپەڕین. کۆمار دامەزرێندرا. کۆماری تورکیا بەخێرایی پێگەی خۆی لە شارستانێتیی جیهانی دا دەکردەوە. لەم کاتەدا لە شارەکانی رۆژهەڵاتی وەک دیاربەکر و ئەلعەزیز یاخیبوونی شێخ سەعید سەری هەڵدا. ئەم جووڵانەوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە بوو. سەردەستە چەکدارەکان یاخیببوون، خەڵکی نەزانیان شوێنی خۆیان

47 - ئەمڕۆ بچووکترین وردەکارییەکانی کوژرانی مستەفا سوبحی و هاوڕێیەکانی دەزانین. ئەوانەی ئەم پیلانەیان داڕشتووە بریتین لە مستەفا کەمال، کازم کارابەکر و پارێزگاری شاری ترابزۆن. لە گوتەکانی خۆیشیەوە تێدەگەین کە ئیبراهیم تالیش بەشێک بووە لە ڕێکخەرانی ئەم ڕەشەکوژییە. گێڕانەوەی ئەم کۆمەڵکوژییە بەوپەڕی دڵخۆشییەوە نیشانیدەدات کەمالیستەکان لە دۆگماتیزم و دووژمنایەتیی کۆمۆنیزمدا تاوەکو چ رادەیەک ڕۆیشتوون.

خستبوو و خوێنیان رشتبوو. بە رژاندنی خوێنی خۆشیان پاک کرانەوە.[48]
بێگومان ئەم جووڵانەوەیە بووە هۆکاری دارمان و دواکەوتنی ناوچەکانی رۆژهەڵات. بۆیە پێویست بوو ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بەشێوەیەکی جیاواز و تایبەت ئیدارە بکرێن و لەوێش رووناکیی کۆمار هەڵبکرێت. بەڵام داخۆ دەستوورەکانی ئەم بەڕێوەبردنە دەبووایە چۆن بن؟ دەبووایە کێ سەرکردایەتی بکات؟ ئەوەبوو ئەتاتورک بە دیاریکردنی د. ئیبراهیم تالی وەک پشکنەری گشتی ناوچەی یەکەم، وەڵامی ئەم پرسیارانەی دایەوە. ئەوکات ئیبراهیم تالی پشکنەری حیزب بوو لە ناوچەی ئیستەنبووڵ ــ تراکیا. بەهۆی ئەم کارەیەوە زوو زوو دەهات بۆ ئەدیرنە. ساڵی 1927بوو. گەنجێک بە ناوی (هاشم ئیشجان) هەبوو لە شاری ئەدیرنە، وتاربێژێکی خوێنگەرم بوو، لە جەژنە نەتەوەییەکاندا خەڵکی دەهێنایە جۆش. مامۆستای مێژوو و دەروونناسی بوو. ئەم کەسە سەرنجی ئیبراهیم تالیی راکێشابوو. کاتێک لە کۆتایی ساڵی 1927دا وەک پشکنەری گشتی ناوچەی یەکەم رۆیشت بۆ دیاربەکر، هاشمی وەک بەڕێوەبەری نووسینگەکەی لەگەڵ خۆی برد.

کەمالیستەکان هەموو ئەو نەتەوەپەروەرانەی کوردیان بەرەو لەسێدارەدان بەڕێکردووە کە خەباتیان بۆ رزگاریی کورد کردووە. ئەو شێخ، سەرۆک عەشیرەت، رۆشنبیر و خەباتکارانەی کە بانگەشەی نەتەوایەتییان کردووە، یان لەسێدارەدراون، یاخود ماڵ و موڵکیان زەوتکراوە و نەفیکراون. ئەم جۆرە کەس و چینانە زوو زوو کۆمەڵکوژکراون. لەبەرامبەر ئەمەدا، ئەوانەی نکۆڵییان لە کەسایەتیی خۆیان کردووە و بوونە سیخوڕ و گوتوویانە "کورد بوونی نییە، هەمووومان تورکین..." لەلایەن سەرۆکی پارت و شێفی دەوڵەتەوە

48 - کەمالیستەکان کە سیفەتی سەرەکییان رەگەزپەرستی و داگیرکاری بوو، هەمیشە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان وەک "کۆنەپەرستی" ناساندووە، بەڵام لە دونیادا هیچ تەوژمێکی دیکە هێندەی کەمالیزم رەگەزپەرست نییە و دووژمنایەتیی رزگاریی نەتەوەیی نەکردووە. هەروەها هیچ تەوژمێکی دیکە لە دونیادا هێندەی کەمالیستەکان بۆچوون و کردارە رەگەزپەرست و داگیرکارانەکەی خۆیان بە پەردەی "پێشکەوتن، شۆڕش، میللی" دانەپۆشیوە.

کراونەتە پەرلەمانتار. بۆ ئەوەش کە ئەم خیانەتکارانە بەباشترین شێوە درێژە بە خیانەتەکەیان بدەن، هەموو جۆرە ئیمتیازێکیان بۆ دابین کراوە. واتە کەمالیزم لە دوو رووەوە خاوەنی بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیە. یەکەم: دژایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کردووە. دووەم: ئیمتیازی سەرجەم ئەو شێخ و سەرۆک عەشیرەتانەیان پاراستووە کە لایەنیان گرتوون.

ئیبراهیم تالی پێنج ساڵی رێک وەک پشکنەری گشتی ناوچەی یەکەم لە دیاربەکر کاری کرد. لەم ماوەیەدا تەنیا دیاربەکر گەشەی نەکرد، بەڵکو هەموو ناوچەکانی دەوروبەر ئاساییش تێیاندا سەقامگیر بوو، پاشانیش قەرەقۆڵ و خوێندنگەیان تێدا کرایەوە.[49] دێرسمیش (تونجەلی) سەر بەم ناوچە ئیدارییە بوو. ئەلعەزیز و تونجەلیش سەر بە ناوچەی یەکەم بوون. دێرسم کە بەدرێژایی مێژوو سەرچاوەی نەگبەتی بوو بۆ ناوچەکەی و چواردەورەکەی، دەکرا بە ناوچەیەکی ئارام.[50] ئیبراهیم تالی لەهەمبەر ئەو رووداوانەدا کە جاروبار سەریان هەڵدەدا، رێگەی توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوەی بەکارنەهێنا. ئەو، هەرگیز لایەنگری دوایین چارەسەر نەبوو کە بریتیبوو لە چەک و سزادان. بەرامبەر خەڵک خۆشەویستی و میهرەبانییەکی بێسنووری هەبوو. حەزی لە یاسا و رێسا بوو و جێبەجێی دەکرد، بەڵام ئەمەی لەسەر بنەمای دادپەروەری دادەمەزراند نەک توندوتیژی. بۆیە پێنج ساڵی بەڕێوەبەرێتییەکەی ئەو، هیچ کێشە و گرفتێکی بۆ ناوچەکە، حکومەت و کۆمار دروست نەکرد.[51] (رووداوەکانی تونجەلی لە ساڵی

49 - هەریەک لە رێگە، قەرەقۆڵ و خوێندنگە سێ بنەما سەرەکییەکەی سیستەمە داگیرکارەکانن. رێگە، بۆ هێنانی سەرباز، چەک و جبەخانەی زیاتر پێویستە. قەرەقۆڵ ئامرازی گوشارە. ئامانج لە خوێندنگەش پەروەردەکردنی خەڵکی ناوچەکەیە بە ئاراستەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی داگیرکار.

50 - بێگومان خەڵکێک کە هەست و بیری نەتەوایەتی تێدا کوێر کرابێتەوە، نیشتمانەکەی دەبێتە شوێنێکی "ئارام". کەمالیستە رەگەزپەرست و داگیرکارەکانیش جێگەیەکی لەم جۆرەیان دەویست.

51 - نووسەر، پێدەچێت ئەو کۆمەڵکوژییەی بیرچووبێت کە لە ئاگری و ناوچەکانی دەوروبەری لە

1937 و سـاڵانی دواتـر روویـان دا). ئەتاتـورک ئـەم خزمەتـە گەورەیـەی ئـەوی لـە بەرچـاو بـوو. سـاڵی 1934 یاسـای نازنـاوی خێـزان دەرچـوو. د. ئیبراهیـم تالیـش وەک هـەر هاووڵاتییەکـی دیکـە بـەدوای نازناوێکـدا دەگـەڕا بـۆ خـۆی و خێزانەکـەی. لـەم کاتـەدا ئەتاتـورک وەک ستایشـێک بـۆ دووربینییەکـەی نازنـاوی "ئۆنگـۆرەن"ی پێـدا.

ئێمـە لەبەرئـەوەی بەشەخسـی ئیبراهیـم تالـی ئۆنگۆرەنمـان بینیـوە و ناسـیوە، ئـەم هەڵسـەنگاندنە وەک بۆچوونێکـی شەخسـی و بەبـێ هیـچ جـۆرە بانگەشـەیەک دەخەینـەڕوو. بەڕاسـتی د. ئیبراهیـم لـە ژیانـی کارگێڕی و پیشـەیی خۆیـدا کـە لـە سـاڵی 1927ەوە بـە پۆسـتی پشـکنەری گشـتی دەسـتی پێکـردووە، لـە رۆژگاری خۆیـدا کەسـێکی بەنێوبانـگ بـووە. (فرێدێریـک)ی مـەزن کـە 46 سـاڵ ئەڵمانیـای بەڕێوەبـردووە و بـەردەوام گەشـەی پێـداوە، دەڵێـت: "پەروەردەکردنی نیشـتمانپەروەرێکی راسـتەقینە لـە وڵاتێـک دا، لـە فراوانکردنـی سـنوورەکانی باشـترە". د. ئیبراهیـم تالـی، تاوەکـو دواییـن هەناسـەی تەمەنـی، ئەرکـی سـەرەکیی ژیانی ئەوەبـووە کە ببێتـە نموونەیـەک بـۆ کەسـانی دیکە و کەسـێک بـوو گوتەکـەی فرێدێریکی مەزنـی کردبـووە دەسـتوور بـۆ خـۆی. بەدرێژایـی ژیانـی کارگێریـی خـۆی، چەنـدان نیشـتمانپەروەری دیـاری پـەروەردە کـردووە." (لا 488493 لـە کتێبـی پارێـزگارە نێـودارەکان).

لـەم بەشـە درێـژەدا کە لـە کتێبی ناوبـراوەوە هێنامان، چەند خاڵێک سـەرنج رادەکێشـێت. یەکـەم، ئەتاتـورک نازنـاوی "ئۆنگـۆرەن"ی بـۆ هەڵبـژاردووە. ئەمـەش جارێکـی  دیکـە ئاشـکرای دەکات کـە مسـتەفا کەمالـی سـەرۆکی حیـزب و شـێفی دەوڵـەت تاکـە بڕیـاردەر و جێبەجێـکارە. لەبەرامبـەر کەسـایەتیی مـاددی و مەعنەویـی ئـەودا، سـەرجەم کەسـایەتییەکانی دیکـە دەتوێنـەوە. بێگومـان لـە نووسـراوە فەرمییەکـەی ئیبراهیـم تالـی دا بـۆ وەزارەتـی ناوخـۆ کـە هەواڵـی ناو گۆڕینەکـە دەگەیێنێت، دڵخۆشـیی نزیکیی لە حیزب و شـێفی دەوڵەت هەسـتی پێدەکرێت. پشـکنەرێکی گشـتی بۆچی

ساڵانی 19301932 دا ئەنجامدراون.

ناتوانێت ناوێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت؟ یاخود بۆچی بە نووسراوێکی فەرمی نزیکیی خۆی لە شێفەوە دەردەخات؟

دووەم، پەیوەندیی نێوان کەمالیستەکان کە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی تێدەکۆشن، مستەفا سوبحی و بۆلشەڤیکەکانی رووسیا ئاشکرا دەبێت. سێیەم، لە زمانی پارێزگاری گشتییەوە دەبیستین کە دوای شۆڕشی شێخ سەعید، شێوازێکی بەڕێوەبردنی جیاواز لە رۆژهەڵات پەیڕەوکراوە. چوارەم، داگیرکاران پشکنەرایەتی گشتی ناوچەی یەکەم بە خوێندنگەیەکی گرنگ دەبینن کە تێیدا وانەی "نیشتمانپەروەری" فێردەبن.

لە کتێبی (دائیرەی تازەی تاپۆ و فەرمانبەرە بەنێوبانگەکانی)دا هەندێک زانیاریی روونکەرەوە لەسەر عابیدین ئۆزمەنی پشکنەری گشتی هەیە. کازم ئەتاکوڵ کە لە ناوچەی یەکەمی پشکنەری گشتی کاری کردووە، لەبارەیەوە دەڵێت:

"... لە تەممووزی ساڵی 1940دا پێش ئەوەی بگەمە شارۆچکەی (یوکسەک ئۆڤا)ی هەکاری کە وەک قایمقام لەوێ دامەزرێندرام، لە دیاربەکر سەرێکم لە بەڕێز عابیدین ئۆزمەنی پشکنەری گشتی ناوچەی یەکەم دا. پێشتر تەنیا ناویم بیستبوو. بەڕێزەوە پێشوازی لێکردم. دەیگوت داوای لە وەکالەتی ناوخۆ کردووە کە بۆ پۆستی شارۆچکەکانی سەر بە ناوچەی یەکەمی پشکنەرایەتی گشتی کەسانی ئیشکەر، چالاک و بەدەسەڵات هەڵبژێرن و بۆیان بنێرن. جوان دانی بە هەموو وشەکان دادەنا و سەیری نێو چاوی دەکردم. واتە پێیدەگوتم "تۆ کەسێکیت کە بەهۆی ئەم سیفەتانەوە وەک قایمقامی یوکسەک ئۆڤا هەڵبژێرراویت. کەوایە دەچیت، کاردەکەیت و سەرکەوتوو دەبیت". خوالێخۆشبوو، کەسێکی کردەیی و کەتوار (واقعی)ی بوو. حەزی لە قسەی دووردرێژ نەبوو. حەزی لە وتاردان و بۆنە و رێوڕەسم نەبوو.

ئەو شەوە، دوای کاژێر 8، پۆلیسێک هات بۆ ئەو ئوتێلەی کە تێیدا دەمامەوە و پێی راگەیاندم کە لەلایەن پشکنەرایەتی گشتییەوە بۆ نانی ئێوارە لە بنکەی سوپادا دەعوەت کراوم. ئەم بانگهێشتە لەوکاتەدا دڵی

پڕ کـردم. قایمقامێکـی گەنج بـووم. ڕۆیشـتم. خوانێکی ماڵئاوایـی بۆ فەیزی گـورەل ڕێکخرابـوو کـە لەوکاتـەدا پارێـزگای دیاربەکـری جێدەهێشـت. بەڕێـز ئۆزمـەن لای سـەرووی مێزەکـەوە دانیشـتبوو. لـە دەسـتە ڕاسـتیدا گورەل و لـە دەسـتە چەپیشـیدا غالیـب دێنیـزی فەرمانـدەی سـوپا لـە ناوچەکـەدا، دانیشـتبوون. لەسـەر ئـەم مێـزە شـوێنێک بۆ منیـش دیاریکرابـوو. ئۆزمەنی ڕەحمەتی لەنێو قسـەکانیدا گوتی "گەنجێکتان پێدەناسـێنم کـە یەکەم جارە لەسـەر ئـەم مێـزە دەیبینـن. ئـەم گەنجـە پۆسـتی قایمقامێتیـی یوکسـەک ئۆڤـای وەرگرتـووە. بەخۆشـیی سـەرکەوتنی ئـەو دەخۆمـەوە". هەمـووان ئاوڕیـان بـۆ لای مـن دایـەوە. لەنێـو ڕوانینەکانیانـدا بەزەیـی و میهرەبانـی هەبـوو. وەک بڵێیــت دەیانویســت بڵێــن "بەداخــەوە، چــۆن کەوتوویتــە ئـەوێ؟!"، مۆڵەتـی قسـەم وەرگـرت و هەوڵمـدا شـتێک بڵێـم. دوای ئەمـە کەشـی خوانەکـە گـۆڕا. نیـگا پـڕ لـە بەزەییەکانـی ئامادەبـووان مانایەکـی پـڕ لـە ڕێـز و متمانەیـان تێگـەڕا. لـەم کاتـەدا عابیدیـن ئۆزمـەن بـە چەتـاڵ لـە قاپەکـەی بەردەسـتی دا، هەسـتایە سـەر پـێ، تاکـە دووگمـەی چاکەتەکەی داخسـت، گوتـی: "نیـازی قسـەکردنم نەبـوو، حەزیشـم لێـی نییـە، بـەڵام ئەم لاوە بـە قسـەکانی ناچـاری کـردم. دڵـم پـڕ بـوو. گەنجانـی لـەم جـۆرە زۆر پێویسـتن بـۆ نیشـتمان. تکاتـان لێدەکـەم. مـن لـە خزمەتـی ئـەم قایمقامـە لاوەدا دەبـم. ئێـوەش چەنـد لـە دەسـتتان هـات یارمەتیـدەری بـن. هیـوای سـەرکەوتنت بـۆ دەخـوازم".

بەڕاسـتی خوالێخۆشـبوو بەدرێژایـی مـاوەی سـێ سـاڵی قایمقامیـم لـە یوکسـەک ئۆڤـا، لـە هەموو کێشـەیەکدا یارمەتیـدام. جارێکیان لـە بەرچاوی کەسـانی دیکـەدا ستایشـی کـردم و گوتـی " ئەم قایمقامە یـان درۆ دەکات، یـان لـە دەسـتەبەرکردنی ئاساییشـێکی هێنـدە جێگیـردا لـە یوکسـەک ئۆڤـا تەلیسـمێک هەیـە. ئـەم تەلیسـمە چییـە؟ دەتوانیـت بۆمـان بـاس بکەیـت؟" سـتاییش و شـێوازی قسـەکردنی ئـەو بـەم جـۆرە بـوو. بۆیـە کـەس لێـی زویـر نەدەبـوو.

کازم ئەتاکــوڵ لــەدوای گێڕانــەوەی ئــەم ڕووداوە، لــە کتێبــی (دائیــرەی

نوێــی تاپــۆ و فەرمانبــەرە نێودارەکانی)یــەوە ئــەم بەشــەی خــوارەوەش نەقــڵ دەکات: "رەحمەتــی، کەســێک بــوو حــەزی لــە خۆدەرخســتن نەبــوو، ئازایانــە بەرگــری لــە بەهاکانــی خــۆی دەکــرد. ســەباحەددین عەلــی کــە یەکێک بــوو لــە کۆمۆنیســتە دیــارەکان و لــە خوێندنگەیەکــی دواناوەندیــی شــاری کۆنیــا مامۆســتا بــوو، بەهــۆی ســووکایەتیکردن بــە ئەتاتــورک لــە کارەکــەی دەرکرابــوو. ســەرەڕای ئــەوەی فەرمانبەرانــی باڵاتــر لــە خــۆی گوشــارێکی زۆریــان خســتە ســەر بەڕێــز ئۆزمــەن بــۆ ئــەوەی کەســی نێوبــراو بگەڕێنێتــەوە ســەر کارەکــەی، بــەڵام ئــەو گوتــی 'تاوەکــو مــن لــە پۆســتی وەزیــری پــەروەردەدا بــم ناهێڵــم ئــەو کۆمۆنیســتە مامۆســتایەتی بــکات'. خوالێخۆشــبوو بــەم رەفتــارەی ســەلماندی نیشــتمانپەروەرێکی چەنــد راســتگۆیە".

وەک دەبینرێــت، ئــەم کەمالیســتانەی کە لە داگیرکردنی کوردســتان دا وەک دووژمنــی کــورد ئەرکیــان جێبەجێکــردووە، دووژمنایەتییەکــی قووڵیشــیان بەرامبــەر بــە رۆشــنبیر و نیشــتمانپەروەرانی وەک مســتەفا ســوبحی و ســەباحەددین عەلــی هەیــە. هەمــوو ئــەم شــتانەش نیشــانیدەدات کــە هەڵدێــری زۆر قــووڵ لەنێــوان بۆچوونەکانــی نیشــتمانپەروەر و دیموکراتــە تــورک و کــوردەکان دا هەیــە. ئــەو تورکە "دیموکرات"انەی کە هەموو جۆرە ســتەمێکیان لــە نەتــەوەی کــورد کــردووە و هەمــوو جــۆرە توانا و هێزێکــی دەوڵەتیــان لــەم پێنــاوەدا خســتووەتە کار، لەلایەن کەمالیســتەکانەوە وەک کەســانی "پێشــکەوتنخواز، شۆڕشــگێڕ، نیشــتمانپەروەر..." دەناســێنرێن و یاد دەکرێنــەوە.

### هـ) دوو بۆچوونی جیاوازی دەسەڵاتدارە کەمالیستەکان سەبارەت یاسای تونجەلی

لــەدوای تێپەڕاندنــی یاســای تونجەلــی لــە پەرلەمــان، فالیــح ریفقــی ئاتــای لــە ســەروتارێکدا لــە رۆژنامــەی (ئولــوس)دا کــە مێدیــای فەرمیــی

دەوڵـەت و حکومـەت بـووە، دەڵێـت:"... دوێنـێ یاسـای پارێـزگای تونجەلـی قبووڵکرا.[52]پارێـزگاری نـوێ سـەربازێکی پلەبـاڵا دەبێـت. هـۆکاری دەرکرانـی یاسـاکە نـە یاخیبوونـە و نـە دۆخێکـی نائاسـایی و هاوشـێوەیە. بەڵکـو لەنێوبردنـی نەخۆشـییەکی درێژخایەنـە لـە رەگ و ریشـەوە".[53]

لێـرەدا پێویسـت نـاکات ئـەوە دووپـات بکەمـەوە کـە نـاوی دێرسـم چـی بـە خەیاڵـدا دەهێنێـت. تەنیـا دەڵێـم لـە سـاڵی 1871ەوە 11 ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی بـۆ سـەر ناوچەکـە رێکخـراوە، بـەڵام نـە ئیـدارە، نـە دادگاکان و نـە لەڕووی کولتووریشەوە هیچ چارەسەرێک نەکراوە. وەک عادەت و نەریتێک، حکومەتـی کۆمـار رێوشـوێنی تیمارکـردن دەگرێتەبـەر نـەک سـزادان.[54] دێرسـم "ئۆزتـورک"ە.[55] خەڵکەکـەی هـەژارن. ئـەو ئاغایانـەی کـە پەنایـان بـۆ کـون و کەلەبـەر و ئەشـکەوتی شـاخەکان بـردووە، دوایـین دەرەبەگەکانـی ئەنادۆڵـن. خەڵـک دیلـی دەسـتی ئەمانەیە. ئەمانـە خەڵک لەپێنـاو دزی، تاڵان و خوێنڕێژیـی خۆیانـدا بەکاردەهێنـن.[56] هەرچەنـدە لـە سـەردەمی کۆمـاردا بەجۆرێـک سـەرکوتکراون کـە هەرگیـز لەگـەڵ پێشـوودا بـەراورد ناکرێـت، بـەڵام ئـەو قەزایانـەی کـە نزیکـن لـە شـاخەکانەوە، جاروبـار دەکەونـە بـەر هێرشـیان. خەڵـک ناچـارن یـان سـەرانە بدەنـە ئـەم ئاغایانـە، یـان خەرمـان و

---

52 - نووسـەر یەکێکـە لـە گوتەبێـژە گرنگەکانـی ئایدۆلۆژیای فەرمیـی دەوڵەت. لێـرەدا هەوڵدەدات وای پیشـانبدات کـە یاسـاکە لـە پەرلەمـان دا گفتوگۆی لەسـەر کراوە.

53 - لێـرەدا نووسـەر چەشـنی ئەوانـەی پێـش خـۆی دەڵێـت دۆخێکـی نائاسـایی نییـە. هەروەهـا بـاس لـە "یاسـا" دەکات، لەکاتێکـدا ئـەو شـتەی هاتـووە بـۆ پەرلەمـان "پرۆژەیاسـا"یە، بـەڵام نووسـەر پێشـوەختە دڵنیایـە لـەوەی کـە قبـووڵ دەکرێـت و دەبێتـە یاسـا!

54 - نووسـەر هەمـان گوتەکانـی وەزیـری ناوخـۆ دووبـارە دەکاتـەوە. دەڵێـت نایانکوژیـن، پەروەردەیـان دەکەیـن.

55 - وشـەی ئۆزتورک* یەکێکە لەو چەمەکە گرنگانەی کە کەمالیسـتەکان بۆ کوردسـتان بەکاریان هێنـاوە. کاتێـک بـاس لـە تورکەکانـی رۆژئـاوای تورکیـا دەکرێـت وشـەی "تـورک" بەکاردەهێنرێـت، بـەڵام کاتێک بـاس دێتـە سـەر رۆژهـەڵات و کوردسـتان وشـەی "ئۆزتـورک" بەکاردەهێنـن.
* ئۆزتورک (öztürk) واتە لە نێوەڕۆکدا یان بە بەئەسڵ تورک. (وەرگێڕ)

56 - لێـرەدا بـاس لـە بەهێزیی ئاغاکان دەکرێت وەک "چینی دەسـەڵاتدار". دەیەوێت وا نیشـانیبدات کـە بەهێـز، پـارەدار و دەوڵەمەنـدن و خەڵـک دەچەوسـێننەوە. بـەڵام لـە هەمـان کاتیشـدا لەجیاتـی ئـەوەی لەنێـو کۆشـک و تـەلاردا بژیـن، پەنایـان بـۆ ئەشـکەوتەکان بـردووە! لەڕاسـتیدا ئەمـەش دەرخـەری هـەژاری و بـێ چارەیـی پێشـەوا کۆمەڵایەتییەکانـی دێرسـمە.

ئاژەڵەکانیـان بەجێبێڵـن و رابکـەن یـان بەتـەواوی بگوازنـەوە بـۆ جێگەیەکـی دیکـە. هەندێـک شـوێنی دێرسـم خاکـی بەپیتـە و هەلومەرجەکانیـش نالەبارن. ئـەم سرووشـتە بـە پیـت و رەقە، یارمەتیـی رووتاندنـەوەی خەڵکی چارەڕەش و دواکەوتـوو لەلایـەن دەرەبەگـە سـتەمکارەکانەوە دەدات.

ئەنـادۆڵ لـە هەمـوو مێـژووی خۆیـدا تەنیـا لـە سـەردەمی ئەتاتـورک دا کەمێـک هێمنـی و یەکێتـی بەخۆیـەوە دیـوە. بۆیە قۆنـاخ بە قۆناخ هەسـت بـە پێویسـتیی بەکارهێنانـی رێوشـوێنی رادیـکاڵ کـراوە. ئەمـڕۆ نـۆرەی تونجەلییـە.[57] لێـرەش خوێندنگـە، رێگە، مەرکەز [58] و شـوێنی نیشـتەجێبوون دروسـت دەکەیـن. کێڵگـە، کان و کار پێشکێشـی خەڵـک دەکەیـن. ئەنـادۆڵ لەمسـەر بـۆ ئەوسـەر دەبێتـە لانـەی ئاسـاییش. چونکـە هیـچ بەربەسـتێک نییـە رێگـری بـکات لـەوەی ئـەم خەڵـک و نیشـتمانە بگەنـە بەختـەوەری. تەنیـا رۆڵەکانـی یـەک نەتـەوە بـە ئەنـادۆڵ دەژیـن. خوێـن یەکێکـە. داوا یەکێکـە.[59] هێشـتنەوەی بچووکتریـن کـون و کەلەبـەر لـە گۆشـەیەکی ئەم نیشـتمانەدا، سـەبارەت بـە کۆمـار هەڵەیەکـی کوشـندەیە.[60]

ئیمپڕاتۆریـی پێشـوو چاوەڕێـی دەکـرد سـەرهەڵدان رووبـدات، ئینجـا خوێنـی دەڕشـت. بـەڵام ئێمـە نەریتـی یاخیبـوون و خوێنڕێـژی و هەلومەرجەکانیـان هەڵدەگریـن. مەبەسـت و رۆحـی ئـەو یاسـایەی کـە دوێنـی دەرکـراوە ئەمەیـە".

لـە کتێبـی (کۆمـاری تورکیـا لـە سـاڵی پازدەیـەم دا) کـە لەلایـەن

57 - نووسـەر دەڵێـت هەنـگاو بـە هەنـگاو کوردسـتانیان داگیرکـردووە و خسـتوویانەتە ژێـر کۆنترۆڵـەوە و ئێسـتا نـۆرەی دێرسـمە.

58 - مەبەست لێی مەرکەزی جەندرمەیە.

59 - خوێـن یەکە، پێویسـتی یەکـە، داوا یەکـە و مێـژووش یەکـە. واتـە جارێکـی دیکـە جەخـت لـە "تۆزتورک"بوونـی دێرسـم دەکاتـەوە.

60 - ئـەم دەسـتەواژەیە بەڕوونـی دەریدەخـات رەگەزپەرسـتی و ئیسـتیعماری کەمالیـزم لـە چ رێگەیەکـەوە "یەکێتـی" دەسـتەبەر کـردووە و دەیـکات. ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە دێـت کـە دەوڵـەت هەمـوو رێگەیـەک بەکاردەهێنێـت بـۆ بەتورککردنـی هەمـوو ئەوانـەی کـە لـەڕووی رەگـەزەوە تورک نین .

حکومەتـەوە بڵاوکراوەتـەوە، لـەو بەشـەدا کـە پەیوەندیـی بـە ئیـدارەی پارێـزگای تونجەلییـەوە هەیـە، هەمـان بۆچوونـە فەرمییەکانـی دەوڵـەت دووبـارە دەکرێنـەوە. لـەم نووسـراوەدا دێرسـم بـە "وڵاتـی پاکـی تـورک" و دانیشـتووانی دێرسـمیش بـە "تورکـە دڵپاکـەکان" ناوبـراون.

بـا نموونەیـەک لـە رۆژنامـەی (جمهوورییەت)یشـەوە بهێنینـەوە کـە هێنـدەی (ئوڵـوس) بـە مێدیایەکـی رەسـمی دادەنرێـت. مەزهـەر ئارێـن، لـەو رۆژانـەدا کـە هێشـتا بەرگریـی لـە دێرسـم بەردەوامـە، نووسـیویەتی: "ئـەم برینـە دیسـان کراوەتـەوە و بۆگـەن بـووە. هەمـووان وادەزانـن دێرسـم لانـەی یاخیبـوون و بەدبەختییـە. نەخێـر، ئـەوێ ئاگرێکـی دزێتییـە کـە بڵێسـەکانی بـۆ هەمـوو لایەکـی سێگۆشـەی سـێواس، مەلاتیـا و بایبـورت بڵاودەبێتـەوە. کەسـانێک هـەن وادەزانـن دێرسـمییەکان تورکـن، بـەڵام مـن هەرگیـز ئـەوان بـە تـورک نازانـم. هەرگیـز ناگونجێـت شـتانی وەک دەشـتەکێتی، دواکەوتوویـی، وەحشـیبوون، بێڕەحمـی و خوێنخـۆری خەسـڵەتی تـورک بـن.[61] جگـە لەمـە، سـیفەتە ئەنترۆپۆلۆجییەکانـی تـورک جیـاوازن. تورکـی لـە زمانـی زازا جیـاوازە. بـەڕای مـن ئەمانـە لـە نەتەوەیەکـی تایبەتـن و لەبەرئـەوەش کـە لـە دێـر زەمانـەوە لـە چیـا سـەختەکان دا ژیاون و کـەس دەسـتی پێیـان نەگەیشـتووە لەناونەچـوون.[62]

ئـەوەی کـە یـەک دوو گونـد و عەشـیرەت ناویـان تورکییـە، پێدەچێـت هۆکارەکـەی ئەوەبێـت کـە تورکـەکان لـە چەرخـی بەرزێتـی و مەزنییانـدا عەشـیرەتەکانی دێرسـمیان ئیـدارە کـردووە.[63] ئـەو شـتەی کـە لەوانـدا پێیدەگوترێـت زیرەکـی، جگـە لە غەریـزەی ئاژەڵێک کـە لـە پەلاماردەرەکەی رادەکات یـان پەنجـەی لـە نێچیرەکـەی گیـردەکات، شـتێکی دیکـە نییـە.

---

61 - نووسـەر دەڵێـت دێرسـمییەکان تـورک نیـن، بـەڵام ناڵێـت چیـن. ئینجـا دێـت بـە خەیاڵـە ئایدۆلۆژییەکـەی خـۆی کۆمەڵێـک سـیفەت بۆ ئـەم خەڵکانە دادەتاشـێت کە تورک نین: دەشـتەکێتی، دواکەوتوویـی، وەحشـیبوون، بێڕەحمـی و خوێنخـۆری.

62 - نووسـەر بـە پاڵپشـتی بەڵگـە ئەنترۆپۆلۆجـی و زمانناسـییەکان، دەڵێت دێرسـمییەکان تـورک نیـن و لـە "نەتەوەیەکـی تایبـەت"ی دیکـەن.

63 - ئەمـە رایەکـی جیـاوازە لـە بۆچوونـی کلاسـیک کـە تورکیبوونـی نـاوی هەندێـک لـە گونـد و عەشـیرەتەکان دەبەسـتێت بـەوەوە کـە گوایـە ئـەوان "ئۆزتـورک"ن.

کۆئەندامـی هەناسـە و خوێنیـان لـە بەرد پتەوتر و، ئێسـک و ماسـوولکەیان لـە پـۆڵا بەهێزتـرە. مـن گوندییەکـی ئەوانـم دیـوە فەردەیـەک خوێـی 77 کیلۆیـی داوە بەسـەر شـانیدا و لـەدوای ئێسـترەکەی ئاغاکەیـەوە کـە زۆر خـاو دەڕۆیشـت و بـەدەم قسـەکردنەوە لەگـەڵ ئاغاکەیـدا، بەسـەر چیایەکـی 2000 مەتریـدا سـەرکەوتووە. کەسـێکم لـە خەڵکی دێرسـم بینی، بارێکـی 130 کیلۆیـی بەسـەر شـانەوە بـوو، لەسـەر ئەمـەش کەسـێکی 90 کیلۆیـی سـوارکردبوو؛ ئینجـا بەنێـو ئاوێکـدا کـە تاوەکـو ناوقـەدی هاتبـوو، بەبـێ ئـەوەی بلەرزێـت پەڕاندنییـەوە." [64]

لەکۆتاییـدا نووسـەر پێشـنیازێکی لـەم جـۆرە دەکات: "دێرسـم دەبێت چـۆڵ بکرێـت. ئەگـەر ئێمە ئەم کارە نەکەیـن دەکەوێتە ئەسـتۆی منداڵەکانمان... ئـەو گوندانـەی ئەنـادۆڵ کـە دانیشـتووانەکەی کار و کاسـبییان هەیـە، شـوانیان دەسـت ناکەوێت. ئەگـەر خەڵکـی دێرسـم بەسـەر ئـەم گوندانەدا دابـەش بکرێـن، لـە نەزانـی و هەروەهـاش لـە فریـودران رزگاریـان دەبێت.[65]لـە دێرسـم منداڵـی شارسـتانی پێنـاگات".

لـە لاپەڕەکانـی پێشـوودا نموونـەی دوو جـۆر نووسـراومان هێنـا. لـە یەکەمیـان دێرسـم بـە وڵاتـی تـورکان و خەڵکەکەشـی بـە "ئۆزتـورک" دادەنرێـن. سیاسـەتی داگیرکاریـش بـۆ سـەر کوردسـتان لەژێـر پـەردەی "خەبـات لـە دژی چەتەیـی و چەتـەکان دەکەیـن" دەشـاردرایەوە. لـە جـۆری دووەم دا، بەئاشـکرا ستایشـی سیاسـەتە داگیرکارییـەکان دەکرێـت و هـان دەدرێـت. لەمەیانـدا راسـتیی بەرجەسـتە، واتـە نەتـەوەی کـورد رەت ناکرێتـەوە. بەپێچەوانـەوە، جەخـت دەکرێتـەوە لـەوەی کـە خەڵکـی دێرسـم تـورک نیـن و سـەر بـە "نەتەوەیەکـی تایبـەت"ن. ئـەم نەتەوەیـە لـەڕووی زیرەکـی و هێـزی جەسـتەییەوە هیـچ جیاوازییەکیـان لەگـەڵ ئـاژەڵ دا نییـە. کەمالیـزم، بـە رەتکردنـەوەی بوونـی نەتەوەیـی کـورد، مافـە نەتەوەیـی

---

64 - لێـرەدا نابێـت وا گومـان ببرێـت کـە نووسـەر وەسـفی بەهێزیـی کـوردان دەکات؛ بەڵکـو دەیانچوێنێـت بـە ئـاژەڵ و گیانەوەرەکان و دەڵێـت دەبێـت وەک ئـاژەڵ مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت.

65 - نووسەر بەئاشکرا باس لە راگواستن دەکات.

و دیموکراتییەکانی لێ زەوت کردووە. واتە سیاسەتەکەیان لەسەر دروشمی "هەمووان تورکن" دامەزراندووە، بەڵام لەم نووسینەی دواییدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێت کە خەڵکی دێرسم تورک نین. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە کەمالیزم سیاسەتێکی بەژەوەندیخوازانەیە و هیچ پاڵپشتێکی فیکریی نییە. کەمالیستەکان لە ساڵی 1920ەکانەوە بە هاوبەشی لەگەڵ ئیمپێریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی و رژێمەکەی رەزا شادا، لە هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەی کورد بوون بە ناسنامە، زمان و کولتووریەوە. ئامانجی سەرەکی بریتی بووە لە بەکۆیلەکردنی نەتەوەی کورد و داگیرکردنی خاکەکەی؛ ئیدی ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا هەمیشە لەگەڵ ئەم ئامانجە بنەڕەتییەدا گونجێنراوە. ئەگەر سەرنج بدرێت، لەکاتی بڵاوکرانەوەی نووسراوی یەکەم دا، واتە لە مانگەکانی کۆتایی 1935دا پێکدادانی چەکداریی لەنێوان حکومەت و کورد دا نییە، بەڵام حکومەت خەریکی خۆئامادەکردنێکی گەورەیە. بۆیە لەپێناو دەستگرتن بەسەر کوردستان دا دروشمی ئەوێش خاکی تورکانە و "ئۆزتورک" بەکاردەهێنرێت، بەڵام رێکەوتی نووسراوی دووەم گەرمەی پێکدادانی نێوان حکومەت و کوردە. لەم کاتەدا کۆمەڵکوژییەکی وەها بەرامبەر بە کورد دەکرێت کە لە مێژوودا ــ بە رژێمەکەی هیتلەریشەوە ـ وێنەی دەگمەنە، بەڵام ئەمە لای هەندێک لە تورکەکان گومانی دروستکردووە. دەڵێن "مادەم ئەمانە تورکن، کەوایە بۆ بەکۆمەڵ دەکوژرێن؟"، بۆ ئەوەی رێگە لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گومانانە بگیرێت، دەگوترت ئەوان تورک نین، بەڵکو "کوردی پیس، کوردی کلکدار"ن.

ساڵی 1930، لە گەرمەی بەرخۆدانی نەتەوەیی کورد لە "ئاگری"، وەزیری دادی ئەوکاتە، مەحمود ئەسەد بۆزکورت، دەڵێت: "لەم وڵاتی تورکانەدا ئەوانەی تورک نین تەنیا یەک مافیان هەیە: مافی بوونە کۆیلە و خزمەتکاری میللەتی تورک".

لەم بارەیەوە، لێرەدا نامەیەکی دەهێنین کە ساڵی 1932 بە فیتی

"دێلـی فەخـری"ی پارێـزگاری (ئەلعەزیـز)ەوە نووسـراوە:

**"بۆ بەڕێز عیسمەت پاشا**

**ئەنقەرە،**

مەهمـەت نـووری کـە بەئەسـڵ خەڵکـی دێرسـمە، لەپێنـاو بەرزکردنـەوەی ئامانـج و مەبەسـتی کوردایەتـی دا و بڵاوکردنـەوەی بیـر و بۆچوونـە تێکدەرەکانیـدا، لـە ساڵانی سـەرەتای دامەزرانی هێزی میللـی دا، جلوبەرگی فەرمیـی تورکیـی فڕێـداوە و ئەو هەسـتی کوردایەتییەی ئاشـکراکردووە کە پێشـتر لـە دڵـی دا شـاردبوویەوە. دوای ئـەوەش کـە لـە هاندانـی یاخیبوونی 'کۆچگیـری'دا سـەرکەوتوو دەبێـت، سـەرکردایەتی دەکات، دەوڵەتیـش ئـاگادارە لـەو شـتانەی کـە ئـەوکات بەرامبـەر بـە تـورکان کردوویەتـی. بـەڵام ئـەو هێـزەی کـە سـوپاکەمان پیشـانی هەمـوو جیهانـی دا، پشـتی نووریـان شـکاند، هەڵدێـت و دەچێتـە دێرسـم، لەوێش هەرگیز لـە هەڵنان لـە دژی تورکایەتـی نەوەسـتاوە... ئـەو کەسـەی کـە دەسـتی بـە پۆسـتی فەرمیـش گەیشـتووە بـۆ ئـەوەی سـووکایەتی[66] و خیانەتـی زیاتـر لـە تـورک بـکات، هەرچەنـدە چەندیـن تاوانـی گەورەی وەک کوشـتنی لەسـەرە، کەچی هەفتەیـەک پێـش ئێسـتا هاتـووە بـۆ ئەنقـەرە بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتێک. کەسـێکی لـەم جـۆرە کە جگـە لە خیانەت هیچ سـوود و خۆشەویسـتییەکی بـۆ تـورک نییـە، قەناعەتمـان وایـە بـە هیـچ جۆرێـک ناتوانرێـت لـە خزمەتـی فەرمیـی دەوڵەتـە سـاواکەماندا بەکاربهێنرێـت.

نافــی و عەونــی بــە نــاوی گەنجانــی ئۆزتورکــی گوندەکانــی مــورودو و کۆروجــو"

وەک دەبینرێـت، لێـرەدا ئـەم گەنجانـە کوردێتیـی خۆیـان ڕەت دەکەنـەوە، بەگرنگییـەوە جەخـت دەکەنـەوە لـەوەی کـە "ئۆزتـورک"ن. نامەکـە لـە دژی "نـووری دێرسـمی" نووسـراوە بـۆ ئـەوەی لـە پۆسـتێکی دەوڵـەت دا

66 - بەرگــری لــە مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد و پشــتیوانیکردن لــە مافــی یەکســانی لەنێــوان میللەتـان دا، هەمیشـە لەلایـەن داگیرکارانی تورکـەوە وەک "سـووکایەتیی بەرامبـەر بـە تورکایەتـی" نـاوزەد کـراوە.

وەرنەگیرێت. راپۆرتێکی هەواڵدانی نهێنییە. لە ئەنجامی ئەم نامەیەدا نووری دێرسمی لە کارەکەی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەرکراوە.
ئەم نامەیە رەهەندێکی گرنگی دیکەی دووانەی کورد/ئۆزتورکمان پیشاندەدات. دەبینین لە نووسراوە نهێنییەکاندا وشەی "کورد" بەزۆری بەکاردەهێنرێت.
ئەم پراگماتیزمەی کەمالیزم، لە بابەتی دیاریکردنی هۆکاری بەرهەڵستییەکانی کوردیشدا خۆی نیشاندەدات. کەمالیزم لە بابەتی بەستنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ئیمپریالیزمەوە، بەهەرە و هەستیارییەکی گەورەی هەیە. لە قۆناخە سەرەتاییەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا، لە رێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی گواستنەوەی هەواڵەوە، ئەوە بڵاودەکاتەوە کە بزووتنەوەکە ئامانجی دامەزراندنی "کوردستانی سەربەخۆ"یە و دەیانەوێت وڵات دابەش بکەن. بەم جۆرە هەوڵیانداوە فەرمانبەر و بیرۆکراتە مەدەنی و سەربازییەکان لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هانبدەن، بەڵام دوای خنکێنرانی بزووتنەوەکە لە خوێن دا، قسە دەگۆڕن و دەڵێن سەرهەڵدانەکان هۆکارێکی نەتەوەییان نییە؛ بەڵکو شێخ و ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی چینایەتی خۆیاندا دەستیان داوەتە جووڵانەوەیەکی دواکەوتووانە. ئەم جارەیان ئامانجی پڕوپاگەندەکەیان کوردە دیموکراتەکانن. لە بەرچاوی ئەمان دا بزووتنەوەکە وەک "کۆنەپەرست" پیشاندەدرێت. بەم جۆرە شێوەکانی پڕوپاگەندەی کەمالیزم لەگەڵ هەلومەرجەکانی کات و شوێن دا و بەگوێرەی چین و توێژەکانی خەڵکی تورک و کوردیش دەگۆڕێت. بەڵام لەبەرئەوەی سیاسەتی کەمالیستەکان بۆ کوردستان داگیرکارانە و رەگەزپەرستانەیە و ئایدۆلۆژیای کەمالیستیش دەیەوێت رەوایی بەم سیاسەتە ببەخشێت، خۆی راستەوخۆ و بەناچاری دەست لەگەڵ هێزە ئیمپێریالیستییەکاندا تێکەڵکردووە. چونکە لەوکاتەدا هەریەک لە ئیمپێریالیزمی ئینگلیزی، فەرەنسی و رژێمی شاهەنشا دەیانەوێت دەست بەسەر بەشەکانی  دیکەی کوردستان دا بگرن. بۆیە شتێکی

زۆر سرووشـتییە ئەگـەر هاوکارییەکـی سیاسـی، ئایدیۆلـۆژی و سـەربازیش لەنێـوان ئـەم هێزانـەدا ببینیـن. چونکـە لـە سیسـتەمێکی لـەم جـۆرەدا کوردسـتان ئاسـانتر داگیـر دەکرێـت، نەتـەوەی کوردیـش لـە ڕێگـەی کاریگەرتـرەوە بەکۆیلـە دەکرێت. لەلایەکـی دیکـەوە سیاسـەتی کەمالیزم لەبەرئـەوەی داگیـرکار و ڕەگەزپەرسـتانەیە و دەیەوێـت ئەمـە وەک زانسـتیترین و ڕەواتریـن سیاسـەت پیشـانبدات، لەڕاسـتی دا ئـەوە خۆیەتـی کـە دەسـتی لەگـەڵ شـێخ، ئاغـا و سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کوردسـتان تێکـەڵاو کـردووە. چونکـە دەوڵەتانـی داگیـرکار بـۆ ئـەوەی باشـتر لـە خاکـی داگیرکـراودا جێگیرببـن، ناچـارن هـاوکاری خۆجێیـی بدۆزنـەوە. لەڕاسـتی دا مانـەوەی سیسـتەمی دەربەگـی خواسـتی کەمالیسـتەکان و دواتریـش ئەتاتورکچییەکانـە. چونکە سیاسـەتی داگیرکردنی کوردسـتان تەنیا دەکرێت لـە ڕێگـەی ئـەم چینـەوە ئەنجـام بدرێـت.

# 5. یاسای تونجەلی وەک
# ئامرازێک بە ڕەوایەتیدان بە جینۆسایدەکە

### أ) بیرەوەرییەکانی (نووری دێرسمی) سەبارەت کاتی پێش جینۆساید

"دێلــی فەخــری (پارێــزگاری ئەلعەزیــز) کــە فەرمــان و ڕێنمایــی نهێنیــی پێویســتی بــۆ لەنێوبردنــی کــوردان وەرگرتبــوو، هــاوڕێ لەگــەڵ ڕق و قینــی قووڵــی ناسیونالیســتی دا دەســتی بــە کار کردبــوو و ســەودای بوونــە فاتیحــی دێرســم لــە کەللــەی دابــوو.

لــە ســاڵی 1930دا کۆبوونەوەیــەک لەبینــای شــارەوانیی (ئەلعەزیــز)دا ڕێکخرابــوو. لەوێــدا مەدحــەت کــە یاریــدەدەری پارێــزگار بــوو گوتبــووی ڕۆژهەڵاتییــەکان و دێرســمییەکان بەئەســڵ تورکــن و لــە ســەردەمی سەڵتەنەتدا پشتگوێخراون، بۆیە دەکرێت لە ڕێگەی یاساییەوە و بەئاشـتی لەنێــو کۆمەڵگــەی کۆمــاری تورکیــادا ژیانێکــی بەختەوەریــان بــۆ دابیــن بکرێــت. هەریــەک لــە حوســێن حوســنو پاشــا، ئەحمــەدی ســەرۆکی ژووری بازرگانــی و خەلیلــی ســەرۆکی شــارەوانیش کۆکبــوون لەگــەڵ ئــەم رایــەدا. بــەڵام دێلــی[67] فەخــری چووەتــە ســەر شــانۆ و بەشــێوەیەکی لەخۆڕازییانــە،

67 - لە زمانی تورکی دا بە واتای شێت دێت. (وەرگێڕ)

لەخۆباییانـە و بێشـەرمانە گوتوویەتـی دێرسـمییەکان تـورک نیـن و هیـچ یەکێـک لـەو خەسـڵەتانەی کـە لـە تورکـە گوندنیشـنەکاندا هەیـە لەوانـدا نییـە، ناوچـەی دێرسـم خزمەتـی بەرژەوەندیـی بیانییـەکان و کۆمەڵـەی "خۆییبوونـی کـورد" دەکات؛ بۆیـە دەبێـت بەزووتریـن کات لەنێوببرێـن. ئـەم کابـرا شـێتەی کـە لـە شـێتخانە رایکـردووە، کاتێـک یاسـای بیـر هێنراوەتەوە، گوتوویەتـی:

- یاسـای چـی، تفـم لـە یاسـا کـرد! هـەر شـتێک لـە دەمـی ئێمـە دەربچێـت یاسـایە. میللەتـی تـورک چاوەڕوانـی هیـچ جـۆرە خزمەتێکـی مـاددی و مەعنـەوی لـە دێرسـمییەکان نـاکات، رووداوەکانیـش ئـەم قەناعەتـەی تورکیـان پشتڕاسـت کردووەتـەوە. مـاوەی پێنـج سـاڵە دێرسـمییەکان یارمەتیـی چەتـە فیداییەکانـی کـورد دەدەن و ئـەو یاخیبووانـە تەسـلیم ناکـەن کـە حکومـەت چەنـدان جـار داوای رادەسـتکردنەوەیانی کـردووە. ئیدی بەم قسانە کۆبوونەکەی تێکداوە.

فەخـری، هەڕەشـەکانی لـە قسـەوە گـۆڕی بـە کـردار. لـە کۆتایـی بەهـاری 1931دا، رۆژێـک جەندرمـەکان هاتـن بـە شـوێنمدا و راسـتەوخۆ منیـان بـرد بـۆ لای فەخـری. هەمـوو هەڵسـوکەوت رەفتارێکـی ئـەم کابرایـە لـە شـێت دەچـوو. دوای ئـەوەی کـە ماوەیـەک بەپێـوە رایگرتـم، وەک شـێت لەودیـوی مێزەکەیـەوە دەرپـەڕی، چـاوە پـڕ لـە رق و قینەکانـی خسـتە سـەر چـاوم، ددانەکانـی تیژکـردن و لەبەردەممـدا راوەسـتا. دەسـتی راسـتی بـرد بـۆ سـەری، بەشـێوەکی رەق و توونـد تاڵێـک قـژی لـە سـەری خـۆی کـردەوە و دڕندەئاسـا گوتـی:

- ئەمە چییە؟

- تاڵێکی قژتە بەڕێز.

- نەتزانی، نەتزانی!

ئینجـا بەنـاو ژوورەکـەدا دەسـتی بـە هەنگاونـان کـرد. دیسـان وەک شـێت لـە بەردەممـدا وەسـتایەوە، تاڵێکـی لـە قـژی خـۆی لێکـردەوە و گوتـی:

- ئەمە چییە؟

- وابزانم تاڵێکی قژی بەڕێزتە!
دیسان قیڕاندنی گوتی:
- نەتزانی، نەتزانی!
لەسـەر قەنەفەیـەک دانیشـت و چەنـد جارێـک ئـەم "نەتزانـی، نەتزانی"یـەی دووبـارە کـردەوە. دیسـان تاڵێـک لـە قـژی لێکـردەوە و لـە چاومـی نزیـک کـردەوە و گوتـی:
- ئەمە چییە؟ چاوت دەتەقێنم، ئەمە چییە؟
- کەوایە لە دەرەوەی زانیاریی منە پارێزگاری بەڕێز.
- ئـاگات لـە هەمـوو جـۆرە فەسـاد و فێڵێکـە و دەزانیـت، بـەڵام ئەمـە نازانیـت؟!
پێـش ئـەوەی مۆڵـەت بـدات وەڵام بدەمـەوە، دیسـان تاڵێکـی لـە قـژی کـردەوە، بەرقـەوە تەماشـای کـردم و دیسـان گوتـی:
- ئەمـە دێرسـمە، دێرسـم... ئـەم سـەرەی منیـش کـە دەیبینیـت کۆمـاری تورکیایـە.. مەچەکـم لـە لێکردنـەوەی ئـەم تاڵـە لـە قـژم هیـچ هێزێکـی سـەرف کـرد؟
ویسـتم بڵێـم هیـچ نەبێـت دەسـتت لـەرزی و دەنگێـک بیسـترا، بـەڵام ئـەو بـەردەوام بـوو و گوتـی:
- بە لێبوونەوەی ئەم تاڵە لە قژم، سەرم تووشی هیچ زیانێک بوو؟
- نەخێر بەڕێز! کەواتە...
- فەرمانـت پێدەکـەم، ئێسـتا بـڕۆ، نامەیـەک بـۆ سـەیید رەزا [68] بنووسـە بەجۆرێـک کـە بچێـت بەنـاو کەللـە پووتەکەیـدا. پێـی بڵـێ مـن لـە هیـچ پارێزگارێکـی دیکـە ناچـم، پێـی بڵـێ مـن ئـەو دەلی فەخرییـەم کە لـە یۆزگات چاپانئۆغڵووەکانـی لەنێوبـردووە، ئەگەر گوێڕایەڵم نەبـن ئەوانیش بە دەردی چاپانئۆغڵـووەکان دەبـەم، پـەت لـە ملیـان دەکـەم و دەیانسـووڕێنمەوە! پێیـان بڵـێ ئـەو فیداییـە کوردانـەی عەشـیرەتی 'کۆچگیـری' کـە لای ئەوانـن

---

68 - سـەیید رەزا پێشـەوای سیاسـی و ئایینی کوردانی زازا و عەلەویی دێرسـم بووە، سـەرکردایەتی شۆڕشـی دێرسـمی کرد. (وەرگێڕ)

و بکوژانـی سـەرکردە مونیـر کـە شـاردوویاننەتەوە دەسـتبەجێ رادەسـت بکـەن، ئەگینا خراپیـان بەسـەر دێنـم!

لـەم کاتـەدا یاریـدەدەری پارێـزگار هاتـە ژوورەوە و بەرێـزەوە بەپێوە وەسـتا و گوێـی لـە قسـەکانمان راگـرت. گوتم:

- ئـەم فەرمانـەت لـە رێگـەی قایمقامـەوە بگەیێنـە سـەیید رەزا، چونکە من هیـچ پەیوەندییەکم لەگەڵـی نەماوە.

- فەرمانت پێدەکەم، دەبێت بینووسیت!

- تکایە بمبوورە بەڕێز، ناتوانم.

- من پێت دەڵێم بینووسە و تۆش هێشتا رەتیدەکەیەوە هەی ورچ!

- بەڕێز، من هیچ شتێکم نییە لە ورچ بچێت، کەسێکی بچکۆلانەم.

هـەر کـە ئەمـەم گـوت، فەخـری وەک گیانـەوەر هێرشـی کـردە سـەرم، بـەڵام یاریدەدەرەکـەی هاتـە نێوانمانـەوە. گوتـم:

- لێـرەوە راسـتەوخۆ دەچـم بـۆ لای داواکاری گشـتی و شـکاتت لێدەکـەم. هـەر چییەکیشـت پـێ گوتـووم بـۆ خۆتـی دەگەڕێنمـەوە.

داواکاری گشـتی کەسـێکی سەرڕاسـت بـوو، پێکـەوە هاوڕێیەتیشـمان هەبـوو. کاتێـک منـی بینـی بـە خەمبارییـەوە خـۆم کـرد بـە ژووردا، گوتـی:

- چیتە دکتۆر؟ خەمگین دیاریت، کێشەت چییە؟

- شـکات لـە فەخریـی پارێـزگار دەکـەم. بـا کاغـەز و پووڵێکـم بـۆ بێنـن، هـەر لێـرەدا عەریزەیـەک دەنووسـم و دەمەوێـت لێکۆڵینەوەیـەک لـە دژی دەسـت پێبـکات.

ئینجـا کەوتمـە گێڕانـەوەی رووداوەکـە. داواکاری گشـتی ماوەیـەک بێدەنـگ مایـەوە، بەخەمبارییـەوە تەماشـای کـردم و گوتـی:

- دکتـۆر! نازانیـت کـە دەمێکـە ئازادیـی قسـە، قەڵـەم و مـرۆڤ لـە تورکیادا نەمـاوە؟ دیـارە تـۆ کەسـێکیت حـەزت لـە سەرکێشـییە. نازانیـت دیکتاتـۆری یانـی چـی؟ لـە سیاسـەتی لەنێوبردنـی رۆژهـەڵات تێنەگەیشـتوویت؟ ئـاگات لـەو کارەسـاتانە نییـە کە بەهـۆی چێژ و هەڵپـەی شەخسـییەوە نراوەتەوە؟ نابینیـت ماڵـی هـەزاران سـتەملێکراوی بێتـاوان وێرانکـراوە؟ ئێمـە بە خوێنی

ستەملێکراوان دەژین.. بەداخەوە نووری، بەداخەوە! کەسێکی تووڕە و بەپەلەیت. بەهۆی ئەم سیفەتانەشتەوە گومانەکانت راکێشاوەتە سەر خۆت و بچووکترین رەفتارت دەبێتە بەڵگە لە دژت. دەمێکە بەنهێنی شتت لەسەر کۆدەکەنەوە.

دەستی بۆ چەکمەجەی مێزەکەی برد، چەند کاخەزێکی دەرهێنا و گوتی:

- دەزانیت لەم دۆسیانەدا چ شتی نهێنی هەن؟ ئێستاش هەستاویت و لەبیرت چووەتەوە کە خەڵکی رۆژهەڵات و بەتایبەت دێرسمیت و باسی یاسا و شکاتی یاساییم بۆ دەکەیت. مەگەر نازانیت لە رۆژهەڵات یاسایەکی جیاواز و رژێمێکی بەهەوەس جێبەجێ دەکرێت؟ ویژدانم بەرگەی ئەم دۆخە ناگرێت، بەڵام بەداخەوە بێبەشم لە سەرچاوەیەکی مامناوەندی بژێوی کە خێزانەکەمی پێ بەخێو بکەم. ئەگەر هەمبووایە هەر ئەمڕۆ وازم دەهێنا. وا هەست دەکەم هەر فەرمانبەرێکی کۆماری تورکیا کە دارای نامووس و ویژدان بێت وەها دەکات. باوەڕت هەبێت هەموو ئەو فەرمانبەرانەی خاوەنی نامووس و ویژدانن، لە هەموو چرکەیەک دا، بەهۆی ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرن، ئەو خزمەتەی کە دەیکەن و ئەو پۆستەی کە تێیدان، ویژدانیان ئازاریان دەدات. دیارە تۆ ئاگات لە مامەڵە هەڕەمەکی و کەیفییەکان نییە. چەمکەکانی وەک یاسا، ویژدان، نامووس و شەرەف لە مەیدان دا نەماون... کە ئەمە حاڵ بێت، تۆ هیوا لەسەر یاسا هەڵدەچنیت؟ لە دۆخێکی لەم جۆرەدا جگە لە بێدەنگی و شوێنکەوتنی رووداوەکان چارەیەکی دیکە نابینم.

لەم کاتەدا کەسێکی دیکە کە فەرمانبەری وەزارەتی داد بوو، دیاربوو قسەکانمانی بیستووە؛ رووی تێکردم و گوتی:

- چییە دکتۆر؟ دیسان باسی یاسا و جێبەجێکردنی یاسا دەکەیت. ئەوانەی یاسا دەردەکەن و دەڵێن خەڵک بەرەو شارستانێتی ئاراستە دەکەین، لەپێناو پتەوکردنی پۆستە شەخسییەکانیان، نەک تەنیا ئەو یاسایانەی کە دەریدەکەن، بەڵکو شەرەفی خێزانیی خۆشیان بەخت دەکەن. ئەگەر بزانیت ژمارەی ئەمانە چەند زۆرن، دەسڵەمیتەوە. ئەوانەی کە دەزانن

دیکتاتـۆر لەنێـوان کۆمەڵێـک ماسـتاوچیدا بووەتـە خـوو و هەمـوو جـۆرە قوربانییەکیـش بـۆ ئـەم ئـەم پەرسـتراوە دەکرێت، تەنیـا لای ویژدانـی خۆیان دەتوانـن دان بـەم بارودۆخـە دابنێـن.

هەرچەنـدە لـە تورکیاکـەی مسـتەفا کەمـال دا تەکیـە و خانەقـاکان داخـراون و هەمـوو جـۆرە تەریقەتێک قەدەخـە کـراوە، بـەڵام ئەگـەر بڵێـم ئایینـی کەمالیـزم شـوێنی ئەمانـەی گرتووەتـەوە ناهەقـم مەگـرن... یەکێک لـە ئەندامـە دامەزرێنەرەکانـی تەریقەتـی کەمالیـزم 'حەققـی ناشـید"ی پەرلەمانتـاری شـاری کوتاهیایـە. ئـەم کابرایـە شـتی سـەیر لەسـەر دێرسـم دەنووسـێت. دەڵێـت: "لـەم شـاخانەدا جگـە لـە عەقـڵ و لۆجیـک، ئایینێکـی دیکە فەرمانڕەوایە". لە وتارەکانیدا هەمیشـە دروشـمی "پەرسـتراوەکەمان مسـتەفا کەمالـە" دووبـارە دەکاتـەوە. سـڵ لـە هیـچ جـۆرە ماسـتاوچێتی و ریاکارییـەک ناکاتـەوە.

من بە داواکاری گشتیم گوت:

- ئێستا دەڵێی چی، پەنا بۆ یاساکان ببەم لە دژی پارێزگار؟

- کـورە وازبێنـە! بـۆ نموونـە، ئەگـەر عەریـزە بدەیـت، دوو ڕۆژ دوای ئـەوەی گەڕاویتـەوە بـۆ کێڵگەکـەت، دێـن بـە بیانـووی کاری پێویسـت دەتبـەن؛ لـە ڕێگـەش دەتکـوژن. ئینجـا دێـن بـۆ ئێـرە و لـە ڕاپۆرتەکـەت دا دەنووسـن " رایکـرد، بۆیـە تەقەمـان لێکـرد". ئیـدی مەسـەلەکەش دادەخرێـت. مەگـەر نازانیـت کـە چیتـر کـورد مافـی ژیانیـان نەمـاوە؟

- ئـەی لـە دەسـتووردا ناڵێت هەرکەسـێک لـە کۆماری تورکیـادا لەدایکببێت تورکە؟

- دکتۆر تۆ شـێتم دەکەیت. دیسـان دەسـتت بە باسـی یاسـا کردەوە. بەپێی دەسـتوور بێـت، ئەرمەنییەکـی ئـەم وڵاتـەش هـەر تورکـە. بـەڵام مامەڵـە بەرامبـەر بـەم نەتەوانـە بەگوێـرەی ڕێنماییەکـی نهێنـی بەڕێوەدەچێـت. تەنانـەت تـۆش بەپێـی دیـوی دەرەوەی یاسـاکان تورکیـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هیـچ جیاوازییەکـت لەگـەڵ بیانییەکـدا نییـە. چونکـە کوردیـت. هەرچەنـدە بیسـت سـاڵ خوێندووتـە و خاوەنـی بڕوانامەیـت، بـەڵام مافـی

ژیانــت پێنادرێــت. نکۆڵــی لــە گشــت مافــە رەوا و ئینســانییەکانت کــراوە. هەمــوو ســاتێک هەڕەشــەی مردنــت لەســەرە. لەکاتێکــدا کــە یاســا هیــچ گەرەنتییەکــی پێنەداویــت، تــۆ چــۆن هێشــتا باســی یاســا دەکەیــت؟ مەگــەر نازانیــت پێــش ئــەوەی کەســێک بــۆ پۆســتێکی زۆر بچــووک دابمەزرێندرێــت، ســەرەتا دائیــرەی ئەمنییــەت بەدواداچوونــی بــۆ دەکات بزانێــت تورکــە یــان کــورد؟

- کەوایــە دەبێــت تاوەکــو زووە ئێمــەی کــورد یــان لەناوببرێیــن یــان رابگوازرێیــن.

- پەلــە مەکــە، ئەویــش دەبێــت. ئــەو هێڵانــەی شــەمەندەفەر کــە لــە رۆژهــەڵات دروســت دەکرێــت، ئامانجێکــی ســەربازیيان لــە پشــتەوەیە. ئەم هێڵانــە لەپێنــاو پلیشــاندنەوەی کوردانی رۆژهــەڵات لێدەدرێــن. دوای ئەوەی هێڵــەکان تــەواو دەکرێــن، بەگوێــرەی ئارەزووەکــەت (!) نەتەوەکــەت یــان لەنێودەبرێــت یــان نەفــی دەکرێــت.

پێشــتر گوتمــان رێکەوتــی ئــەم یاداشــتە ســاڵی 1930ە. لــە گوفتــار و رەفتارەکانــی دەلــی فەخری، پارێزگاری ئەلعەزیزەوە بەئاشـکرا دەردەکەوێت کــە دەوڵــەت زیاتــر لــە رێگــەی هێــزە چەکدارەکانــەوە کوردســتان بەڕێوەدەبــات نــەک یاســاکان. ئەمــەش بەتــەواوی لــە دەرەوەی نیزامــی یاسـایە. ئـەو شـتەش کـە لـە سـاڵی 1935دا لەژێـر نـاوی (یاسـای تونجەلـی) دا دەرکـرا و جێبەجێکـرا، جگـە لـە داڕشـتنی ئـەم هەوەسـکارییە لەژێـر نـاوی یاسـادا، هیچـی دیکـە نییـە. بـەم جـۆرە جێبەجێکارییەکانـی جینۆسـاید لـەوە دەپارێـزران کــە "نایاســایی" بــن.

موفەتتیـش عابیدیـن ئۆزمـەن، لـەو راپۆرتـەدا کـە سـاڵی 1936 ئاراسـتەی ئەنقــەرەی کــردووە، دەڵێــت:

"... لـەو ناوچانـەدا کـە هـەزار و یـەک رووداو دەقەومێـن، مەحاڵـە بتوانیـن بەبەڵگـەوە سـیخوڕ، سەرسـەری و یاخیبـوو بدەینـە دادگا. لەبەرئـەوەی ئەو جاسـووس و پڕوپاگەندەچییانـەی کـە شـەو و رۆژ ئازادانـە بـە سـنوورەکان دا دێـن و دەچـن بەبـێ ئـەوەی سـزایەک وەربگـرن سنووورداشـی ئەودیـو

دەکرێنـەوە، هەروەهـا لەبەرئـەوەی دایـک، بـاوک و خێزانـی یاخیبوویـەک بەئیسـراحەت لـە گوندەکەیـان دا دەژیـن، ئـەوا ئـەم جـۆرە کەسانە تاوەکـو بێـت ئازایەتییـان زیاتـر دەبێـت، بـەڵام ئەگـەر کەسـێک کـە بەقاچـاخ و بەبـێ پاسـپۆرت سـنوور دەبڕێـت، بەدرێژایـی سـنوورەکە ترسـی ئـەوەی هەبێـت گوللـەی بەربکەوێـت یـان بزانێـت چەندیـن مانگ لە زینـدان توونـدی دەکەن، ئەگـەر حیسـابی ئـەوە بـکات خێزانەکـەی کـە پشـتگیری دەکـەن یەکسـەر لـە مـاڵ و حاڵـی خۆیـان دەربـەدەر دەکرێـن، بێگومـان مەیـل بـۆ ئـەم جـۆرە کارانـە کەمتـر دەبێتـەوە. ئـەو مـاف و دەسـەڵاتانەی کـە بـە بەڕێوەبەرانـی ئـەم ناوچانـە دەدرێـت، هیـچ پێویسـت نـاکات بـە پارێـزگاری کۆنیـا یـان ئاماسـیا بدرێـن، بـەڵام پارێـزگاری ماردیـن پێویسـتی پێیەتـی... ئەگـەر ئەمـڕۆ پڕوپاگەنـدەی کوردایەتـی و سـبەینێش بیرۆکـەی بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی ناوچەکـە بگرێتـەوە، ئەوا باوەڕناکەم پڕەنسـیپە یاسـاییەکانی ئەمڕۆ، سـبەی نیشـتمان بپارێزێـت.

... ئەوانـەی دەمانەوێـت لـە کۆمەڵگـەی تورکـی دا بیانتوێنینـەوە، دەبێـت وایـان لێبکەیـن لەجیاتـی کـوردی بـە زمانـی تورکـی قسـە بکـەن. بۆیـە دەبێـت بـە هیـچ جۆرێـک رێگـە نەدرێـت کـە فەرمانبەرانـی دەوڵـەت لـە داوودەزگاکان دا کـوردی بەکاربێنـن. ئەگـەر گوندنشـینێک کـوردی نەزانێـت و کاری بکەوێتـە دائیرەیـەک، نابـێ بەکـوردی قسـەی لەگـەڵ بکرێـت، دەبێـت لادێییەکـە ناچاربکرێـت وەرگێڕێـک کـە فەرمانبـەر نەبێـت لەگـەڵ خـۆی بهێنێـت... دەبێـت سـزای مـاددی و مەعنـەوی بـۆ ئەوانـە دابنرێـت کـە بـە کـوردی قسـە دەکـەن". ئـەم جێبەجێکارییـەی ئیسـتعماری تـورک لە کوردسـتان دا خەسـڵەتێکی تایبەتـە. هیـچ یەکێـک لـە داگیـرکارە ئینگلیـز، فەرەنسـی، ئیتاڵـی، ئەڵمانـی، ئیسـپانی، پورتووگالـی، بەلجیکـی، هۆڵەنـدی و هاوشـێوەکانیان لـە بابەتـی دژایەتیکردنـی زمانـی ناوچـە داگیرکراوەکانـدا هێنـدەی تورکـەکان توونـد و ڕەق نەبـوون و خەڵکیـان سـزا نـەداوە.

**ب) بڵاوكراوه فه‌رمییه‌كان یاداشته‌كانی نووری دێرسمی پشتڕاست ده‌كه‌نه‌وه.**

سـه‌رۆكایه‌تی ئه‌ركانـی سـوپا لـه‌و كتێبـه‌دا كـه‌ بـه‌ نـاوی (یاخیبوونـه‌كان لـه‌ كۆمـاری توركیـادا) بـڵاوی كردووه‌تـه‌وه‌، سـه‌باره‌ت "ئۆپه‌راسـیۆنی پولومـوور" ده‌ڵێـت:

"لـه‌دوای گه‌شـتێكی بـۆ ناوچـه‌ی ئه‌رزینجـان، سـه‌رۆك ئه‌ركانـی سـوپا، مارشـاڵ فـه‌وزی چاكمـاك، راپۆرتێـك ئاراسـته‌ی وه‌زاره‌تـی ناوخـۆ ده‌كات و تێیـدا ده‌ڵێـت:

1. ده‌ره‌نجانـی لێكۆڵینه‌وه‌كانـم لـه‌ پارێـزگای ئه‌رزینجـان، گه‌یشـتمه‌ ئـه‌و قه‌ناعه‌تـه‌ی پێویسـتیی سـزادان و ته‌مێكردنـی گونده‌كانـی ئاشـكیریك، گـورك، داغبـه‌ی و خـاری كـه‌ گرنگتریـن هۆكاره‌كانی تێكدانی ئاساییشـن و زیانێكـی زۆر لـه‌ ئابووریـی ناوچه‌كـه‌ ده‌ده‌ن.

له‌به‌رئـه‌وه‌ی هێـزی جه‌ندرمـه‌ لـه‌م ناوچه‌یـه‌دا وه‌ك پێویسـت نییـه‌، ئـه‌و چه‌ته‌ییـه‌ی كـه‌ ئـه‌م گوندانـه‌ ده‌یكـه‌ن به‌بـێ ئـه‌وه‌ی سـزایه‌ك وه‌ربگـرن، كاریگه‌رییه‌كـی نه‌رێنیـی گـه‌وره‌ی له‌سـه‌ر خه‌ڵكـی تـورك هه‌یـه‌ و گونـده‌ كوردییه‌كانـی ده‌وروبه‌ریـش بـۆ یاخیبـوون هانـده‌دات.

بۆیـه‌ ده‌بێـت پارێـزگار ئـاگاداری ئـه‌م گوندانـه‌ بـكات بـۆ ئـه‌وه‌ی بـاج بـده‌ن، گه‌نجه‌كانیـان خزمه‌تـی سـه‌ربازی بكـه‌ن و چه‌كه‌كانیـان راده‌سـت بكـه‌ن. ئه‌گـه‌ر ئه‌نجـام نه‌رێنـی بـوو، پێموایـه‌ شـتێكی گونجـاو ده‌بێـت ئه‌گـه‌ر له‌پێنـاو جێگیركردنـی ده‌سـه‌ڵاتی ده‌وڵـه‌ت لـه‌ ناوچه‌كـه‌دا خه‌ڵكـی هه‌مـوو گونـده‌ كوردییـه‌كان بگوازرێنـه‌وه‌ بـۆ ناوه‌نـدی ئه‌رزینجـان و لـه‌ رێگـه‌ی هێـزی هه‌واییـه‌وه‌ گونـده‌كان خاپـوور بكرێـن.

2. لـه‌ ناوه‌نـدی پارێـزگای ئه‌رزینجانـدا 10 هـه‌زار كـورد هه‌یـه‌. ئه‌مانـه‌ بـه‌ سـوود وه‌رگرتـن لـه‌ عه‌لـه‌وی بـوون، گونـده‌ توركه‌كانـی ئـه‌و ناوچه‌یـه‌ ده‌كه‌نـه‌ كـورد و هه‌وڵـی بڵاوكردنـه‌وه‌ی زمانـی كوردی ده‌ده‌ن. ده‌ترسـم چه‌نـد سـاڵێكی دیكـه‌ كوردێتـی هه‌مـوو ئه‌رزینجـان داگیربـكات. زۆر لـه‌و

گوندە تورکییانەی کە بە عورف تورک، بەڵام عەلەوین، بەپێی ئەو هۆشمەندییەی کە پێیوایە عەلەویبوون یەکسانە بە کوردێتی، واز لە زمانی دایکی خۆیان دەهێنن و بە کوردی قسە دەکەن. پێویستە چاودێریی وردی گوندەکانی وەک رووسەرای، میتینی، شینجی، کوردکەنتی و کەلاریک بکرێت، دانیشتووانەکەیان ئەگەر پێویستی کرد رابگوێزرێن بۆ ئەنتاکیا، هەندێک لە سەرۆک عەشیرەت و کەسە دیارەکانی ئەم ناوچەیەش لە ناوەندی پارێزگاکەدا ناچار بکرێن بە زۆرەملێ نیشتەجێ بکرێن لەژێر چاودێریی پۆلیس دا. دەبێت رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی گوندە عەلەوییە تورکەکان بەکوردی قسە نەکەن و زمانی تورکی لە هەموو ناوچەکەدا بڵاوببێتەوە.

3. دەزانرێت کە هەندێک لە فەرمانبەرانی پارێزگاکە کوردن. بۆ نموونە، شەوکەت ئەفەندی کە حاکمی ئیفادە وەرگری شاری ئەرزینجانە، پشتگیریی لە کورد دەکات و شەوان لە ماڵەکەی خۆیدا کۆیان دەکاتەوە. دەبێت بە هەر جۆرێک بووە ئەم پیاوە و هاوشێوەکانی بۆ پارێزگایەکی دیکە بگوازرێنەوە.

4. گرنگترین کار کە پێویستە بەپەلە ئەنجام بدرێت ئەوەیە گوندەکانی خاڵی یەکەم تەمێ بکرێن و فەرمانبەرە بەرەچەڵەک کوردەکانیش بۆ دەرەوەی پارێزگاکە بگوازرێنەوە.

فەوزی چاکماک، هەر لەم سەفەرەیدا نووسراوێکی دیکەش بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ دەنێرێت. لەم دوو نووسراوەدا چوار خاڵ سەرنج رادەکێشن. یەکەم، لەم راپۆرتە و لە گشت نووسراوە نهێنییەکانی دیکەدا هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرێت کە کورد لەرووی رەچەڵەکەوە نەتەوەیەکی دیکەن. دووەم، لەم نووسراوە نهێنییانەدا هەست بە پێویستیی ئەوە نەکراوە کە لە رێگەی باسکردنی شێخ، ئاغا و عەشیرەتەوە ئامانجە سەرەکییەکە پەردەپۆش بکرێت. بەڵکو راستەوخۆ باس لە سووتاندنی تەواوی گوندە کوردییەکان و نەفیکرانی خەڵکەکەی بۆ تراکیا دەکرێت. سێیەم، دەسەڵاتی

ڕەگەزپەرستانەی تورک لە کوردستان بەئاشکرا نومایان دەکرێت. بۆ نموونە، دەگوترێت "هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە کوردبوونیان یەکلایی بووەتەوە، یەکسەر دەبێت بگوازرێنەوە". چوارەم، ترسی توانەوە. سەیر لەوەدایە لە ساڵانی سەرەتای دروستبوونی کۆمارەوە هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ لەنێوبردنی زمان و کولتووری کوردی دراوە. هەموو جۆرە گوشار و پەستانێک بۆ سەر زمانی کوردی، وەک سیاسەتی دەوڵەت پەیڕەوکراوە. بەکارهێنرانی زمانی کوردی لە داوودەزگاکانی دەوڵەت دا بە هەموو جۆرێک قەدەخەکراوە. واتە هەموو جۆرە هەوڵێک دراوە بۆ فێرکردنی زمانی تورکی و لەبیربردنەوەی تێکڕای ئەدگارە کوردییەکان. کەچی سەرەڕای هەموو ئەم شتانە، لەم نووسراوە نهێنییانەدا ترسی ئەوە بەدیار دەکەوێت کە کوردی ئەو زمانە تورکییە بتوێنێتەوە کە هەموو هێزی دەوڵەتی لەپشتە! لەحاڵێکدا دیسان بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، کورد سەرەتایی، نەزان و وەحشین و زمانەکەشیان سەرەتاییە و گەشەی نەکردووە. کەوایە چۆن زمانێکی "سەرەتایی" دەتوانێت زمانێکی  دیکە بتوێنێتەوە؟

یەکێکی دیکە لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان ئەوەیە لە 1930دا سەرۆک ئەرکانی سوپا لەو نووسراوانەدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتیی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆی کردوون نەک هەر پێشنیازی هەندێک شت دەکات، بەڵکو داواش دەکات!

چەندین ڕووداوی دیکەش هەن کە پشتگیری لە یادگارییەکانی د. نووری دێرسمی دەکەن. لە کتێبی (یاخیبوونەکان لە کۆماری تورکیادا 19241938)  دەگوترێت:

"... لەم ناوچانەدا کە ئۆپەراسیۆنیان بۆ سەر کراوە، لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی گوندەکان خزم و کەسی یەکتر بوون و یارمەتی و هاوکاریی یاخیبووەکانیان دەکرد، یاخیبووان چەک و جبەخانەیەکی زۆریان کۆکردبووەوە. مەفرەزەکانیش لە ترسی هێرش یان کەمینی خەڵک و چەتەکان، ئەوا لە چوونە نێو گوندەکاندا ناچاربوون کەلوپەلێکی زۆر و

پێشـکەوتوو لەگـەڵ خۆیـان ببـەن. هەندێـک لـە گونـدەکان پێـش ئـەوەی مەفـرەزەکان بگەنـە سـەریان چـۆڵ کرابـوون؛ لەبەرئـەوەی ناچاربـوون دەوروبـەری گوندەکانیـش بـەوردی بپشـکنرێن؛ کۆمەڵێـک خەڵـک لـە کێڵگـە، ئەشـکەوت، کـون و کەلەبەرەکانـدا کـە زۆربەیـان پیـاو بـوون و هەندێکیشـیان ژن بـوون کۆکرانـەوە. ژنـەکان جیاکرانەوە، هەمـوو ئەوانەی کـە دەسـتیان چەکـی دەگـرت و پەیوەندییـان لەگـەڵ چەتەکانـدا یەکلایـی بووەتـەوە یەکسـەر لەوێـدا کـوژراون.

بەگوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی کـە لـەم کەسـانەوە وەرگیـراون، هەندێـک لـە پیـاوەکان بەمـلاولادا رایانکـردووە. ئـەو گوندانـەی کـە لەلایـەن خەڵکـەوە چۆڵکرابـوون (22 گونـد لـە ناوچەکانـی بۆتیـان، مورتـەزان و زەرگـەزۆر) دوای ئـەوەی ئاشـکرابوو کـە بەتـەواوی لایەنگـری چەتەکانـن سـووتێنران. لەکاتـی سـووتاندنەکەدا، دەنگـی تەقینی فیشـەک و باروت لـە ماڵەکانەوە دەبیسـترا. لەنێـو کای ماڵـەکان دا جەسـتەی سـووتاوی چەندیـن چەتـە بەدیکـرا و ناسـرانەوە. دوای نزیکبوونـەوەی مەفـرەزەکان لەنێـو دێیـەکان، زۆر لـەو کەسـانەی کـە چەکەکانـی دەسـتیان فڕێدابـوو و شـێوەیەکی دەسـتکردی بـێ تاوانانەیـان بـە خۆیـان دابـوو، یەکسـەر لەوێـدا لەنێوبـران. چەندیـن چەتەی ناسـراو و چەکدارەکانیشـیان لـە ئۆپەراسـیۆنەکەدا کوژران. ئـەو مـەڕ و ماڵاتـەی کـە یاخیبـووەکان لێیان جێمابوو دەسـتی بەسـەرداگیرا و گۆشـتەکەیان بەسـەر سـەربازگەکاندا دابـەش کـرا، زۆربـەی بـۆ ئەلعەزیـز و دیاربەکـر نێـردرا.

لـە کۆتایـی ئـەم هێرشـە سـەربازییەدا، چیـای چۆتـەڵا تاوەکـو بەرزتریـن لووتکەکانـی لەلایـەن یەکەکانـی باکـوور و باشـوورەوە دەسـتڕێژی بەنـاودا کـرا، گشـت جێگەکانـی نیشـتەجێبوون پشـکنران، ئـەو گوندانـەی کـە پشـتگیرییان بـۆ چەتـەکان یەکلایـی بووەتـەوە کـە ژمارەیـان 60 گونـد بـوو سـووتێنران و نزیکـەی 450 کەسـیش کـوژران. دەسـت بەسـەر هەمـوو ئـەو ماڵاتەشـدا گیـرا کـە دەیانویسـت بـەرەو باشـوور بیڕفێنـن".

ئەگـەر دیقـەت بدرێت، باس لە سـووتاندنی گوند و ئاوەدانییـەکان دەکرێت.

لەو نەخشانەدا کە لەم کتێبەدا دانراون، هەموو ناوچە کوردییەکان بە ڕەنگی سوور و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت بە ڕەنگی شین پیشاندراون. واتە جیاوازییەک لەنێوان "چەتەکان" و خەڵک دا ناکرێت. هەموو ئەوانەی بانگەشەیەکی نەتەوەییان هەبووە بە "چەتە" ناوزەد کراون. لەپاڵ ئەمەدا هەموو ئەو مەڕ و ماڵاتەی کە خەڵکی هەژار و کوردپەروەر بە هەزار زەحمەت کۆیان کردوونەتەوە، بەتاڵان براون و دابەش کراون. بۆیە لەڕاستیدا "چەتەیی" لەلایەن دەوڵەتەوە بەرامبەر بە کورد کراوە. جگە لەمە، وادەردەکەوێت داگیرکاری تورکی لە بابەتی کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئەوەی کێ و کامانە دەکوژێت، پسپۆڕی پەیداکردبێت. تۆمارە فەرمییەکان سەبارەت بەرخۆدانە کوردییەکان لە ساڵی 1927دا لە ناوچەکانی لیجە، خانی، سیلوان، بیجار و خەزرۆ نووسیویانە:

"لەکاتی سەرژمێریدا بەنزیکەیی لە هەموو بەشێکی ناوچەکەدا کێشەیەک ڕوویندەداوە، تەنیا مەفرەزەیەک لە گوندی خەرتا کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی لیجەوە لە لادێکەوە تەقەی لێکراوە. لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەدا هیچ لەم خەڵکە نەکراوە و خۆیان لەژێر پەردەی بێ تاوانیدا حەشارداوە، بەڵام هەرکە مەفرەزەکە لە لادێکە نزیک بووەتەوە، دەستڕێژیان لێکراوە. ئەوانیش ناچاربوون دەست بکەنەوە؛ خەڵکی گوندەکە کاتێک دەنگی تەقەکانیان بیستووە یەکسەر هاتوون بۆ یارمەتیدانیان؛ بۆیە لەپڕێکدا ژمارەیان بووەتە 60 کەس و مەفرەزەکەیان ئابڵووقە داوە. ئیتر تاوەکو ئێوارە پێکدادان لە قازانجی چەتەکان بەردەوام بووە. دەمەو ئێوارە یەکەیەکی بەهێز لە لیجەوە فریایان دەکەوێت، بەڵام یاخییەکان تاریکییان بە هەل زانیوە و بۆی دەرچوون. لەم پێکدادانەدا ئەفسەرێک و چوار سەرباز بریندار بوون، چەتەکانیش 1012 کەسیان لێ کوژراوە. ئەم گوندە و چواردەورەکەی دواتر سووتێنران.

ئەم خەڵکەی کە پێشتر خۆیان وەک ڕاستگۆ و وابەستە بە دەوڵەتەوە

نیشـاندەدا و دەیانگـوت قەرزاربـار و شـوکرانەبژێری حکومەتـن، کەچـی سـپڵەییەکی لـەم جۆرەیـان نوانـد، ئـەم رووداوەی کـە بەسـەریان هـات بـوو بـە پەندێـک بـۆ خۆیـان و خەڵکـی دەوروبـەر لەپای ئـەو هەسـتە خراپـەی کە بەرامبـەر بـە حکومـەت و سـوپا هەڵیـان گرتبـوو. لەکاتـی گەڕان و پشـکنین لـە ناوچـەی (حوەیـدان)دا، سـەربازان خەڵکـی ناوچەکـە بەتـەواوی لەسـەر حـاڵ و کاروبـاری خۆیـان دەبینـن. ئـەم چینـە بـێ تاوانـەی خەڵـک لەبەرئەوەی بەڕاسـتی وابەسـتەی حکومـەت بـوون، هیـچ ترسـێکیان لـە حاڵـی خۆیـان و ئایندەیـان نەبـووە و بەرامبـەر بـە رووداوەکانـی چواردەوریشـیان تـەواو بـێ بـاک بـوون و خەریکـی کێڵگـە و کشـتوکاڵی خۆیـان بـوون. بـەڵام کاتێـک پشـکنین بەوپـەڕی هێزیـەوە بـەرەو باشـوور بـەردەوام بـووە، سـەرنجی ئـەوە دراوە کـە خەڵـک و گوندییـەکان وردە وردە گۆڕانیـان پێـوە بینـراوە؛ خەڵکـی ئـەم ناوچەیـەی کـە لـە کۆنـەوە لایەنگـری چەتەکانـی وەک شـێخ فەخـری و فـەوزی بـوون، چـەک، جبەخانـە و خۆراکیـان بۆیـان دابینکـردووە. بۆیـە هەندێـک لـە گوندییـەکان هەرکـە هەواڵەکەیـان بیسـتبوو بـۆ ئـەوەی لـەو زللەیـە رزگاریـان ببێـت کـە دەیخـۆن، یەکسـەر شـوێنی خۆیـان چـۆڵ کردبـوو؛ هـەر بۆیـە ئـەم جـۆرە لادێیانـە بەتـەواوی سـووتێنران. سـەرەڕای ئەمـە، مەفـرەزەکان لـە ناوچـەی حوەیـدان فریـودران بەهـۆی ریاکارییەکـی تایبـەت بـە ناوچەکـە رێگـەی ئاڵـۆزی فێـڵ و تەڵەکـەی هەندێک لـە خەڵکانی ناوچەکـە.

هاوشـێوەی رووداوەکانـی خەرتـا، لێـرەش سـەرەتا خەڵکەکـە خۆیـان وەک بـێ تـاوان دەرخسـتووە، بۆیـە میهرەبانییـان لـە رووداد نوێنـراوە. لەحاڵێکـدا زۆر لـەم گوندنشـینانە زۆرجـار بـە چەنـد کەسـێک پێشـوازییان لە مەفـرەزەکان دەکـرد، دەسـتیان دەکـرد بـە باسـکردنی ئەوەی کـە چەتەکان سـتەم و ئەشـکەنجەیەکی زۆریـان بەرامبـەر کـردوون بـەرەو چ ئاراسـتەیەک چـوون، بـەڵام لـە لایەکـی دیکـەوە هەواڵیـان دەنـارد بـۆ نـاودێ بـۆ ئـەوەی چەکەکانیـان هەڵبگـرن و بچـن بـۆ شـاخ. بـەم جـۆرە لـە هێـزی مەفرەزەکـە ئـاگادار دەبــوون، هەروەهــاش ســەریان لــێ تێکــدەدان و دەیانویســت

خافڵگیریـان بکـەن. دوای ئـەم پێشـوازییە جوانـەی کـە ماوەیەکـی کەمـی خایانـدووە، ئەوانـەی کـە چەکیـان هەڵگرتـووە و گوندیـان جێهێشـتووە هاوشـانی چەتـەکان مەفرەزەکەیـان داوەتـە بـەر تەقـە؛ بـەڵام خەڵکـی نـاو گوندەکـە بـەردەوام بـوون لەسـەر گێڕانـی ڕۆڵـی راسـتگۆیانە. سـەرەڕای ئەمـە، هەرچەنـدە مەفـرەزەکان لـە پشـکنینی ناوچەکـەدا چەنـدان جـار رووبـەڕووی ئـەم جـۆرە تاقیکردنەوانـە بوونەتـەوە، بـەڵام گرنگییـان بـەم گوتـە فریودەرانـە نـەداوە و ئەرکەکانیـان فەرامـۆش نەکـردووە. لەلایـەک سـەرقاڵی ئابڵووقـەی گونـدەکان و لێکۆڵینـەوە بـوون لەگـەڵ گوندنشـینەکان، لەلایەکـی دیکەشـەوە بەتوونـدی شـوێن هەڵاتـووەکان کەوتـوون. لـە دارسـتانەکانی (تەمـری) 38 کـەس لەوانـەی کـە بـەم جـۆرە مەفرەزەکانیـان هەڵخەڵەتانـد و هەڵاتـن، دواتـر گیـران و کـوژران. 31 کەسـیش کـە لـە دۆخێکـی گومانلێکـراودا گیـران و بـۆ دادگاییکـران رەوانـەی لیجـە کـران، لـە رێگـەدا هەوڵیانـداوە چەکی دەسـتی سـەربازەکان بـدزن، بۆیـە دەسـتبەجێ لەوێـدا هەموویـان کـوژران و و تێکـڕای گوندەکانی سـنووری حوەیـدان سـووتێنران.

زۆر لـە گوندەکانـی ناوچـەی باشـووری رووبـاری سـاروم، کاتێـک لەلایـەن مەفرەزەکانی جەندرمەوە پشـکنراون دەسـتڕێژیان لێکراوە و سـووتێنراون، بـەڵام بەهـۆی کەموکورتیـی پـەروەردەی سـەربازەکان و لاوازیـی ئیـرادەی ئەفسـەرەکانەوە، 45 یاخیبـوو بـە بـەردەم لوولـەی رەشاشـەکان دا هەڵاتـوون بـەرەو پـردی گۆدەرنـی. ئـەو کەسـانەی کـە ئـەم مەفرەزەیـە دەستبەسـەریان کـردوون، دوای ئـەوەی دەرکەوتـووە زۆربەیـان سـەر بـەو چەتانـەن کـە لـە ناوچـەی (مـوڕات گونـەی) 15 رۆژ پێشـتر لـە چیاکانـەوە دابەزیـون، دەسـتبەجێ لەوێـدا هەموویـان گوللەبـاران کـراون.

پێکـدادان لەنێـوان مەفرەزەیەکـی سـوپا و چەتەکـەی سـەیفوڵڵای خانـی لە نزیـک فینـۆ روودەدات؛ ئـەم گرووپـە بچووکـە شـەڕخوازەی کە دەیانویسـت بـەرەو باشـوور هەڵبێـن، ناچـار بـە ئاراسـتەی باکوور کـراون.

مەفرەزەکانـی تـوزلا گوندەکانی نزیک شـاخی ئەسـحابی کەهف دەپشـکنن.

سـەربازەکان لە زۆر لە گوندەکان دا هەندێک نیشـانەی گوماناوییان لەسـەر دانیشـتووانەکان بینیـوە؛ بـۆ نموونـە، لـە شـوێنێکدا کە وەک سـەنگەر بووە قەوانـی فیشـەک دۆزراوەتـەوە، لـە هەندێـک شـوێن قافڵـەی ئەرزاقـی قەرەقۆڵـەکان کەمینیـان بـۆ دانـراوە، زوو زوو هێڵەکانـی تەلەگراف لەکاتی ئۆپەراسـیۆنەکەدا بچڕێنـراون. جگـە لەمـە چۆڵبوونـی گونـدەکان لـە پیـاو سـەرنجی سـەربازەکانی راکێشـاوە. لـە ئەنجامـی پـرس و جوابـی منداڵەکان، دەرکەوتـووە چەنـد رۆژێـک پێشـتر بەکۆمەڵ شـوێنەکەیان بەجێهێشـتووە. لەکۆتاییـدا هیـچ گومانێـک لـە خیانـەت و یاخیبوونیـان نەماوەتـەوە؛ بۆیـە تـەواوی ئـەم گوندانـە سـووتێنراون.

زۆر لـەو چەتانـەش کـە خۆیان شـاردبووەوە بۆ ئەوەی هـەر کاتێک بیانەوێت بەدزییـەوە بچنـەوە نـاو گوندەکانیـان و لەپێنـاو چاودێریکردنـی جووڵـەی مەفـرەزەکان دا خۆیـان حەشـاردابوو، لـە شـوێنەکانیان دەرهێنـراون و 112 کەسـی چەکداریـان کـوژراوە.

لـەم ئۆپەراسـیۆنی تەمێکردنـەدا، چەنـد تابوورێک لە ناوچەی باشـووری لیجە و خانـی بڵاوەیـان پێکرابـوو و بڕیاربـوو لـە خانـی یەکتـر بگرنـەوە. ئەوەبـوو دوای ئـەوەی تابـوورەکان لـەم ناوچـە فراوانـەدا گونـدە گومانلێکراوەکانیان سـووتاند و کەسـەکانیان بەتـەواوی لەنێوبـرد، ئێـوارەی 3/11/1927 لـە خانـی یەکتریـان گرتـەوە.

لـە کۆتایـی ئـەم هەڵمەتـی تەمێکردنـەدا کـە نزیکـەی مانگێکـی خایانـد، بەگوێـرەی راپۆرتـی سـەرۆکایەتیی مەفـرەزەکان، ژمـارەی گونـدە سـووتێنراوەکان 280 و ئـەو چەتانـەش کـە لـە گونـد، چیـا و دارسـتانەکاندا گیـران و لەنێوبـراون 2000 کەسـیان تێپەڕانـدووە.

کاریگەرییەکانـی ئـەم ئۆپەراسـیۆنەی کـە لەپێنـاو پاراسـتنی خەڵکـی بێتـاوان ئەنجـام درابـوو، لـەم ناوچەیـەدا کـە دەسـەڵات و ئیعتیبـاری حکومـەت لـەرزەی تێکەوتبـوو، لـە ماوەیەکـی کـەم دا دەرەنجامێکـی مەعنەویـی گرنگـی بەدەسـتەوە دا.

خەڵکانـی گوێڕایەڵـی حکومـەت کـە سـەرقاڵی کاروبـاری خۆیـان بـوون،

تێگەیشــتن ئــەو پڕوپاگەنــدە زیانبەخشــەی کــە تاوەکــو ئەوکاتــە درابــوو بــە گوێیانــدا راســت نییــە و پەندێکــی گرنگیــان لــەو رووداوانــە وەرگــرت کــە لەبــەر چاویانــدا بەســەر چەتەکانــدا هــات. چونکــە ئــەم چینــەی خەڵــک، چەشــنی هەمــوو کوردێکــی گوندنشــینی دیکــە بەشــێوەیەکی نــەزان و ســەرەتایی دەژیــن و نەیاندەتوانــی خۆیــان لــەو ژیانــی عەشــیرەتگەرییە دەربازبکــەن کــە چەنــدان ســاڵ بــوو لەژێــر ســایەیدا دەژیــان... چونکــە مەحــاڵ بــوو ئــەم خەڵکــە تەڵقینــی کوردایەتــی بدرێــن، لەکاتێکــدا کــە هێشــتا مرۆڤێتییــان دەرک نەکــردووە... ئــەم خەڵکــە وادەزانــن مانــای ژیــان بریتییــە لــە مشــتێک دان و چنگێــک جــۆ. نازانــن کۆمــار چییــە، لەپشــت ئــەو شــاخەی تێیــدا دەژیــن چــی هەیــە و ناشــیانەوێت بزانــن... خەڵکانــی ناوچەکــە بەتــەواوی کەســانێکی گونــدی و هــەژار بــوون. ئــەو خەڵکــەی کــە لەوکاتەدا ژیانــی ســەدەکانی نێوەڕاســت دەژیــان، لــە مێشــکە کارپێنەکراوەکەیانــدا بیرۆکــەی میللەتیــان نەدەزانــی. خــۆی لە خۆیــدا فیکری ســەربەخۆیی کوردی نەدەتوانــرا لەنێــو خەڵکێکــی نــەزان دا موتووربــە بکرێــت..." وەک دەبینرێــت، بەرامبــەر بــە بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد، تەنیا لــە یــەک ئۆپەراســیۆن دا زیاتــر لــە 280 دێ ســووتێنراون و زیاتــر لــە دوو هــەزار نیشــتمانپەروەریش کــوژراون. بەکارهێنانــی ێسیفەتەکانی وەک "چەتــە"، "جــەردە" و "وەحشــی" بــۆ نیشــتمانپەروەران لەلایــەن نووســراوە فەرمییەکانــەوە شــتێکی سرووشــتییە. لێــرەدا شــتێکی باشــە ئەگــەر لەســەر ژمــارەی گونــدە ســووتێنراوەکان بوەســتین. لووســیەن رامبــوو لــە کتێبــی (کوردســتان 19181946)دا دەڵێــت 206 گونــدی کوردســتان ســووتێنراون؛ بــەڵام لــە لیســتەکەی ئــەودا گوندەکانــی ســەر بــە خانــی و بیجــار تۆمارنەکــراون. لەکاتێکــدا تۆمــارە فەرمییەکانــی دەوڵەت ژمــارەی گوندە ســووتێنراوەکانی تەنیــا ســنووری بیجــار بــە 280 گونــد دادەنێــت.

نموونەیەکــی دیکــە لەســەر پشــتگیریی بەڵگەنامــە فەرمییــەکان بــۆ یاداشــتەکانی نــووری دێرســمی: لــە هاوینــی ســاڵی 1929دا لــە ناوچــەی ئــەرۆە بەرخۆدانێــک ســەرهەڵدەدات. بەشــێک لــە تۆمــارە فەرمییــەکان

سـەبارەت تەمێکـردن و سـەرکوتکردنی ئـەم هەوڵـە بـەم جۆرەیـە:
"...

2. پێـش ئـەوەی دەسـت بـە هەڵمەتەکـە بکرێـت، نـاوی ئـەو کـەس و گوندانـە دەستنیشـان دەکرێـت کـە دژی حکومەتـن.

3. ئامانـج عەشـیرەتی ژێلیانـە. هەواڵـی ئەوەمـان پێگەیشـتووە دەروێشـییەکان و باتمانییـەکان کـە دەکرێـت یارمەتیـی ژێلیـان بـدەن، لـە بەرزاییەکانـی بـەرواری نیشـتەجێن.

7. لە هەڵمەتەکەدا ئەم خاڵانە لە بەرچاو دەگیرێن:

ب) پێویسـتە تاوەکـو کاتـی دەسـتپێکی ئۆپەراسـیۆنەکە مەبەسـتەکە بشـاردرێتەوە و هیـچ شـتێک بە سـەربازە ئاسـاییەکان نەگوترێـت. هەروەها دەبێـت دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبکرێتـەوە ئـەو ئۆتۆمبێـل و ئامێرانـەی کـە لـە خەڵکـی چـواردەور وەگیـراون بـۆ گواسـتنەوەی کەلوپـەل لـە سـێرت و میدیاتـەوە بـەرەو دیاربەکـر و ماردیـن بەکاردێـن.

پ) هـەر گوندێـک کـە لـە ئۆپەراسـیۆنەکەدا پێیدەگـەن، نابێت رێگـە بە هیچ کەسـێکی نـاوی بدرێـت دەربچێـت، بـۆ ئـەوەی هـەواڵ نەگاتـە گوندەکانـی دراوسێ.

ت. زۆر گرنگـە هەڵمەتەکـە زۆر بەخێرایـی تەواوببێـت. پێویسـتە گورزەکـە جەرگبـڕ بێـت.

8. مامەڵە لەگەڵ یاخییەکان بەم جۆرە دەبێت:

أ. داوا لە عەشیرەتی ژێلیان دەکرێت چەکەکانیان رادەست بکەن.

ب. داوای تەسـلیم کرانـی ئەوانـە دەکرێـت کـە جەندرمەیـان شـەهید کـردووە. هەریـەک لـە رەسـوڵ و ئاگیتـی بـرای دەگیرێـن.

پ. ئەگەر ئەمە نەکەن، لەلایەن حکومەتەوە وەک یاخیبوو پێناسـە دەکرێن، گوندەکانیـان دەسـووتێنرێت، دەسـت بەسـەر بەروبـووم و ئاژەڵەکانیانـدا دەگیرێـت و هەرگیـز رێ بـە هەڵاتنـی کەسـە گیـراوەکان نادرێـت.

ت. هەرگیز مل بۆ رێکەگوتن نادرێت.

... یوسف زیا وەک فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە دیاریکراوە.

... سێ فڕۆکە بەشداری لە هێرشەکەدا دەکەن.
... ڕەسوڵ و براکەی بێ بەزەییانە لەنێودەبرێن.
2. ئـەو مەفرەزانـەی کـە بەگوێـرەی ئـەم فەرمانانـە دەسـتیان بـە گـەڕان و پشـکنین کردبوو بۆ دەسـتگرتن بەسـەر چـەک و یاخییەکاندا، لـەو گوندانەدا کـە پەیوەندییـان بـە یاخیبووەکانـەوە هەبـووە، چەندیـن ئاژاوەگێڕ بـە خۆیان و خێـزان و ژن و منداڵیانـەوە گیـراون، دەسـت بەسـەر ئاژەڵەکانیانـدا گیراوە و ماڵەکانیشـیان سـووتێنراون... بـەڵام هەوڵـەکان بـۆ گرتنـی ڕەسـووڵ بـێ ئەنجام بـوون".
ئەمـە هەمـان ئـەو "ئۆپەراسـیۆنی ڕەسـووڵ"ەیە کـە پێشـتر باسـمان کـرد. ئەفسـەر (زیـا) کــە هەڵگیرسـێنەری ئاژاوەکــە بــووە، وەک فەرمانــدەی هەڵمەتەکــە دەستنیشــان کــراوە. ئەمــەش شــتێکی سرووشــتییە، چونکـە بەدرێژایـی مێـژووی کۆمـار هـەر وابـووە. ئـەو سـەرباز، جەندرمـە و پۆلیسـانەی کـە بەتایبـەت دووژمنـی خەسـڵەتە نەتەوەییەکانـی کـورد بـوون، هەمیشـە لەلایـەن دەوڵەتـەوە پاداشـت کـراون. ئەگـەر جاروباریـش لێکۆڵینەوەیەکیـش لـە دژیـان بەگەڕخرابێـت، هــەر زوو داخــراوە. عەلــی کەمـاڵ کـە لـە سـاڵانی سـییەکان پارێـزگاری ئەرزینجـان بـووە، لـە کتێبـی (مێـژووی ئەرزینجـان)دا دەڵێـت:
"... ئـەو کوردانـەی کـە ماڵیـان وێرانکرابـوو و هەڵاتبـوون، دوای گەڕانـەوەی مەفــرەزەکان، چوونــەوە شــوێنی خۆیــان و دیســانەوە دەســتیان بــە دروســتکردنەوەی خانۆچکــە سـادەکەیان کــردەوە کــە لــە چــوار دیــوار و بەڕەیـەک پێکهاتبـوو. چوونـەوە سـەر ژیانەکەی پێشـوویان... پێویسـتە بڵێم تەمێکردنەکە تەنیا ترسـاندنێکی جوزئی بوو و دوای ئەمە هیچ ڕێوشـوێنێکی ئابـووری نەگیرایەبـەر. لەکاتێکـدا بـۆ ئـەوەی کاریگەریـی درێژخایەنـی هەبێت دەبـوو لەپێنـاو لەنێوبردنی هۆکارەکانیـدا کەموکورتییـەکان وەک ڕێگەوبان و خوێندنگـە پڕبکرێنـەوە".

## ج. جێبەجێکردنی جینۆساید

لـە روونکردنەوەکانـی پێشـووەوە دەردەکەوێـت کـە حکومەتـی تـورک بەگشـتی لە کوردسـتان و بەتایبەتیش لە دێرسـم سـەرقاڵی شـتی نائاسایی بـووە. لەکۆتاییدا و لـە بەهـاری 1937دا هێـرش بـۆ سـەر دێرسـم دەسـتی پێکـرد. بابەتـی ئـەم کتێبە باسـکردنی چۆنیەتیـی کۆمەڵکوژیی خەڵکـی کورد نییـە. نـووری دێرسـمی لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (دێرسـم لـە مێـژووی کوردسـتان دا) زۆر بـە روونـی و وێنـەوە کۆمەڵکوژییەکـەی باسـکردووە. بۆ نموونـە، ژنـان، کچانـی لاو، منـداڵان و پیـرەکان لـە ئەشـکەوتەکان ئاخنران و سـووتێنراون، یـان گازی ژەهـراوی کراوەتـە ناو ئەشـکەوتەکانەوە، ئەوانەش کـە لەتـاو گازەکـە رایانکردووەتـە دەرەوە دراونەتـە بـەر دەسـترێژی گوللـە، هەندێـک لـە سـاوا و منداڵـەکان سـەربڕدراون و سـەریان بـە نووکـی نێـزەی تفەنگـەوە کـراوە، ژنانـی سـکپڕ بـە نێـزە سـکیان لەتکـراوە، هەندێـک لـە منـداڵان بـە بـەرد سـەریان پـان کراوەتـەوە تاوەکـو مـردوون. هەریـەک لـە سـووتاندنی مـاڵ، گونـد و دارسـتانەکان، کوژرانـی ئاژەڵـەکان یـان دەسبەسـەرداگرتن و بەخشـرانیان بـە سـەربازگەکان، ژەهراویکردنـی سـەرچاوە ئاوییەکانیـش لەو سیاسـەتە بنەڕەتییانـە بوون کـە پەیڕەوکراون. لەکاتی ئەنجامدانی جینۆسـایدەکەدا، ئەوانەی کە ویسـتوویانە سیاسـەتێکی نەرمتـر و مرۆڤانـە بەکاربهێنرێـت، لـە کارەکانیـان دوورخراونەتـەوە و دۆسـیەی لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر کراوەتـەوە. لـەم بارەیـەوە نـووری دێرسـمی دەڵێـت:

"... مەعـروف تۆفیـق پاشـا کـە یەکێـک بـوو لـە فەرمانـدە سـەربازییە بەشـداربووەکانی ئۆپەراسـیۆنی دێرسـم، رەخنـە لـەو سـتەم و خوێنڕێژییـە دەگرێـت کـە دەکرێـت و تـکای جووڵانەوەیەکـی مرۆڤانـە لـە سـەرۆکایەتیی سـوپا دەکات. لەسـەر ئەمـە یەکسـەر لـە دێرسـمەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ ئەنقـەرە و لێپرسـینەوەی لەگـەڵ دەکرێت. یەکێکی دیکە لە ئەفسـەرەکان بـە نـاوی خەیـری، کاتێـک بـە دووربیـن تەماشـای دیمەنـی کوژرانـی قافڵـەی

گیراوەکانی کـورد و ئـەو ژنانـە دەکات کـە منداڵیـان لـە باوەشـدایە، هێندە دەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی دیمەنەکـەوە، یەکێـک لـە منداڵـەکان وەک منداڵێکـی خـۆی دێتـە پێشـچاو؛ بۆیـە یەکسـەر لەوێـدا دەبوورێتـەوە. ئـەم ئەفسـەرە بەهـۆی ئـەم ڕووداوەوە نەخـۆش دەکەوێـت و نیشـانەکانی شـێتیی لـێ دەردەکەوێت. هـەر بۆیـە لـە سـەنگەری پێشـەوە بـەرەو دواوە دەکشـێنرێتەوە. ترسـناکیی ئـەم کارەسـاتەی کـە بەسـەر کـورد هێنـراوە هێنـدە گـەورە بـووە، مێشـکی ئەفسـەرێکی دووژمنـی تێکـداوە.

هەروەهـا سـەبارەت جینۆسـایدی دێرسـم، لـە کتێبـی (جووڵانەوەکانـی نەتـەوەی کـورد و شۆڕشـەکانی کوردسـتانی عێـراق)دا نووسـراوە:

"... دوای کوژرانـی یـەک بـە یەکـی سـەرکردەکان، هێزەکانـی بەرگریـی دێرسـم (بەتایبـەت دێرسـمی ڕۆژئـاوا) بەتـەواوی بـێ ڕابـەر بـوون. لـە بەهـاری 1938دا حکومـەت ڕایگەیانـد هەمـوو ئـەو یاخیبووانـەی کـە چەکـەکان تەسـلیم دەکـەن لێخۆشـبوون دەیانگرێتـەوە. لەسـەر ئەمـە، بەنزیکەیـی هەمـوو خەڵکـی کاراباڵ، فەرهـاد، پیلوانـک، شـێخ، مەمـەدان و کاراجاسـەییدەکان کـە خۆیـان بەدەسـتەوە دابـوو لەنێوبـران. دوای ئەمـە، ئەندامانـی عەشـیرەتی مازگێـرت و قوڕەیشـان و هەروەهـا کوردانـی عەشـیرەتی یوسـفان و بەختیـار کـە زۆربەیـان ژن و منـداڵ بـوون، بەبـێ جیاوازیـی شـیرخۆر، سـکپڕ و پیـر، پێکـەوە و زۆربەیـان بـە چەقـۆ کـوژران.

لـە کۆتاییەکانـی هاوینیشـدا ئەندامانـی عەشـیرەتەکانی خۆرمـەکان، قوڕەیشـان، ئـالان، مازگـرت و باباسـووران بـە گازی ژەهـراوی، چەقـۆ یان سـووتاندن کـوژران. هـەزاران کچـی لاوی دێرسـمی بـۆ ئـەوەی نامووسـی خۆیـان بپارێـزن، لـە بەرزاییەکانـەوە خۆیـان فڕێدەدایـە خـوارەوە.

ئەمـە ترسـناکترین و وەحشـیترین جینۆسـاید بـوو کـە مێـژووی دونیـا بەخۆیـەوە بینبێتـی. نەتەوەیـەک تەنیـا لەبەرئـەوەی ڕەتیکردبـووەوە کۆیلایەتـی و توانـەوە قبـووڵ بـکات، لـە ناوجەرگـەی خاکـی باپیرانیانـدا، کۆمـەڵ بـە کۆمـەڵ بـە گازی ژەهـراوی، گوللـە و نێـزە کـوژران".

مستەفا کەمال کە یەکێکە لە جێبەجێکارە سەرەکییەکانی ئەم جینۆسایدە، لە بەرچاوی رای گشتیی جیهان دا هەمیشە خۆی وەک خەمخۆر و پاڵپشتی ستەملێکراوان پیشانداوە. بۆ نموونە، بەوپەڕی توونـدی رەخنـەی لـە داگیرکرانی حەبەشـە لەلایـەن موسـۆلینییەوە و وەسفکرانی خەڵکەکەی بە "وەحشی"، گرتووە. دەستەواژەی "کەمتیارێک کە پۆستاڵی سەربازی لە پێ کردووە"ی بەکارهێناوە. (یۆهانێس گلاسنیک، کەمال ئەتاتورک و تورکیای هاوچەرخ). لەکاتێکدا کەمالیستەکان بۆ داگیرکردنی کوردستان و لەنێوبردنی کورد زۆر لە موسۆلینی بەرامبەر ئەریتیریا خراپتریان کردووە.

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە دژی بەرگریی نەتەوەیی کورد لە ساڵی 1937دا دەرکراوە و کۆدی "زۆر نهێنی" لەسەر بووە: راپۆرتەکانی رووداوەکانی ئەم دواییەی تونجەلی لە رێکەوتی 4/5/1937 و لە حزووری ئەتاتورک و مارشاڵ دا خوێنرانەوە و گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1. هێزە چەکدارەکان تاوەکو خوارووی نازمییە، کەچی گەزەک، سین و کارائۆغڵان لە هێرشی توند بەردەوام دەبن.

2. ئەم جارە خەڵکی ئەو ناوچانەی کە یاخیبوون دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. بۆ مەبەستی کۆکردنەوەکەش، بەسەر گوندەکاندا دەدرێت، بەم جۆرە چەک و هەروەها خەڵکیش کۆدەکرێنەوە.

ئێستا حکومەت کاری بۆ گواستنەوەی 2000 کەس کردووە.

تێبینی: ئەگەر هێرشەکە تەنیا جەخت لەسەر بەرەوپێشچوونی سەربازی بکات، ئەوکات خانە و لانەی یاخیبووەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە پێویستە ئەوانەی چەکیان بەکارهێناوە و بەکاری دەهێنن بۆ هەتاهەتایە لەکاربخرێن، گوندەکان بەتەواوی لەنێوببرێن و خێزانەکان بگوازرێنەوە. هەروەها بەبێ سڵکردنەوە لە خەرجکردنی پارە، دەبێت هەوڵبدرێت زۆرترین کەس لەناویان بکرێن و بەکاربهێنرێن." (لە کتێبی -مێژووی یاخیبوونەکان لە کۆماری تورکیادا-ەوە)

وەک دەبینرێـت، بـە ئامادەبوونـی مسـتەفا کەمـال و فـەوزی چاکماکـی سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای تورکیـا، بگـرە بـە فەرمانـی ئـەوان بڕیارەکانـی رەشـەکوژیی خەڵکـی دێرسـم دەردەکرێـن و جێبەجێدەکرێـن. داوادەکرێـت ئەوانـەش کــە بەسـاخی دەمێننــەوە، بــەرەو رۆژئــاوا نەفیبکرێــن. لــە مەسـەلەی دەسـتنەگرتنەوەش لـە خەرجکردنی پـارەدا، سیاسـەتی "پەرتکە و زاڵبـە" پەیـڕەو دەکرێـت.

ئـەم بڕیـارە نهێنییـەی ئەنجوومەنـی وەزیـران بەوپـەڕی روونـی سیاسـەتی داگیرکارانـەی دەوڵەتــی تــورک ئاشــکرا دەکات. وەکــو دەبینرێــت، لــەم نووسـراوەدا بەهیـچ جۆرێـک بـاس لـە سـەرۆک عەشـیرەت، شـێخ و ئاغـا ناکرێـت، چونکــە ئەمــە بەڵگەنامەیەکــی زۆر نهێنیــی دەوڵەتــە و بــۆ رای گشــتی نییــە. لــەم بڕیــارەدا، پلانــی جینۆســاید لــە دژی نەتــەوەی کــورد پێویسـتی بـە شـاردنەوە نییـە، بـەڵام لـەو روونکردنەوانـەدا کـە بـۆ رای گشـتی سـەبارەت کۆمەڵکوژیـی کـورد دەرکـراون، هەوڵیانـداوە بـە شـێخ و ئاغـا و ئـەو شـتانە پەردەپۆشـی بکـەن. خـۆی لـە خۆیـدا هـەر خـودی دەسـەڵاتە داگیرکەرەکانیـش کـە دەسـت لەگـەڵ ئـەم جـۆرە دامـەزراوە کۆنانـەدا تێکـەڵ دەکـەن، چونکـە رسـتەی "دەبێـت هەوڵبدرێـت زۆرتریـن کـەس لەناویـان بکرێدرێـن و بەکاربهێنرێـن". هیـچ مانایەکـی دیکـەی نییـە. لـە کتێبـی (مێـژووی یاخیبوونـەکان لـە کۆمـاری تورکیـادا) بەتێروتەسـەلی باســی ئــەو جینۆســایدە دەکرێــت کــە لــە دێرســم کــراوە. ئەمــەش پووختەیــەک:

1. لــە تەممــووزی 1938دا ئەندامانــی خێزانــی چەتــەکان کــە پێشــبینی دەکرێـت 56 هـەزار کـەس لـە ناوچەکانـی ئیسکیسـۆر، ئاهپانـۆس و خۆران خۆیـان لەنێـو ئەشـکەوت و حەسـارەکاندا شـاردبووەوە.

لـە 21/7/1938دا، لــە هێرشــێکدا کــە لــە ســێ قۆڵــەوە کرایــە ســەر چەتەکانـی رووبـاری لاچ، ورەیـان رووخێنـرا و بەترسـەوە هانایـان بـردە بـەر ئەشـکەوتەکان، بـن بـەرد و نێـو دارەکان. ئـەو ئەشـکەوتانەی کـە چەتـەکان پەنایـان بـۆ بردبـوو و بەردەمەکانیـان بـە بـەرد گیرابـوو، لەلایـەن سـەربازە

ئازاکانمانــەوە ئابڵووقــەدران، لەپــاڵ بەکارهێنانــی تــۆپ و ڕەشــاش دا بۆمبــاش فڕێدرایــە نێــو ئەشــکەوتەکانەوە و خاپوورکــران. ئەوانــەش کــە لەتــاو گیانــی خۆیــان دەردەپەڕینــە دەرەوە، بــە گوللــە لەنێودەبــران. بــەم جــۆرە 216 چەتــە لەنێوبــران و 12 تەرمیــش لەســەر ئــاوی مونــزوور بینــران. ســەرەڕای ئــەم پێکدادانــە خوێناوییــە، هەندێــک لــە ئەشــکەوتەکان هــەر بــەردەوام بــوون لــە بەرگــری.

لــە 24/7دا "هەڵمەتــی گــەڕان و پشــکنینی مــوڕاد" بــەردەوام بــوو. 42 چەتــە کــە لەژێــر ئابڵووقــەدا بــوون لــە ترســی ئــەوەی ئەشــکەوتەکەیان بتەقێنرێنــەوە خۆیــان بــە دەســتەوە دا. لەنێویانــدا حوســێنیش هەبــوو کــە یەکێکبــوو لــە چەتــە نێودارەکانــی ناوچــەی دەمەمــان و بــە 35 ســاڵ زیندانی حوکــم درا.

لــە ڕۆژی 14/8/1938دا، دوای ئــەوەی هەواڵ گەیشــت کە لە 9 ئەشــکەوتدا چەتــە و ســەرۆکەکانیان خۆیــان حەشــارداوە، یەکەیەکــی جەندرمــە چــوو بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەیــان و لــە ئەنجامــدا دوو ســەرباز کــوژران و چواریــش برینــدار بــوون، بــەڵام دوای ئــەوەی هێــزی پشــتیوانی دەگات، ســەرلەنوێ ئەشــکەوتەکان ئابڵووقــە دەدرێــن و فەرمانیــان پێدەکرێــت کــە کەســەکانی نێــوی لەنێوببرێــن. لــە هێرشــێکی دیکــەدا، لەنێــوان چیــای یــڵان و گەلــی عەلــی دا 65 چەتــە لەنێوبــران. فیرقەکــە لەنێــو گەلییەکــەوە ســەرکەوت و دەوری دوو ئەشــکەوتی دا و دایــە بــەر تــۆپ. لــەم پێکدادانــەدا چەتــەکان زیانێکــی زۆریــان لێکــەوت.

دوانیــوەڕۆی 15/8 عەشــیرەتی یوســفان کۆدەکرێنــەوە و لــە ڕێگــەدا کاتێــک دەبرێــن بــۆ مامەکییــە، چەتەیــەک لەنێــو قافڵەکــەوە دەردەپەڕێــت و ئەفســەرێک بــە نــاوی نەجیــب بــە خەنجــەر دەکوژێــت. لــەم پشــێوییەدا کــە دەکەوێتــەوە، 49 کــەس لەنێودەبرێــن کــە دەیانەوێــت هەڵبێــن. لــە پشــکنینەکانی ڕۆژئــاوای ئــاوی مونزووریــش دا و لــە گوندەکانــی زەمبــەق، هیــچ، خڕنــک و بۆینــاک کــە لــە کۆنــەوە یارمەتیــی چەتەکانیــان داوە، 395 چەتــە بەکــوژراوی کەوتنــە بەردەســتان.

لـە 16/8/1938دا فڕۆکــەکان قافڵەیــەک کــە 500 کــەس دەبــوون و ئاژەڵیـان پێبـوو، دەکـەن بـە ئامانـج و تـۆپ و گوللەیـان بەسـەردا دەبارێنـن. لـە 19/8/1938دا و لــە هەڵمەتــی پشــکینینی دووەم دا، لــە گوندەکانــی ناوچـەی قەڵاسـۆن و سینسـین 290 چەتـە کـە بەرگرییـان لـە خۆیـان دەکرد لەنێوبـران. لـە دوایـن ئـەو قاڵەیەشـدا کـە لـە مازگـرت کۆکرایـەوە، 52 چەتـە ویسـتیان رابکـەن، بۆیـە لەنێوبـران.

فیرقــەی هەشــتەم کــە بــەرەو شــوێنی کۆکردنــەوە دەڕۆیشــت، لــەو گــەڕان و پشـکنینانەدا کـە لـە نـاوەوە و دەرەوەی ناوچـەی قەدەخەکـراودا ئەنجامـدران، لێـرە و لـەوێ چەندیـن یاخیبـوو لەنێوبـراون و 170 کـەس لـە بەرگــری بــەردەوام دا بــوون کــوژراون، گونــد و کێڵگەکانــی ناوچەکــەش ســووتێنراون.

یەکـەی 15ش بـە هەمـان شـێوە لـەو پشـکنینانەدا کـە کردوونـی، 150 چەتـەی  دیکـە لەنێوبـراون، گونـد و باخەکانیان سـووتێنراوە. لـەم نێوەندەدا جەندرمـە گەڕۆکەکانیـش 67 گونـدی دیکـە گـەڕان و سـووتاندیانن.

یەکـەی 14ی پیـادە لـە هەڵمەتـی کۆتایی پاککردنـەوە لە ناوچەکـەی خۆیدا، 69 کەسـی  دیکـەی لەنێوبـرد. قافڵەیەکـی 381 کەسـیش کـە لـە پیـاو، ژن و منــداڵ پێکهاتبــوون بــەرەو ئەلعەزیــز گواســتەوە کــە بڕیاربــوو لەوێــوە بـەرەو رۆژئـاوا نەفـی بکرێـن.

لـە 615/9/1938دا بەگوێـرەی فەرمانەکانـی سـوپا ئۆپەراسـیۆنی پشـکنین بەوپـەڕی جددییـەت و توندوتیژییـەوە بـەردەوام بـوو. سـەربازەکان گشـت ئەشـکەوت، بـن بـەرد و ئـەو جێگەیانـە گـەڕان کـە دەکرێـت ئینسـان خـۆی تێـدا بشـارێتەوە. زۆربــەی ئەشــکەوتەکان بــە چەکــی ســووک و قــورس لەنێوبــران و ســەدان چەتــە لەنێوبــران. دوو ئەوەنــدەش کۆمەڵــی ژن و منـداڵ گیـران. هەروەهـا سـەدان ئـاژەڵ، چـەک و جبەخانـەش دەسـتیان بەسـەردا گیـرا. ئـەو گوندانـەی کـە چەتـەکان تێیانـدا بەرگرییـان دەکـرد، تاکـە ماڵـەکان، حەسارەکان و تەنانـەت کێڵگـە و باخەکانیـش سـووتێنران. (لاپــەڕە 477)

لـە ناوچـە پشـکنراوەکەدا، لـە مـاوەی 17 رۆژدا 7954 کـەس کـوژراون یـان بەزیندوویی سـووتێنراون. (لاپـەڕە 478)

... ئـەو سـەرۆک و رابەرانـەی کـە رێکخـەری یاخیبوونەکان بـوون لە تونجەلی، گـیران و لـە ناوچەکـە دوورخرانـەوە. بـەم جـۆرە تونجەلـی لەکۆتایـی و لـە مـاوەی دوو سـاڵ دا بەتـەواوی پـاک کرایـەوە، کرایـە ناوچەیەکـی هێمـن و ئـارام. (لاپـەڕە 479)

هەڵمەتـە توونددوتیژەکانـی پکشـنین کـە لـە 1937ەوە بـەردەوام بـوون، چونکـە زۆربـەی هانـدەران و هەڵگیرسـێنەرەکانی لەنێوبردبوو و ئەوانەشـی ترسـاندبوو کـە مابوونـەوە، پێشـبینی دەکرێـت رووبەڕووبوونەوەکە ئاسـان بچێتـە پێشـەوە. (لاپـەڕە 480)

دەبێت خاوەن پۆستەکان خەڵکی تونجەلی نەبن. (لاپەڕە 480)

هەڵمەتەکانـی لەنێوبـردن، 'ترسـاندن'، سـەرکوتکردن، کۆمەڵکـوژی و جینۆسـاید کـە بەرامبـەر نەتـەوەی کـورد کـراون، لـە نووسـراوی فەرمـی و سـەربازیدا بـەم جـۆرە باسـکراون. رووخانـدن و سـووتاندنی دێیـەکان، کوژرانـی گـیراوەکان چ لە شـوێنەکانی کۆکردنـەوە و چ لە رێگەدا بە بیانووی جۆراوجـۆر، رووخانـدن و تەقاندنـەوەی ئەشـکەوتەکان کـە پڕبـوون لـە ژن و منـداڵ... ئەمانـە تەنیـا ئـەو شـتانەن کـە لـە بەڵگەنامـە فەرمییەکانـدا باسـکراون. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە رووداوە راسـتەقینەکان زۆر لەمـە ترسـناکتر بـوون. ئەگـەر سـەرنج بدرێـت، هەمـوو چالاکییـەکان وەک سـەرکەوتنی سـوپای قارەمـان و سـەربازی دلێـر وەسـف دەکرێـت.

پێشـتر جەختمـان زۆر لـەوە کـردەوە کـە (یاسـای ئیـدارەی تونجەلـی) بڕیـاری زۆر قورسـی لەخۆگرتـووە. لێـرەدا دەردەکەوێـت یاسـاکە بـۆ ئـەوە دەرکـراوە کـە بەبێ دادگا و لێپرسـینەوە رەشـەکوژی بکرێـت. چونکە خودی یاسـاکە ئارەزوومەنـدی و رەوادان بـە توونددوتیـژی لەخۆدەگرێـت. خـۆی لـە خۆیـدا لـە سـاڵانی 19271929دا کـە ئەم یاسـایە نەبـووە، جێبەجێکردنەکان هـەر وابـوون. لـە رووداوەکانـی ناوچەکانـی لیجـە، خانـی، بیجـار، سـیلوان، خـەزرۆ، ئـەرۆ و رامانـدا بەبـێ ئـەوەی هیـچ دادگاییـەک بکرێـت گونـدەکان

ســووتێنراون. نیشــتیمانپەروەر و ئەمەککێشــەکانی کــورد بەکۆمــەڵ کــوژراون. جینۆســاید بەرامبــەر بــە نەتــەوەی کــورد، لــە ســەردەمی تــاک حیزبیــدا، لــە هەمــوو لایەکــی کوردســتان دا پەیڕەوکــراوە. ناشــبێت هەرگیــز ئــەوە لەیــاد بکرێــت کــە ئــەوکات پارتــی گەلــی کۆمــاری CHP دەســەڵاتدار بــووە.

## د) سیاسەتی : پەرتکە و زاڵبە

دەوڵەتــی داگیــرکار لــە کوردســتان بــە هاندانــی عەشــیرەتەکان لــە دژی یەکتــر سیاســەتی "پەرتکــە و زاڵبــە"ی بەکارهێنــاوە. ناکۆکییــە بچووکەکانــی نێــوان خێــزان و عەشــیرەتەکانی وروژانــدووە و گــەورەی کــردوون. کاتێــک ویســتوویانە عەشــیرەتێک دابــەش بکەن، ئــەم ناکۆکییانەیــان قۆزتووەتەوە، پشــتی لایەکیــان گرتــووە و هەوڵــی قووڵکردنــەوەی دووژمنایەتییەکەیــان داوە. لــەم سیاسەتەشــدا ســەرکەوتوو بــوون. بــۆ نموونــە، لەپێنــاو جێگیرکردنــی سیاســەتی داگیرکاریــی لــە دێرســم دا، لەنێــو عەوامــی خەڵــک دا پڕوپاگەنــدەی "مســتەفا کەمالیــش عەلەوییــە" زۆر بەکارهێنــراوە. بــەم جــۆرە داگیرکارانــی تــورک هەوڵیانــداوە دۆزی نەتەوەیــی کــورد لــە ململانێ مەزهەبییەکانــدا بتوێننــەوە.
ڕووداوی "خیانەتــی ڕەهبــەر" یەکێکــە لــە نموونــە سەرنجڕاکێشــەکانی ئــەم سیاســەتی دابەشــکارییە. شــتێکی بەســوود دەبێــت ئەگــەر هەڵوێســتەی لەســەر بکەیــن. ڕەهبــەر بــرازای ســەیید ڕەزا بــووە. ڕەهبــەر لەگــەڵ ســەیید ڕەزای مامــی دا هەندێــک ناکۆکیــی خێزانی هەبووە. بۆیــە دژی بۆچوونەکانی مامــی ســەبارەت نەتــەوەی کــورد و ڕزگاربوونی کوردســتان دەوەســتێتەوە. داگیــرکارە کەمالیســتەکان هەســت بەمــە دەکــەن و پەیوەنــدی بــە ڕەهبــەرەوە دەکــەن. لــە ماوەیەکــی کــەم دا دەیکەنــە هــاوکار و ســیخوڕی خۆیــان. کــورد، بەتایبــەت ســەیید ڕەزا ئــاگاداری ئەمــە بــوو. دەیزانــی ڕەهبەر کەســێکی متمانەپێنەکــراوە، بــەڵام کەمالیســتەکان بــە بڵاوکردنــەوەی

دەنگـۆی "رەهبـەر بـۆ ئـەوەی رای گـشـتیی کـورد فریوبـدات، لە 'خـۆزات'ەوە رایکــردووە و یارمەتیــی هێــزە یاخیبــووەکان دەدات"یــان بەئەنقەســت بڵاوەکــردەوە؛ تاوەکــو رەهبــەر لــە ســەیید رەزا نزیــک بکەنــەوە. نــووری دێرسـمی لـە کتێبـی (دێرسـم لـە مێـژووی کوردسـتان دا) دەڵێـت:

"... رەهبـەر و هەندێـک لـە چواردەورەکـەی سـەرەتا لەگـەڵ عەشـیرەتی بەختیـار یەکیـان گـرت. رەهبــەر وەک جاسوســی تورکــەکان چووبــووە نێـو کـوردەوە و رۆژانـە ئـەو هەواڵانـەی کـە لەسـەر هێـزە کوردییەکانـی دەسـتی دەکەوتـن دەگواسـتەوە بـۆ تورکـەکان.

رەهبـەر هـەواڵ دەنێرێـت بـۆ سـەیید رەزای مامـی کـە دەیەوێـت دەسـتی مــاچ بــکات و داوای لێبــووردن بــکات، لــە سیاســەتی حکومەتــی تورکــی تێگەیشـتووە و ئێسـتا رقـی لێیانە، دەیەوێت بەرامبەریان بجەنگێت؛ سـەیید رەزا دەڵێـت بـاوەڕی بـەم قسـانە نییـە، بـەڵام سـەرۆک عەشـیرەتەکانی دیکـە، سـەرەڕای رێنمایـی و پێداگریـی سـەیید رەزا، متمانـە بـە رەهبـەر دەکـەن و رازی دەبـن بێـت لـە سـەنگەری بـەرەی رۆژئـاوا بجەنگێـت.

رەهبــەر، بەگوێــرەی ئــەو درۆیــەی رێکیخســتبوو، لەگــەڵ یەکێــک لــە ئامۆزاکانیـدا، لـە ناوچـەی سـەر "عەلـی شـێر"دا کـە پیـاوی دەستەڕاسـتی سـەیید رەزا بـوو، دەسـت بـە جەنـگ دەکات. خـۆی لـە خۆیـدا پێشـتریش رەهبــەر وەک جەنــگاوەر، ســوارچاک، ئــازا و بوێــر ناســراو بــوو.

ئامانجـی یەکەمـی جەنـەڕاڵ ئاڵپدۆغـان ئەوەبـوو عەلـی شـێر لەنێوبەرێـت. بۆیــە پلانــی ئــەوە دانرابــوو کــە رەهبــەر بــە مەبەســتی خەڵەتانــدن 15 رۆژ بجەنگێـت. رەهبـەری فێڵبازیـش لـەم ماوەیـەدا جگـە لـە سـەیید رەزا، متمانــەی هەمــوو ســەرۆکەکانی دیکــەی بــە عەلــی شێریشــەوە بەدەســتهێنابوو.

مەڵبەنـدی سـەیید رەزا لـە "خەلـۆری وانـک" و مەڵبەنـدی عەلی شـێریش لە "ئاغـدات" بـوو. رەهبـەر چونکـە بـەردەوام عەلـی شـێری دەبینـی، ئـاگاداری گشـت پلانەکانـی سـەیید رەزاش بـوو.. رۆژێـک رەهبـەر لەگـەڵ 8 چەکداری خۆیـدا دەچێـت بـۆ سـەردانی عەلـی شـێر. عەلـی شـێر پرسـیاری هـۆکاری

ئـەم سـەردانە لەنـاكاوەی لێـدەكات. ئەویـش دەڵێـت برسـی و مانـدووە و چەنـد كاژێرێـك پێویسـتی بـە پشـووە. كاتێـك عەلـی شـێری دامـاو خەریكـی ئامادەكردنـی خـواردن دەبێت بۆ میوانەكانـی، لەلایەن رەهبـەرەوە دەدرێتە بـەر دەسـتڕێژ. هاوژینەكـەی بەسەرسـووڕمانەوە خـۆی دەدات بەسـەر لاشـەی مێردەكەیـدا و دەڵێـت "هەڤالـێ مـن نەكـوژن". كاتێـك دەبینێـت مـردووە، دەمانچەكـەی دەردەهێنێـت و تەقـە دەكات. فیشـەكێك بـەر سـەر یەكێـك لـە پیاوەكانـی رەهبـەر دەكەوێت و دەیكوژێت. لەسـەر ئەمە، رەهبـەر ئـەم ژنـە پاڵەوانـەی كوردیش لـە تەنیشـت مێردەكەیـدا دەكوژێت. رەهبـەر كـە لەكـەی رەشـی سـەر رووخسـاری كوردایەتـی و مرۆڤایەتییـە و لـە مێـژووی شـەڕەكانی كوردسـتان دا بـۆ هەتاهەتایـە نـاوی وەك خاینێـك یـاد دەكرێتـەوە، سـەری عەلـی شـێر و هاوسـەرەكەی لێدەكاتـەوە، لـە شـەوی هەمـان رۆژدا خـۆی دەپەڕێنێتـەوە بـۆ ناوچـەی توركـەكان. دوای ئـەوەی ناسـنامەی شـەهیدەكان یەكلایـی دەكەنـەوە، رەهبـەری خایـن بـە دەسـتی خـۆی دەچێـت لـە دائیـرەی فەرمیـدا پێشـكەش بـە ئالدۆغانیـان دەكان..." (لاپـەڕە 277-274)

لـە رووداوی خیانەتـی رەهبـەر دا، زیاتـر دەبێـت لەسـەر كوژرانەكـەی بوەسـتین نـەك سـیخوڕییەكەی. نـووری دێرسـمی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: "لـەدوای لەسـێدارەدانی سـەیید رەزا، مسـتەفا كەمـال و عیسـمەت ئینۆنـو دەچـن بـۆ ئەلعەزیـز و لـە نزیكـەوە پشـكنین دەكـەن بـۆ سـوپا و مەیدانـی رووبەڕوونـەوە.[69]

رێكەوتـی ئـەم تەڵەیـەی كـە بـۆ سـەیید رەزا نراوەتـەوە 5/9/1937 بـوو، بـەڵام مێدیـای داگیـركاران بـەم جـۆرە هەواڵەكـە دەگوازنـەوە: "سـەرۆكی

69 - سـەیید رەزا لـە سـاڵی 1937دا سـەركردەی بزووتنـەوەی بەرخـۆدان و بەرگریـی كـوردی بـوو. لـە گەرمـەی پێكدادانـی حكومـەت و كـورد دا، حكومـەت داوای ئاگربەسـت و گفتوگـۆی لـە سـەیید رەزا كـرد. شـوێنی گفتوگۆكـەش دائیـرەی فەرمیـی حكومـەت بـوو لـە شـاری ئەرزینجـان. سـەیید رەزا بـەم داواكارییانـە رازیبـوو. بەتەنیـا خـۆی رۆیشـت بـۆ شـوێنی كۆبوونـەوە، بـەڵام كەمالیسـتە داگیركـەرەكان گرتیـان و خسـتیانە زیندانـەوە. چونكـە ئەمـە تەنیـا داوێـك بـوو. سـەیید رەزا لـەم بارەیـەوە گوتوویەتـی "حكومەتـا بیشـەرەف و زۆركار" و ئەمـەش وەك قسـەیەك كەوتووەتـە سـەر زمانـی خەڵـك.

چەتە و یاخیبـووەکان دەسـتگیرکرا". دواتـر سـەیید رەزا لـە ماوەیەکـی کـەم دا دادگایـی کـرا و بڕیـاری لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو. حوکمەکـە لـە 18/11/1937دا جێبەجێکـرا و تەرمەکەشـی سـووتێنرا.

کـورد لـە بابەتـی تێگەیشـتن لـەوەی کـە دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان لەپێنـاو بەرژەوەندییەکانیـان و داگیرکردنـی کوردسـتان دا ئامـادەن هەمـوو شـتێک بکـەن، شکسـتێکی گەورەیـان هێنـاوە. چونکـە کـورد هەمیشـە لەسـەر مەردایەتـی، راسـتگۆیی، بەڵێنپارێـزی و هاوشـێوەکانیان سـووربوون. ئیمپریالیسـتەکانیش ئەوپـەڕی سـوودیان لـەم خەسـڵەتانە بینیـوە.

سـمکۆی شـکاکیش لـە ئێـران بـە شـێوازێکی هاوچەشـن کـوژرا. لەکاتێکدا، سـەیید رەزا شـەش مانـگ پێـش ئـەوەی ئـەم تەڵەیـەی بـۆ بنرێتـەوە، ئیبراهیمـی کـوڕی لـە رووداوێکـی هاوشـێوەدا دەکوژرێـت. هەروەهـا حەسـەن خەیـری کـە یەکێـک بـوو لـە پەرلەمانتارانـی کـورد لـە سـاڵی 1925، لەسـێدارە دراوە. حەسـەن خەیـری یەکێکبـوو لـەو کوردانـەی کـە زۆرتریـن پشـتگیریی مسـتەفا کەمالـی کـردووە و پڕوپاگەنـدەی ئـەوەی بڵاوکردووەتـەوە کـە پێویسـت ناکات مافـی کـورد لـە پەیماننامـەی لـۆزان دا بپارێزرێـت. مسـتەفا کەمـال داوای لێـدەکات بـە جلوبەرگـی کوردییـەوە ئـەم پڕوپاگەندانـە لـە هۆڵـی پەرلەمانـەوە بڵاوبکاتـەوە، بـەڵام لـە سـاڵی 1925دا و لەکاتـی دەسـتپێکردنی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد دا، دادگا بڕیـاری لەسـێدارەدانی بـۆ حەسـەن بەسـری دەرکـرد و جێبەجێکـرد. یەکێک لـەو پرسـیارانەی کـە لـە دادگا لێیکـرا ئەمـە بـوو: "بۆچـی لـە فڵانـە رێکەوتدا بـە جلـی کوردییـەوە چوویـت بـۆ پەرلەمـان؟".

پلانەکـەی ئالپدۆغـان بـۆ لەسـێدارەدانی سـەیید رەزا گەیشـتبووە سـەرکەوتن. ئیـدی ئێسـتا نـۆرە هاتبـووە سـەر رەهبـەر. رەهبـەری خائین کـە ببـووە هـۆکاری کارەسـات بۆ مامـی و هەمـوو خەڵکی دێرسـم ـ وەک پاداشـتێک بـۆ ئـەو خزمەتـەی کـە بـە دووژمنـی کـردووە! ـ راسـتەوخۆ بـە فەرمانـی سـەرۆکایەتیی سـوپا، لەگـەڵ کوڕەکەیـدا کـوژرا.

تورکـەکان دوای کوشـتنی رەهبـەر دایـان بەسـەر ماڵەکەیـدا،

دەسـتیان گـرت بەسـەر ئـەو هـەزاران لیرەیـەدا کـە لـە ئیسـتیخبارات وەریگرتبـوون، ئەشـکەنجەیەکی زۆری ژنەکەیـان داو نەفیـان کـرد بـۆ رۆژئـاوا". (لاپـەڕە 244)

هـۆکاری سـەرەکیی کوژرانـی رەهبـەر ئەوەبـوو زۆر شـتی دەزانـی لەسـەر ئـەو کۆمەڵکوژییـەی کـە تورکـەکان لـە کوردسـتان کردبوویـان. دەترسـان لـە داهاتـوودا ئـەم نهێنییانە بدرکێنێـت. جگـە لەمـە دەزگای هەواڵگری، لە هەمـوو دیدارێکـدا 5000 لیـرەی داوە بـە رەهبـەر. ئەمەش بۆ ئـەو کاتانەی پارەیەکـی زۆر زۆر بـووە. (لـەم کاتانـەدا کیلۆیـەک گەنـم بـە 34 قـڕوش بـووە، مووچـەی پەرلەمانتـار 500 لیـرە بـووە، مووچـەی فەرمانبەرێکـی ئاسـایی دەوڵـەت 5060 لیـرە بـووە، رۆژانـەی کرێکارێـک 14 قـڕوش بـووە)، ئەگـەر ئـەوە لەبەرچـاو بگیرێـت کـە ئـەم دانیشـتنانە لەکاتـی شـەڕدا زوو زوو کـراون، مانـای وایـە کەمالیسـتەکان پارەیەکـی زۆریـان داوەتـە رەهبـەر. کەمالیسـتەکان بـە داگیرکردنـی ماڵـی رەهبـەر، هەمـوو ئـەم شـتانەیان وەرگرتـەوە کـە رەهبـەر لـە پـای خیانـەت و فرۆشـتنی کەرامەتـی خـۆی بەدەسـتی هێنابـوون.

لـە کوردسـتان بەگشـتی و لـە دێرسـم بەتایبەتـی، رووداوی سـەربڕین زۆر بـوو. سـیخوڕەکانی کەمالیسـتەکان سـەری سـەرکردە کوردەکانیـان بڕیـوە و لەبەرامبـەر بەرژەوەندیـی تایبەتیـدا پێشکێشـی دووژمنانیـان کـردووە. بۆیـە کـورد هەرگیـز نابێـت نـاوی رەهبـەر لەبیربـکات و پێویسـتە نـاو و چارەنووسـی خیانەتەکـەی لـە مێـژوودا بمێنێتـەوە.

لـە کتێبـی (یاخیبوونـەکان لـە کۆمـاری تورکیـادا 1924 - 1938) کـە بڵاوکراوەیەکـی رەسـمی دەوڵـەت و سـەربازییە، زانیارییەکـی لـەم جـۆرەی تۆمارکـردووە:

"لـە هێرشـی دێرسـم دا داوادەکرێت ئـەم نووسـراوەی خـوارەوە بـە زمانـی تورکـی لاتینـی، عوسـمانی و زمانـی ناوچەیـی، لـە فڕۆکـەوە بەسـەر خەڵـک دا دابـەش بکرێـت:

حکومەتـی کۆمـاری دەیەوێت بتانخاتە نێو باوەشـی میهرەبانـی و بەزەییەوە

و بەختەوەرتان بکات. کەسانێکی زۆر هەن لەنێوتان دا کە لەمە تێناگەن، یاخود کەسانێکی هەن لەنێوتاندا دەیانەوێت لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا ئێوە بکەنە قوربانی.
کۆمار لەبەرئەوەی ئەمە دەزانێت، بۆ دوایین جار ئاگادارتان دەکاتەوە و مەرجەکانی بەم جۆرەن: ئەو داماوانە رادەست بکەن کە ئێوە بۆ بەرهەڵستی هاندەدەن. یان دەبێت ئەوان خۆیان تەسلیم بکەن. بەم جۆرە هەمووتان بێتاوان دەردەچن. ئەوانەی تەسلیم دەکرێن جگە لە مامەڵەی دادپەروەرانەی کۆمار هیچی دیکەیان لەگەڵ ناکرێت. بەم جۆرە لووتی هیچ یەکێک لە ئێوەی هاووڵاتیی بەنرخ خوێنی لێنایێت. بەپێچەوانەوە ئەگەر قسەکانمان جێبەجێ نەکەن، ئەوا چواردەورمان گرتوون، لەلایەن سوپا تێکشکێنەرەکەی کۆمارەوە تێکدەشکێنرێن. ئەمە دوایین ئاگادارییە پڕ لە میهرەبانییەی دەوڵەت لە ماوەی 24 کاژێردا لەگەڵ ماڵ و منداڵتان دا بخوێننەوە. بیربکەنەوە و زوو بڕیاربدەن. ئەگینا ئەو هێزانەی کە لەنێوتان دەبەن دەخرێنە جووڵەوە، هەرچەندە ئێمە هەرگیز شتێکی لەم جۆرەمان ناوێت. پێویستە گوێڕایەڵی دەوڵەت بن". (لاپەڕە 390391)
ئەگەر دیقەت بدرێت رۆژی ئەم راگەیاندنە بریتییە لە 4/5/1937. ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش کە پێشتر باسمان کرد و کۆدی "زۆر نهێنی" لەسەر بوو، ئەویش رێکەوتی دەرچوونەکەی بریتییە لە 4/5/1937. لەم بڕیارەدا باس لە رووخاندن و سووتاندنی هەموو گوندە کوردییەکان و راگوێزرانی خەڵکەکانیان بۆ رۆژئاوا دەکرێت. کەچی لەم راگەیاندنەدا باس لە "بەزەیی و میهرەبانی" دەکرێت. کەوایە دەمێکە بڕیاری لەنێوبردن دەرکراوە، بەڵام ئەم راگەیێندراوە دەیەوێت فیتنە بخاتە نێو کوردەکانەوە. ئەم دوو بەڵگەنامەیەی کە لە هەمان رێکەوتدا دەرکراون نیازی راستەقینەی تورکە داگیرکەرەکان و دووڕوویيان ئاشکرا دەکات.
لە ئۆپەراسیۆنی دووەم دا بۆ سەر دێرسم کە لە ساڵی 1938دا

ئەنجامــدراوە، راگەیێندراوێکــی لــەم جــۆرە بڵاوکراوەتــەوە:
"... بۆ دانیشتووانی ناوچەکانی لێرتیک، مەرجان و بیرمان
1. هەمــوو رۆژێــک ئــەو کارە باشــانەی حکومــەت دەبینــن کــە لەپێنــاو رزگارکردنــی خەڵــک لــە هــەژاری و نەزانــی لــە دێرســم دەیــکات. هەندێــک ســتەمکاری بــێ عەقــڵ کــە ئــەم چالاکییــە جــوان و چاکانــە بــە زیانبەخــش دەزانــن بــۆ ســەر بەرژەوەندییەکانــی خۆیــان، بــە درۆ و بووختانەکانیـان هەندێـک لـە ئێوەیـان خەڵەتانـد کـە لـە چەنـد گوندێکـدا تەقــە لــە ســەرباز بکــەن و دەســت بەســەر مــاڵ و موڵکــی خەڵــک دا بگــرن. بەهــۆی ئــەم تاوانــەوە ویســتیان خەڵکانــی نــەزان لــە حکومــەت داببــڕن و بــە دڵــی خۆیــان یــاری بــە گیــان، مــاڵ و ناموســی خەڵکانــی هــەژارەوە بکــەن. حکومــەت بــە مەبەســتی کۆتایــی هێنــان بــە ســتەمی ئــەم ســتەمکارانە و رزگارکردنــی خەڵکــی بێتــاوان لــە دەســتیان ســەربازی هێنــاوە. وەک دەبینــن، چواردەورتــان بــە ســەرباز تەنــراوە. مەبەســتمان تەنیــا تەمێکردنــی تاوانبــاران و بەتایبــەت ســەرکردەکانیانە. بۆیــە:
أ) ئەوانــەی کــە بەنەزانــی تاوانیــان کــردووە یــان بــەزۆر پێیــان کــراوە، ئەگــەر بــۆ رزگارکردنــی گیانــی خۆیــان و مــاڵ و منداڵیــان متمانــە بــە دادپەروەریــی حکومــەت نەکــەن و خۆیــان رادەســت نەکەن، حیســابی ئەوەیان بــۆ دەکرێت کــە بــە دڵ تاوانیــان کــردووە؛ بۆیە شــوێنیان دەکەویــن و دەیانگرین. ئەوکات زۆر بەتوونــدی ســزا دەدرێــن.
ب) ئەگــەر ئــەم تاوانبارانــە بــە زیندوویــی یــان بــە مردوویــی ئەوانــە بگــرن و تەســلیمی حکومەتیــان بکــەن کــە بــەزۆر تووشــی تاوانیــان کــردوون، ئــەوا نــەک هــەر لــە ســزا رزگاریــان دەبێــت، بەڵکــو پاداشــتیش دەکرێــن.
2. لەنێوتانــدا بێتــاوان زۆرن. بــا ئەمانــە بــە خۆیــان و مــاڵ و منداڵیانــەوە بێــن بــۆ ناوەنــدی قــەزای پولــوور، تاوەکــو کاتــی گــەڕان بــەدوای تاوانبــاران دا جیاببنــەوە و زیانیــان بەرنەکەوێــت. حکومــەت هاوشــێوەی ســاڵانی رابــردوو، ئەمانیــش لــە میهرەبانــی بێبــەش نــاکات.
3. ئەوانــەی دەبنــە رێگــر لەبــەردەم جێبەجێبوونــی ئــەم دواییــن گوتەیــەی

حکومـەت دا، تـاوان و ئۆباڵـیـان لـە ئەسـتۆی خۆیاندایـە". (لاپـەڕە 495)
هەروەهـا لـە راگەیێندراوێکـی دیکـەدا کە دیسـان لە ئۆپەراسـیۆنی دووەم دا بـۆ سـەر دێرسـم بڵاوکراوەتەوە، نووسـراوە:
"بـە چـاوی خۆتـان دەبینـن، سـەربازەکانمان لـە هەمـوو لایەکـەوە دەورەی ئێوەیـان داوە. فڕۆکەکانیشـمان بەسـەرتاندا دەسـووڕێنەوە و دەبینـن چـی دەکـەن. شـوێنی درۆی چەنـد بـێ عەقڵێـک کەوتـن. لـە مـاڵ و کێڵگەکانتـان دوور کەوتنـەوە و دوای هـەزار و یـەک زەحمـەت خۆتـان و مـاڵ و منـداڵ و ئاژەڵتـان لەنێـو چـاڵ و ئەشـکەوتە بـێ هـەواکان هاویشـت. بەهـۆی ناڕەحەتـی و برسـێتییەوە نەخۆشـی لەنێوتـان دا سـەرهەڵدەدات. واتانزانـی بـە پەنابـردن بـۆ ئـەم شـوێنانە لـە ئێمـە رزگارتـان دەبێـت. سـەربازە قارەمانەکانمـان ئـەو چیایانەیـان تێپەڕانـدن کـە ئێـوە پشـتتان پێبەسـتبوون و بـە هەمـوو لایەکـدا بڵاوبوونـەوە. ئێسـتاش ئامـادەن بـۆ ئـەوەی بـدەن بەسـەرتاندا، بـەڵام دەوڵـەت لـە منداڵەکانی تـووڕە نابێت. هەرگیـز نایەوێت خراپەیـان بەرامبـەر بـکات. کاتێـک لـە منداڵـە بێگوێکەشـی دەدات دڵـی ئازار دەچێژێـت. دەزانیـن کـە ئێـوەش پەشـیمانن لـەوەی کردووتانـە. دەبیسـتین چـۆن لەوانـە تـووڕەن کـە ئێوەیـان تووشـی ئـەم کارەسـاتە کـردووە و نـزای خراپیـان بـۆ دەکـەن. تاکـە رێگـەی رزگاربـوون لـەم ژان و کارەسـاتە چوونەوەیـە بـۆ نێـو باوەشـی دەوڵـەت. عاقڵـەکان یەکسـەر ئەمەیـان کـرد و ئێسـتا بەئیسـراحەت لـە ئەرزینجـان، پولمـوور، نازمییـە، مازگـرت و ئۆڤاجیـک نیشـتەجێبوونە. ئەگـەر دەتانەوێـت لـە دۆخـی پەرێشـانی ئێسـتا و سـزای سـەخت رزگارتـان ببێـت، ئەوەتـا ئێمە دوایـن ئامـۆژگاری و بانگەوازی میهرەبانـی خۆمانتـان بـۆ دووپـات دەکەینـەوە. ئەگـەر دڵتـان بـە مـاڵ و منداڵتـان دەسـووتێت، ئێـوەش وەک ئێمـە بیردەکەنـەوە، بـە قسـەمان بکـەن. ئەوانـەی خۆیـان تەسـلیم دەکـەن لـە ئـازار و ناڕەحەتـی رزگاریـان دەبێـت. ئەوانـەی کـە نایێـن، سـەربازەکانمان و فڕۆکەکانمـان بۆیـان دەچن. رێگـەی رزگاری و سـەلامەتی هانابردنـە بـۆ باوەشـی دەوڵـەت و داواکردنـی بەزەیـی. کەوایە خێـرا پەنا بـۆ حکومـەت و سـەربازەکان ببـەن و کۆتایی بەم

ناسـۆر و پەرێشـانییەتان بێنـن. فەرمـان دەرکـراوە مامەڵـەی بـاش لەگـەڵ ئەوانـەدا بکرێـت کـە خۆیـان رادەسـت دەکـەن.
خەڵکانـی کوچوشـاکلی خێـرا لـە کاری نەزانانـەی چەنـد کەسـێکی ناویـان پەشـیمان بوونـەوە، پەنایـان بـۆ حکومـەت بـرد و رزگار بـوون. ئێسـتا لـە دێیەکانـی خۆیانـدا بەئیسـراحەت دانیشـتوون. تەنانـەت ئەوانـەش کـە چەتەییـان کردبـوو، سـەرقاڵی کاروبـاری خۆیانـن. بـا دۆخـی ئـەم عاقڵانـەی تونجەلـی نموونـە بێـت بـۆ ئێـوە". (لاپـەڕە 497)
وەک دەبینرێـت، لـەم راگەیێندراوانـەدا داوا لـە کـورد دەکرێـت زمـان لـە یەکتـر بـدەن. گرنگتریـن خاڵـی ئـەم راگەیاندنانـە ئەمەیـە: ئـەو تاوانبارانـەی ئەگـەر بگیرێـن دەکوژرێـن، ئەگـەر زمـان لـە هاوڕێیەکانیـان بـدەن و زانیاریی پێویسـت بـدەن، نـەک هـەر رزگاریـان دەبێـت، بەڵکـو پاداشـتیش دەکرێـن. واتـە دەوڵـەت ئامادەیـە کار لەگـەڵ ئەوانەشـدا بـکات کـە بـە "تاوانبـار" حیسـابیان دەکات. لایەنێکـی  دیکـەی سەرنجڕاکێشـی بریتییـە لـە زمـان و گوتـاری بەیاننامـەکان: "ئێمـە"ی تورکـی پێشـکەوتوو و "ئێـوە"ی کـوردی دواکەوتـوو.  لـە راگەیێندراوەکانـدا وا پێشـچاو دەخرێـت گوایـە "خەڵـک دەپارێزیـن"، "ئەوانـەی تەسـلیم نابـن دووژمنـی سەرسـەختمانن"، "کەسـێک خـۆی رادەسـت نـەکات کەواتـە تاوانبـارە". ئـەم رەفتـارە بـەزۆری لـە هێـزە ئیمپریالیسـتییەکانی دیکەشـدا دەبینرێـت.
سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە لـە سـەردەمی عوسـمانییەکانەوە پەیڕەوکراوە، بـەڵام لـە کۆمـاری نـوێ دا شـێوەیەکی رەگەزپەرسـتانەتر و داگیرکارانەتـری وەرگرتـووە. بـۆ نموونـە، سـەبارەت بەرگریـی عەشـیرەتی رامـان لـە سـەروبەندی شۆڕشـەکەی شێخ سەعیددا، سـەرۆکایەتیی سوپا فەرمانێکی لـەم جـۆرەی دەرکـردووە:
"جەمیـل چەتـۆ زۆر بەباشـی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت. بەرپرسـانی ئیداری و سـەربازیی ناوچەکـە پێیانوایـە دەکرێـت سـوودێکی زۆر لـە سـەکردەکانی عەشـیرەتی کەفەرجـوس ببینرێـت، چونکـە دووژمنـی سەرسـەختی رامانییەکانـن". (لاپـەڕە 151)

ئەم نموونەیە بەڕوونی دەریدەخات کە بەدرێژایی مێژووی کۆمار ئەوە دەوڵەت بووە کە لەگەڵ شێخ، ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان لە پەیوەندیدا بووە و بەپێوە هێشتوونیەتەوە. داگیرکاریی تورکی، بەرامبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی یاخود گریمانی سەرهەڵدانی، هاوبەش و هاوکاری ئەم دامەزراوە کۆنانە بووە، بەڵام زۆر کارامایانە ئەمەی پەردەپۆش کردووە و تەنانەت ئەمەی بە ناوی "شۆڕشگێڕی"یەوە بە تورکە "چەپ"ەکان فرۆشتووە. چونکە بەردەوام بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی وەک دنەدانی شێخ و سەرۆک عەشیرەتەکان پیشانداوە، لەکاتێکدا خۆی بەردەوام لە رێککەوتندا بووە لەگەڵیان. هەروەها ئەم نموونەیە دەریدەخات کێ هاندەری دووژمنایەتیی نێوان عەشیرەتەکانی کوردستانە.

# 6. بیرۆکراسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە لەکاتی دەرکرانی و جێبەجێکردنی یاسای تونجەلی دا

بـا لـە رێـی هەندێـک هـەواڵ و نووسـین کـە لەکاتـی دەرکـران و جێبەجێکردنـی یاسـای تونجەلـی دا لـە میدیـای تورکـی دا بڵاوبوونەتـەوە، چاوێـک بـە پەیوەندییـە بیرۆکراتییـەکان و پەیوەندییەکانـی تورکیـا لەگـەڵ وڵاتـان دا بخشـێنین:

1. شـوکرو کایا، وەزیری ناوخـۆ، لە وتارێکدا بەبۆنەی کرانەوەی کۆمپانیایەک لـە شـاری وان دەڵێت: "دەریاچـەی وان لـە قۆناخـە سـەرەتاکانی تورکێتی دا سـەنتەرێکی گرنگ بووە."

2. تۆفیـق روشـدو ئـاراس، وەزیـری دەرەوەی تورکیـا، سـەبارەت نیشـتەجێکردنی کوردە عێراقییەکان لە سـووریا، بۆچوونی خۆی خسـتەڕوو.

3. مەحمـود ئەسـعەد بۆزکـورت لـە وتـاری (دەسـتوورەکانی نەتەوەچێتی و مافـی کار)دا دەڵێـت: "کەمالیـزم تەنیـا بـۆ نەتـەوەی تـورک نەتەوەچییە".[70]

---

70 - پێویسـتە بەگرنگییـەوە لەسـەر ئـەم رسـتەیە بوەسـتین. چونکـە بـە مانـای ئـەوە دێـت کـە نەتـەوەی تـورک لەوانـی دیکـە بەرزتـرە و دەتوانێـت بیانخاتـە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە و بیانکاتـە خزمەتـکار و کۆیلـەی خـۆی. لەڕاسـتیدا کەمالیسـتەکان هـەر کاتێـک دەسـتیان رۆیشـتبێت ئـەم بۆچوونەیـان جێبەجێکـردووە. کوردسـتان و (هەتـای) نموونـەن لەسـەر ئەمـە.

هەمـان دروشـم لەلایـەن نازییەکانـی ئەڵمانیاشـەوە بەوپـەڕی جۆشوخرۆشـەوە بـرەوی پێـدەدرا. نازییەکانیـش دەیانگـوت تەنیا نەتـەوەی ئەڵمـان دەتوانێـت ئیددیعـای ناسـیونالیزم بکات و ژێردەسـتەیی ئەوانیدیکە شـتێکی سرووشـتییە.

بۆچوونـی ئـەوەی کـە کەمالیـزم تەنیا بـۆ تورکـەکان نەتەوەچییـە، ئەمـڕۆ لەپـاڵ جەهەپـەدا لەلایـەن گشـت پارتەکانـی دیکەشـەوە قبووڵکـراوە. سـەرکردەکانی وەک بولەنـت ئەجەویـت، ئالپئارسـلان تورکـەش، تورهـان فەیـزی ئۆغڵـو، فـەرووخ بۆزبەیلـی و هاوشـێوەکانیان دەڵێـن لـە تورکیـادا تەنیـا نەتـەوەی تورک دەژی و تەنیا تورکەکانیش دەتوانن مافی نەتەوایەتیان هەبێـت و هیـچ کەسـێکی دیکـە ئەم مافـەی نییـە. لـەم رووەوە، جەهەپەی ئەمـڕۆ درێژکـراوەی جەهەپـەی سـەردەمی تـاک حیزبییـە.

سـەرکردەی ئـەم پارتـە سیاسـییانە، هاوشـێوەی سـەردەمی تـاک حیزبـی، شـانازیی بـە تورکبوونـی خۆیانـەوە دەکـەن، بەڵام بـە ناوی "کۆنەپەرسـتی" و "رەگەزپەرسـتی"یەوە دژایەتـی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی گەلـی کـورد دەکـەن.

4. پەیمانـی دەسـتدرێژی نەکـردن لەنێـوان ئێـران، تورکیـا و عێـراق دا لـە تـاران واژۆکـرا. (13/10/1935)

5. دانوسـتاندنەکانی ئێران و عێراق لەسـەر سـنوور، بەشـێوەیەکی دۆستانە چارەسـەرکرا. (تاران، 16/11/1935)

6. وتـاری بایـان ئافـەت بەبۆنـەی کردنـەوەی بەشـێکی نوێـی زانکـۆ بـە نـاوی زمـان، مێـژوو و جوگرافیـا:

"... پێویسـتە بڵێـم کـە سـۆمەرییەکان و ئێتییـەکان تـورک بـوون، ئـەو شارسـتانێتییانەش کـە لـە میزۆپۆتامیـا و ئەنـادۆڵ دروسـتیان کـردوون راسـتەوخۆ شارسـتانێتیی تورکیـن. زانـا سـەربەخۆ و بێلایەنـەکان بـە دۆزینـەوە نوێیەکانیـان لـە بـواری مێـژوودا، راسـتییە مێژووییـە بەهێزەکانی ئێمـە دەسـەلمێنن".

7. ساڵی نوێی ناسیۆنال سۆسیالیزم

"... ئەمساڵ، ساڵێکی نوێی کار و چالاکییەکانی نازییەکان دەبێت. دەوڵەتی ئەڵمان چەند بەهێزبێت و ئەمەش لە سوپای ئەڵمان دا رەنگبداتەوە، مانای وایە بوونی ئەم سوپایە بەسەرمانەوە و بەرپرسیارێتییەکانمان زیاتر دەبن. کاتێک تەماشای ئەو پشێوییانە دەکەین کە لە بەشەکەی دیکەی دونیادا روودەدەن، ئەو رژێمە جێگیرەی کە لە دەوڵەتی ئەڵمان دا دروستبووە سوودی چاکە و ئاشتی بۆ ئێمە دەبێت".

8. مەحموود ئەسعەد بۆزکورت، وتاری کەمینەکان

"دەکرێت تورکایەتی دوو شێوە لەخۆبگرێت: یەکەمیان تورکێتیی کولتوور و ویژدانییە. دووەمیان یاسایی و نیزامییە. با کەمێک روونی بکەمەوە: لە پەرلەمانی مەشروتییەتی عوسمانییەکاندا، پەرلەمانتارێکی رۆم لەسەر شانۆی پەرلەمانەوە هاوار دەکات و دەڵێت 'تورکێتیی من هێندەی تورکێتیی بانقی عوسمانییە".

ئەم کەسەی کە ئەمەی دەگوت مافی ئەوەی هەبوو لە پەرلەمانی عوسمانییەکاندا بێت و سوود لە مافی تورکێتیش وەربگرێت، بەڵام نەک بە سیفەتی تورک، بەڵکو بە سیفەتی رەعیەتی شاهانە، بەڵام ئەمڕۆ ئەمەی دوایی نەماوە. دەستوورەکەمان تەنیا تورک قبووڵ دەکات. ئیدی رۆمەکان وەک تورک سوود لە مافە تورکییەکان وەرناگرن؛ بە یاسا وەریدەگرن. من بەوان دەڵێم تورکی یاسایی".

9. فالیح ریفقی ئاتای، سەبارەت هەڵبژاردنی ئەڵمانیا

"... بەگوێرەی ئەنجامە سەرەتاییەکان، لە کۆی 45 ملیۆن ئەڵمان 44 ملیۆن زیاتر دەنگیان بە هیتلەر داوە. 21 هەزار گوندی ئەڵمان وەک ئەوەی یەک دڵ بن دەنگیان بە هیتلەر داوە. وەک تاکە پیاوی وڵات رەفتاری کرد. رۆژنامە فەرەنسییەکان دەڵێن هەڵبژاردنێکی پاک بووە. هەروەها دەڵێن ئەڵمانیا و هیتلەر یەک کەسایەتین. رۆژنامە ئینگلیزییەکانیش هەمان رایان هەیە.

10. موحەڕەم فەیزی تۆگای، سەبارەت هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا

"... نەتەوەی ئەڵمان بۆ سەربەخۆیی، سەروەریی یاسا و یەکپارچەیی داوای

رای لێکرا. بەڕێز هیتلەر کە سێ ساڵ پێش ئێستا هاتە سەر کار، مافی یەکێتیی سیاسی و ئیداری و خۆپڕچەککردنی بۆ ئەڵمانیا دەستەبەرکرد. دوایین چالاکی ئەوەبوو کە ناوچەی 'رێن'ی داگیرکرد.
لە هەڵبژاردنە نوێیەکەدا، خەڵکی ئەڵمان بانگ کران بۆ دەنگدان لەسەر حوکمڕانیی دەوڵەتی ئەڵمان لە وڵاتەکەیدا، بۆیە هیچ ئەڵمانییەکی نیشتمانپەروەر خۆی لەم ئەرکە نەبوارد. تەنانەت ئەو چین و توێژانەش کە لە رژێمە میللی و سۆسیالیستەکەوە بەرژوەندییەکانیان زیانی بەردەکەوت، دەنگیان بۆ دا.
11. ئیسماعیل حەبیب، سەبارەت تورکێتیی 'گاورداغی' [71]
12. وتاری رەجەب پەکەر لەسەر یاسای کار
"یاسای کاری نوێ، هەموو جۆرە ئەگەرێکی لەدایکبوون و ژیانی بۆ چینایەتی نەهێشتووەتەوە".
13. یونس نادی، یەکێک لە کارە گرنگەکانی رژێم: یاسای کار
"... سکرتێری گشتیی پارتەکەمان ئەمەی بە رێگریکردن لە دروستبوونی خەباتی چینایەتی خوێندەوە. چەندان ساڵ پێش ئێستا ئەتاتورک باسی لە ژیانێکی یەکسان، رێکوپێک و بێ ململانێ کردووە بۆ ناوخۆی وڵات. ئەگەر دیقەت بدرێت، لە ژیانی ئاساییدا ململانێی چینایەتی نییە. ئەم کێشمەکێشە ئافاتێکە و خەڵک لە ژیانی مەدەنیدا بە دەستی خۆی دروستی کردووە. سەبارەت بە نیشتمانی ئێمە کە لەسەر ژیانێکی یەک رەنگ و شێوەی بەسام و مانادار دروستبووە و ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەتەواوی یەکسانە بە میللەت و دەوڵەت، باشترین کارە لە دژی ئەم ئافاتە کرابێت".
14. وتارێک بە بۆنەوەی کرانەوەی کۆڕی کۆرپۆراسیۆنەکان:
"سیستەمی ئێمە بەم جۆرەیە: لەلایەک رێکخستنی ئابووری بەجۆرێک کە بەرژەوەندیی خاوەنکار و وەبەرهێنەرەکان بپارێزێت و لە هەمان

71 - زنجیرە چیایەکە دەکەوێتە پارێزگای 'هەتای'ی ئێستای تورکیاوە، ئەوکات سەر بە سووریای ژێر ئینتیدابی فەرەنسییەکان بووە. (وەرگێڕ)

کاتـدا دەوڵـەت نوێنـەری جیهانـی کار و ئەمـەک بێـت".
15. مەحمـوود ئەسـعەد بۆزکـورت، وتـاری "سـوپا، سـوپا، دیسـان سـوپا، دیسـان سـوپا"
"... کـێ هەبـووە بەبـێ کێشـان بـە سـەری دووژمنەکەیـدا بـە شمشـێر، بەبێ خسـتنی و خنکاندنـی لـە خوێنـی مەییـوی خۆیـدا توانیویەتـی پێگەیـەک بـۆ خـۆی بگرێـت و خـۆی بناسـێنێت؟ شۆڕشـی مەزنـی فەرەنسـا؟ شۆڕشـی مەزنـی سۆسیالیسـتی؟ شۆڕشـی مەزنی ئەتاتـورک؟ هەڵمەتەکانی هیتلەر؟ ئـەم بزووتنەوانـەی کـە چاخێکـی نوێـی ژیانیـان لەبـەردەم مرۆڤایەتیـدا کردووەتـەوە، کامیـان بـە قسـە و گوتاربێـژی بەدەسـتهاتوون؟ کامیـان؟"
16. کەمال ئوناڵ، وتاری "تورکەکانی سووریا کەمینە نین".
17. لەسـەر داوای حکومەتەکانـی ئێـران و عێـراق، کۆمەڵـی نەتـەوەکان دۆسـیەی ناکۆکیـی نێـوان ئـەم دوو وڵاتـەی هەڵگـرت.
18. یونس نادی، وتاری (تورکێتیی هەتای):
"دانیشـتووانی هەتای و دەوروبەرەکەی زۆربەیان تورکن. ئێمە نەماندەتوانی ئـەم ناوچەیە بۆ دەرەوەی میسـاقی میللیی خۆمان جێبهێڵیـن. لەبەرئەوەی فەرەنسـییەکان کـە بەرپرسـی ناوچەکـەن مافـە ئیـداری، کولتـووری و نەتەوەییەکانـی خەڵکـی تورکـی ئەوێیـان دابیـن کـردووە، ئـەوا بەئاسـانی توانیمـان لەگـەڵ دۆسـتە فەرەنسـییەکانمان بگەینـە رێککەوتـن".
19. مەحموود ئەسعەد بۆزکورت، وتاری (تورکێتیی هەتای):
"ئـەم خاکەمـان دەوێـت کـە 300 هـەزار تورکـی تێـدا دەژی. ئەوانـەی کـە لەوێـش دەژیـن ئێمەیـان دەوێـت. بۆچـی؟ چونکـە ئێمـە هەڵگـری خوێنـی ئەوانیـن و ئەوانیـش لـە خوێنـی ئێمـەن. زمـان، مێـژوو و کولتوورمـان یەکـە. هەسـتەکانمان و هەمـوو شـتێکمان یەکـە. وەک یـەک دڵ وایـن لـە یـەک جەسـتەدا. ئـەم شـوێنانەش هـەزاران ساڵە خاکـی تورکـن. یەکبـوون مافێکـی رەوای ئێمەیـە. تاوەکـو ئـەم مافـە نەیێتـەدی، سـەدەی بیسـتەم زمانحاڵـی هێـز دەبێـت نـەک راسـتی. خـۆی لـە خۆیـدا سـەدەی بیسـتەمیش جگـە لەمـە چـی دیکەیـە؟".

20. فالیح ریفقی ئاتای، وتاری (وەفدی تورک لە ئێران):
"... ئێـران لەژێـر رابەرایەتیـی و ئیـدارەی شاهەنشـای مـەزن دا، بینینی ئەوەی کـە ئەویـش وەک تورکیـا هەمـوو ئـەو بەربەسـتانە لەنێوبەرێـت کـە رێـی گەشـەی لێدەگـرن، بێگومـان مایـەی خۆشـحاڵیی ئێمەیـە".
21. ژۆن ماتۆ، وتاری (دۆستایەتی تورک و فەرەنسییەکان):
"... بەکورتـی، هەمـوو شـتێک پـاڵ بـە تورکیـا و فەرەنسـاوە دەنێـت بـۆ بەهێزکردنـی پەیوەندییـەکان".
22. وتارێکـی گرنـگ لەسـەر دۆسـتایەتیی تـورک و ئینگلیـز (ئۆبزێرڤەرـ لەنـدەن): "... کەمالیـزم رابەرایەتیـی بێداربوونـەوەی میللەتانـی رۆژهەڵاتـی نزیـک و نێوەڕاسـت دەکات".
23. یونس نادی، سەبارەت "ئۆزتورک"بوونی خەڵکی ئەنتاکیا و هەتای:
"... ئومێدەواریـن ئـەو فەرەنسـییانەی نیـو سـەدەیە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئاسـاس ـ لۆرێـن دەسـووتێن، لـە عەقـڵ و لۆجیـک دوور نەکەونـەوە..."
24. بێرنـارد سـاڤینی سـەبارەت لەیەکچوونـی رژێمـە میللییەکانـی عێـراق، ئێـران، تورکیـا، ئیتاڵیـا، ئەڵمانیـا و پورتـووگال:
"... کودەتـا سـەربازییەکەی بەغـدا کـە جەنـەڕاڵ (بەکـر) سـدقی کـردە دیکتاتـۆر، لـە رووداوەکانـی ئەمـڕۆی دونیادا نموونەیـان زۆرە. لەمـەودوا لە عێراقیـش هاوشـێوەی ئێـران و تورکیا، چەشـنی ئیتاڵیا، ئەڵمانیـا، پورتووگال و ئیسـپانیای میللـی، خاوەنـی شـێفێک دەبێـت. ئەم شـێفە لـە بەرژەوەندیی قەومیەتـی عەرەبـی کار دەکات".
25. یونس نادی، وتاری (پێویستیی گشتاندنی کولتووری تورکی):
"... تورکبـوون بـە مانـای ئـەوە نایێـت کـە پێنـاس یـان پاسـپۆرتی تورکـی لـە گیرفانتدابێـت. تورکبـوون واتـە بـە کولتـوور، شـێوازی ژیـان، زمـان، بیرکردنـەوە و دڵ لەگـەڵ تورکاندابیـت. ئەوانـەی وانیـن تـورک نیـن".
26. کۆنگـرەی پشـکنەرە گشـتییەکان بـە سـەرۆکایەتیی شـوکرو کایـای سـکرتێری گشـتیی پارتـی جەهەپـە دەسـتی بـە کارەکانـی کـرد:
هەریـەک لـە عابیدیـن ئۆزمـەن، کازم دێریـک، تەحسـین ئـۆزەر و جەنـەڕاڵ

عەبدوڵـڵا ئالپدۆغـان ئـەم بابەتانەیـان تاوتـوێ کـرد: ئاسایشـی ناوچەکـە، دیاردەی قاچاخچێتی، رووداوە جۆراوجۆرەکانی سـەر سـنوورەکان، کاروبارە کولتـووری و ئابـووری و کشـتوکاڵی و تەندرووسـتییەکانی پشـکنەرە گشـتییەکان، مافەکانـی پشـکنەرە گشـتییەکان، کاروبـاری ئیـدارە و شـارەوانی و ئاوەدانکردنەوە لە ناوچەی پشـکنەرە گشـتییەکان دا، کاروبارە سیاسـییەکان (کادیرانـی سیاسـی، پڕوپاگەنـدە نەرێنییـەکان، سـەرچاوە و هۆکارەکانیـان، پڕوپاگەنـدەی ئەرێنـی)، سیاسـەتی دانیشـتووان (سیاسـەتی نیشـتەجێکردن، زمـان، نەتـەوەکان)، مەڵبەنـدە رێکخراوەکانـی جەهەپـە.

27. دۆستایەتیی نێوان تورکیا و عێراق:

"... ئێمـە لـە هەمـوو کەسـێک پێشـتر لـە کۆمەڵـی نەتـەوەکان دا ئارەزوومـان دەکـرد مەملەکەتـی عێـراق وەک دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ دابمەزرێـت. پەیماننامـەی دامەزرانـی عێراقیـش وەک وڵاتێکـی سـەربەخۆ بـۆ یەکەمیـن جـار لەلایەن ئێمەوە واژۆکـرا. دوای ئەمـە، پەیوەندییەکانمان لەگـەڵ ئـەم دراوسـێیەدا هێنـدە بـەرەو پێش چـوو، زۆرجار ئـەم دوو وڵاتە لـە بابەتـی رووداوەکانـی سـەر سـنووردا وەک یـەک جەسـتە رەفتاریـان کـرد و ئاساییشـی تەواوییـان لەسـەر سـنوورەکان بەرقـەرار کـردووە... حەزدەکەیـن بـە هەمـان چاویـش بـۆ سـووریای دراوسـێمان بڕوانیـن. کاتێـک ئێسـتا دەوڵەتـی سـووریا دروسـت دەبێـت، بەخۆشەویسـتییەوە سـڵاوی لێدەکەیـن، بـەڵام ئـەوە بـە شـتێکی دروسـت نازانیـن کـە لەگـەڵ لەدایکبوونـی دا ئـارەزووی بەدەسـتهێنانی پارێـزگا تورکییەکانـی سـەر سـنوور دەکات".

28. جـەلال بایـاری وەزیـری ئابـووری، لـە وتارێکـی رادیۆیـی دا بەبۆنـەی هەڵمەتـی بەرهەمـی خۆماڵییـەوە، گوتـی "تورکیـا خاکـی تورکانـە و بـۆ هەمیشـەش وەهـا دەمێنێتـەوە".

29. سەبارەت تورکێتیی کورد و چەرکەزەکان:

"... ئـەو وەفـدە تورکییـەی کـە سـەردانی چاودێرەکانـی کـرد لـە 'رەیحانییـە'، لـە تـورک، کـورد و چەرکـەز پێکهاتبـوو. کـورد و چەرکەزەکان

بـە وەفدەکەیـان گـوتـووە کـە ئەوانیـش تورکـن، دەیانەوێـت لەگـەڵ تـورکان دا بژیـن و نایانەوێـت بچنـە سـەر سـووریا".

30. درێژکردنـەوەی کاری بەشـی دووەمـی کۆمیسـیۆنی تایبـەت بـە کاروبـاری سـنوورەکانی نێـوان تورکیـا، ئینگلتـەرا و عێـراق لـە رۆژی 5/6/1926دا.

31. وەزیـری ناوخـۆ سـەبارەت بارودۆخـی سـنوورەکانی باشـوور وتارێکـی گرنگـی پێشـکێش کـرد 7/6/1937:

"... بـە یاسـا جەختمـان لەوەکـردەوە کـە پرۆگرامـی چاکسـازی لـە تونجەلـی هەرگیـز بوێـری و دەسـتکراوەیی نـادات بـەو عەشـیرەتانەی کـە لـە رێگـەی راسـت لایـان داوە. بۆیـە ئـەو پرۆگرامـی چاکسـازییەی کـە بڕیاربـوو لـە مـاوەی چەنـد سـاڵێک دا لـە تونجەلـی جێبەجێبکرێـت، پڕۆسـەکەی خێـرا دەکرێـت. پرۆگرامـی چالاکییەکانیشـمان لای پەرلەمـان ئاشـکرایە. لـەوێ رێگـە و خوێندنگـە دەکەینـەوە. لەپێنـاو جێبەجێکردنـی ئـەم پلانـەدا کە چوارچێوە گشـتییەکەیم باسـکرد، پشـکنەرە گشـتییەکان هێـز و مافـی تازەیـان پێدەدرێـت.

کۆمەڵێـک رێوشـوێنی نـوێ و تایبەتمـان بـەدەر لـە ئیـدارەی ئاسـایی گرتووەتـە بـەر. بـە لەبەرچـاو گرتنـی ئەگـەری هـەر رووداوێـک، فیرقەیەکـی یەدەکمـان بـەرەو ئـەوێ جووڵانـدووە. ئێسـتا ئـەم فیرقەیـە گەیشـتووەتە جێگـەی خـۆی و سوپاکەشـمان بەوپـەڕی گرنگیپێدانـەوە پڕچـەک کـردووە. بۆیـە لێـرەوە و لـە حـزووری پەرلەمـان دا بەئاشـکرا نیشـتمان ئـاگادار دەکەمـەوە لـەوەی سـەربازە یەدەکەکانمـان بـەرەو ناوچەیەکـی دیاریکـراو بزوانـدووە". [72]

32. شـوکرو کایـای سـکرتێری گشـتیی جەهەپـە و وەزیـری ناوخـۆ لـە

72 - ئـەم قسـەیەی سـکرتێری گشـتیی جەهەپـە زۆر سـەیر و سـەمەرەیە. لەلایـەک دەڵێـت دەسـتوبرد لـە چاکسـازی دەکەیـن، رێگـە و خوێندنگـە دروسـت دەکەیـن، لەلایەکیـش مـژدەی رەوانەکردنـی هێـزی زیاتـر و تۆکمەتـر بـۆ ناوچەکـە دەدات. خـۆی لـە خۆیـدا رێگەوبانەکانیـش بـۆ ئاسـانکردنی هاتووچـۆی سـوپا و سـەربازان لێـدەدران.

وتارێکیـدا لـه یاریگـەی ئەنقـەرە لـە ڕۆژی 19/5/1937دا ڕایگەیانـد: "ئەگـەر تـورک ئـازاد و سـەربەخۆ نەبووایـە، مێـژوو شـایەتحاڵی سـتەم، گوشـار و خراپەیەکـی زۆر دەبـوو".

33. پەیماننامـەی ئاساییشـی سـنوور و ڕێککەوتـن لەسـەر ناکۆکییـە سـنوورییەکان تـازە کرایـەوە. (7/6/1937)

34. سـەرۆک وەزیـران، عیسـمەت ئینۆنـو لـە وتارێکـی گرنـگ دا باسـی لـە سیاسـەتی ناوخـۆ و دەرەوە کـرد:

"... حکومـەت مـاوەی دوو سـاڵە لـە تونجەلـی پرۆگرامـی چاکسـازی دەسـتپێکردووە. ئـەم پرۆگرامـە لەپێنـاو بەشارسـتانیکردنی ئـەوێ و لـە چوارچێـوەی کۆمەڵێـک بڕیـاری تایبـەت دا بوارێکـی فراوانـی کاری هەیـە. ئـەو سـەرۆکانەی کـە تائێسـتا لـەوێ هێـز و چێژیـان لـە دژایەتیکردنـی یاسـا وەرگرتـووە، بەباشـی پێشـوازییان لـەم پرۆگرامـە نەکـرد. ویسـتیان بەرهەڵسـتی بکـەن. ئەمـەش ناچـاری کردیـن لـە کۆتایـی مانگـی سـێ و سـەرەتای چـواردا هەندێـک ڕێوشـوێنی سـەربازیی تایبەت بگرینەبـەر. بیرمان لـەوە کـردەوە دەبێـت لـەم ناوچەیـەدا کـە دژایەتـی پرۆگرامـی چاکسـازیی حکومـەت دەکات چـی دەبێـت بکەیـن؟ تائێسـتا، ئەزموونەکانـی پێشـوو لـە دێرسـم دەریدەخـەن هـەر کاتێـک بەرهەڵسـتیی فەرمانێکـی حکومەتیـان کردبێـت، هێزێکـی گرنـگ لـەوێ کۆکراوەتـەوە و پڕۆسـەی تەمێکـردن دەسـتی پێکـردووە، بـەڵام دوای ئەمـە وازیـان لێهێنـراوە. ئێمـە بەمـە دەڵێیـن "هەڵمەتـی لافـاو". قەناعەتمـان وایـە ئـەم هەڵوێسـتە لەبەرامبـەر ئـەو گرفتانـەی کـە لـە بەشـێکی وڵات دا سـەرهەڵدەدەن، بەرپەرچدانەوەی کاتـی سـوودێکی جێگیـری نییـە. ئێمـە پێمـان وایـە دوای شـکاندنی بەرگریـی ئەوانـەی بەرهەڵسـتی دەکـەن، پێویسـتە پرۆگرامەکەمـان وەک خـۆی بـەردەوام بێـت.

دۆخـی ئەمـڕۆ بـەم جۆرەیـە: هێزەکانـی جەندرمـە و حکومـەت بەتـەواوی لـەوێ دامـەزراون. ئـەو ڕێوشـوێنانەی کـە لـە چوارچێـوەی پرۆگرامـی چاکسـازیی تونجەلـی دا بیرمـان لێکردووەتـەوە بێ پچـڕان بەردەوامـن. ڕێگە،

خوێندنگـە و قەرەقـۆڵ دروسـت دەکەیـن. لـە مـاوەی یـەک دوو مانـگ دا لەو شـوێنانەش کە پێشـتر دەسـتیان لێهەڵگیرابوو، دەسـت پێدەکەینەوە. تائێسـتا لـەم ئۆپەراسـیۆنەدا پێکدادانـی جیـدی روویـان داوە و زیانیشـمان پێگەیشـتووە. بۆیـە لێـرەدا دەمەوێـت ئـەو زیانە راسـتەقینەیە ئاشـکرابکەم کـە پێمـان کەوتـووە. بەگوێرەی راپۆرتێک کە ئەمڕۆ بە دەسـتم گەیشـتووە، تائێسـتا 13 شـەهید و 18 بریندارمـان هەیـە. ئەم زیانـە ئازارێکی زۆر بە ئێمە دەگەیێنێـت و پەرلەمانیشـی نیگـەران کـردووە. پرۆگرامـی چاکسـازیی لـە تونجەلـی بـەردەوام دەبێـت.[73] هاوڕێیـان وەک دەبینـن، هەمـوو بابەتەکـەم بەئاشـکرا باسـکرد. ئیتـر بـاوەڕ بـە زیادەڕەوییەکانـی میدیـا مەکـەن." [74]

35. ئەرجومەن ئەکرەم تالو، وتاری (کاری کەمالیزم)

"... دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری تورکیـا خۆیـان بـە بەرپـرس دەزانـن لـە دابینکردنـی مافـی هەرکەسـێک کـە بڵێـت 'مـن تورکـم'."

36. یونس نادی، وتاری (چاکسازی و بەشارسـتانیکردنی ویلایەتی تونجەلی):

"... کاتێـک رژێمـی کۆمـار ئەرکـی بونیاتنانـی نیشـتمانێکی یەکپارچـە جێبەجێ دەکات، بێگومـان لـە یـەک دوو شـوێن کـەم تاوەکـو زۆر بەرهەڵسـتی لە دژ دەکرێـت و ئەویـش ناچـارە بەسـەریاندا زاڵ ببێت. چەند سـاڵێک پێش ئێسـتا لـە ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیی 'ئاگـری داغ'دا لە بەشـێکی گرنگـی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات دا خەسـڵەتە ناسرووشـتییەکان لەنێوبردران؛ ئێستاش سەرقاڵی

73 - سـەرجەم دەوڵەتـە کۆلۆنیالیسـتییەکانی وەک ئینگلتـەرا، فەرەنسـا، پورتـووگال، ئیسـپانیا، هۆڵەنـدا و بەلجیکا ئەرکـی بەشارسـتانیکردنی خەڵکـی ئـەو خاکەیـان بـە خۆیـان داوە کـە داگیریـان کـردووە. هەریـەک لـە ئینگلتـەرا (دواتـر عێـراق)، فەرەنسـا (دواتـر سـووریا)، تورکیـا و ئێرانیـش لـە داگیرکردنـی کوردسـتان دا زوو زوو بـاس لـە ئەرکـی بەشارسـتانیکردن دەکـەن. بەگوێـرەی ئـەم دەوڵەتـە داگیرکەرانـە، خەڵکـی ناوچـە داگیرکـراوەکان دواکەوتـوو، سـەرەتایی و وەحشـین. پێویسـتە لەلایـەن دەوڵەتێکـی "شارسـتانی"یەوە ماڵـی بکرێن. لـەم روانگەیەوە ئـەم وڵاتە داگیرکەرانـە سـەبارەت بـە خەڵکانـی دواکەوتـوو وەک نیعمەتـن و پێویسـتە سوپاسـیان بکرێـت. واتە ئـەم بابەتـی "بەشارسـتانیکردن"ە وەک پەردەیـەک بـۆ شـاردنەوەی داگیـرکاری بەکارهێنـراوە.

74 - خاڵـە سەرنجڕاکێشـەکە ئەوەیـە بـاس لـە "زیانەکانـی ئێمـە" دەکات، بـەڵام هیـچ زانیارییـەک لەسـەر زیانەکانـی دوژمـن نـادات. ئامانـج لەمـەش شـاردنەوەی جینۆسـایدی دژ بـە کـوردە. چونکـە ئـەم ژمارانـە تەنیـا لـە کۆبوونـەوە نهێنییەکانـدا دەگوترێـن.

هەڵگرتنی دوایین بەربەستین لە تونجەلی. ئەم شوێنە شاخاوییەی کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریی دا ناوی دێرسم بووە و خەڵکەکەی لەسەر دەرەبەگایەتی و یاخیبوونی جۆراوجۆر راهاتوون، بۆ ئەوەی بگەنە ژیانێکی شارستانی و خۆشگوزەران، دەوڵەت سەرەتا بە گۆڕینی ناوەکەی بۆ تونجەلی دەستی پێکرد، ئینجا پشکنەرێکی گشتی تایبەت بە ئەوێی دامەزراند، پاشان دەستی بە چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە کرد. دەوڵەت لەم کارانەیدا رەوشت و عادەتەکانی خەڵکی ئەوێ دەزانێت، هەروەها پێداویستییەکانیشیان بەتەواوی دەهێنێتە دی... لەوێ کۆمەڵێک ئاغا هەن کە تیرە و عەشیرەتەکان لەژێر فەرمانیاندان. هەر کاتێک پێیان خۆشبێت هێرش دەکەنە سەر ئەو گوندنشینانەی کە لەسەر کێڵگەکانیان خەریکی کاری خۆیانن، دەست بەسەر ئاژەڵەکانیان دا دەگرن و دەیانفرێنن بۆ شاخە سەختەکان. لەڕاستیدا جاروبار هێزی سەربازیی بۆ ئەم جۆرە کارانە بەڕێکراوە. حکومەت وەک باوکێکی میهرەبان لەسەر چاکسازییەکانی بەردەوام بووە. رێگە، پرد، بنکەی جەندرمە و قەرەقۆڵ و خوێندنگە دروست دەکەین و وردە وردە بەرەو ناوجەرگەی دێرسم هەنگاو دەنێین.

حکومەت بەم حاڵەی راستییەک بە گوندییە شاخستانییەکانی تونجەلی دەڵێت: چیتر ئۆپەراسیۆنی کاتی و راگوزەر نەماوە. ئەم جارەیان یەکجارییە. چونکە دێرسم لەکەیەک بوو لە نێوەڕاستی نیشتمانی تورک دا".[75]

37. حەیدەر روشدو تورکمەن، وتاری "ئۆپەراسیۆنی تونجەلی و نەخشەکەمان":

"... بە درووستکردنی رێگە، پرد و قەرەقۆڵ تونجەلی بە شارستانی دەکەین".

38. تۆفیق روشد و ئاراس، وەزیرەی دەرەوە سەردانی عێراق دەکات. (18/6/1937)

---

75 - نووسەر لە وتارێکی دیکەیدا هەمان بۆچوونەکانی عیسمەت ئینۆنو و شوکرو کایا دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت نیازی داگیرکاری و رەگەزپەرستیی خۆی بشارێتەوە و دەڵێت: "یان دەبنە تورک و تورکبوونی خۆیان رادەگەیێنن یان لەنێودەچن".

39. تۆفیـق روشـد و ئـاراس، وەزیـرەی دەرەوە سـەردانی ئێـران دەکات. (26/6/1937)
40. ناکۆکییـە سـنوورییەکانی نێـوان ئێـران و عێـراق چارەسـەرکران. (4/7/1937)
41. بەڵێننامـەی راسـتگۆیی لەنێـوان تورکیـا، ئێـران، عێراق و ئەفغانسـتان دا مۆرکـرا (8/7/1937)؛ کێشـەی (شـط العـرب)ی نێـوان ئێران و عێـراق چارەسەرکرا.
42. سـەبارەت سـەیید رەزا: "... سـەیید رەزا کـە یەکێکـە لـە سـەرۆک و پێشـەوا سەرسـەختەکانی بێگوێیـی و یاخیبـوون لـە دێرسـم، لـەدوای گـەڕان و پشـکنینێکی ورد، دوای ئـەوەی تێگەیشـت چیتـر ناتوانێـت لـە چیـا و دارسـتانەکانی ئۆڤاجیـک دا خـۆی بشـارێتەوە، ئـەم بەیانییـە کاژێـر دوو هـات بـۆ ئەرزینجـان و خـۆی تەسـلیم کـرد". (12/9/1937)
43. هەواڵنێـرە تایبەتەکەمـان لـە ئەلعەزیـزەوە دەڵێـت: سـەیید رەزای دواییـن سـەرگەردانی ناوچـەی تونجەلـی لەگـەڵ دوو هاوکاریـدا خۆیـان تەسـلیمی حکومەتـی ئەرزینجـان کـردووە و فەرمـان بـۆ دادگایـی کردنیـان دەرچـووە.
44. عیسـمەت ئینۆنـو سـەبارەت رووداوەکانـی تونجەلـی لـە پەرلەمـان دا روونکردنـەوەی دا.
45. کۆنگـرەی مێـژووی تـورک کۆبـووەوە و تێیـدا باسـی ئـەو کولتـوور و شارسـتانێتییانە کـرا کـە رەگـەزی تـورک بونیاتیـان نـاون.
46. سەزگین، وتاری (رووخانی ئەفسانەیەک):
"... ئینسـانێکی کێـوی و وەحشـی دوای ئـەوەی چەنـدان مانگ لـە چیاکانـی مونـزور تەمـەن بەسـەردەبات، لـە کۆتاییـدا خـۆی رادەسـتی عەدالـەت دەکات؛ بـەڕای مـن ئەمـە هەرگیـز شـتێکی ئاسـایی نیيـە. مرۆڤـە شارسـتانییەکان ملکەچکـردن بـۆ یاسـاکانی دەوڵـەت وەک رێزگرتـن لـە مرۆڤایەتـی دادەنێـن".[76]

76 - ئـەو شـتەی کـە نووسـەر پێـی دەڵێـت یاسـای دەوڵـەت، ئـەو "یاسـای تونجەلی"یەیـە کـە

47. نەجمی دیلمەن، سەرۆکی (دامەزراوەی زمانی تورکی) بەبۆنەی جەژنی زمانەوە، لە گفتوگۆیەکی رادیۆییدا پشتگیریی لە تیۆری "زمانی خۆر" [77] کرد.

48. شوکرو کایا لە وتارێکی رادیۆییدا گوتی: "... شۆڕشەکەی ئەتاتورک تیژترین بۆچوون و گوزارشتە لە مەیلە نەتەوەییەکانی میللەتی تورک، پێویستییە مێژووییەکان و هەلومەرجەکانی دەوروبەر".

49. وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی تورکیای کرد. (1/10/1937)

50. وەزیری دەرەوەی عێراق سەردانی تورکیای کرد. (2/10/1937)

51. پەیوەندیی دۆستانەی نێوان تورکیا و ئێران.

52. سەیید رەزا لەسێدارەدرا. (12/10/1937)

53. ئەتاتورک سەردانی پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کرد. (13/10/1937)

54. بناخەی هێڵی نێوان دیاربەکر ـ ئێران ـ عێراق دانرا. (16/10/1937)

55. لێکۆڵینەوەیەکی تۆپۆنۆمی لەسەر ناوی دیاربەکر: خەڵکی دیاربەکر هەروەک بە نەتەوە تورکن، ناوی شارەکەشیان تورکییە.

56. یارسوبای موعەممەر کە مامۆستای تورکی بووە و لە ئۆپەراسیۆنی تەمێکردنی تونجەلی دا بریندار بووە، 1000 لیرە پاداشتی وەرگرت.

57. گفتوگۆکانی نێوان سووریا و تورکیا دەستیان پێکرد. (21/12/1937)

58. پێویستە بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانی تورکەکانی بوولگاریا بکەین.

---

بەوردی باسمان کرد. نووسەر بەتایبەت وشەکانی وەک "وەحشی"، "چەتە" و "سەرگەردان" بۆ سووکایەتیکردن بەکاردەهێنێت.
ئەمانە هەمان ئەو سیفەتانەن کە لەلایەن هەموو دەوڵەتانی ئیستیعمارەوە دراونەتە پاڵ تێکڕای ئەو کەس و گرووپانەی کە بەرهەڵستیی داگیرکارییان کردووە.
شەوکەت سورەییا ئایدەمیر لە کتێبی (مستەفا کەمال)دا دەڵێت لەکاتی جەنگی نێوان تورک و یۆنان دا (19191922)، پەرلەمانی فەرەنسا سەبارەت بە مستەفا کەمال و بزووتنەوەی رزگاریخوازی تورکیا دەستەواژەی "چەتە"یان بەکارهێناوە، بەڵام لە هەمان کتێب دا نووسەر هەمان وشە و بگرە جوێنیش بۆ شێخ سەعید و هاوەڵەکانی بەکاردەهێنێت.

77 - تیۆرییەکی نازانستییە و لە ساڵانی سەرەتای دروستبوونی کۆماری تورکیادا پڕوپاگەندەی زۆری بۆ کراوە. بەپێی ئەم تیۆرییە، زمانی تورکی کۆنترین زمانی جیهانە و گشت زمانەکانی دیکەش لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. (وەرگێڕ)

59. هیتلـەر بەبۆنـەی گرتنی نەمسـاوە گوتارێکی دا: "... ئێسـتا من ئەرکێکی نوێـی نیشـتمان دەخەمـەڕوو. ئـەم ئەرکـەش بریتییـە لـە کۆکردنـەوەی سـەرجەم بـەش و پارچەکانـی ئیمپڕاتۆریـی کۆنـی ئەڵمـان. کۆنتریـن ویلایەتـی سـنووری رۆژهـەڵات کـە نەمسـایە، دەبێتـە ناوەندێکـی نـوێ. 68 ملیـۆن هاووڵاتـی کـە لـە نیشـتمانە فراوانەکەمانـدا دەنگـی من دەبیسـتن، بـە نـاوی ئـەم ملیۆنـان کەسانەوە کـە لـە مەملەکەتـی مەزنـی ئەڵمـان دا نیشـتەجێن، رایدەگەیێنـم کـە ڤییەننـا ئەڵمانییە. ئەرکی سەرشـانی خۆیشـی جێبەجـێ دەکات. راسـتگۆیی و وەفاشـم بەرامبـەر بـە کۆمەڵگـەی ئەڵمـان لـە راسـتگۆیی هەمـوو کەسـێکی دیکـە زیاتـرە.

ئەرکـی ئێمـە ئێسـتا ئەوەیـە بـە رژدی تێبکۆشـین، لەپێنـاو چارەسـەرکردنی بابەتـە کۆمەڵایەتـی، کولتـووری و ئابوورییەکانـدا یارمەتـی یەکتـر بدەیـن، بەتایبـەت گەشـەی زیاتـر بـە نەمسـا بدەیـن و بیکەینـە قـەڵای هەسـت و هەولـی ناسـیۆنال سۆسـیالیزم.

وەک سـەرکردەی گەلـی ئەڵمـان، رایدەگەیێنـم کـە نەمسـای زێدی ئەسـڵیی مـن هاتووەتـە سـەر کۆمـاری ئەڵمان".

60. یونس نادی دوای لکاندنی نەمسا بە ئەڵمانیاوە:

"... یەکگرتنی نەمسا لەگەڵ ئەڵمانیا شتێکی سرووشتییە". [78]

61. موحیددیـن بیرگـەن سـەبارەت گیرانـی نەمسـا ستایشـکارانە دەڵێـت: "سیاسـەتی دیفاکتـۆ ئـەم جـارەش سـەرکەوت ".

62. جیهاد بابان، داوای پارێزگای هەتای کرایەوە:

"... ئـەم پارێزگایـەی کـە مـاوەی 40 سـەتەی رێک تورکـی بـووە، دوای ماوەی رێککەوتنێـک کـە بـۆ مێـژوو کـورت و بـۆ ئێمـەش زۆر درێـژ بوو، گەیشـتەوە ناسـنامە تورکییەکەی خۆی".

63. موحیددیـن بیرگـەن لـە وتـاری (شۆڕشـی دەسـتوور لـە ئیتاڵیـا) بـەم جـۆرە ستایشـی موسـۆلینی دەکات: "...رێکخراوەکانـی کار نەتـەوە بەڕێوەدەبـەن نـەک سیاسـەتڤانە پیشـەگەرەکان. ئـەم ئیدارەیـەش تەنیـا

78 - میدیای تورکی بەستایشەوە باسی بابەتی داگیرکردنی نەمسای لەلایەن ئەڵمانیاوە کردووە.

یەک لایەنی سیاسی تێدایە، ئەویش ئەو شێفەیە کە گشت کاروبارە سیاسییەکان لە کەسایەتییەکەیدا کۆدەبێتەوە. کاروباری ژیانی میللی لەژێر ئیدارەی سیاسیی شێفدا، لە دەستی سیاسییەکان دەسەنرێتەوە و دەدرێتە دەستی ئەوانەی کە بەڕاستی نیشتمان بەڕێوەدەبەن".

64. مێهمەت نەرمی، وتاری (پەروەردەی گەنجانی تورک):

"... پەروەردە بریتییە لە دیارییەکی بێوێنەی رووداوە گەورەکانی مێژوو بۆ نەتەوەی تورک. دەوڵەتی تورک دەوڵەتێکی بێ چین و ئیمتیازە، بەڵام ئێمە لە بڵاوکراوەکانماندا خۆمان بە سیستەمی پەروەردەی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگەیانەوە سەرقاڵ دەکەین کە چینی جۆراوجۆریان تێدایە. تاوەکو ئەم جیاوازیی بیر و بۆچوونە لەنێونەچێت، مانای وایە رێگەی پەروەردەی گەنجەکانمان نەدۆزیوەتەوە. ئەگەر دەمانەوێت بەدروستی بیربکەینەوە، کەوایە دەبێت لە رووبەڕوونەوەی راستی نەترسین. دەوڵەتێکی بێ چین، رەنگی هەر چۆنێک بێت، دەبێت بە یەک شێواز پەروەردەی گەنجەکانی بکات. ئەم پەروەردەیەش دەبێت پێش لە هەر شت لەگەڵ رۆحی رەگەزی مەزنی تورک دا بگونجێت. دەبێت دیسیپلین یەکەمین فەزیلەتی تورک بێت. دەبێت لە پەروەردەی گەنجاندا زۆرترین گرنگی بەم خەسڵەتە بدرێت.. لە رۆژێکی نەزانراوی مێژوودا، لەوانەیە ئەرکێکی مەزن بکەوێتە سەرشانی نەتەوەی تورک کە ئێستا نابینرێت و هەستی پێناکرێت. هەموو تورکەکان دەبێت بەتەواوی خۆیان بۆ ئەم رۆژە ئامادە بکەن. نەتەوەیەک کە گەورەترین مێژووی دونیای بەدیهێناوە، نەتەوەیەکە پتەوترین پەروەردەی گەنجان دەزانێت و کردوویەتی.. بێگومان لە ئەورووپا بەدوای ئەم ئەندازیارەدا ناگەڕێین. ئەندازیاری ئەزەلی و ئەبەدەیمان مێژووی تورکە. ئەم پەروەردە پیرۆزە ئەتاتورکی بەدیهێنا. ئەم پەروەردەیە وەک چرایەکی خامۆش نەبوو و شمشێر نەبڕە کە لە چادرەکانی ئاسیاوە بۆ کۆشکە جیهانگیر و نەتەوە و داهاتووە درێژەکان درێژبووەتەوە". [79]

---

79 - لەم سەردەمەدا گرنگییەکی زۆر بە پەروەردە دراوە.

65. لــە پەرلەمــان دا گفتوگۆیەکــی گــەرم و بەجــۆش بەڕێوەچــوو. بەشــداربووان بــە یــەک زمــان گوتیــان:
"بەداخــەوە دواییــن هەنــگاوی شــێفی گــەورە ســەرکەوتوو نەبــووە. واتــە کار گەیشــتووەتە دوا ســنووری خــۆی. چیتــر نەتــەوەی تــورک تەحەممولــی نەمــاوە". (27/5/1938)
66. نیزامەددیـن نازیـف، وتـاری (پێشـبڕکێی نێـوان نەتەوەکان) ، "پێشـبڕکێی نێـوان فاشـیزم، نازیـزم و کەمالیزم":
"ئەفســەری تــورک دەکرێــت هەمــوو گرەوێکــی پێشــبڕکێی ئەسپســواری بدۆڕێنێـت. ئەفسـەری تـورک یـان هـەر تورکێـک دەکرێـت لـە ئەسپسـواریدا هەڵـە بـکات، بـەڵام لـە هەموو پێشـبڕکێیەکدا کە بـە پێوەرەکانی شـەرەف و کاراکتـەر کۆتایـی دێـت، تورک تەنیا لەپێشـەوە دەبێت. ئەگەرنا هەناسـەی سـوار دەبێـت، دڵـی دەوەسـتێت، ئەسـپەکەی پارچـە پارچـە دەبێـت، کەللەی دەپژێت.
ئێمــە لــە پێشــبڕکێی شــەرەف دا تەنیــا یــان لــە ســەرەوە یــان لەســەر بــەردی مردووشــۆر دەبیــن.
بۆیــە دڵخۆشــیمان لــە بردنــەوەی تاجەکــەی موســۆلینی زۆر لــە خۆشـحاڵیمان بـۆ بردنـەوەی ئەسپسـوارەکانمان لـە پێشـبڕکێیەکی وڵاتـی پۆڵەنـدا زیاتـرە. چونکـە ئـەوەی رۆمـا پێشـبڕکێی ئەسـپ نییـە، پشـبڕکێی مــرۆڤ و نەتەوەیــە".
67. "... شــێخ مەحمــوود کــە لــە تورکانــی 'ئێتی'یــە لەلایــەن هەندێــک عەلــەوی دژە تورکــەوە بــە کوتــەک بریندارکــرا. هەروەهــا مەهمــەت دەروێــش کــە یەکێکــە لــە تورکانــی ئێتــی لــە شــاری ئەنتاکیــا، لەکاتــی چــوون بــۆ پڕوپاگەندەکــردن بــۆ ئەدیــب غالــب، لەلایــەن عەلەوییــە دژە تورکەکانــەوە هێرشــی کرایــە ســەر و برینــدار کــرا".[80]

---

80 - لێرەدا بـاس لـە هەڵبژاردنێـک دەکرێت کە فەرەنسـییەکان لە پارێـزگای (هەتـای)دا کردوویانە. کەمالیسـتەکان هەوڵێکـی زۆریـان دەدا ئـەم پارێزگایـە بخرێتـە سـەر تورکیـا. بۆیـە گونجاوتریـن رێگـە کـە بەکاریـان دەهێنـا خسـتنەڕووی سـەنەدێکی 4 هـەزار سـاڵی بـوو کـە گوایـە دەیسـەلمێنێت

68. جـەلال بایـاری سـەرۆک وەزیـران سیاسـەتی ناوخـۆ و دەرەوەی حکومەتـی راگەیانـد:

"... مەسەلەی دێرسم

بابەتێـک هەیـە کـە دەبێـت بەگرنگییـەوە باسـی بکـەم. ئەویـش مەسـەلەی دێرسـمە. پرۆگرامێکـی چاکسـازیمان هەیـە لـە دێرسـم. ئـەم پرۆگرامـەش لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی ڕێگـە، پـرد، قەرەقـۆڵ و خوێندنگـەوە ئێسـتا لـە کاردایـە. سـاڵی رابردوو ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی ئەنجامـدرا. وردەکارییەکانی ئەمـە هەمـووان دەیزانـن. بەگوێـرەی پرۆگرامەکـە، بـۆ ئـەم سـاڵیش ئۆپەراسـیۆنەکە بـەردەوام دەبێـت. بـەراورد بـە پـار هێزێکـی زۆرترمـان لـەوێ کۆبووەتـەوە، لـە هەندێـک شـوێنیش پێکدادانی بچـووک روویانـداوە. وەک داخوازیـی ئـەم پرۆگرامـەی کـە لـە دێرسـم پەیـڕەوی دەکەیـن، بـۆ ئـەوەی بابەتـی دێرسـم بەتـەواوی و یەکجـاری چارەسـەر بکەیـن، بڕیارێکـی دیکەشـمان داوە.

بـەم نزیکانـە سـوپاکەمان لـە دەوروبـەری دێرسـم مانـۆڕی سـەربازی دەکات. هەڵمەتـی پشـکنین و تەمێکـردن لـە ناوچەکـەدا دەسـت پێدەکەین و کێشـەکە لـە ڕەگـەوە چارەسـەر دەکەیـن. (دەنگـی دەسـت خـۆش و چەپڵـەی بـەردەوام) هاوڕێیان، دێرسـمییەکان چییان دەوێـت؟ دەیانەوێت بە هۆشـمەندی چاخەکانی نێوەڕاسـت لەوێ دابنیشـن و کاری گێرەشـێوێنیش بکـەن. دەڵێـن دەدزیـن، بـەڵام نابێـت دەسـتمان بـۆ بێنـن، خەڵـک دەکوژیـن، بـەڵام نابێـت لێکۆڵینـەوەی یاسـاییمان لەگـەڵ بکـەن. دەڵێـن بـە چەکـەوە دەسـووڕێینەوە و دەبێـت ڕێگـەم بدرێـت. ئەرکە نیشـتمانییەکانم ڕاناپەڕێنم، وەک کەسـێکی خـاوەن ئیمتیـاز لەبەرامبـەر هەمووتانـدا دەسـووڕێمەوە، بـەڵام پێویسـتە بزانێـت کـە کۆمـار هاووڵاتییەکـی لـەم جـۆرە ناناسـێت. (دەنگـی هـەر بـژی و چەپڵـەی بـەردەوام) کۆمـار لـە کۆمەڵێـک کـەس

---

هەتـای تورکییـە، بـەڵام لەڕاسـتیدا 70%ی هەتـای عـەرەب بـوون و تورکییـان نەدەزانـی، بۆیـە نـاوی "تورکانـی ئێتی"یـان لەمانـە نابـوو، وەک چـۆن کـوردە تورکـی نەزانـەکان گوایـە "بۆزتـورک"ن.

پێکدێت کـە لـە مـاف و ئـەرک دا یەکسـان بـن [81]. تاوەکـو ئەوکاتـەی لـەم راسـتییە تێدەگـەن، هێزەکانمـان بەکـردەوە لـەوێ دەبن. ئەگـەر چەکەکانی دەسـتیان تەسـلیم بکـەن و مـل بـۆ فەرمانەکانـی کۆمـار کـەچ بکـەن، ئـەوا ئێمـەش بەخۆشەویسـتییەوە باوەشـیان بـۆ دەکەینـەوە. دێرسـمییەکان پێویسـتە دەنگـی ئێمـە ببیسـتن. ئـەم دەنگـەی کـە لێـرەوە بـەرز دەبێتـەوە، پێویسـتە بـە قازانجـی خۆیـان بـەکاری بێنـن. چونکـە لـە دەنگـی ئێمـەدا هێنـدەی میهرەبانی،هێزیـش هەیـە. (چەپڵـە) هەڵبژاردنـی یەکێـک لەنێوان ئـەم دووانـەدا کاری خۆیانـە، بـەڵام بـا بزانـن کـە بەزەیـی و قەهریشـمان زۆرە[82]. ... کۆمـار لـە دڵ و بیـری هەمـوو کەسـێکدا رەگـی داکوتیـوە و لـە هەمـوو شـتێکیش بێپەروایـە. بـەو بەدبەختانـە دەڵێیـن کـە لـە ئەرکـە نیشـتمانییەکانیان هەڵاتـوون، وەرن ببینـن ئـەو رژێمـەی ئێـوە ناتانەوێـت، پێتـان نامۆیـە یـان خیانەتـی بەرامبـەر دەکـەن چـی کـردووە؟ شـتێکی دیکـەش هەیـە کـە سـنگمان دەردەپەڕێنیـن و بـە شـانازییەوە دەیڵێیـن: کاتێـک تەماشـای بەرهەمەکەمـان دەکـەن، پێیـان دەڵێیـن ئـەوا لێتـان خۆشـبووین...

ئەمـەش چاکەیەکـی مەزنـی شۆڕشـگێرەکانە لەپـاڵ توانـای بونیاتنانیانـدا. ئـەم چاکەیـە بەشـێکی زۆر کـەم لـە شۆڕشـگێڕ و پەرلەمانـەکان بەنسـیبیان بـووە. ئێمـە لـە ئاواتەکەمانـدا سـەردەکەوین. دەبینیـن ئایدیالیزمەکەمـان دێتـەدی. دەگەینـە مەزهـەری ئـەوەش کـە لـە گوناهـەکان خـۆش ببیـن. (چەپڵـە) تەنیـا پەرلەمانیـش لەژێـر سـایەی شـێفەکەماندا دەرکـی بەمـە کـردووە. (چەپڵـە) هاوڕێیـان، بابەتـی لێخۆشـبوون واتایەکـی دیکەیـش دەگەیێنێـت. ئەویـش پۆڵاینـی یەکێتیـی تـورک و رژێمەکەمانـە لـەم

81 - سـەرۆک وەزیـران سـەرەڕای ئـەوەی کـە سـەرجەم مافـە دیموکراسـییەکانی نەتـەوەی کوردیـان زەوتکـردووە، هەرچییـەک لـە دەسـتیان هاتبێـت بـۆ لەنێوبردنـی کەسـایەتیی کـورد و کوردسـتان کردوویانـە و، تێکۆشـاون زمـان و کولتـووری تورکـی بـەزۆر بەسـەر کـورددا بسـەپێنن، کەچـی دیسـانیش بـاس لـە "یەکسـانی" دەکات.

82 - ئـەم جـۆرە قسـانە لەلایـەن هەمـوو دەوڵەتانی داگیرکەرەوە بەرامبـەر بە خەڵکانی داگیرکراو گوتراون.

نیشـتمانەدا. یەکێـک لـە ئامانجەکانـی لێخۆشبوونەکەشـمان ئەمەیـە. ئەگەرنا لـە چەنـد بەدبەختێـک خـۆش بیـن یـان نـا، هیـچ نرخێکـی نییـە [83]. ئەگـەر بڵێـم ئێمـە لەسـەر یەکێتیـی تورکـی زۆر هەسـتیارین، دڵنیـام لەوەی بەهەڵـە لێـی تێناگـەن. رژێمـی کەمالیسـتی بـە گشـت بەروبوومەکانییەوە، ئـەوەی پیشـان داوە کـە چـۆن لـە دڵـی ئـەم میللەتەدایـە و وەک هۆکارێکی پێشـکەوتن خزاوەتـە نێـو رۆحـی هەمووومانەوە. بۆیە حیسـابی شـتێکی بەرز و کەشـخەی بـۆ دەکەیـن و خۆشـمان دەوێـت. ئێمـە لەبەرامبـەر کەمالیزم، هەمـوو جـۆرە تەوژمێـک، ئیـدی سـەرچاوەکەی هـەر شـوێنێک بێـت، چ راسـت بێـت و چ چـەپ، بـە نامـۆ دەزانیـن. سـەبارەت بـە ئێمە ئەسـڵ رژێمی کەمالیسـتییە، یەکێتیـی تورکییـە، نەتەوەگەریـی تورکییـە. (چەپڵە)

**بابەتی هەتای**

هاوڕێیـان، ئێسـتا دەچمـە سـەر بابەتـی سـەرەکیی ئەمـڕۆ. مەسـەلەی هەتـای کـە هەمووتـان بەجۆشوخرۆشـەوە چاوەڕێـی دەکـەن. (چەپڵـە) پێویسـتە بـەر لـە هـەر شـتێکی دیکـە بڵێیـن کـە هەتـای تورکـە. (دەنگـی هـەر بـژی و چەپڵـە) هەتـای بـەزۆری و لـەڕووی کولتوورییـەوە بەتورکـی دەمێنێتـەوە. (دەنگـی بـژی و چەپڵـە) هەتـای پارچەیەکـی پیـرۆزی نیشـتمانە و لـە سـەردەمی بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـدا شانبەشـانی ئێمـە بـۆ سـەربەخۆیی خەباتـی کـردووە. (دەنگـی بـژی و چەپڵـە) ئەگـەر لـە بابەتـی بزووتنـەوەی میللـی دا هەتـای بـە هـەر شـارێکی دیکەمـان بـەراورد بکەیـن، بـە لایەنـی کەمـەوە یەکسـان دەبێـت و لەپێنـاو سـەربەخۆییدا فیـداکاری کـردووە. ئێمـە ناتوانیـن دەسـت لـە خەڵکێکی بەوشـێوەیە بەربدەیـن. ئەمە

83 - لێخۆشـبوون یەکێکـە لـەو میکانیزمانـەی کـە دەوڵەتانـی ئیسـتیعمار زوو زوو باسـیان کردووە و بەکاریـان هێنـاوە. ئامانجـە بنەڕەتییەکـەی بەکۆیلەکردنی خەڵـک و لەنێوبردنـی نێوەڕۆکە نەتەوەیی و شۆڕشـگێڕییەکەی بـووە. هۆکارێکـی گرنگـی دیکـە هەوڵـدان بـووە بـۆ داتاشـینی چینێکـی هـاوکار لەنێـو خەڵکی داگیرکـراودا.

کارێکـه لـه دەسـت کۆمـاری تورکیـا نایێـت".[84] (دەنگـی بـژی و چەپڵـه)
69. سـەبیحە گۆکچـەن لەسـەر یارمەتییەکانی لە یاخیبوونە کوردییەکان دا مەدالیـای پێبەخشـرا: "... خانمـی بەڕێـز سـەبیحە گۆکچـەن وەک یەکـەم ژنـە فرۆکەوانـی تورکیـا بەشـداری لـە ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی سـاڵی 1937دا کـرد کـە کرایـە سـەر یاخیبـووە کـوردەکان و پاڵەوانێتییەکـی گـەورەی نواند و مەدالیـای رێزلێنانی پێبەخشـرا".
70. کۆمیسـیۆنی سـنووریی نێـوان تورکیـا و ئێران کۆبـووەوە، گفتوگۆکانی نێـوان تورکیـا و سـووریا دەسـتیان پێکرد.
71. تورکانـی ئێتـی رزگاربـوون. لـە رۆژی 3/7/1938دا رێککەوتننامـەی هـاوکاری و دۆسـتایەتی نێـوان تورکیـا و فەرەنسـا نوێکرایـەوە.
72. رۆژنامـەی (لومانیتـە)ی فەرەنسـا: "یاسـای جلوبـەرگ کـە ئەتاتـورک بەپێداگرییـەوە لەسـەری دەوەسـتێت، بـەزۆر بەسـەر جیهانـی عـەرەب دا دەیسـەپێنێت".
73. سەنگەری ئینگلیز ـ تورک ـ فەرەنسی دروست دەکرێت.
74. ناسـید ئوڵـو، وتـاری (دێرسـم بـە رووی شارسـتانێتی دا دەکرێتـەوە)
- ئۆزتورکەکانـی دێرسـم -:
"گەیاندنـی هەواڵـی کاری 'کردنـەوەی دێرسـم بـە رووی شارسـتانێتی دا' کـە یەکێکـە لـە بـواری کاری شۆڕشـی تـورک، بـە پێویسـت و بەسـوود دەزانیـن. رۆژنامـەی ئوڵـوس هەفتـەی داهاتـوو ژمارەیەکـی خـۆی تەرخـان دەکات بـۆ ئـەم مـژارە؛ بـە وردی و فراوانـی بـاس لـەوە دەکات چـۆن هـەزاران تـورک کـە لەژێـر رژێمـی عەشـیرەتەکان دا دەناڵێنـن لـە دەسـت ئاغـا، سـەرۆک و سـەییدەکان رزگارکـراون، چـۆن کۆتایـی بـە چەتەگـەری هێنـراوە، چـۆن سـەردەمی ئـازادی و مافەکانـی مـرۆڤ لـە دێرسـم کراوەتـەوە.
کرانـەوەی دێرسـم بـە رووی شارسـتانێتی دا یەکێکـە لـە ئەنجامـە

84 - وەک دەبینیـن، جـەلال بایاریـش وەک ئینۆنـو و شـوکرو کایا و کەمالیسـتەکانی دیکـە بـاس لـە پـڕۆژەی چاکسـازیی دێرسـم، لێدانـی رێگـە و کردنـەوەی خوێندنگـە دەکات. بـەڵام ئامانجی سـەرەکیی بەکارهێنانـی سـوپا لـە دژی کـورد دەشـارێتەوە.

مەزنەکانــی شۆڕشــی کەمالیســتی. هەڵمەتێکــی هێنــدە گەورەیــە شــەرەف و شــانازی بــە نــەوەی ئێمــە دەبەخشــێت.[85]

مانـۆڕی سـوپای تورکیا جارێکـی دیکـە دەسـتەواژەی "وەک تـورک بەهێز"ی سـەلماندەوە. بەدواداچوونێکــی رژدیــش دوای ئەمــە، بەتــەواوی رەگ و ریشــەی چەتەیــی دەردەهێنێــت، دەیــان هــەزار تورکــی سەرســام و سـتەملێکراوی خەڵکـی تونجەلـی کـە لـە سـتەم و هەڕەشـەی سـەرۆک، ئاغــا و ســەیید رزگاری دەبێــت، ئــەم شــەرەفە تــام دەکــەن و دەگەنــە بەروبوومەکانــی شارســتانێتی".

75. بەبۆنـەی هاتنی وەزیـری ئابووریـی ئەڵمانیـاوە میوانداریيـەک رێکخرا و گوتار خوێنرانــەوە. (6/10/1938)

لــە بەشــی ســەرەوەدا، هەندێــک نموونــەی جۆراوجۆرمــان لــە میدیــای تورکییــەوە هێنــاوە لەکاتــی گفتوگۆکــردن لەســەر یاســای تونجەلــی لــە پەرلەمــان دا، پەســەندکردنی و پاشــان جێبەجێکردنــی. دەکرێــت ئــەم لیسـتەیە زیاتریـش درێژبکرێتـەوە، بـەڵام ئەمەندەش دەتوانێت سیاسـەتی ناوخۆیــی و دەرەکیــی دەوڵــەت و نێوەرۆکــە ئایدیۆلۆژییەکــەی ئاشــکرا بــکات.

لەڕاسـتیدا دەکرێـت ئـەم هـەواڵ و نووسـراوانە لەژێـر شـەش ناونیشـان دا کــورت بکەینــەوە:

1. ئــەو هــەواڵ و نووســراوانەی کــە بــاس لــە هاوکاریــی ئایدیۆلــۆژی، سیاسـی و سـەربازیی نێـوان تورکیا، ئێـران و عێراق دەکەن. لەم پێناوەشـدا پەیوەندیـی لەگـەڵ داگیرکاریـی ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان بەسـتراوە.
2. نزیکیــی سیاســی و ئایدیۆلۆژیــی کەمالیــزم لــە رژێمەکانــی ئەڵمــان و ئیتاڵیــا.
3. گەڕاندنەوەی شاری هەتای (تورکانی ئێتی).
4. رێگریکردن لە جووڵانەوەی چینی کرێکاری تورک.

85 - کەمالیسـتەکان هەمیشـە شـانازییان بـەو سیسـتەمی داگیرکارییە کـردووە کە لە کوردسـتان دایانمەزراندووە.

5. سەرکوتکردنی شۆڕشی دێرسم و کۆنترۆڵکردنی (ئۆزتورکەکان).
6. گەورەیی و رەسەنیی رەگەزی تورک.

بێگومـان ئـەم شـەش جـۆرەی هـەواڵ و نووسـینیش لـە نزیکـەوە پەیوەندییـان بـە یەکـەوە هەیـە. بـۆ نموونـە، ئەوکاتانـەی کـە کـورد داوای نەتەوەییـان چڕکردووەتـەوە، واتـە بەرهەڵسـتی بەشـێوەیەکی بەرجەسـتە دەرکەوتـووە، بەئاشـکرا سـەردانی وەزیرانـی دەرەوەی ئـەم سـێ وڵاتـە بـۆ لای یەکتـر زیـادی کـردووە. هەروەهـا پاوانخوازیـی ئەڵمانـەکان لـە تورکیـاش کاریگەریـی دادەنێـت؛ کاتێـک ئـەوان نیـازی خۆیـان بـۆ گرتنـی نەمسـا و چیکۆسـلۆفاکیا ئاشـکرا دەکـەن، ئەمانیـش پڕوپاگەندەکانیـان بـۆ گەڕاندنـەوەی پارێـزگای هەتـای چڕتـر دەکەنـەوە. لەنێـوان داگیرکردنـی ئـەم وڵاتانـە لەلایـەن ئەڵمانیـا و بابەتـی هەتایـدا پەیوەندییەکـی نزیـک هەیـە. چونکـە کاتێـک ئەڵمانیـا پەلامـاری ئـەم وڵاتانـەی دا، بەهانـەی رزگارکردنـی خەڵکانـی ئەڵمانـی نێـو ئـەو وڵاتانـەی بەکارهێنـا. لەڕاسـتیدا نەمسـا و چیکۆسـلۆفاکیاش خەڵکەکـەی لـەڕووی رەگـەزەوە ئەڵمـان بـوون. نازییـەکان بیانـووی پاراسـتنی مافـە نەتەوەیـی و کولتوورییەکانـی ئەوانیـان دەهێنایـە گـۆڕێ، بـەڵام کاتێـک تورکیـا داوای هەتـای دەکـرد، زۆربـەی دانیشـتووانەکەی عـەرەب بـوو. حکومەتـی تورکـی بـۆ رەواییـدان بەمـە دەیگـوت "هەتـای 40 سـەتەیە تورکـە"، بـەڵام ئـەم شـوێنەی کـە 40 سـەتە بـوو تـورک بـوو، زۆرینـەی خەڵکەکـەی تورکییـان نەدەزانـی. بۆیـە نـاوی "تورکانـی ئێتی"یـان بـۆ داتاشـین. هەروەهـا جێگـەی خۆیەتـی کە بڵێین دروشـمەکانی کۆنترۆڵکردنـی هەتـای و تونجەلیـش لـە یـەک دەچـن. چونکە هەردووکیـان رەوایـی لـە وشـەی "ئوزتـورک"ەوە دەردەهێنـن. لەلایەکـی دیکـەوە، ستایشـکردنی سیسـتەمە فاشیسـتەکانی ئەڵمانیـا و ئیتاڵیـا لەگـەڵ پەسـەندکرانی یاسـای کاری سـاڵی 1936، پەیوەندییەکـی نزیکیـان هەیـە. چونکـە ئەم یاسـایە، هاوشـێوەی ئیتاڵیـا و ئەڵمانیا، گوشـارێکی زۆری دەهێنایـە رێگـەی گەشـەکردنی بزووتنـەوەی چینایەتـی کرێـکاران. ئەمـەش چەشـنی ئیتاڵیـا و ئەڵمانیـا، لەژێـر دروشـی " دژی سۆسـیالیزم و هەروەهـا

دژی کاپیتالیزمیـن"دا دەکـرا. دەیانگـوت کـە ئـەوان بـژاردەی سـێیەمن. پێشـتر گوتمـان ئایدیۆلۆژیـای کەمالیـزم بەرژوەندیخوازانەیـە و لەکاتـی جەنـگ و ئاشـتی دا، لـە کات و شـوێنی جیـاوازدا، بەرامبـەر بـە چیـن و توێـژە جۆراوجـۆرەکان، لەهەمبـەر کـورد و تـورک، دروشـم و پڕوپاگەنـدەی هەمەجـۆری بەکارهێنـاوە. لەکاتـی جەنـگ و لەنێوبرانـی کـورد دا، دەسـتەواژەی وەک "وەحشـی، دواکەوتـوو، سـەرەتایی، ئـاژەڵ"ی بـۆ بەکارهێنـاون. ئەوکاتانـەش کـە سـوپا شۆڕشـە کوردییەکانـی خامـۆش کردووەتـەوە و لـە خوێنـی خۆیانـدا خنکاندوونـی، چیتـر بـاس لـە چەتـە و عەشـیرەتگەری ناکرێت و گەڕاونەتـەوە سـەر قەوانـی "ئۆزتـورک". واتـە لەم کاتانەدا حیسـابی تورکیان بۆ دەکرێت. داگیرکرانی نەمسـا و چیکۆسـلۆفاکیا لەلایـەن ئەڵمانیـاوە بـەراورد بـە داگیرکردنـی کوردسـتان و هەتـای لەلایـەن تورکیـاوە جیاوازییەکـی سـەرەکی تێدایـە؛ چونکـە بـە لایەنـی کەمـەوە زۆرینـەی خەڵکـی خاکـی نەمسـا و چیکۆسـلۆڤاکیا بـە رەگەز ئەڵمانـی بوون، بـەڵام کەمالیسـتەکان ئامانجیـان لـە داگیرکردنـی کوردسـتان لەنێوبردنـی نەتـەوە، زمـان، کولتـووری کـورد و کوردسـتان بـووە.
هەرچەنـدە حکومەتـی تـورک پێـش جەنگـی دووەمـی جیهـان و لەکاتـی جەنگەکەشـدا لـە سیاسـەت دا لایەنگـری ئەڵمـان بووە، بەڵام هێشـتنەوەی پەیوەندیـی دۆسـتانەی لەگـەڵ ئینگلیـز و فەرەنسـییەکاندا فەرامـۆش نەکـردووە. بـۆ نموونـە، ئـەم پەیوەندییانـە لـە گەڕانـەوەی هەتـای بـۆ سـەر خاکـی تورکیـادا رۆڵـی گرنگـی هەبـووە. وەک دەزانرێـت هەتـای سـەر بـە سـووریای ژێـر ئینتیدابـی فەرەنسـا بـوو. مافـی تورکەکانـی نێـو ئـەم شـارە بەگوێـرەی رێککەوتنێکـی نێـوان فەرەنسـا و تورکیـا کـە لـە سـاڵی 1921 مۆرکرابـوو، پارێـزراو بـوو. لـە کۆتایـی سـاڵی 1935دا دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبـووەوە کـە فەرەنسـا سـەربەخۆیی دەداتـە سـووریا. ئیـدی لـە دەرەنجامـی کۆبوونەوە ئاشـکرا و نهێنییەکانی نێـوان تورک و کۆلۆنیالیزمی فەرەنسـی دا، ئـەم ناوچەیـەی کـە %70ی خەڵکەکـەی عـەرەب بـوون، بـە تورکـی ئێتـی حیسـاب کـران و خرانـە سـەر تورکیا. ئـەم هاوکارییـەی نێـوان

کەمالیستەکان و داگیرکاریی فەرەنسا لە کێشەی هەتایدا، چ لە دونیای عەرەبی و چ لە ئەورووپادا کاردانەوەی لێکەوتەوە. نووسەرێک بە ناوی "ئێرنێست مەین" لە وتارێکیدا کەمالیزم لە نازیزم خراپتر و ئەتاتورکیش وەک هیتلەر و موسۆلینی دەبینێت:

"... تورکیا بۆ ئەوەی موسڵ بەدەستبێنێتەوە کورد بەکاردەهێنێت. دەڵێت گوایە کورد زیاتر دەیانەوێت لەگەڵ تورک بن نەک عێراق. کوردەکانیش زۆر باش بیری ئەو کاتەیانە کە پێش کۆتایی هاتنی ئینتیدابی عێراق بە دوو ساڵ، دوو هەڵمەتی یاخیبوونیان لە چیاکانی کوردستان دا، لەلایەن هێزەکانی ئینگلیز و عێراقییەکانەوە بەشێوەیەکی توند سەرکوت کرا. بەڕای سوورییەکان، تورکیا سوودی لە ئارەزووی فەرەنسی و ئینگلیزەکان بۆ رێککەوتن و ئاشتی وەرگرتووە و مامەڵەی بەمەوە کردووە. سوورییەکان پێیان وایە ئەوان باجی ئاشتیی ئەورووپایان داوە".[86]

لە وتارێکی دیکەدا میدیای بیانی بەم جۆرە باسی کێشەی هەتای کردووە:

"ئێمەی عێراقی چەند ساڵێک پێش ئێستا لە مەسەلەی موسڵ دا ئەم کارەساتەمان چەشت. ئەمڕۆ سووریا هەمان شتی لە کێشەی تورکیادا بەسەردێت. بەداخەوە دەبینین کە فەرەنسا یارمەتی سووریا نادات. سووریا لە بابەتی هەتایدا ئەندێشەیەکی رەوای هەیە. لەکاتێکدا بەگوێرەی ئەو پەیمانەی کە لەنێوان سووریا و فەرەنسییەکاندا هەیە، دەبووایە هەتای سەر بە سووریا بێت".

رۆژنامەی (لومانیتە) لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

"... چونکە سەرەڕای هەموو گوشارەکان ژمارەی دانیشتووانی تورک زۆر دەرنەچوون. بەڵام دوای ئەمە رێککەوتنێکی نێوان تورک و ئینگلیزەکان ئاشکرابوو کە دۆخەکەی لە قازانجی تورکەکان شکاندەوە. ئەمە بە مانای چی دێت؟ ئایا فەرەنسا دەیەوێت شتێک قبوڵ بکات کە خەڵکی پارێزگاکە رەتیان کردووەتەوە؟". یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم

86 - ئێرنێست مەین، وتاری (ترسی عەرەبەکان لە کەمالیزم) لە رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف.

هـەواڵ و وتارانـەی کـە ریزمـان کـردن ئەوەیـە کەمالیـزم هەمیشـە خـۆی وەک لایەنگـری یەکسـانی، رزگاریـی نەتەوەیـی، جیـاوازی نەکـردن لەنێـوان هیـچ نەتـەوە و رەگـەز و چیـن و پیشـەیەکدا دەردەخـات. کەمالیسـتەکان دوای دەسـتدرێژی و داگیـرکاری و خوێنرێژییەکانـی کوردسـتان بەگشـتی و دێرسـم بەتایبەتـی، هەمـان شـت دەڵێنـەوە. ئەمـەش دەریدەخـات کـە ئایدیۆلۆژیایەکـی درۆیینەیـە و تـەواو لـە واقیـع دابـڕاوە. سـەیری ئـەم نموونەیـە بکـەن:

"... یەکێـک لـەو تایبەتمەندییانـەی رژێمـی تـورک کـە سەرسـامم دەکات یەکسـانییە. جیـاوازی نەکـردن لەنێـوان شـوێن، پیشـە، چیـن و نەتەوەکانـی نێـو کۆمەڵگـەدا و تەنیـا گرنگیـدان بـە شـەرەفی ئینسـان.. پتەوتریـن ئەخلاقـی یەکسـانی و قووڵتریـن بناخەکەشـی لـە مامەڵەمانـدا لەگـەڵ ژنـان دا دەردەکەوێت. ئـەم یەکسـانییە لـە تورکیـادا بەشـێوەیەکی هێنـدە فەلسـەفی و رەهـا گەشـەی کـردووە هیـچ شـوێنێکی دیکـەی پێنـاگات. ئەمـەش شـتێکی تـەواو جیـاوازە لـە فێمینیـزم" [87].

بـەڵام لەژێـر نـاوی ئـەم دروشـمی یەکسـانییەدا سیسـتەمێکی داگیـرکاری دامەزرێنـراوە.

"... سـەرۆکی پەرلەمـان سـەبارەت چارەسـەرکردنی یەکجاریـی کێشـەی دێرسـم گوتـی: هەمـووان یەکسـانن. بۆیـە هیـچ کەسـێک ناتوانێـت لەبەرامبـەر یاسـا تورکییـەکان دا بانگەشـەی ئیمتیـاز بـکات".

لێـرەدا بەڕوونـی دەگوترێـت کـە هیـچ کەسـێک بـۆی نییـە پێچەوانـەی یاسـا تورکییـەکان بجووڵێتـەوە. واتـە هەمـووان بەگوێـرەی یاسـا تورکییـەکان دەبێـت تورکبوونـی خۆیـان قبـوڵ بکـەن و گوزارشـت لـە بەختەوەریـی خۆیـان لـە تورکبـوون بکـەن.

---

87 - ئیسماعیل حەققی باڵتاجی، رژێمی تورک.

# 7. هەڵگیرانی یاسای تونجەلی و پشکنەرە گشتییەکان

یاسـای تونجەلـی لەکۆتاییـدا و دوای ئـەوەی سـاڵێک درێژکرایـەوە، لـە 1/1/1947دا هەڵگیـرا. بـەم جـۆرە، زیاتـر لە 11 سـاڵ کاری پێکـرا. هەڵگیرانی یاسـاکە بـە مانـای ئـەوە دێـت کـە داگیرکـران و کۆرنترۆڵکرانـی دێرسـم لـە روانگـەی سیاسـی و ئابووریيـەوە گەیشـتووەتە کۆتایـی.
سـاڵی 1948 یاسـای پشـکنەرە گشـتییەکان هەڵگیـرا. واتـە چالاکییەکانـی داگیرکردنـی کوردسـتان تەواوبـووە. چیتـر پارێـزگاری گشـتی کـە دەسـەڵات و مافێکـی زۆر و فراوانـی هەبێـت پێویسـت نەبـوو. چونکـە چینێکـی خەڵکـی خۆماڵـی دروسـتکرابوو کـە کوردێتیـی خۆیـان رەتدەکـردەوە، ببوونـە کۆیلە و سـیخوڕ. گەنجانیـش لـە ئەنجامـی سیاسـەتی تواندنـەوە، بەجۆرێـک کـە بە دڵـی داگیـرکاران بێـت پـەروەردە دەبـوون.

### هەڵوێستی پرۆفیسۆرەکان لە بەرامبەر رووداوە کەتوارییەکانەوە

#### 1. بەگشتی

وەک پێشـتر گوتمـان، یەکێـک لـە گەورەتریـن دەرەنجامەکانـی یاسـای تونجەلـی، شـۆڕشـی تونجەلـی بـوو. یاسـاکە بەتایبـەت لـە سـاڵانی 1937

و 1938دا بەوپـەڕی هەوەسـخوازییەوە لـە دێرسـم جێبەجێکـرا. دێرسـم لـە روانگـەی نێـوەڕۆک و چۆنێتییـەوە ــ بـە کۆمەڵکـوژی نازییەکانیشـەوە ــ جینۆسـایدێکی ئەوتۆیـە کـە وێنـەی لـە دونیـادا دەگمەنـە. کوشـتنی منداڵـی نێـو سـکی دایـک و شـیرەخۆرە، سـەربڕینی منـداڵان و هەڵواسـینی سـەریان بـە سـەرەنێزەوە، یەکێکـە لـە خەسـڵەتە هـەرە گرنگەکانـی ئـەم جینۆسـایدە. لـە پلـەی دووەمیشـدا پڕکردنـی ئەشـکەوتەکان دێـت لـە کچـان و ژنـان و خنکاندنیـان بـە گازی ژەهـراوی. ئەوەنـدە هەیـە هاوکێشـە نێودەوڵەتییـەکان پشـتی دادگاییکـران و ئاشـکراکرانی رژێمـی نازییەکانـی گـرت، بـەڵام هەمـان ئـەم هاوکێشـانە لایەنگـری ئەوەبـوون رەشـەکوژیی کەمالیـزم لـە کوردسـتان دا بەنهێنـی بمێنێتـەوە. دوای تەواوبوونـی جەنگـی جیهانیـی دووەم، هەریـەک لـە چەرچـڵ، روزڤێڵـت و سـتالین هەوڵـی هاوبەشـیان داوە بـۆ ئاشـکراکردنی کاری چەپەڵـی نازییـەکان، بەڵام هاوکێشـە نێودەڵەتییـەکان بەرژەوەندییـان لـە شـاردنەوەی جینۆسـایدی کـورددا هەبـووە، چونکـە کودسـتان کۆڵۆنییەکـی نێودەوڵەتییـە. کەمالیسـتەکان بەهاوبەشـیی سیاسـی، ئایدیۆلـۆژی و سـەربازیی لەگـەڵ دەوڵەتـە کۆلۆنیالیسـتەکانی جیهـان دا کوردسـتانیان داگیرکـردووە. بۆیـە لـەم داگیرکارییـەدا سیاسـەتی زۆر لـە دەوڵەتانـی تێهەڵکێـش بـووە، نـەک بەتەنیـا دەوڵەتـی تـورک. لـە ئەنجامـدا مانـەوەی کۆمەڵکوژییەکانـی کوردسـتان بەنهێنـی شـتێکی سرووشـتییە. رێککەوتنـی نێـوان تـورک و ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان، دەوڵەتانـی وەک تورکیـا، ئێـران و عێـراق دژ بـە نەتـەوەی کـورد بووە. تاکە ئامانجیشـیان کۆنترۆڵکردنی تەواوی کوردسـتان بـووە. ئـەوەی لێـرەدا بەتایبـەت هەڵوێسـتەمان لەسـەر کـردووە خـودی یاسـای تونجەلـی بـوو. لەبەرئـەوەی شـتێکی بەرجەسـتە بـووە و لـە مـاوەی زیاتـر لـە 10 سـاڵ دا جێبەجێکـراوە، بەئاسـانی دەتوانرێـت لـە حوکمـەکان و دەرەنجامەکانـی بکۆڵرێتـەوە.

لـە زانکـۆکان دا کـە زانسـتە مرۆییەکانـی وەک یاسـا، ئابـووری، سیاسـەت و هاوشـێوەکانیان دەگوترێتـەوە، لـە باسـی نازییەکاندا ئەم جۆرە پرسـیارانەی

خـوارەوە بـووە بـە نەریـت: لـە وڵاتێکـدا کـە %98ی خەڵکەکـەی خوێنـدەوار بـووە، کەسـێکی وەک هیتلـەر چـۆن توانیویەتـی ببێتـە دیکتاتـۆر؟ لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە خاوەنـی رۆشـنبیر، زانکـۆ و پرۆفیسـۆری زۆر و زەبەنـدە بـووە، نازییـەکان بـە چ رێگەیـەک توانییـان بگەنـە دەسـەڵات؟ کۆمەڵگەیەک کـە ئـەو هەمـوو بیرمەنـد، هونەرمەنـد و فەیلەسـوفەی پێگەیانـدووە، چـۆن بەڵێـی بـۆ دیکتاتۆرێکـی وەک هیتلـەر کـردووە؟ کۆمەڵگـەی ئەڵمـان کـە دارای ئاسـتێکی بەرزبـووە لـە بـواری ئەزمـوون و هـزری سیاسـی دا، بۆچـی پرۆفیسـۆر، زانکۆ، رۆشـنبیر، بیرمەند و هونەرمەنـدەکان نەیانتوانیوە ئەرکـی خۆیـان جێبەجێبکـەن؟ لـە رێگـەی وەڵامـی ئـەم جـۆرە پرسـیارانەوە هەوڵــی روونکردنــەوەی ئایدیۆلۆژیــای تۆتالیتــەری نازییــەکان دەدرێــت کـە چـۆن توانیویەتـی حەشـاماتەکان ئەفسـووناوی بـکات، بـەڵام لەمـەدا گرنگــی بــە پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنــان و پێکدادانــی نێــوان هێــزە بەرهەمهێنـەکان نادرێـت. بـۆ نموونـە، د.بولەنـت داوەر لـە کتێبـی (هـزرە سیاسـییە هاوچەرخـەکان)دا دەڵێـت:

"چـۆن خەڵکـی ئەڵمـان کـە لـە زانسـت، فەلسـەفە، تەکنەلۆجیا، ئەدەبیات و هونـەردا ئاسـتێکی زۆر بەرزیـان هەیـە جلـی تەسـک و تەنگـی نازییەکانیـان لەبەرکـرد و بـەرەو ژێـر ئاڵاکانیـان رایانکـرد؟".

مەتە تونجای سەبارەت هەمان باس دەڵێت:

"بەرێـز یـاووز لـەو سـاڵانەدا کـە لـە ئەڵمانیـا بـووە، قەیرانـی سیاسـی و ئابـووری تێهەڵکێـش بوونیـان هەبـووە و دیموکراسـیی تەمەنکورتـی 'ڤایمـەر' بەخێرایـی بـەرەو هەڵدێـر دەرۆیشـت. خوێنـدکاران بەسـەر چەنـد دەسـتەیەکی دژ بـە یەکـدا دابـەش ببـوون. راسـترۆیەکان بـە بەزکردنـەوەی دەسـت و گوتنـی 'هایـل هیتلـەر' سـڵاویان لـە یەکتـر دەکـرد، چەپەکانیـش شـێوەی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـوو. کاک یـاووز بەهـۆی ئـەم شـتانەوە کـە لـەم قۆناخـەدا بینیبـووی، متمانـەی بـە ئایدیۆلۆژیـا ریزپـەڕەکان نەمابـوو. بەپێچەوانـەی زۆر لـە هاورێیەکانـی، نەبـووە فاشیسـت و نەکۆمیونیسـت. بـە نزیکبوونـەوەی نازییـەکان لـە دەسـەڵات، زیاتـر رووی نـاوەوەی دژایەتیـی

ئەوانــی لەبەرامبــەر عەقــڵ دا بــۆ دەرکــەوت. جارێــک لەگــەڵ دۆســتە ئەڵمانەکانـی دا چـوو بـۆ یاریگەیـەک بـۆ ئامادەبـوون لە گوتارێکـی هیتلەردا. بـە چـاوی خـۆی 'گۆبێڵـس'ی [88] بینـی کـە چـۆن وەک بەڕێوەبەرێکـی بەتوانا و کارامــە حەشــاماتەکان دەخرۆشــێنێت، ئامادەیــان دەکات و حاڵیــان لێدەهێنێـت، بەجۆرێـک کاتێـک هیتلـەر دەسـتی بـە قسـەکرد، هەرچییەکـی بگوتایـە چەپڵـەی بەهێـزی بـۆ لێـدەدرا".

لــە دوایــن رۆژەکانیــدا لــە هایدڵبێــرگ، نازییــەکان دەســتیان خســتە نێــو زانکۆکانیشـەوە. مامۆسـتاکەی زانایـەک بـوو بە نـاوی 'ئانشـوتز'. لەبەرامبەر ئـەوەدا کـە نازییـەکان دەیانگـوت 'ئیـرادەی ئێمـە یاسـایە'، ئانشـوتز گوتـی 'لــەم وڵاتــەدا دەســتوور نەمــاوە تاوەکــو وانەکــەی بخوێنرێــت' و دەســتی لــەکار کێشــایەوە. خوێنــدکارە تورکەکەشــی کــە تێزەکــەی ئامادەکردبــوو، ســپاردە یەکێــک لــە مامۆســتا هاوڕێیەکانــی کــە پێیوابــوو واباشــترە کەمێکـی دیکـە بمێننـەوە و خەبـات بکـەن. (لەڕاسـتیدا بەشـێکی زۆر کـەم لـەو ئەکادێمیسـیەنە ئەڵمانانـەی کە جوو نەبـوون توانییان ئەم هەڵوێسـتە مەردانەیــە بنوێنــن)، بەڕێــز یــاووز لــەو تاقیکردنــەوە زارەکییانــەدا کــە بەشــداریی کــرد، بــە چــاوی خــۆی بینــی چــۆن هــاوڕێ جووەکانــی، لەلایــەن پرۆفیســۆرە نازییەکانــەوە لــە رێگــەی هەندێــک پرســیار لەســەر رەوایــی یاســای رەچەڵەکەکانــەوە، جیادەکرانــەوە و دەردەکــران.. لــەم کاتــەدا هەندێـک لـە ئەکادێمیسـیەن و زانا ئەڵمانـەکان بـەرەو تورکیـا رایانکـرد..."

یاسـای تونجەلـی یاسـایەکی چـۆن بـوو؟ ئایـا ئـەو دەسـەڵات و مافانـەی کـە لـە رێگـەی ئـەم یاسـایەوە دراونەتـە دەسـەڵاتی بەڕێوەبـردن جیاوازییەکیـان لەگـەڵ ئـەو هێـز و مافانـەدا هەیـە کـە هیتلـەر بەخشـیونی بـە دەسـەڵاتی بەڕێوەبردنــی حکومەتەکــەی خــۆی؟ ئایــا جیاوازییــەک لەنێــوان پەرســتنی هیتلـەر و پەرسـتنی سـەرۆکی هەمیشـەیی، مسـتەفا کەمـال و عیسـمەت ئینۆنـودا هەیـە؟ ئـەم یاسـایە رۆڵـی دادوەر بـە پارێـزگاری شـارێک دەدات.

---

88 - گۆبێڵس: وەزیری میدیا و راگەیاندنی نازییەکان. (وەرگێڕ)

پارێــزگاری دێرســم لــە هەمــان کات دا چــوارەم پشــکنەری گشــتییە و دەســەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردنیشــی هەیــە. لــە هەمــان کات دا جەنــەڕاڵ و فەرمانــدەی هێـزە چەکدارەکانـی ئـەو ناوچەیەشـە. دەتوانێـت بڕیـاری لەسـێدارەدان دەربـکات و جێبەجێیشـی بـکات. دەتوانێـت بەتەنیـا خـۆی دەسـەڵاتی یـەک بـە یەکـی وەزیـرەکان و سـەرۆکایەتیی وەزیرانیـش بەکاربێنێـت. جێبەجێکردنـی حوکمـی لەسـێدارەدانیش دەریدەخـات کـە مافەکانـی پەرلەمانیشـی هەبـووە. چونکـە بەگوێـرەی مـاددەی 26ی دەسـتووری 1924 بڕیارەکانـی لەسـێدارەدان لەلایـەن پەرلەمانەوە یەکلایی دەکرێنـەوە.

ئـەم کەسـەی کـە هەمـوو ئـەم مافـە سیاسـی، ئیـداری و سـەربازییانەی لـە خۆیـدا کۆکردووەتـەوە، مافـی ئەوەیشـی هەیە سـەبارەت هەرکەسـێک کـە دەیەوێـت دۆسـیەی لێکۆڵینـەوە بکاتـەوە، سـزای سـەر یەکێـک دوابخـات یاخـود دایبخـات. ئـەم مافـەی دوایـی سیاسـییە.چونکە ئەوانـەی لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر هەڵدەگیرێـت، سـزاکانیان دوادەخرێـت یـان لەسـەریان لادەبرێـت، ئـەو کۆیلانـەن کـە کوردێتیـی خۆیـان ڕەتدەکەنـەوە و بەئاشـکرا تورکێتـی پەسـەند دەکـەن. واتـە ئەوانـەن کـە خیانەتیـان لـە میللەتـی کـورد کـردووە. ئـەو کەسـەی کـە دەسـەڵاتە زۆر گرنگەکانـی حکومـەت و پەرلەمـان بەکاردەهێنێـت، مافـی ئـەوەی هەیـە تـاک، خێـزان، گونـد و شـارۆچکەکان بـۆ دەرەوەی سـنووری پارێزگاکـە نەفـی بـکات. ئـەی ئـەو دادگا سیاسـییە چـۆن بـووە کـە وەک داخوازیی ڕەواییدان بە یاسـایەکی لـەم جـۆرە دانـراوە؟ وەڵامەکـە زۆر سـادەیە. تاواننامە پێشـانی گومانلێکراو نادرێـت. ئـەو بڕیـارەی دەدرێـت یەکلاکەرەوەیـە و تێهەڵچوونـەوەی نییە. لە یـەک دانیشـتن دا بڕیـاری لەسـێدارەدان دەردەکرێـت و لـە هەمـان کاتیشـدا جێبەجـێ دەکرێـت. لەڕاسـتیدا ئـەوەی کـە لـە کەتـوار (واقـع) ڕوویـداوە، زۆر لـە بڕیارەکانـی ئـەم یاسـایە و جێبەجێکرانی ترسـناکترە. گوللەبارانکردنی ژنانـی سـکپڕ، پڕکردنـی ئەشـکەوتەکان لـە خەڵـک و سـووتاندنیان، خنکنکاندنیـان بـە گازی ژەهـراوی، سـەربڕینی منـداڵان، کردنـی سـەری

بـڕدراوی خەڵـک بـە سـەرە نێزەکانـەوە، دەسـتدرێژیکردنە سـەر کچـان و ژنـان لـەو ماوەیـەدا کـە یاسـاکەی تێـدا جێبەجێکـراوە بـەردەوام هەبوونـە و ڕوویانـداوە. کوشـتنی منـداڵان بـە پێلەقـە و کوشـتن بـە پانکردنـەوەی سـەر، لـە ڕووداوە زۆر بینراوەکانـن. ئـەم یاسـایە لەبەرئـەوەی کاتـی پێـش دەرچوونیشــی گرتووەتـەوە، ماوەیەکــی زۆری ڕووماڵکــردووە. ڕەهەنـدی ئـەم کاتـەش حـەز و ئیـرادەی ئـەو کەسـە دیـاری دەکات کـە دەسـتی دەڕوات. کوژرانـی منـداڵ دەریدەخـات کـە حیسـاب بـۆ "شەخسـیبوونی تـاوان" نەکـراوە کـە یەکێکـە لـە دەسـتوورە بنەڕەتییەکانی یاسـای سـزاکان. بۆچـی ئـەم ڕەشـەکوژییانە منداڵـی نێـو سـکی دایـک، شـیرەخۆرە، ژنانـی سـکپڕ و کچانـی لاویـان گرتووەتـەوە؟ وەڵامـی ئەوانـەی ئەمەیـان کـردووە زۆر ڕوونـە: دەرهێنانـی ڕەگ و ڕیشـەی کـوردەکان. بـۆ ئـەوەی لـە ڕەگـەوە بێداربوونـەوەی نەتەوەیـی کـە لەوانەیـە لـە داهاتـوودا سـەر هەڵبداتـەوە، ڕیشـەکێش بکرێـت. هەمـوو ئـەم شـتانە تەنیـا (نـووری دێرسـمی) باسـیان نـاکات. ئـەو ئەفسـەرە تورکانـەش کـە لـە دێرسـم جەنـگاون ئەمانەیـان گێڕاوەتـەوە. ئـەو ئەفسـەرانەی کـە ئێسـتا سـەر و ڕیشـیان سـپی بـووە دەڵێـن ئـەوەی لـە دێرسـم کردوویانـە "وەحشـەت" بـووە. لەگـەڵ کەمێـک ئـازاری ویژدانیشـدا باسـی ئـەم شـتانە دەکەن... لێـرەدا با سـەرنج بۆ خاڵێکی دیکـەی گرنگیـش ڕابکێشـین. گوتمـان بەپێـی دەسـتوور تەنیـا پەرلەمـان بـۆی هەبـووە بڕیـار لەسـەر لەسـێدارەدان بـدات. هەروەهـا گوتمـان پارێـزگار توانیویەتـی فەرمانـی لەسـێدارەدان جێبەجـێ بکات. ئەمـەش تەواو پێچەوانـەی دەسـتوورە. ئەمـە بۆچـی وایە؟ ئەگـەر بڕیارەکانی لەسـێدارەدان بهاتنایـە بـۆ پەرلەمـان، ئایـا پەرلەمـان پەسـەندی نەدەکـردن؟ بێگومـان پەسـەندی دەکــردن. کەوایـە بۆچـی؟ هـۆکارە سـەرەکییەکە ئەمەیـە: بڕیـاری لەسـێدارەدان لـە هـەر دادگایەکـەوە بێـت بـۆ پەرلەمـان، دەچێتـە ئەرشـیفی پەرلەمانـەوە. بۆیـە لـە ڕێگـەی ئـەم ئەرشـیفەوە دەتوانرێـت بزانرێـت لـە فڵانـە کات و قۆنـاخ دا چەنـد کـەس لەسـێدارەدراون. لـە دێرسـم بڕیـاری لەسـێدارەدانی بێشـومار دەرچـوون، بـەڵام دەبووایـە ئەمـە

بەنهێنی بمێنێتەوە. چونکە سەرجەم دادگاییەکانی کوردستان نهێنین. ئەمەش یەکێکە لە پڕەنسیپە نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لە کوردستان. لە شۆڕشی شێخ سەعیدەوە ئەمە بەم جۆرەیە. دادگاییەکان هەندێک جار بە یاسایی و بە کردەیی، هەندێک جاریش ئەگەر بە یاساییش نەبێت بەکردەیی پەنهان و نهێنی بوون. بەم جۆرە دەوڵەتی تورکیا چالاکییە رەگەزپەرستی، جینۆساید و داگیرکارییەکانی لە کوردستان لە خەڵکی بە ئەمەکی تورک و لە رای گشتیی جیهانیش شاردووەتەوە. لە سایەی ئەمەدا چەپ و سۆسیالیستە تورکەکانیشی فریوداوە.

بەکورتی، یاسای تونجەلی ئەمەیە. ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە پێویستە بکرێت ئەمەیە: ئەم یاسایە و جێبەجێکردنەکەی لەگەڵ کارە قێزەونەکانی هیتلەردا چ جیاوازییەکیان هەیە؟ کاتێک ئەم یاسایە دەرکرا و جێبەجێکرا، لە تورکیادا پرۆفیسۆر، رۆشنبیر، هونەرمەند و بیرمەند نەبوون؟ یاساناس نەبوون؟ بێگومان هەبوون، بەڵام پرۆفیسۆرەکانی ئەڵمانیای نازی چۆن هیتلەریان دەپەرست، ئەوانەی تورکیاش مستەفا کەمال و عیسمەت ئینۆنویان دەپەرست. پیشاندانی نموونەی بەرجەستەی ئەم پەرستنانە سوودی هەیە.

## أ) کۆنفرانسی زانکۆکان

بەبۆنەی کردنەوەی زانکۆی ئیستەنبووڵ لە ساڵی 1933دا، یوسف حیکمەتی وەزیری پەروەردە بەکورتی ئەم گوتارەی داوە:

"... هاوڕێیان،

لەسەر رێگەیەکدا کە داهاتووی گەشە و دڵنیام تژی دەبێت لە شەرەف، سەرکەوتنی زانستی و دۆزینەوەی شکۆدار، ئەمڕۆ یەکەم هەنگاو دەنێین. گەورەترین پێگەی زانستیی نیشتمان دەکەینەوە. لەم سەرکەوتنەدا قەرزاری سەرۆکە مەزنەکەمان، بڕیارە دروستەکانی،

هــەوڵ و تێکۆشــانی حکومەتــی کۆمــاری و تەقــالای ماندوونەناســانەی پێشـینانمانین. وەک شـێفی مەزن گوتوویەتی: بەختەوەری بۆ ئەو کەسـەی دەڵێـت مـن تورکـم.

ئێمـە نـەوەی ئەوانەیـن کـە یەکەمیـن شارسـتانێتییەکانیان دامەزرانـدووە. سـێ چــوار سـەتە پێـش ئێسـتا، هەمــوو جــۆرە نوێگەرییەکانـی بــواری شارسـتانی، هەمیشـە لـە ئێمـەوە، واتـە لـە ئاسـیای نێوەڕاسـتەوە بـەرەو هەمـوو لایەکـی دونیـا بڵاوبووەتـەوە. فارابـی، ئیبـن سـینا، بیرونـی و ئوڵـو بـەی[89] و هاوشـێوەکانیان لـە رەگـەزی ئێمـە بـوون.

دواتـر دەمارگیرییەکی تۆخ، کۆنەپەرسـتییەکی ترسـناک بیـر و رۆح و هەموو شـتێکی داپۆشـی و سـووتاندی. وای لێهـات لـە نیشـتمان دا تەنیـا شـانازی بـە رابـردووەوە بکرێـت. دواکەوتنێکـی تاریکـی سیاسـی، سـەربازی، ئابووریی گشـگیر دەسـتی پێکـرد و مـاوەی چەندیـن سـەتە بـەری لێنەگیـرا.

تێکــڕای ســەرنج، ئــاوات و هەســتی میهرەبانانــەی میللــەت، حکومەتــی کۆمـاری و سـەرۆکی مـەزن لەگـەڵ ئێوەدایـە. لـە رۆژانـی هـەرە سـەختی بزووتنــەوەی میللــی دا، ئەتاتورکــی مــەزن کــە گوتوویەتــی یەکێــک لــە ئاواتەکانـی ئەوەیـە پۆسـتی وەزیـری پـەروەردە وەربگرێـت، خۆشەویسـت، یاریــدەدەری بەهێــز و لێکۆڵینڤانــی ماندوونەناســی هــەر گەنجێکــە کــە بـە رەوشـت، زیرەکـی، بەهـرە و هەوڵەکانـی خزمەتـی تورکێتـی بـکات. بـە فەرمانـی ئـەو، لانەیەکـی زانسـتمان دامەزرانـدووە تاوەکـو زیاتـر گەشـە بـە ئێـوە بـدات. گەورەتریـن زاناکانـی جیهانمـان وەک مامۆسـتا بـۆ هێنـاون. تێدەکۆشـین بـۆ ئـەوەی سـەرجەم هۆکارەکانـی سـەرکەوتن بـۆ ئێـوە دابین بکەیـن؛ بۆیـە سـوودی لێوەربگـرن. هەوڵبـدەن. خزمـەت بـە مرۆڤایەتـی و تورکێتـی بکـەن".

وەڵامـی پرۆفیسـۆر نەشـەت عومـەری سـەرۆکی زانکـۆش لەبەرامبەریـدا بەکورتـی بـەم جـۆرە بـووە:

"... زانکـۆی ئیسـتەنبووڵ کـە زادەی بلیمەتیـی نـاوازەی حەزرەتـی ئەتاتورکی

89 - سوڵتانی چوارەمی تەیمورییەکان و زانای بواری ماتماتیک و گەردوونناس. (وەرگێڕ)

رزگارکــەر و ڕێپیشــاندەری مەزنــە، ئەمــڕۆ دەســت بــە یەکــەم ســاڵی خوێندنــی دەکات... ڕۆحــی تــورک کــە لــە ئامانجــی بــاڵای میللییــەوە ئیلهــام وەردەگرێت، لـە بەرامبـەر هیـچ گرفتێـک بـۆ سـاتێکیش نالەرزێت. مێشـکی تـورک، کاراکتـەری تـورک، زیرەکیـی تـورک بـێ وێنەیـە.

ئەگــەر جیاوازیــی نێــوان زانســتی راســتەقینە و وردەفرۆشــیی زانســتی روون نەبێتـەوە، بێگومـان گرنگیـی زانسـت دەرک ناکرێـت. زانسـت بـە مانا فــراوان و تەواوەکــەی، نــەک تەنیــا زانســتە ماددییــەکان، بەڵکــو زانســتە کولتوورییەکانیـش بـۆ نەتەوەیـەک، پێداویسـتیی زۆر گرنگـن نەک ئارایشـت. تێگەیشـتن لـەم راسـتییە تەنیا لـە سـەردەمی کۆماریدا بەنسـیبی ئێمە بوو. هاوشــێوەی ســەرجەم شۆڕشــەکانمان، ئــەم زانکــۆ نوێیــەش بەرهەمــی ئــەوە. ئــەو زیرەکییــە بێوێنەیــەی کــە گشــت شۆڕشــەکانی بەدیهێنــا، لەکۆتاییـدا زانکۆیشـی خوڵقانـد.

ســەروەریی داوونەریتــە نەتەوەییــەکان لــە مێــژووی تــورک دا، لەکاتــی ســەربەرزی و شــەوکەتی نەتەوەکەمانــدا دەبینیــن. چونکــە ئــەم رەوشــتە هەمیشـە بـەدوای جوان، چاک و راسـت دا دەگەڕێـت. ئەخلاقێکە فیداکاری، لێبـڕان، خۆشەویسـتیی نیشـتمان لـە بەرزتریـن ئاسـت دا نومایـان دەکات. لەپێنـاو یەکێتیـی مەزنـی میللـی دا، ئەخلاقێکی وایە کە هەڵپـە تایبەتییەکان لەنێودەبـات. گواسـتنەوەی پـاک و بێگــەردی ئــەم ئەخلاقــە کۆنــەی تــورک کــە لەســەر هیــچ بنەمایەکــی ئایینــی راگیــر نەبــووە و هەمیشــە لایــک بــووە و هێشـتنەوەی شـۆڕشـی کۆمـار لـە سـینەی گەنجانـدا بـە تازەیـی، ئەرکـی پیـرۆزی زانکۆکەمانە. گەنجانـی تـورک کـە هەمیشـە لـە دڵـەوە وابەسـتەی کۆمــار و شۆڕشەکانین،لەســەر شــانۆی شۆڕشــە میللییــەکان دا دەبنــە شــوێنی درەوشــانەوەی هەســتە رەســەن و ئیلهامــە بــاڵاکان.

ئێوە منداڵی تورکن، ئێوە نەوەی ئەتاتورکن".

د. نەشـەت عومـەر ماوەیەکـی کـەم دوای ئـەم گوتارە کراوەتـە پەرلەمانتار. پرۆفیســۆر جەمیــل بیرســەل شــوێنی دەگرێتــەوە. ئەمیــش بەبۆنــەی کرانــەوەی ســاڵی خوێندنــی 1934 لــە گوتارێکــدا دەڵێــت:

"ئـەوەی کـە زانـا و خوێنـدکاری تـورک لەپێنـاو فێرکـردن و فێربـوون دا بەرگـەی هەمـوو جـۆرە مەینەتییەکیـان گرتـووە، راسـتییەکی مێژووییـە. لـەو سـەردەمانەدا کـە گەشـتکردن زۆر زەحمـەت بـووە، زانـا مەزنەکانـی تـورک لـەم شـار بـۆ ئـەو شـار و لـەم کیشـوەر بۆ ئـەو کیشـوەر رۆیشـتوون. گەنجانـی تـورک رایاندەکـرد بـۆ ئـەوەی شـتیان لێـوە فێرببـن. ئـەو شـتەی کـە ئەمـەی دەسـتەبەر دەکـرد، تەنانـەت ئـەو شـتەی کـە زەحمەتەکـەی دەگـۆڕی بـە چێـژ، شـەوقی فێربـوون و فێرکـردن بـوو. ئەمـەش دروشـمی ئەزەلیـی گشـت ناوچـە تورکییەکانـە. پێویسـتە ئەمـە خوێنـدکاران و پرۆفیسـۆرە بیانییەکانیـش بیزانـن".

لـە هەمـان زنجیـرە وتـاردا، پرۆفیسـۆری یاسـای دەسـتووری، عەلـی فوئـاد باشـگیل بـەم جـۆرە ستایشـی شـێفی مـەزن دەکات:

"... ئەتاتـورک چەندیـن سـیفەتی ئەوتـۆی هـەن کـە لـە مێـژوودا وێنـەی لـە هەندێـک کەسـی مەزنـدا دەبینرێـت، بـەڵام چەندیـن بەرهەمـی مەزنـی وایشـی هـەن کـە لـە هیـچ کەسـایەتییەکی گـەورەدا نابینرێـت. لـە رۆژی کرانـەوەی زانکـۆی ئیسـتەنبووڵ دا هـاوڕێ لەگەڵ سـوپاس، خۆشەویسـتی و منەتباریـدا، لەگـەڵ گشـت کەسـایەتییەکانی  دیکـەدا یـادی ئەتاتـورک دەکەینـەوە کـە گـەورەی گەورانـی رۆژهـەڵات و رۆژئاوایـە و بەرێـزەوە لەبـەردەم قـودرەت و زیرەکییـە رەهاکەیـدا کڕنـۆش دەبـەم".

ئـەم پرۆفیسـۆرانە لـە گوتارەکانیانـدا بـێ پەروا ستایشـی ئەتاتـورک و ئینۆنو دەکـەن. مسـتەفا کەمـال لـە سـاڵی 1938دا مـرد و عیسـمەت ئینۆنۆ بووە شـێفی میللـی. د. جەمیـل بیرسـەل لـە وتارێکـدا بـە نـاوی (حورمەتـی زانکۆ بـۆ شـێفی میللـی) دەڵێـت: "حورمەتـی زانکـۆ بـۆ شـێفی میللـی، سـەرۆک کۆمـار عیسـمەت ئینۆنـو، پێشـوازی لـە جەمیـل بیرسـەلی سـەرۆکی زانکـۆ و وەزیـری پـەروەردە کـرد.

سـەرۆکی زانکـۆ قووڵتریـن رێـز و پیرۆزبایـی خـۆی پێشـکێش بە بەرێـزی کرد و داوەتـی شـێفی میللـی کـرد بـۆ سـەردانی ئـەو زانکۆیـەی کـە بـە دەسـتی خۆی دروسـتی کـردووە.

بەم بۆنەیەوە، دەستەی مامۆستایانی زانکۆ نووسراوێکی رێز و پیرۆزباییان ئاراستەی شێفی مەزن کردووە.

بۆ بەڕێز عیسمەت ئینۆنو،
پەرلەمانتاری شاری مەلاتیە، عیسمەت ئینۆنو، بە کۆی گشتیی دەنگی پەرلەمان وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردراوە. خەڵک دوای مردنی ئەتاتورکی مەزن لە ئازار و ئەندێشەدا بوون، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، نەتەوە هەستی بە ئاسوودەیی کردەوە. تەنانەت خەمە مەزنەکەی بۆ ساتێک خستە لاوە و شادیش بوو. لە هەموو گۆشەیەکی نیشتمان دا هەمووان بەخۆشحاڵییەوە پیرۆزباییان لە یەکتر کرد. [90]
میللەت زۆر وابەستەی گەورەترین نەوەی دروستکەر و رزگارکەری خۆی بوو. خەفەتێکی زۆری بۆ مردنی خوارد. دەکرا خراپ کەڵک لەم ئازار و خەمە وەربگیرێت و نیشتمان تووشی گرفتێک بکرێت. کەسانێک کە لە ئێمە نین چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد شۆڕشە مەزنەکانی ئەتاتورک لەم نیشتمانەدا سەرنەگرن. کەسانێک هەبوون حەزیان دەکرد دەستوور بگۆڕدرێت.
بەڵام تورکیا کە پەیوەستی دەستوورە [91]، لە دەوری سەرۆکی نوێ و فەرمانەکانی کۆبووەوە و بە هەمان توانا و هێزەوە لەسەر رێی پێشکەوتنی خۆی بەردەوام بوو.
وابەستەیی بە دەستوورەوە لە رۆژی گەورەترین خەم و هەیەجاندا و جێبەجێکردنی فەرمانی دەستوور، شەرەفێکی مەزنە بۆ میللەتی مەزنی تورک کە خاوەنی پەروەردەیەکی سیاسیی بەرزە.

90 - ئەم "خۆشی"یەی کە باس دەکرێت مەبەست لێی رۆژێک دوای مردنی ئەتاتورکە. ئیدی یەکێکی دیکە ستایش دەکرێت، بەڵام سەرۆکی زانکۆ بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە باس لە هەواڵی "هەموو گۆشەیەکی نیشتمان" دەکات. تەنیا ئەمەندە بەسە بۆ دەرخستنی دووری سەرۆکی زانکۆ لە بیری زانستییەوە.

91 - سەرۆکی زانکۆ دەڵێت تورکیا پەیوەستە بە دەستوورەوە؛ بەڵام لەم کاتەدا کار بە یاسای تونجەلی دەکرا و پەرلەمانتارانیش لەلایەن شێفی مەزنەوە دیاری دەکران. لەکاتێکدا دەستوورەکەی ١٩٢٤ دەڵێت خەڵک پەرلەمانتاران هەڵدەبژێرن.

هەڵبژێردرانی عیسمەت ئینۆنوش لەلایەن پەرلەمانەوە و پەسەندکرانی لەلایەن دڵی میللەتەوە، گەورەترین شەرەفە بۆ عیسمەت ئینۆنو. ئەوە مەزنەکەی نیشتمان، هاوڕێ لەگەڵ خۆشەویستیی میللەت دا هاتووەتە سەر کار.[92]

گەورەیی بە قسە نابێت. بەڵکو بەو هێزە مەزنەی کە لە بەرامبەر رووداوە گەورەکان دەنوێنرێت و ئەو کارە گەورانەی کە ئەنجام دەدرێن، دەچەسپێت. خۆشەویستیی میللەتیش بەزۆر بەدەست ناهێنرێت. بەڵکو بە خزمەتی باشی وەتەن و خۆتەرخانکردن بۆ نیشتمان دێتەدی.

عیسمەت ئینۆنو وەک سەرباز گەورە بووە. وەک پیاوێکی سیاسیش گەورەیە. وەک مرۆڤیش مەزنە.

گەورەییە سەربازییەکەی لە جەنگەکان دا، گەورەییە سیاسییەکەی لە رێککەوتننامەی لۆزان و 14 ساڵی رابردووی کۆماردا و گەورەیی مرۆڤایەتییەکەی لە فەزیلەت، عیسمەت، میهرەبانی و هەستیارییەکەیدا دیار و بەرچاوە .

میللەت ئەم گەورەییانەی عیسمەت ئینۆنوی خۆش دەوێت. پەرلەمانتاران خۆشیان دەوێت. سوپای میللەت خۆشی دەوێت. گەنجانی میللەت خۆشیان دەوێت. میللەت عیسمەت ئینۆنوی خۆش دەوێت و ئەویش لە هەمووان زیاتر نیشتمانی خۆش دەوێت. [93] هەروەها میللەت دەزانێت ئەمڕۆ هەرچییەک لە نیشتمان دا لە قازانجی خەڵک کرابێت، دەستی ئینۆنوی تێدایە. ئەگەر شتێک بسەلمێت خێری بۆ وڵات تێدایە، هیچ فیداکارییەک نییە لەپێناویدا نەیکات. هیچ بەربەستێکیش نییە تێینەپەڕێنێت.

هەمووان دەزانن ئینۆنو هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان میللەت و

92 - سەرۆکی زانکۆ رێک وەک سیاسییەک قسە دەکات.

93 - لە هەموو رژێمە دیکتاتۆرییەکاندا دەگوترێت شێفەکان لە هەمووان زیاتر نیشتمانیان خۆش دەوێت. خەڵکی دیکە خۆشەویستییان بۆ نیشتمان هەمیشە لە خۆشەویستی شێف کەمترە. شێفەکانیش بەگشتی هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی خاوەن بڕوانامەکان ئەم شتانەیان بە باڵادا بڵێن. لەڕاستیدا هەر خۆشیانن کە نازناوی دکتۆر و پرۆفیسۆریان بەسەردا دەبەخشنەوە.

حکومەتـی داوە، ئەمـەی کـردووە بە پرۆگرامی خۆی، هەمیشـە کارمەندانی دەوڵەتـی بـۆ ئەمـە هانـداوە، گوتوویەتـی خزمەتکردنی میللـەت گەورەترین شـەرەفە، هەسـتی ئـەرک و بەرپرسـیارێتی لەسـەروو هەمـوو هەسـتێکی مرۆڤانـەی دیکـەوە راگرتـووە و گوتوویەتـی "ئـەو هاووڵاتـی، فەرمانبـەر و پەرلەمانتارانـەی کـە شـەرەفی خزمەتکردنـی نەتەوەمـان پێبـڕاوە بـە فەرمانـی یاسـاکان و پەرلەمـان، لێوانلێویـن لـە هەسـتی راگەیشـتن بـە پێداویسـتییەکان وڵات".

هەروەهـا هەمـووان دەزانـن، لەپێنـاو دامەزراندنـی ئاسـاییش و خۆشـگوزەرانییەکی تـەواو لـە نیشـتمان دا، هـەر ئـەوە کە هەموو شـتێکی خـۆی فیداکـردووە. لەبـەر ئـەم هۆیە، ئەتاتـورک سـەبارەت ئـەو گوتوویەتی "ئەگـەر کەمێـک پشـوو بدەیـن، هۆکارەکـەی ئەوەیە دڵنیاین کە عیسـمەت ئینۆنـو بـە کارەکان رادەگات".

لـەو رۆژەوە کـە دەچێت گوندنشـینەکان هانـدەدات و رێکیـان دەخـات لـە جەنگـی سـەربەخۆییدا، خزمەتـی نیشـتمان دەکات؛ ئەمـڕۆش وەک سـەرۆک کۆمارێکـی مامۆسـتا وانـەی ئەزمـوون بـە نیشـتمان دەڵێتـەوە. ئـەوەی کـە هەمـوو تاکێکیـش وەک ئـەو وابەسـتەی نیشـتمان بێـت، گەرەنتییەکـی گەورەیـە بـۆ داهاتـووی ئێمـە.

پەرلەمانیـش عیسـمەت ئینۆنـوی خۆشـدەوێت. متمانـەی بـە ئـەو و هێـز، زیرەکـی و ئەزموونەکـەی هەیـە. ئـەو یەکێکـە لەوانـەی کـە بـە گوتارەکانـی پەرلەمانـی خسـتووەتە ژێر کۆنتـڕۆڵـی خۆیەوە، بەڵام پەرلەمانتـاران هێندەی گوتـارە بەهێزەکانـی، وەک دەوڵەتمەدارێکـی بەهێزیـش خۆشـیان دەوێـت.

... لەپـاڵ ئەمانـەدا، عیسـمەت ئینۆنـو بەهـۆی رۆڵـی لـە لـۆزان دا، جێبەجێکردنـی لـۆزان و کارەکانـی لـە 14 سـاڵی رابـردووی کۆمـاردا کەسـێکی گـەورە بـووە. 14 سـاڵ سـەرۆکایەتیی وەزیـران مـرۆڤ مانـدوو دەکات، بـەڵام ئـەو بەپێچەوانـەوە وەک کەسـێکی مـەزن پۆسـتەکەی جێهێشـت. تەنانـەت گوتوویەتـی "دەسـەڵات بوونەوەرێکـی ئەوتۆیە دەبێت هەمیشـە بـە سـەرکەوتنی تـازە بەخێـو بکرێـت". هەمـوو رۆژێکـی ئـەم 14

ساڵەی بە سەرکەوتنێک رازاندووەتەوە. لە دوایین هەڵبـژاردن دا بینیمان پەرلەمانتاران چەندیان خۆشدەوێت و ستایشی دەکەن. لە چەندین پەرلەمانتارم بیستووە تەنانەت کاتێک کاتبێک بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت چەندین راوێژی لەسەر دەکەن؛ بەڵام لە بابەتی هەڵبژاردنی ئەودا هیچ کەسێکیان هەستی بە پێویستیی راوێژ نەکردووە و بەبێ هیچ دوودڵییەک و لە دڵەوە ناوی ئەویان بە کۆی دەنگ هەڵبژاردووە. ئەمەش شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەڵبژێرەر و هەڵبژێردراو. وابەستەیی و رێزی ئینۆنوش بۆ پەرلەمان قووڵ و گەورەیە.

سوپاش عیسمەت ئینۆنوی خۆشدەوێت. گەنجانیش ئینۆنویان خۆشدەوێت.[94] لە هەموو وڵاتێک دا بەتایبەت گەنجان ئایدیالیستن. تێکڕای لاوانی تورکیش دەزانن کە ئەو ئایدیالیستترین پیاوی وڵاتە. گەنجان عاشقی تەرخانبوون و فەزیلەتن. هەموو لاوان دەزانن کە ئینۆنو بە لێبڕان و فەزیلەتەکەی باشترین نموونەیە بۆ گەنجان.

گەنجان سەیری نێوەڕۆک دەکەن نەک گوفتار. هەموو لاوانیش دەزانن کە ئینۆنو گوفتار و کرداری یەکە. ئەویش وابەستەییەکی گەورەی بە گەنجانی تورکەوە هەیە. هەر ئەوە کە پەروەردەی باش و جیدی گەنجانی تورکی کردووە بە کاری خۆی، هێز و بەهرەکانی ئەم گەنجانە چاک دەناسێت و پشتیان پێدەبەستێت.

ساڵی 1925 هەموو نیشتمان و دونیا ئەم قسەیەی لە زاری خودی ئەوەوە بیست: "هێزی گەنجانی تورک وێنەی نییە". هەر لەوکاتەوە گوتوویەتی پێویستە گەنجان بەشێوەیەکی زۆر باش پەروەردە بکرێن تاوەکو ئەرکی سبەینێ لە ئەستۆ بگرن.

بە بینینی پێگەیشتن و سەرکەوتنی گەنجێک بەختەوەر دەبێت. خۆشحاڵیی ئەو رۆژەی کە تێیدا هەموو ساڵێک بە دەستی خۆی بڕوانامە بە دەرچووانی کۆلێژی یاسای ئەنقەرە دەبەخشێت، چەندان رۆژ

---

94 - سەرۆکی زانکۆ بە ناوی پەرلەمان و سوپاشەوە قسە دەکات.

دواتریش هـەر لەسـەر زمانـی بـوو. هەمـوو لاوانـی تـورک دەزانـن کـە هەر ئەوبـوو لـە سـاڵی 1925دا رایگەیانـد کـە ئیدارەی کۆمـاری لەسـەر زانسـت وەسـتاوە.[95]

رۆژی 24ی تەممـووز کـە تێیـدا ئینۆنـو سـەربەخۆیی بـێ قەیـد و شـەرتی گەنجانـی تورکـی لـە رێککەوتننامەی لـۆزان دا بەسـەر دەوڵەتان دا سـەپاند، لەلایـەن لاوانـی کۆلێـژی یاسـای زانکـۆی ئیسـتەنبووڵەوە وەک رۆژی خۆیـان هەڵیـان بـژارد، بـەڵام ئـەم رۆژە تەنیـا جەژنـی کۆلێـژی یاسـا نییـە، بەڵکـو جەژنـی تـەواوی گەنجانـی تورکـە. ئـەو سـەربەخۆییەی کـە ئـەو لـە لـۆزان دا دەسـتەبەری کـرد، داهاتـووی سـەرجەم نەوەکانـی تورکـە؛ بۆیـە لـە گەڕانەوەیـدا لـە لـۆزان مـژدەی ئـەم ئایندەیـەی یەکـەم جـار بـە لاوان دا. ئـەو قەڵەمـەی کـە پەیمانەکـەی پـێ مـۆر کردبـوو بەخشـیـە مەزنتریـن لانـەی زانسـت و پلـەی پرۆفیسـۆری شـانازیی کۆلێـژی زانسـتەکانی پەسـەندکرد.[96] خـۆی لـە خۆیـدا پەیمانـی لـۆزان کـە واژۆی کـردووە، نـەک تەنیـا دەسـتکەوتە یاسـاییەکان، بەڵکـو سـەرجەم دەسـتکەوتە ئابـووری، تەندروسـتی و پەروەردەییەکانیشـی هەڵگرتـووە. وەک لـە رۆژی پزیشـکان دا گوتـم، پێشـتر پزیشـکانی تـورک لـە هەمـوو کاروبـارە تەندرووسـتییەکانی ئـەم نیشـتمانەدا باڵادەسـت نەبـوون. وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆک کۆمـاری لەلایـەن بەڕێزیانـەوە، هەموو نیشـتمانی شـاد کرد، بەڵام وەک بە خۆیشـیم گـوت، زیاتـر گەنجانـی خۆشـحاڵ کـرد و، گەنجانـی ئـەم زانکۆیـەی کـە بـە دەسـتی خـۆی دایمەزرانـدووە دڵخـۆش کـرد. مـن بـە چـاوی خـۆم بینیـم گەنجـان چـۆن بـە هەڵبژێردرانـی ئـەو خۆشـحاڵ بـوون. هیـوادارم گەنجانـی زانکـۆ دەرفەتـی ئەوەیـان هەبێـت کـە وابەسـتەیی خۆیـان بـە ئـەوەوە دەرببـڕن. عیسـمەت ئینۆنـو لەوەتـەی بـووە بـە سـەرۆک کۆمـار لـە چـوار

95 - چۆنیەتـی ئـەم "زانسـت"ەی کۆمـار لـە نووسـراوەکەی سـەرۆکی زانکۆدا و پەرسـتنی بۆ شـێف، بەڕوونـی دەریدەخـات چ جۆرە زانسـتێکە.

96 - سـەرەتا شـێف ناونیشـانی پرۆفیسـۆری دەداتـە ئـەم کەسـانە. ئینجـا ئەوانیش لـە ئەدەبییات و ماتماتیکـەوە تاوەکـو مێـژوو، فیزیـک، زەویناسـی و گەردوونناسـی ناونیشـانی پرۆفیسـۆری بە شـێف دەبەخشنەوە.

بۆنـەدا نیشـتمان دەنگـی ئـەوی بیسـتووە. لـە هـەر یەکێـک لەمانەشـدا تایبەتمەندییەکانـی کەسـایەتییە مەزنەکـەی بەدیدەکرێت. بێتـرس دەڵێـم، گوتەکانـی ئینۆنـوش کـە فیکـرەکان بـە بەهێـزی دەردەبڕێـت، ئەوانیـش مەزنـن.
کەسـایەتییە مەزنـەکان تەنیـا کەسـە مەزنـەکان دەتوانن پێناسـەیان بکەن. ئێمەش بەهێزترین و گرنگترین باسـکردنی ئەتاتورکمـان لە ئینۆنووەوە دیوە. ئـەوەی کـە عیسـمەت ئینۆنـو بـە فەزیلـەت، هێـز و تایبەتمەندییەکانییـەوە دەوڵـەت بەڕێوەدەبـات، نیعمەتێکـی گەورەیە".
گوتـاری (حورمەتـی زانکـۆ بـۆ شـێفی میللـی) بەکورتـی ئەمەیـە. لـە گوتاری کردنـەوەی زانکـۆ لە سـاڵانی داهاتـووش دا درێـژەی بەم ستایشـانەی داوە. بێگومـان ئـەم سـتایش و پەرستشانەشـی بەخۆڕایـی نەڕۆیشـتن. ئەوەبـوو لـە سـاڵی 1943دا لەلایـەن خـودی عیسـمەت ئینۆنـووەوە وەک پەرلەمانتـار دیاریکـرا. پێدەچێـت کارەکـەی زۆر بـاش کردبێـت، بۆیـە لـە سـاڵی 1946دا دیسـان هەڵبژێردرایـەوە. ئەوکاتـەی بـۆ یەکـەم جـار بـووە پەرلەمانتـار تەمەنـی 65 سـاڵ بـوو. لـە بیرمـان بێـت د. نەشـئەت عومەریـش کـە پێـش ئـەو سـەرۆکی زانکـۆ بـوو، ئەویـش دواتـر بـووە پەرلەمانتـار.
لـەدوای جەمیـل بیرسـەل، د. تۆفیـق سـاخڵەم بـووە سـەرۆکی زانکـۆ و ئەمیـش لەسـەر رێگـەی ئەوانـەی پێـش خـۆی بـەردەوام بـوو.
دەکرێـت لـە سـەرچاوەیەکی  دیکەشـەوە لـە پەیوەندیـی نێـوان زانکـۆ و شـێف بڕوانیـن. ئەمـەش ئـەو "هەفتـەی زانکۆ"یانەیـە کـە لەلایـەن زانکـۆی ئیسـتەنبووڵ و ئەنقـەرەوە بەڕێوەدەبـران. ئامانـج لـەم چالاکییـە گوایـە بڵاوکردنـەوەی کار و چالاکییـە زانسـتی و کولتوورییەکانـی زانکۆیـە بـە هەمـوو لایەکـی وڵات دا. لەکاتێکـدا کۆنفرانسـەکان تەنیـا مامۆسـتایان و خوێندکارانـی زانکـۆ تێیـدا بەشـدارییان دەکـرد.
جەمیـل بیرسـەل لـە هەفتـەی زانکـۆدا کـە لـە شـاری ئـەرزڕۆم لـە سـاڵی 1940دا کۆبووبوونـەوە، دەڵێـت:
"کۆمـار، وەک رابـەری میللـی گوتوویەتـی، خـۆی لەسـەر زانسـت راگرتـووە.

هەفتـەی زانکـۆ چالاکییەکـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی زانسـت و بەمیللیکردنـی. حکومەتەکەمـان ستایشـی ئـەم چالاکییەی کردووە و پارتەکەشـمان پشـتی گرتـووە..."

دووەم کۆبوونـەوەی هەفتـەی زانکـۆ لـە دیاربەکـر کراوە. جەمیل بیرسـەل بەکورتـی دەڵێت:

"بەڕێزان،

... ئەرکــی دووەمــی دامــەزراوە زانســتییە مەزنەکەمــان بەرهەمهێنانــی زانســت و بڵاوکردنەوەیەتــی. وەک داخوازییەکــی ئەمــە، ئەمــڕۆ لێــرە کۆبووینەتـەوە. زانیارییەکانـی زانکـۆ تاوەکـو بـەر پێتـان دەهێنیـن. بەهـۆی ئـەو تێبینییانـەوە کـە لـەم کۆبوونەوەیـەدا دروسـت دەبـن، وانەکانمـان بـە میللــی دەکەیــن.

لـە هاتنمـان دا بـۆ ئێـرە سـەروو کۆپییەکمـان لـە هەمـوو بڵاوکراوەکانـی زانکــۆ هێنــاوە. ئــەم بەرهەمانــەی کــە ژمارەیــان لــە 300 زیاتــرە، وەک یادگارییەکــی ئــەم کۆبوونەوەیــە، پێشکێشــی ناوەنــدی پارتەکەمــان لــەم شــارەدا، دەکەیــن.

سوپاسی پارت

زانکــۆ بیــری لــە هەفتــەی زانکۆیــی کــردەوە. ئــەم چالاکییــەی کــە لــە وڵاتانـی دیکـەدا نابینرێـت، سـەرۆکایەتیی زانکـۆ هانـی دروسـتبوونی دا. پارتـی جەهەپـە پشـتی گـرت. هاوشـێوەی سـاڵی رابـردوو، ئـەم سـاڵیش تێچووەکــەی لــە ئەســتۆ گــرت. لێــرەوە بــە ئەرکــی دەزانــم ســوپاس و منەتباریـی خۆمـان دەرببڕیـن بـۆ پارتـە مەزنەکەمـان و سـکرتێرە گشـتییە قەدرگــران و چالاکەکــەی کــە تێدەکۆشــن دەنگــی زانســت لــە هەمــوو ســووچێکی ئــەم وڵاتــەدا ببیســترێت.

... بێگومـان لێدانـی هێڵـی ئاسـن، دیاربەکـری خۆشـحاڵ کـرد و ئاساییشـی هێنـا. ئەگـەر هێڵـی شـەمەندەفەر هەبووایـە، سـاڵی 1925 شـێخ سـەعید نەیدەتوانـی یاخـی ببێـت و تاوەکـو بـەر دەرگاکانـی ئـەم شـارە مێژووییـە

بێت. ئێوە لە من باشتر دەزانن هێڵی ئاسن چی بۆ دیاربەکر هێناوە".[97]
لە گوتاری کۆتایی ئەم هەفتەیەدا، شوکرو کایا کە یەکێک بووە لە پزیشکانی نەخۆشخانەی نموونەیی دیاربەکر، گوتارێکی سوپاسگوزاری خوێندووەتەوە. ئەم وتارەش دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ و بیرۆکراسیی شاری دیاربەکر، پەیوەندیی نێوان زانکۆ و خەڵکی کوردی ناوچەکە روون ببێتەوە:
"کەمێکی دیکە بەڕێز سەرۆکی زانکۆ کۆتایی بە چالاکییەکە دەهێنێت. بەداخەوە ئەم رۆژە بەنرخانە زوو تێپەڕین. دابڕان لە دەرفەت و بەختەوەریی هاودەمیی پرۆفیسۆرە بەڕێزەکان، بۆ ئێمەی خەڵکی دیاربەکر دەبێتە مایەی ئازار و خەم. دیاربەکر و ئەم هۆڵەی کە تێیداین لە دوای رۆیشتنی ئێوە، بێکەس و خامۆش دەبێت.
کاریگەریی کەسایەتیی مەزنی ئێوە لەسەر مێشک، دڵ و رۆحمان زۆر گەورەبوو. ئێمەتان بە خۆتانەوە پەیوەست کرد. دابڕان لە ئێوە و دووری لێتان ئازاربەخشە، بەڵام ئێوەش ئامانج، کار و پەیامەکەتان بەرز و مەزنە... خەڵکی دیاربەکر بە دڵێکی خەمگینەوە ماڵئاوایی لە میوانە ئازیزەکانیان دەکەن. [98]
بەڕێز سەرۆکی زانکۆ،
بەڕێزت تەنیا سەرۆکێکی زانا نیت، ئەمە تەنیا ناسینە لە دوورەوە. لە هەمان کاتدا باوکێکی خانەدان، نەجیب و خاوەن کەسایەتییەکی بەرزی ئەوتۆیت کە بە سیما پاک و رۆحە خانەدانەکەت دڵی دیاربەکرییەکانت بەدەستهێنا. هەموو ئەو دیاربەکریانەی کە لە نزیکەوە تۆیان بینی، دەنگیان بیستی و لێت تێگەیشتن، نەک تەنیا ئەو گەنجانەی کە پێت

97 - واتە ئێوەش باش دەزانن کە هێڵی شەمەندەفەر بۆ گواستنەوەی چەک، سەرباز و جبەخانە لێدرا و بەکارهێنرا.

98 - بیرۆکراسیی کەمالیستەکان چونکە هەمیشە خۆی بە بەرزتر لە "خەڵک" دەزانێت، بەئاسانی بە ناویشیەوە قسە دەکات. بە رای بەڕێوەبەرانی ئەم سەردەمە، پێویست ناکات خەڵک هەموو شتێک بزانن و ناشتوانن بزانن. دەستەیەکی کەم لە بەڕێوەبەران لەجیاتی ئەو هەموو شتێک دەزانن و چی پێویست بکات دەیکەن.

گەیانـدووون، شـانازیی بـە ئیـدارەی رێکوپێـک و زانسـتی بەڕێزتـەوە دەکـەن.
پڕۆفیسۆرە بەڕێزەکان،
ئێمەتـان رێنمایـی کـرد، زۆرمـان مانـدوو کـردن، سـەتان نەخۆشـی ئێمەتـان پشـکنی، گوێتـان لـە گرفتەکانمـان راگـرت، لـە هـەر یەکێکتانـەوە وانـەی جیاوازمـان وەرگـرت. سـوودتتان پێگەیاندیـن. ئامۆژگارییەکانتـان لای ئێمـە دیـاری زۆر بەنرخــن. هیـچ درێخییەکتـان بەرامبەرمـان نەکـرد. بەنرختریـن قەناعەتـە فیکـری و زانسـتییەکانتان کـە بەرهەمـی هـەوڵ و کۆشـش و لێکۆڵینـەوە دوورودرێژەکانتانن،بەوپەڕی سـەخاوەتمەندی لەگـەڵ ئێمـەدا بـەش کـرد. چاکـەی ئێـوە بـۆ دیاربەکـر زۆر گەورەیـە. لـەڕووی زانسـتی، ئەخلاقـی و میللییـەوە سـوودێکی زۆرمان وەرگـرت. دیاربەکرییەکان دەبێت بـۆ هەتاهەتایـە بـە سوپاسـگوزاری و هەسـتکردن بـە منـەت ئـەم چاکەیەی ئێوەیـان لـە یـاد بێـت. [99]

گوێگرە بەڕێزەکان،
لـەدوای ناسـینی شـاندەکەی زانکـۆی ئیسـتەنبووڵ لـە نزیکـەوە و تێگەیشـتن لێیـان، مەحاڵـە بتوانرێـت زانکـۆ لەگـەڵ پەیمانگـەی کـۆن و وەک درێژکراوەیەکـی ئـەو هەژماربکرێـت. پەیمانگـە، هاوشـێوەی ئیـدارەی سـەڵتەنەت خـۆی، شـێوابوو، دواکەوتبـوو و رووخابـوو. نـەک بەرهەمهێنانـی زانسـت، بەڵکـو ئەرکـی گواسـتنەوەی زانستیشـی بـۆ رانەدەپەڕێنـدرا. لەکاتێکـدا ئـەو پڕۆفیسـۆری زانکۆیانـەی کـە مـاوەی هەفتەیەکـە لـە خزمەتیاندایـن، بـە دیقـەت، هـەوڵ و توانایـان گەشـتیاری نموونەیـی سـەر رێگـەی زانسـتن و هەریەکەیـان نموونـەی بەرجەسـتەی زیرەکـی و بەتوانایـی تورکـن و هەسـتی شـانازیمان تێـدا دەورووژێنـن.[100]

---

99 - لـەم نێوەنـدەدا ئـەرک بـۆ خەڵکـی دیاربەکریـش کـە هیـچ ئاگایەکیـان لـەم هەفتـەی زانکۆیـە نییـە دیـاری دەکرێـت؛ واتـە کـوردەکان دەبێـت هەمیشـە ئـەم چاکەیـە لـە یادەوەرییانـدا زینـدوو رابگـرن!

100 - دەڵێـت زانکـۆ لـە پەیمانگـەی کۆنـی جـاران ناچێـت؛ بـەڵام لەڕاسـتی دا لەوەشـیاندا زانسـت

بەڕێز شاندی زانکۆ،
خەڵکــی دیاربەکــر کــە بــە ســازکردنی ئــەم کۆنفرانســە لــە شــارەکەیاندا شــەرەفتان پێبەخشــی، قــەرزار و منەتبارتانــە. منداڵانــی دیجلــە کــە زۆر لــە ناوچــەی ئێــوەوە دوورە، عاشــقی زانســتن هــەروەک چــۆن عاشــقی ســەربەخۆیی، ئــازادی و شــەرەفی میللیشــن. لەپێنــاو ئەمانــەدا دەژیــن و ئامــادەن لەپێناویــدا بمــرن.
متمانــەی تەواومــان بــە شــێفی میللــی هەیــە کــە هاوشــێوەی هەمــوو داوایەکــی دیکــە، پارێــزەری ســەرەکیی زانســت و نموونــەی هەمیشــەیی یەکێتیــی نەتەوەییشــە. ئەتاتورکــی شــێفی مــەزن و هەمیشــەیی، بــە رژێمــە میللــی و شۆڕشــەکانی، بەوپــەڕی شــکۆ و گەرموگــوڕی لــە دڵمــان دا زینــدووە و دەژی.
ئێـوە بەئاسـوودەیی کار و چالاکیـی خۆتـان بکـەن ئـەی زانایـان. ئـەو لاوانـەی کـە پێتـان گەیانـدوون پاسـەوانی فیدایـی نیشـتمانن، بەهێزن، تێگەیشـتوون و ئامـادەن. ئێمـە لەبیرمەکـەن. هەمیشـە چاومـان لـە رێـی هاتنەوەتـان دەبێـت. بـە خێـر و خۆشـی بچـن". هەفتـەی سـێیەمی زانکـۆ لـە سـاڵی 1942دا لـە شـاری ئەلعەزیـز ئەنجامـدراوە. د.جەمیـل بیرسـەل لـە گوتـاری دەسـتپێکی کۆنفرانسـەکەدا باس لە مەسـەلەی دێرسـم دەکات و ئەویش وەک دەسـەڵاتدارەکان بـاس لـە "چەتەیـی" دەکات. هەرگیـز بـاس لـە هەوڵەکانـی لەنێوبردنـی نەتـەوەی کوردیـش نـاکات. بەکورتـی دەڵێـت:
"... کۆمـار، دەسـتەبەرکردنی ئاساییشـی وەک کار بـۆ خـۆی هەڵبـژاردووە. وەک دەزانـن، دوایـن شـوێن لـە دێرسـم چەتەیـی بەزێنـدرا. دوو سـاڵ پێـش ئێسـتا دەچوویـن بـۆ ئـەرزڕۆم. کاتێـک قسـەم لەگـەڵ گوندنشـینەکانی ئەرزینجـان دەکـرد دەیانگـوت: گـەورەم، ئەها ئەو شـاخانە دەبینیـت؟ ئەوانە چیاکانـی دێرسـمن. چەتـەکان لـەو بنارانـەوە تێدەپـەڕن و دەمانڕووتێننـەوە.

بەرهـەم ناهێنرێـت؛ لـە پەیمانگـەی جـاران دا ستایشـی پادشـا دەکـرا، لـەم زانکۆیـەش دا ستایشـی شـێف دەکرێـت.

هەرچییەکمـان هەبێـت لێمـان دەسـتێنن. سـێ چـوار سـاڵە بێزاریـان کردوویـن.
بۆیـە لێـرەوە سوپاسـی خـۆم ئاراسـتەی کۆمـار دەکـەم کـە گەورەتریـن بەرهەمەکـەی ئاساییشـە".

**ب) لە هەفتەکانی زانکۆدا باسی چی دەکرا؟**

ئامادەبووانـی ئـەم بۆنەیـە بریتیـی بـوون لـە ئەفسـەرە پلـە باڵاکانـی سـوپا، پارێزگارەکان، پشـکنەرە گشـتییەکان، کەسـە دیارەکانی شار، قایمقامەکان، دادوەرەکان، مامۆسـتایان و هاوسـەرەکانیان. کەچـی سـەرەڕای ئەمـە، پێیـان دەگـوت کۆنفرانسـی خەڵـک. بـا لـە رێگـەی چەنـد نموونەیەکـەوە بزانیـن چییـان تێـدا بـاس دەکـرا:

**1. پرۆفیسۆر بەسیم دارکۆت**

لە گوتاری (بۆچوونە جوگرافییەکان لەسەر دێرسم) دەڵێت:
"لـەم ماوەیەی دواییدا شـتی زۆر سـەبارەت مێژووی تونجەلـی گوتران، بەڵام کەمیـان راسـت بـوون... دیاریکردنـی رێـژەی تورکێتیـی خوێنـی کەسـانی ئەم ناوچەیـە ئەرکـە و هەروەهـاش بابەتێکـی زانسـتییە. بۆچـی دەشتنشـین و چیانشـینەکان جیاوازییەکیان لەنێوان دا دروسـتبووە؟ هیچ گومانێک لەوەدا نییـە کـە ئەوانـەی دەشـتەکان تورکـن.. بـەڵام چیانشـینەکان، پەیوەندییـان لەگـەڵ تەوژمەکانی شارسـتانێتیدا نەبـووە، تێکەڵی دانیشـتووانە کۆنەکانی چیـاکان بـوون، عادەتـی ئەوانیـان وەرگرتـووە، تایبەتمەندییەکـی ناوچەییـان بەدەسـتهێناوە، ئـەم خەسـڵەتەش ئەوانـی بـەرەو میستیسـیزم و کەوتنـە ژێـر کاریگـەری شـیعەکانی ئێـران راپێـچ کـردووە. ئەگـەر لـە دێرسـمییەک بپرسـرێت لەکوێـوە هاتـووە، زۆربەیـان دەڵێـن 'لـە خۆراسـان'ەوە. هـەر کەسێک لـە خەڵکـی دێرسـم کـە شـانازیی بـە رەچەڵەکـی خۆیـەوە دەکات،

خۆی بە شوێنکەوتەی ئەحمەد یەسەوی دادەنێت. لەکاتێکدا خۆراسان لە مێژووی تورک دا کە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا بڵاوبوونەتەوە رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، بەڵام ئەحمەد یەسەوی متەسەوفێکی گەورەی تورکە و لە تورکستانی رۆژئاوا لەدایکبووە. کەچی سەرەڕای ئەمە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا تێکڕا بە مانە گوتراوە کورد. بۆیە کوردەکان لەبەرئەوە کورد نین کە بەڕاستی کوردن، بەڵکو هێندە پێیان گوتراوە کورد بۆیە بوونەتە کورد!" [101]

ئێستا با سەرەتا بێینە سەر باسی ئەو چەمکی کوردەی کە لە کۆنفرانسەکەمان دا باسکرا و کەمێک لەسەری بوەستین. ئەگەر لەپێناو ئەمەدا بچینە دەرەوەی بابەتەکەشمان، دەیهێنێت! بەگوێرەی سەرژمێری فەرمیی دانیشتووان لەساڵی 1935دا 1.5 ملیۆن هاووڵاتی، کوردیان وەک زمانی دایکیان نووسیوە. ئایا ئەو شتەی پێیدەگوترێت کوردی چییە؟ ئایا لە روانگەی زانستییەوە سەرنجی لێدراوە؟ لێدانی مۆرێکی لەم جۆرە لە 1.5 ملیۆن هاووڵاتی بە مانای چی دێت؟ [102] ئایا بیر لەمە کراوەتەوە؟ ئەگەر ئەم مۆرەیان لێبدەین، ئەوکات ناچار دەبین ئەم 1.5 ملیۆن کەسە وەک تۆپەڵێکی هاوشێوە پەسەند بکەین، بەڵام با لەم بڕیارەدا پەلە نەکەین. ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی هەندێک کەسین کە بەم زمانە ئاڵۆزە دەئاخافن. [103] بەڕاستی ئەم بوارە چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی زمانناسە راستەقینەکانە. با چاوەڕێی ئەنجامی ئەم توێژینەوانە بکەین. بەڵام لەسەر بنەمای هەندێک ئاماژە دەتوانین بەبێ دوودڵی بڵێین: ناونانی زمانێک بە ناوی کوردی و کورد وەک پارچەیەکی لەیەکچوو لە روانگەی یەکێتیی میللیمانەوە نەک تەنیا

---

101 - ئەم قسانە هیچ پەیوەندییەکیان بە زانستەوە نییە.

102 - وەک دەبینرێت، پرۆفیسۆر دارکۆف کوردبوون وەک عەرەب، تورک و ئینگلیزبوون پەسەند ناکات و بە "مۆر"*ێکی شەرمهێنەری دەبینێت، وەک دزی، قۆڵبڕی، بێناموسی، درۆ و ماستاوچێتی.

* damga لە زمانی تورکی دا کە لە وشەی (طمغة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، مانایەکی تایبەتی نەرێنیی وای هەیە کە لە ئەسڵە عەرەبییەکەدا وانییە. (وەرگێڕ)

103 - پرۆفیسۆر زمانێک کە لێی تێنەگات بە "ئاڵۆز" دادەنێت.

زیانبەخشـە، بەڵکـو هەڵـە و ناهەقیشـە. [104] لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا نـەک تاکـە زمانێـک، بەڵکـو چەنـدان شـێوەزاری شـپرزە و شـێواو هـەن. ئەمانـە چەنـد لەنێوخۆیانـدا لـە یەکیـش بچـن، هەریەکەشـیان بەجیـا ئەوەنـدە لـە تورکییـەوە نزیکـن. پێویسـتە ئەمـە ببینین و پیشانیشـی بدەیـن. ئەکادیمیای دەوڵەتـی چـواری رووسـیا کتێبێکـی لەسـەر زمانـی کـوردی ئامادەکـردووە کـە 8 هـەزار وشـە لەخۆدەگرێـت، بـەڵام ئەوەشـی نووسـیوە کـە 36%ی ئەمانـە لـە تورکییـەوە هاتـوون. دوای تورکـی، 30%ی وشـەکان فارسـی بـوون. وشـەکانی دیکـەش پەیوەندییـان بـە ئەرمەنـی و عەرەبییـەوە هەیە. لەڕاسـتی دا کاریگەریـی تورکـی دەکرێـت بەهێزتـر و زۆرتریـش بێـت؛ چونکـە زۆر لـە وشـە عەرەبییـەکان و هەندێـک لـە فارسـییەکانیش، لەڕاسـتی دا لـە تورکیـش دا بەکاردێـن، بۆیـە گریمـان زۆرە کـە زۆربـەی ئەمانـەش لـە رێگـەی تورکییـەوە گواسـترابنەوە. لەکۆتاییـدا دەڵێیـن هەرچەنـدە ئـەم کتێبـە بەڵگەیەکـی بەهێـزە بـۆ بانگەشـەکانمان، بـەڵام نابـێ زۆریـش پشـتی پێببەسـتین. چونکـە وەک پێشـتر گوتمـان، هەبوونـی زمانێکـی لەیەکچوو لە ناوچەکـەدا سـەبارەت بـە ئێمـە وەک شـتێکی گومانلێکـراو دەردەکەوێـت. ... بێگومـان لـەم رابـردووە دوورودرێـژەدا ویسـتراوە شـتێک بـۆ دێرسـم بکرێـت. لەخۆیـەوە شـتێک روویـداوە. لەنێـو ئـەم شـتانەدا کـە لەخۆیانـەوە روویانـداوە، ئـەوە بەرچـاو دەکەوێـت کـە هەندێـک ناوچـەی تورکـی لەنێـو دێرسـم دا هەن. لە کتێبێکی جوگرافیادا کە چل سـاڵ لەمەوپێشـە، دەڵێت ناوەنـدی دێرسـم کـە (چەمیـش گـەزەک)ە دوو لـە سـێی دانیشـتووانەکەی بوونەتـە تـورک. ئـەم دەسـتەواژەیەش زۆر مانـادارە. مانـای وایـە ناوەنـدە تورکییـەکان لەخۆیانـەوە و بەبـێ ئـەوەی پێویسـت بە سیاسـەتی ناچـارکاری و زۆرلێکـردن بـکات، وەزارەتـی پـەروەردە پشـتیان بگرێـت، لەنێـو نەتـەوە سـەرەتاییەکاندا رووناکیـی تورکێتییـان بڵاوکردووەتـەوە. ئـەم رووداوە

104 - کاتێـک نەتەوەیەکـی ناسـراوی وەک کـورد قبـووڵ ناکەیـت، یـەک رێگـەت بـۆ دەمێنێتـەوە کـە ئەویـش سـەلماندنی تورکێتییانـە. ئەرکـی زانـا تورکـەکان هەمیشـە ئەمـە بـووە. ئیـدی بەکارهێنانـی هەمـوو رێگـەکان بـۆ لەنێوبردنـی کەسـایەتی نەتەوەیـی کـورد لەلایـەن سیسـتەمە داگیـرکار و رەگەزپەرسـتەکەی دەوڵەتـی تورکیـاوە شـتێکی سرووشـتییە.

مێژووییە دەکرێت لەم ساتەدا کە تونجەلی لە جێی دێرسم لەدایک دەبێت، رابەرایەتیمان بکات".[105]

2. پڕۆفیسۆر سدیق سامی ئۆنار

لە کۆبوونەوەی سێیەم دا لە شاری ئەلعەزیز لە وتارێکدا بە ناوی "کاریگەرییەکانی باری نائاسایی لەسەر نیزامی یاسایی" بەکورتی دەڵێت: "... باری نائاسایی لەڕووی یاساییەوە دەچێتەوە سەر دەستوور و یاسا عورفییەکانی دیکە. لایەنی یاسایی باری نائاسایی دێرسمیش، لە رێگەی یاسایەکەوە رێکخراوە و چەسپێنراوە.[106]

بەگوێرەی یاسای تونجەلی، هەبوونی هەندێک رووداوی نائاسایی لە شوێنێکی نیشتمان دا دەکرێت وەک هۆکاری ئیدارەیەکی نائاسایی و جیاواز هەژماربکرێت. ئەم دۆخە کەمێک لە ئیدارەی عورفیی جاران دەچێت. بۆیە یاسای تونجەلی زیاتر لە یاساکانی ئیدارەی عورفییەوە سەرچاوەی گرتووە نەک لە پەرلەمانەوە".

3. یاداشتەکانی پرۆفیسۆر حیفزی وەلدەت وەلیدەئۆغڵو

د. حیفزی کە وەک گوتاربێژ لە سێیەم کۆنگرەی زانکۆدا لە ئەلعەزیز بەشداری کردووە، لە یادگارییەکانیدا بەم جۆرە باسی لەم کۆنفرانسە کردووە:

"کاتێک لە رێگەی خۆزات بەسەر پردی ئاوی موراددا تێپەڕین و بەدرێژایی گەشتەکەی ئەمرۆمان، بیرم لەوە کردەوە ــ کە لەلایەک بە نەزانی و دنەدان و جیاکردنەوەی کورد و تورک و ، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی ئیدارەیەکی تۆکمە ــ چەندین گەنج و لاو گیانیان لەدەستداوە. دێرسم (خۆزات) کە بە بۆنەی یاخیبوونەکانی ئەم دواییەوە زۆر مەراقم دەکرد، شارۆچکەیەکی سادە و سەرەتایی بوو بە بناری گردێکەوە. کاتێک گەیشتمە ئەوێ، "دیاپ ئاغا"م بیرکەوتەوە کە لە خولی یەکەمی

105 - وەک دەبینرێت، زانایەک باس لە رێکەوت و هەڕەمەکێتی، باس لە دەستێکی پەنهان و نەبینراو دەکات؛ بێگومان ئەم شتانەش هیچ پەیوەندییەکیان بە زانستەوە نییە!

106 - گوتاربێژ بەهیچ جۆرێک باس لەو دەسەڵاتە نائاساییانە ناکات کە دراونەتە پارێزگار و رەخنەی لێناگرێت. جگە لەمە، دەشیگونجێنێت لەگەڵ دەستووردا.

پەرلەمانی تورکیادا نوێنەری دێرسم بووە؛ کەسێکی چاو هەڵۆیی، ریش درێژ، باڵابەرز، قیت و رێک، کە ترس و هەروەها رێزی لە مرۆڤ دا دەورووژاند. کەمێک لە ناوەندی پارتی جەهەپە دانیشتین کە لە ژوورێکی بچووک پێکهاتبوو. چایەکانی کاک ئیحسانی قایمقاممان خواردەوە و تەماشای وێنەی سەرۆک عەشیرەتەکانمان کرد کە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوون. ئەمانە لە یاخیبوونەکەی چەند ساڵی پێشوودا گیرابوون و لەسێدارە درابوون. دیسان خەمێک ناخی تەنیمەوە. ئەم سەرۆک عەشیرەتانە خۆیان بەسەر خەڵکی سادە و داماودا زاڵ کردبوو؛ بەم جۆرەش دەوڵەتێکیان لەنێو دەوڵەت دا دروستکردبوو. کاتێک دەوڵەت ویستی هاوشێوەی گشت ناوچەکانی دیکە، دەست بۆ ئەم بواری دەسەڵاتەی ئەوانیش درێژبکات و یاساکانی خۆی جێگیر بکات، یاخیبوون و خەڵکی بێ تاوانی ناوچەکەشیان راپێچی خۆیان کرد، بەم جۆرە لە گیانی خۆیان بوون و هەروەهاش بوونە هۆکاری مردنی چەندین سەرباز و خەڵکی ناوچەکەش".

ئەم پرۆفیسۆرە لەپێناو نەبینینی ئەو جینۆسایدەی کە بۆ لەنێوبردنی نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە، کۆمەڵکوژی و نەفییەکان، چالاکییە داگیرکاری و رەگەزپەرستییەکانی دەوڵەت، هەوڵێکی چڕوپڕ دەدات. واتە دەیەوێت جینۆسایدی دێرسم وەک "شۆڕشی پێشکەوتنخواز" ببینێت. بە رای ئەو، ئامانجی چالاکییەکان خەبات بووە لە دژی دەرەبەگایەتی. رزگارکردنی خەڵکی سادە و داماو بووە لە دەستی سەرۆک عەشیرەتەکان. ئەم دەستەواژەی "خەڵکی سادە و داماو"ە لە گوتاری گشت داگیرکاریی دیکەشدا دەبینرێت و داگیرکاران بڕیار دەدەن ئەرکی "بەشارستانیکردن"ی ئەم خەڵکانە وەربگرن.

"... ئێوارەی دوایین رۆژ نۆرەی گوتارەکەی من بوو. 50 خولەک بۆ هەر گوتارێک دیاریکرابوو، منیش چوومە سەر شانۆ و هەوڵمدا لەم ماوەیەدا پێشکێشی بکەم.

منیش سەرەتا بە باسکردنی گرنگیی خێزان لە سەرجەم میللەتە کۆن و

نوێیەکانـدا دەسـتم پێکـرد، باسـی ئەوەم کـرد کە دامـەزراوەی خێـزان لەنێو تورکـە کۆنـەکان دا چەنـد پتـەو بـووە، ژن خـاوەن چ مافێکـی فـراوان بووە و تەنانـەت لەتەنیشـت مێردەکەیدا فەرمانڕەوایەتیشـی کـردووە. کاتێک گوتم 'هەرچەنـدە لـە هەندێـک تیـرەی تورکـە کۆنەکانـدا فرەژنـی دەبینرێـت...' یەکسـەر سـەرۆکی زانکـۆ کـە لەپێشـەوە دانیشـتبوو، هەسـتایە سـەر پێ و بەتووڕەییـەوە گوتـی 'خواجـە، خواجـە! فرەژنـی بەهیـچ جۆرێـک لەنێـو تورکە دێرینەکانـدا نەبـووە!' کەشـێکی سـارد و خامـۆش هۆڵەکـەی تەنییەوە".

لێرەدا دەبینین گوتاربێژ ئەم دەسـتوەردانە بە شـتێکی سرووشـتی و ئاسایی دەبینێـت؛ ئەمـەش ئـەوە دەردەخات کە لە سـەردەمی شـێف دا زانسـتیش وەک هــەر شــتێکی دیکــە لەژێـر کۆنترۆڵـدا بــووە. لەلایەکــی دیکــەوە دەرخـەری هەرەمـی دەسـەڵاتە لـە سیسـتەمە فاشیسـت و تۆتالیتـەرەکان دا. جەمیـل بیرسـەل، وەک پێشـتر باسـمان کـرد، سـەرەتا و کۆتایـی هەمـوو قسـەیەکی ستایشــی ئەتاتـورک و ئینۆنـو بـووە و دەیانپەرسـتێت، بـەڵام سـەبارەت بەوانـەی کـە دەکەونە خـوار خۆیـەوە لـە ریزبەندیـی رژێمەکـەدا داوای پەرسـتران دەکات، دەیانشـکێنێتەوە و لـە نیـوەدا قسـەیان پێدەبڕێت. لـە سیسـتەمێکی لـەم جـۆرەدا پلـە "زانسـتی"یەکانیش سیاسـین.

"... بەڕێوەبـەر و ئەندامانـی ناوەنـدی حیـزب زۆر بـاش کاریـان دەکـرد، بـەڵام خەڵکــی رەســەنی ناوچەکــە نەدەهاتــن بــۆ ئــەم شــوێنە، نەیاندەتوانــی بێـن. چونکـە رۆشـنبیران لـە پێداویسـتییەکانی خەڵکیـان نەدەکۆڵییـەوە و بەجۆرێـک کـە دەیخوازێـت و لێـی تێبگات، کـۆڕ و گوتاریـان ئامـادە نەدەکرد. چالاکییەکانـی ناوەندەکانـی حیـزب زیاتـر بـۆ 'چینـی سـەرەوە' بـوون. بۆیـە وا گونجاوتـرە پێیـان بگوترێـت 'خانـەی رۆشـنبیران' نـەک 'خانـەی خەڵـک' ..".

خەڵکـی ئەسـڵ و سـادەی ناوچەکـە، لەسـەر داوونەریتـی خۆیـان بـەردەوام بـوون و ژیانێکــی دابـڕاو لــەوەی رۆشــنبیران دەژیـان. چ لـە ئەلعەزیـز و چ لـەو شــارۆچکانەدا کــە ســەردانمان کــردن، شــتێک ســەرنجی راکێشــام، ئەویـش ئەوەبـوو کـە خەڵـک لەهەمبـەر رۆشـنبیران و بەتایبەت دەسـەڵاتی دەوڵـەت دا، دەسـڵەمینەوە. وا هەسـت دەکــەم هــۆکاری ئەمــە ئــەو

سیاسـەتە بێت کـە لەبەرامبەر یاخیبوونەکانی شـێخ سـەعید و سـەیید ڕەزا گیراونەتەبـەر. وەک پێشـتر گوتمـان، لەسـەر دیـواری "خانـەی خەڵـک" لـە ئەلعەزیـز، وێنـەی هەڵواسـراوی سـەرۆک عەشـیرەتەکانی وەک دەمەنـان، قوڕەیشـان و لاچینـم بینـی کە پێشـتر لەسـێدارە درابوون، بەڵام چ پێویسـت بەمـە دەکات و ئەمـە چ پەیوەندییەکـی بـە خانـەی خەڵکـەوە هەیـە؟ ئـەم کـرداره نـەک عیبـرەت، بەڵکـو هەسـتی دووژمنایەتـی و تۆڵـە، بگـرە بـە تێپەڕبوونـی کات نەتەوەگەرییەکـی ناپێویسـت و نابەجێـش دەورووژێنێـت. لەکاتێکـدا تورکـەکان و کـوردەکان سـەر بـە هەمـان ڕەچەڵەکـن و بـرای ئایینیـی یەکتـرن. دەبێـت خەڵکانـی ئێرەمـان خۆشـبوێت نـەک بـە چـاوی کەم تەماشـایان بکەیـن. بـە کورتـی، لـە ڕۆژهـەڵات دەبێـت جیـاکاری لەنێـوان تـورک و کـورد دا نەکرێـت و سیاسـەتی خۆشەویسـتی و میهرەبانی جێبەجێ بکرێـت. ڕێگـەی ئەمـەش ئەوەیـە کێشـەی ڕۆژهەڵات بۆ خـۆی جێنەهێڵرێت، خەڵکەکـەی لـە دەسـت شـێخ، سـەید و مـەلاکان ڕزگاربکرێـن، تورکـی فێری ئەوانـە بکرێـت کـە نایزانـن، کولتـوور، ئاوەدانـی و خۆشـگوزەرانی ببرێـت بـۆ ڕۆژهـەڵات. ئـەم کارە چەنـد زوو دەسـت پێبکرێـت ئەوەنـدە باشـترە. بەپێچەوانـەوە، لەوانەیـە ڕۆژێـک ڕووبـەڕووی گرفتـی زۆر گەورەتـر ببینـەوە. نموونەکانـی شـێخ سـەعید و سـەید ڕەزا ئەمەمـان پیشـان دەدەن".

یەکێـک لـە ئەرکەکانـی شـاندی زانسـتیی زانکـۆ تورکییەکـە درێژەدانـە بـە سـیخوڕیکردن بـۆ داگیرکاریـی تورک. بۆیە نووسـەر لێرەدا باس لـە "برایەتیی ڕەچەڵەکـی و دینیـی تـورک و کـورد" دەکات. ئـەم گوتـارە لـە هەڵوێسـتی کلێسـە و مژدەدەرەکانـی دەوڵەتانـی کۆلۆنیالیسـتی دەچێـت لـە وڵاتانـی ئەفریقـا. پێویسـتە بەگرنگییـەوە لەسـەر ئـەم خاڵـە هەڵوێسـتە بکەیـن. لەنێـوان ساڵانی 1935 - 1945دا دێرسـم و چواردەورەکـەی بـە یاسـایەکی تایبەتـی بەڕێوەدەبرێـن. یاسـاکانی سـزادان کاتـی پێـش دەرچوونیشـیان دەگرنـەوە. حاکمـی دادگاکان لـە هەمـان کاتـدا فەرمانبـەری کارگێـڕی و سەربازیشـن. پارێـزگار لـە هەمـان کاتـدا پشـکنەری گشـتی و سـەرۆکی دادگایـە؛ سـەرجەم دەسـەڵاتەکانی پەرلەمانـی هەیـە، بڕیاری لەسـێدارەدان

دەردەکات و جێبەجێیشی دەکات. ئەگەر خواستی لەسەربوو لێی خۆش دەبێت. دەتوانێت دانیشتووانی گوندێک یان شارۆچکەیەک رابگوێزێت. بڕیارەکانی دادگا یەکلاکەرەوەن و تێهەڵچوونە نایانگرێتەوە. دادگا بڕیاری لەسێدارەدان دەردەکات و لە هەمان کاژێردا جێبەجێ دەکرێت. بەرگری لەخۆکردن نییە، پارێزەر نییە، تاواننامە نادرێتە گومانلێکراو، پێی ناگوترێت بە چ تاوانێک تۆمەتبارە...

لەم کاتانەدا شاندێکی زانکۆ دەنێردرێت بۆ ناوچەکە بۆ بڵاوکردنەوەی "زانست و زانیاری". ئەوەی کە ئەم زانایانە لە کارە دزێوەکانی رژێم شەرم ناکەن و بگرە رێگەش پیشانی دەسەڵاتداران دەدەن بۆ داگیرکارییەکی باشتر، شتێکی تەواو سرووشتییە.

(د.حیفزی)ش کە یەکێکە لە بڵاوکەرەوەکانی "زانست"، هاوشێوەی ئەوانیدیکە بچووکترین رەخنەی یاسایی لە دەسەڵات ناگرێت. لە یاداشتەکانیدا هیچ شتێک سەبارەت ئەم رژێمە داگیرکار و چەوسێنەرە ناڵێت. بەپێچەوانەوە دەڵێت "لە سەردەمی ئەتاتورک دا رێزێکی زۆر لە یاسا دەگیرا"، کە دیارە ئەم بانگەشەیەش هەمیشە بە رووداوەکان بە درۆ خراوەتەوە. پێدەچێت پرۆفیسۆر ئەم چالاکیی بڵاوکردنەوەی زانستەی زۆر بەلاوە گرنگ بووبێت، بۆیە لە سەرجەم کتێبەکانی دا ئاماژەی بۆ کردووە. کێشە گرنگەکە ئەمەیە: ئایا کەسێکی لەم جۆرە کە خاوەنی بڕوانامە و ناونیشانی دوورودرێژە بۆچی تاوەکو ئەم رادەیە مێشکی کوێر بووەتەوە؟ نەک هەر زانست بەرهەم ناهێنێت و لە پێکهاتەی کۆمەڵگە بە سەرجەم پەیوەندییە دەرەکی و ناوخۆییەکانییەوە، رووداو و گۆڕانکارییەکانییەوە تێناگات، بەڵکو لەوەش دەستەوەستانە تەنیا سەیری رووداوەکانی چواردەوری بکات و بە دروستی گوزارشتیان لێ بکات؟ چۆن دەکرێت تاوەکو ئەم رادەیە ببێتە دیلی دەستی ئایدیۆلۆژیای رەسمی؟ چۆن دەکرێت هێندە بە دووفاقی بیربکاتەوە؟

کاتێک تەماشای کەتوار دەکەین، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە جەنابی پرۆفیسۆر خاوەنی بیری زانستی و میتۆدی زانستییانە نییە.

ئەمانـە کەسـان و دامـەزراوەی ئەوتـۆن کـە بـە شـان و باڵـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـی دەوڵـەت دا هەڵـدەدەن و بڵاوی دەکەنـەوە، بـەڵام لـە راسـتی دا نەتـەوەی کـورد کۆمەڵکـوژ دەکرێـت و رادەگوێزرێـت. ئـەم شـتانە تەنیـا لـە بەشـی تورکیـادا روونـادەن، بەڵکـو هەمـان شـت لەژێـر دەسـەڵاتی داگیـرکاری ئینگلیـزی، فەرەنسـی و لـە رژێمەکـەی رەزا شـادا دووبـارە دەبنـەوە. ئیمپریالیسـتەکان کوردسـتان لەنێـو خۆیانـدا دابـەش دەکـەن و بەڕێـوەی دەبـەن، کەچـی پرۆفیسـۆرەکان لـە هەوڵی چەسـپاندنی ئەوەدان کـە نەتەوەیـەک بـە نـاوی کـورد و زمانێـک بە ناوی کـوردی نییـە. پارێزگارێکی نائاسـایی بـۆ ناوچەیـەک دیـاری دەکرێـت کـە دەسـەڵاتی هەمـوو شـتێکی هەیـە، بـەڵام پرۆفیسـۆری یاسـاناس سـدیق سـامی ئۆنـار ئەمانـە بـە شـتی زۆر ئاسـایی دەبینێـت. ئایـا ئـەو یاسـایانەی کـە کاتـی پێـش دەرچوونیـان دەگرنـەوە ئاسـایین؟ ئـەو یاسـایانەی کـە مافـی بەرگـری لەخۆکـردن و پێداچوونـەوە نادەنـە گومانلێکـراو، ئاسـایین؟ بۆچـی ئـەم پرۆفیسـۆرانە رەخنـە لـەم یاسـا نایاسـاییانە ناگـرن و بگـرە ستایشـی دەکـەن و دەڵێـن "یاسـایەکی ئـاوا دەمێـک بـوو پێویسـت بـوو"؟

ئایا دەرکردنـی یاسـایەکی تایبـەت بـە تونجەلی، دەسـتووری "گشـتگیربوونی یاسـاکان"ی پێشـێل نەکـردووە؟ ئایـا لـەم رووەوە تـەواو پێچەوانـەی دەسـتوورەکەی 1924 نییـە؟ ئایا بنەمـای "شەخسـیبوونی تـاوان"ی پێشـێل نەکـردووە؟ چونکـە بـەر لـە کاتـی دەرچوونیشـی دەگرێتـەوە، بنەمـای "تـاوان و سـزا بەبـێ یاسـا بوونیـان نییـە"ی پێشـێل نەکـردووە؟ کەوایـە بۆچـی پرۆفیسـۆرێکی یاسـاناس رەخنـە لـە هیـچ یەکێـک لـەم گرفتانـەی یاسـاکە ناگرێـت؟ ئـەم شـتانە دەریدەخـەن کـە جیاوازییـەک نییـە لەنێـوان ئـەو پرۆفیسـۆرە ئەڵمانانـەی کـە چەپڵەیـان بـۆ نازییـەکان لێـدەدا لەکاتـی داگیرکردنـی نەمسـا، چیکۆسـلۆڤاکیا و کۆمەڵکوژیـی جـوولەکان دا و ئـەو پرۆفیسـۆرە کەمالیسـتانەی کـە ستایشـی داگیرکرانـی کوردسـتانیان کـردووە. هـەردوو رژێمەکـەش شـێف بەڕێـوەی بـردوون. گوفتـار و کرداری شـێفەکان تاکـە پێـوەری راسـتی بـووە.

### ج) پەرلەمانتارە پڕۆفیسۆرەکان

لەکاتــی دەرچــوون و جێبەجێکرانــی یاســای تونجەلــی دا، چەندیــن کــەس بــە ناونیشــانی پڕۆفیســۆر لــە پەرلەمــان دا کاریــان کــردووە. هەندێکیــان دەرچــووی زانکــۆ ئەورووپییەکانیــش بــوون. ئەلبوومــی پەرلەمــان نزیکــەی 60 پەرلەمانتــاری پڕۆفیســۆر لەخۆدەگرێــت کــە لەنێــوان ســاڵەکانی 1946-1935دا کاری پەرلەمانتارییــان کــردووە. بەشــێکی زۆریــان پســپۆڕی زانســتە سیاســییەکان، یاســا، ئابــووری و مێــژوو بــوون. هیــچ یەکێــک لەمانە بچووکتریــن ئاماژەیــان بــە نایاســایی ماددەکانــی یاســای تونجەلی نەکــردووە. چونکــە بەتــەواوی خۆیــان تەســلیمی شــێف و ڕژێمەکــەی کــردووە. وەک (عەلــی یوجــەل)ی وەزیــری پــەروەردە دەڵێــت:

"... یەکــەم مەرجــی ســەرکەوتن لــە کاروبارەکانــی نیشــتمان دا ئەوەیــە باوەڕمــان بــە ئەتاتــورک و ئینۆنــو هەبێت. بیری راســت لــە گوتــەی ئەواندایە، رەفتــاری راســت لــە شــوێنکەوتنی ئەواندایــە".

پرۆفیســۆرە یاساناســەکان لــە 1933ەوە رۆژنامەیەکیــان هەبــووە بــە نــاوی (حقــوق) کــە دوو جــار لــە مانگێــک دا دەرچــووە. لــە پیرۆزبایــی یازدەیــەم ســاڵی دامەزراندنــی کۆمــاردا ئــەم نووســراوەیان بڵاوکردووەتــەوە:

"خۆمــان بــە بەختــەوەر دەزانیــن لــە پیرۆزبایــی یازدەیەمین ســاڵیادی کۆماردا کــە بــە هەنــگاوی پتــەوەوە بــەرەو ئەبەدییــەت دەڕوات، رێــزی خۆمــان لــە حــزووری رژێمــی نــوێ دا رابگەیێنیــن. لــەم رۆژگارەدا کــە لــە هەمــوو لایەکی دونیــادا بەهــا ویژدانییــەکان پێشــێل دەکرێــن، کۆمــاری تورکیــای لاو کــە راســتترین رێگــەی هەڵبــژاردووە، بێگومــان بــە دروشــمێکی تایبــەت بــە خۆی، شــەرەف و بەهــا بــە بیــر و مێــژووی جیهــان دەبەخشــێت.

لــە ناخــی دڵمانــەوە هەســتی بەرزنرخانــدن و رێزگرتنــی خۆمــان پێشکێشــی کۆمــار دەکەیــن کــە بەرزتریــن دامــەزراوەی یاســایە و گەورەتریــن پیاوەکانــی شــۆڕش و لەپێــش هەموویانــەوە حەزرەتــی غــازی مســتەفا کەمــال دەکەیــن.

لـەم سـاڵیادەدا بـە رسـتەی "بەختـەوەرە ئـەو کەسـەی دەڵێـت مـن تورکـم، وتارەکانمـان دەڕازێنینەوە".
ئـەم ڕۆژنامەیـە دەگەیێنرێتـە دەسـتی مسـتەفا کەمـاڵ. لـە ژمـارەی داهاتـوودا بـەم جـۆرە دڵخۆشـی خۆیـان لـەم ڕووداوە دەردەبـڕن:
"لـە نووسـینگەی سـەرۆک کۆمـارەوە لـە نووسـراوێک دا لوتف و شـەرەفی ئەوەمـان پێگەیشـت کـە ڕۆژنامەکەمـان گەیشـتووەتە دەسـتی سـەرۆکی مـەزن ئەتاتـورک. بەهـۆی ئەمـەوە خۆشـییەکی لەڕادەبەردەمـان هەیـە. وەک هەمیشـە، ئـەم شـادییەمان دەخەینـە سـەر کاخـەز و دەڵێیـن: ئـەی سـەرۆکی مـەزن! هەرچییەکمـان هەیـە قـەرزاری بلیمەتییـە گەورەکـەی تۆیە؛ ئیتـر چـۆن بتوانیـن شـوکرانەی خۆمـان پێشـکێش بکەیـن؟ ڕۆیشـتن بـەو ڕێیـەدا کـە تـۆ پیشـانت داوە، کارکـردن بـۆ ئـەو ئامانجـەی تـۆ داتنـاوە، گەورەتریـن قـەرزی ئەسـتۆی خەڵکـی ئێمەیـە. ئەگـەر بـە خۆتەرخانکـردن بـۆ ئـەم ڕێگەیـە توانیبێتمـان تۆزقاڵێـک لـە قـەرزی ئەسـتۆمان بدەینـەوە، گەورەتریـن بەختەوەرییـە بـۆ ئێمـە!..."
وەک دەبینرێـت، جگـە لـە سـەرۆکی مـەزن، کەسـێکی دیکە نییە. هـەر ئەوە کـە پڕۆفیسـۆرە پایەبەرزەکانـی دروسـت کـردووە. کەوایـە تاکـە کەسـێک کە پێویسـتە بپەرسـترێت ئـەوە.
بۆیـە ئێمـەش دەڵێیـن ئـەم "زانـا"، "یاسـاناس" و شـاندە زانسـتییانە هیـچ جیاوازییەکیـان لەگـەڵ پڕۆفیسـۆرەکانی هیتلـەر، موسـۆلینی، فڕانکـۆ و سـالازاردا نییـە. ئەوانـەی تورکیـا کـە لەسـەر مێـزی شـەراب خواردنـەوەی نێـو کۆشـکی سـەرۆکایەتی لـە ئەنقـەرە خەریکـی خوێندنـی "زانسـت" بوون، بەجۆرێـک کەسـایەتییان لەدەسـتداوە، هەسـتیان بـەوە نەکـردووە تاوەکـو چ ڕادەیـەک ڕەگەزپەرسـت و فاشیسـتن.

## 2. نووسەرانی دیکە

کەمـاڵ بیلباشـار لـە ڕۆمانەکانـی (جەمـۆ) و (مەمـۆ)دا، حەسـەن عیزەدیـن

لـە بەرگــی حەوتەمــی کتێبــی (ئاشــتیی پیــرۆز)، باربــارۆس بایــکارا لــە رۆمانەکانـی (دێرسـم 1937) و (دێرسـم 1938)دا باسـیان لـە ڕووداوەکانـی دێرسـم کـردووە. لـە هیـچ یەکێـک لـە مانـەدا ئامـاژە بۆ هـۆکاری سـەرەکی نەکـراوە. لــە هەموویانــدا هەســت بــە "ســووکایەتی" دەکرێــت بەرامبــەر بــە نەتــەوەی کــورد. بــۆ نموونــە، دینامــۆ هاوشــێوەی کەمالیســتەکان هێرشـێکی ڕەگەزپەرسـتانە دەکاتـە سـەر کـورد. نـاوی "بەشارسـتانیکردن" لـە داگیـرکاری و جینۆسـاید دەنێـت. وەک خەباتێـک لـە دژی ئاغـا، شـێخ و عەشـیرەت نیشـانی دەدات.

بەڵام شـتێکی گرنگ ئەم نووسـەرە کەمالیسـتە لەوانی دیکە جیادەکاتەوە. بەهـۆی ئـەو شـیعرانەیەوە کـە بۆنـی کۆمۆنیـزم و خەباتـی چینایەتییـان لێهاتـووە، پێنـج سـاڵ زیندانـی کـراوە. ئـەوەی کـە نووسـەر ڕێـک وەک ئـەو ڕژێمـە کەمالیسـتییە بیردەکاتـەوە کـە لـە بەندیخانـە توونـدی کـردووە، شـتێکی پەندئامێـزە. ئەمەش دەرخـەری ئەوەیە کە بیری "پێشـکەوتنخوازی" لـە تورکیـادا تێکەڵـی بیرۆکـەی ڕەگەزپەرسـتی و داگیـرکاری بووە. نووسـەر، هونەرمەنـد و ڕۆشـنبیرەکان لەجیاتـی ئـەوەی ئـەم چوارچێوەیـە بشـکێنن و بێنـە دەرەوە، لەگەڵیـدا ئاوێتـە بـوون.

بـەڵام کەتـوار پێچەوانـەی ئـەم شـتانەیە. لـەم کتێبانـەدا بـاس لـە هاندرانـی یاخیبوونەکانــی کــورد دەکرێــت لەلایــەن ئینگلیــز و فەرەنســییەکانەوە. لەکاتێکـدا پێچەوانەکـەی ڕاسـتە. ئـەوە ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان بـوون کە هـاوکاری سیاسـی، ئایدیۆلـۆژی و سـەربازییان دایە کەمالیسـتەکان و ڕژێمی شانشـینی و کوردسـتانیان لەپێنـاو بەرژەوەندییەکانیانـدا دابـەش کـرد.

کەمـال بیلباشـەر لـە سـاڵی 1967، بـەم جـۆرە بـاس لـە هۆکاری نووسـینی ڕۆمانەکـەی دەکات کـە خەڵاتـی (دامـەزراوەی زمانـی تورکـی)ی وەرگرتووە: "... جەمــۆم لەبەرخاتــری ئــەو خەڵکانــە نووســیوە کــە لــە گونــد و شـارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دا دەژیـن. لـە سـەردەمی ئیمپڕاتـۆری دا زۆر فەرامۆشــکراون و ســتەمیان لێکــراوە، لــە ڕۆژگاری کۆماریــش دا ســەرەڕای هەمــوو نیــازە باشــەکان، نەتوانــراوە خزمەتگوزارییەکانــی وەک

ڕێگـە، خوێندنگـە، ئـاو و تەندرووسـتییان پێبگەیێنرێت. نەتوانـراوە لە ئاسـتی ژیانـی عەشـیرەتەکانی سـەدەکانی نێوەڕاسـتەوە رزگاربکرێـن و بگەیێندرێنە ئاسـتی شارسـتانێتیی هاوچـەرخ. لەپێنـاوی خەڵکـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دا نووسـیومە کـە دوو جـار لەلایـەن هێـزە دابەشـکار و داگیرکارەکانـی ناوخـۆ و دەرەوە خەڵتانـی خوێـن کـراون...

سـاڵی 1945 بڕیـاری نووسـینی ئـەم رۆمانـەم دا. لەوکاتـەدا لـە پەرلەمـان مشـتومڕێکی زۆر لەسـەر یاسـای زەوی و زار دەکـرا. منیـش شـتی زۆرم لـەو هـاوڕێ مامۆسـتا، سـەرباز و قایمقامانـەم بیسـتبوو کـە پێشـتر لـە رۆژهـەڵات کاریـان کردبـوو، بـاش شـارەزای سیسـتەمی دەربەگایەتـی بوون و لـە نزیکـەوە شـایەتحاڵی ڕووداوەکانـی شـێخ سـەعید و سـەید رەزا بـوون و لەسـەر پڕۆسـەی بەشارسـتانیکردنی رۆژهـەڵات لەلایـەن حکومەتەکانـی کۆمـارەوە زانیارییەکـی باشـیان هەبـوو. وەک نووسـەرێکی نیشـتمانپەروەر دەمویسـت هاوکاریـی دەسـەڵاتداران بکـەم و هۆکارەکانـی شکسـتی سیاسـەتەکانی پێشـووی حکومـەت لـە رۆژهـەڵات دەستنیشـان بکـەم بـە جۆرێـک کـە گۆڕانکارییەکانـی لەوەبـەدوا شـتی ئەوتۆبـن کـە لەلایـەن خەڵکـی ناوچەکەشـەوە پەسـەند بکرێـن.

بۆیـە راسـتەوخۆ دوای بڕیـاری نووسـینی رۆمانێـک لەسـەر رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، دەسـتم بـە لێکۆڵینـەوەی ورد کـرد. بەنزیکەیـی چـاوم بـە هەموو ئـەو کتێبانـەدا خشـاند کـە لەسـەر ڕووداوەکانـی شـێخ سـەعید و دێرسـم، شـێوازی ژیانـی کۆمەڵگـەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و فۆلکلۆرەکەیاندا خشـاند. بـەدوای کەسانێکدا گـەڕام ــ رۆشـنبیر و هەروەهـا لـە خەڵـک ــ کـە لـەوێ ژیـاون و ئـاگاداری سـەرجەم وردەکارییـەکان بـووم. گەیشـتمە هـۆکار و دەرەنجامـی ئـەوەی بۆچـی هەڵمەتـی ریفۆرمـی حکومەتەکانی ئینۆنـو، بایار و جەنـەڕاڵ عەبدوڵـڵا ئالپدۆغـان ئەنجامـی ئەرێنییـان نەبـووە. بێگومـان ئەم کارانـەش چەنـدان سـاڵیان خایانـد.." [107]

107 - بێگومـان هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە نووسـەر لـەم بارەیـەوە دەسـتی کەوتـووە و خوێندوونیەتـەوە رەنگدانـەوەی ئایدیۆلۆژیای فەرمیـی دەوڵـەت بـوون. ئـەوەش کـە قەناعەتـی بـەم شـتانە کـردووە و بـەدوای هیچـی دیکـەدا نەگـەڕاوە، ناسـنامە کەمالیسـتییەکەی ئـەو دەردەخـەن.

"... بڕیاربــوو لەپێنــاو خەڵکــی رۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ دا بنووســم، کەوایــە دەبـوو لـەم رۆمانـەدا زمانێـک بەکاربێنـم کە ئـەوان لێی تێدەگـەن. بێگومان ئەمـەش نەدەکـرا تورکـی ئیسـتەنبوولی بێـت. بەڵکـو دەبووایـە زیاتـر لـە تورکیـی کـۆن بچێـت کـە ئێسـتاش لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بەکاردێـت.."
نووسـەر لـە بابەتـی ئـەوەدا کـە لـە کوردسـتان بـە کـوردی قسـە دەکرێـت، خـۆی لـە گێلـی دەدات. لەکاتێکـدا کـوردی هیـچ پەیوەندییەکـی بـە تورکیـی کۆنـەوە نییـە. لـەم دۆخەیـدا نووسـەر وەک دووژمنێکـی زمـان و کولتووری کـوردی دەردەکەوێـت.
لێـرەدا پێویسـتە خاڵێـک روون بکەینـەوە: ئـەو تورکییـە شـەق و شـڕەی کـە کـورد فێـری بـوون لـە ئەنجامـی گوشـاری زۆر و سیاسـەتی تواندنـەوەی چەندیـن سـاڵەی دەوڵەت هیـچ پەیوەندییەکی بە تورکی کۆنـەوە نییە. وەک چـۆن ئینگلیزیـی ئـەو کەسـەی کە بـەزۆر فێـری دەبێـت هیـچ پەیوەندییەکی بـە ئینگلیزیـی راسـتەقینەوە نییە، بەڵام نووسـەر، زمانێکی ناچارکراو بەسـەر نەتەوەیەکـی دیکـەدا، بـە یەکێـک لـە دیالێکتەکانـی هەمـان زمـان دەبینێت. بێگومـان ئـاگای لەمەیـە و بەمەبەسـت وادەکات. "... مەمـۆ کاراکتەرێکـی جیـا نییـە. بەڵکـو سـیمبۆلێکە بـۆ خواسـت و ئارەزووەکانـی خەڵکـی دێرسـم کـە لـە سیسـتەمی عەشـیرەتگەری سـەتەکانی نێوەڕاسـت ماونەتـەوە. لـە کتێبەکـەم دا هەوڵمـداوە بـەدوای رەگ و ریشـەی هۆکارەکانـی شکسـتی پرۆسـەی بەشارسـتانیکردنی ناوچەی دێرسـم و رزگاکردنیان لە سیسـتەمی سـەید و ئاغـاکان بکـەوم و پیشـانی بـدەم تاوەکـو ریفۆرمـی ریشـەیی، بەتایبـەت لـە بـواری زەوی و زاردا، ئەنجـام نەدرێـت ئەم جـۆرە تاقیکردنەوانە سـەرناکەون، تەنانـەت بـە دنـەی هێـزە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان خەڵکـی نیـاز بـاش و بـێ تـاوان بـەرەو یاخیبـوون هاندەدرێـن".
ئـەم نووسـەرە تورکـە، لەپێنـاو شـاردنەوەی شۆڕشـی نەتەوەیـی کـورد هەمـوو جـۆرە هەوڵێـک دەدات. هێرشـی سـوپا وەک دژایەتیکردنـی شـێخایەتی و دەرەبەگـەکان نیشـان دەدات. بـەم جـۆرە، دەچێتـە ریـزی هەمـوو ئەوانـەوە کـە رۆمـان، چیـرۆک و رێپۆرتاژیـان لەسـەر رۆژهـەڵات

نووسـیوە و لەژێـر پـەردەی دژایەتیـی "کۆنەپەرسـتی"دا لایەنـی داگیـرکاری و رەگەزپەرسـتییان گرتـووە. ئێمـە باوەڕمـان وایـە نووسـەر، هونەرمەنـد و بیرمەنـدەکان لـە تورکیـا، بـە ئەنقەسـت ئـەم هەڵوێسـتە سیاسـییە هەڵدەبژێـرن. نووسـەرەکان دەزانـن کـە ئـەم بۆچوونـە بەدڵخۆشـییەوە لەلایـەن چینـی بـۆرژوازی تورکییـەوە قبـووڵ دەکرێت. ئەمـە جگـە لـەوەی ئـەو "کۆنەپەرسـتی کوردی"یـەی کـە نووسـەرەکان دەیانەوێت بیخـوڵقێنـن، لەگـەڵ رووداوە راسـتەقینەکان دا یـەک ناگرێتـەوە. ئـەم بابەتـە دەبێـت لـە چوارچێـوەی کات و شـوێنی خۆیـدا هەڵبسـەنگێنرێت. هەمـوو ئـەو شۆڕشـە کوردییانـەی کـە لـە 1920 ەوە سـەریان هەڵـداوە نەتەوەییـن و لـە دژی ئـەو دەوڵەتانـەن کـە ناومـان هێنـاون. لەپێنـاو نەتـەوەی کـورد و کوردسـتان دا بـوون، بـەڵام ئەگـەر ئـەم نووسـەرە کەمالیسـتییە دان بەمـە دابنێـت، ئـەوکات دەبێـت بەرگـەی دژایەتـی چینـە بۆرژوازییـە عەسـکەری و داگیرکارەکـەی تـورک بگرێـت.

## 2. پڕۆفیسۆر د. فاروق ئێرەم

د.فـاروق ئێـرەم کـە لـە سـەردەمی شـێف دا سـەرۆکی پارێزەرانـی تورکیـا بـووە، یەکێکـە لـەو کەسـایەتییانەی کـە دەبێـت سـەرنجی لێبدرێـت. ئـەم کەسـە بانگەشـەی ئـەوەی کـردووە کـە لەژێـر دەسـەڵاتی شـێف دا هەموو کەسـێک مافەکانـی خـۆی پێـدراوە، مامەڵـەی یەکسـان و دادپەروەرانـە لەگـەڵ هەمـوو کەسـێکدا کـراوە و دەوڵەتـی یاسـا هەبـووە. بەڕێـز پڕۆفیسـۆر لـەم هەڵوێسـتەیدا خاوەنـی رێبازێکـی زانسـتی نییـە. دەیەوێت بۆچوونـە تایبەتەکانـی خـۆی و بیروباوەڕەکانـی وەک "زانسـت" پێشـکێش بـکات، بـەڵام لـەوە تێنەگەیشـتووە کـە زانسـت و بیروبـاوەڕ لـە یەکتـر جیـاوازن. مەحاڵـە لەمـەش تێبـگات چونکـە میتۆدەکـەی زانسـتی نییـە. هاوشـێوەی پڕۆفیسـۆرەکانی سـەردەمی خـۆی بوونـی نەتەوەیـی کـورد لـە تورکیـا و رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا نابینێـت و دەیەوێـت بیشـارێتەوە.

هەرچەنـدە بـەزۆری بـاس لـە مافەکانـی مـرۆڤ، یەکسـانی، دیموکراسـی، ئـازادی، سـەربەخۆیی دادگاکان دەکات، بـەڵام وەک دەرەنجامێکـی ئـەم بیروباوەڕانـەی، لـە کۆبوونـەوەی گشـتیی پارێـزەران دا لـە شـارەکانی وەک وان و دیاربەکـر، راسـتەوخۆ لەنێـو چـاوی پارێزەرانـی کـورد دەڕوانێـت و دەڵێـت هـەر کەسـێک لـە تورکیـادا بـژی تورکە. بـەم جـۆرە بوونـی نەتەوەی کـورد رەتدەکاتـەوە و نکۆڵـی لێـدەکات. لەمەشـدا هەسـت بـە نارەحەتـی نـاکات. رەفتـاری رەگەزپەرسـانە و داگیرکارانـەی کەسـانێک کـە خاوەنـی میتۆدێکـی زانسـتی نیـن هـەر دەبێت بـەم جۆرە بێـت. لەم هەڵوێستەشـیدا بـە تەنیـا نییـە. زانکۆکانـی ئەمـڕۆش، وەک گومـان دەبرێـت، زۆر لـە زانکۆکانـی سـەردەمی شـێف جیاوازتـر نیـن. تەنیا ئەوەنـدە هەیە ئەوانـەی ئەمـڕۆ راسـتەوخۆ دەسـت مـاچ ناکـەن و هێنـدە چاویـان کراوەتـەوە کـە بەشـانازییەوە بـاس لـەم چالاکییانـەی داگیـرکاری نەکـەن.

جێگـەی خۆیەتـی کەمێک هەڵوێسـتە بکەین لەسـەر کێشـەی "خەڵـکان" لای سـەرۆکی پارێزەرانـی تورکیـا. پڕۆفیسـۆر فـاروف ئێـرم لـە سـاڵی 1976دا وتارێکـی بـە ناونیشـانی (دەسـتەواژەی خەڵـکان و رەگەزپەرسـتی) لـە رۆژنامـەی (میللییـەت)دا بڵاوکردووەتـەوە:

"داگیـرکارە ئیمپریالیسـتەکان بوونـە هـۆکاری دروسـتبوونی دەسـتەواژەی 'خەڵـکان' لـە سیاسـەتی جیهانـی دا. سیسـتەمی سـەرمایەداری کـە لەسـەر ئیمپریالیـزم راگیربـووە، گۆڕانـی خەڵکانـی بـۆ کۆمەڵگـەی سـەربەخۆ کردووەتـە شـتێکی ناچـاری و ئەمـەش لـە کۆتایـی سـەتەی بیسـتەم دا دەرگای لەسـەر کۆمەڵێـک 'جەنگـی سـەربەخۆیی' کردووەتـەوە. وادیـارە هێشـتا ئـەم قۆناخـەش تـەواو نەبـووە. لـە کۆمـاری تورکیـادا کـە دوای خەباتـی میللـی و لەسـەر بنەمـای رەفتـاری عاقڵانـە دامـەزراوە، باسـکردن لـە خەڵـکان بانگەشـەیەکی بـێ بنەمایـە. خەباتـی میللـی بـە نـاوی هەمـوو تورکـەوە و بەهـۆی کاری هاوبەشـی هەموویانـەوە سـەرکەوت".

وەک دەبینرێـت، سـەرۆکی پارێزەرانـی تورکیـا دەڵێـت هـۆکاری دەرکەوتنـی دەسـتەواژەی "خەڵـکان" داگیرکاریـی ئیمپریالیزمـە. ئـەم رسـتەیەش تـەواو

بێ مانایە. خەڵکان خۆیان هەن. ئیمپێریالیزم بووە هۆکاری دابەشکردنی خەڵک و نەتەوەکان و داگیرکرانیان. بۆ نموونە،بەگوێرەی پەیماننامەی لۆزان، کوردستان دابەشکراوە. ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی بە هاوکاریی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و سەربازی لەگەڵ کەمالیست و رژێمی پاشایەتیی ئێران دا، سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە"ی بەکارهێناوە و جێبەجێیکردووە. سەرۆکی پارێزەرانی تورکیا دەڵێت باسکردن لە خەڵکان لە تورکیادا بانگەشەیەکی بێ بنەمایە. خۆی وادەردەخات کە ئاگای لە سیاسەتی ئیمپریالیستەکان نییە سەبارەت کوردستان و نەتەوەی کورد. جەنگی سەربەخۆیی تورکیا بەرامبەر بە وڵاتانی هاوپەیمان بێگومان بە ناوی تورکەوە کراوە. هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە نەتەوەی کورد لەم خەباتەدا بەشداری کردووە، بەڵام هیچ گومانێکیش لەوەدا نییە کە دوای ئەمە نەتەوەی تورک، کوردی خستووەتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئەمەشی بە هاوکاریی ئیمپریالیزمی جیهانی کردووە. نووسینەکە بەم جۆرە بەردەوام دەبێت:

"لە تورکیادا هەرگیز بەشێک، ئەوانی دیکەی بە ناوی جیاوازی رەگەزییەوە نەچەوساندووەتەوە و داگیری نەکردووە. قبووڵکردنی دیموکراسی لە تورکیادا، بەڵگەی روونە لەسەر ئەوەی کە هەڵەیەکی لەم جۆرە روویندەداوە.

لە تورکیاش سکاڵا لە دەست ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانی دەکرێت، بەڵام ئەم سکاڵایە مانایەکی فەلسەفی هەیە و رەوایە. مەحاڵە بتوانرێت بگوترێت کە پێکدادانێک لەنێوان نەوە، چین و ناوچەکانی تورکیادا هەیە. ئەو قسەیەی مارکس کە دەڵێت 'نەتەوەیەک کە نەتەوەیەکی دیکە دەچەوسێنێتەوە ئازاد نییە' راستە، بەڵام لە تورکیادا هیچ کاتێک 'چەوساندنەوەی خەڵکان' نەبینراوە". سەرۆکی پارێزەرانی تورکیا لەنێو بێ میتۆدییەکی نازانستی دا چەقیوە. ئەمەش ئەوی بەرەو بەهەڵەداچوون راپێچ کردووە. ئەم کەسە بە بەکارهێنانی پۆستەکەی فەتوای ئەوە دەردەکات کە نەتەوەی کورد هیچ بوونێکی نییە. ئینجا

باوەڕی وایە خەڵکانی دیکەش دەڵێن 'مادەم سەرۆکی پارێزەرانی تورکیا وادەڵێت کەوایە راستە!" ئەمەش هەڵەیەکی ئەوتۆیە کە بەئاشکرا نەزانی، دووژمنایەتی و رەگەزپەرستیی خاوەنەکەی نیشاندەدات. لێرەدا پێویستە کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی پرۆفیسۆر فاروف ئێرەم بکرێت. ئەگەر چەوساندنەوەی هیچ نەتەوەیەک لە تورکیادا نەبێت، کەوایە ئەو زنجیرە چییە کە لە دابەشکردنی ئیمپریالیستەکانی دونیادا لە لۆزان، کراوەتە ملی کوردستان و نەتەوەی کورد؟ ئەو کارە هاوبەشانە بە مانای چی دێن کە لەپێناو تووندکردنەوەی ئەم زنجیرانەدا لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکان کراون؟ هۆکاری جینۆساید، نەفیکردن، کۆمەڵکوژی و دەرکردنی یاسای تونجەلی چییە؟ ئایا کاکی پرۆفیسۆر بە دەرکردنی فەتوای شەخسی دەتوانێت رووداوە کەتوارییەکان بگۆڕێت؟

بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە پرۆفیسۆر فاروق ئێرەم ناتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. چونکە داگیرکار، رەگەزپەرست و ئمپریالیستەکان کەسانێکی ترسنۆکن و هەموو جۆرە رێگەیەک بۆ لەنێوبردنی زمان، کولتوور و ناوی نەتەوەیەک بە رەوا دەزانن. بۆیە روون و ئاشکرا لەبارەی گرفتەکانەوە گفتوگۆ ناکەن. هێندەی ئەو هێز و مۆڵەتەی کە لە دەوڵەتانی داگیرکەر و چینی داگیرکاری بوورژوازی وەریانگرتووە، قسەی لەسەر دەکەن. میتۆدی بیرکردنەوەشیان زانستی نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکی فەرمییە. ئەگەر ئێمە دەمانەوێت سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە"ی تورکیا سەبارەت کوردستان ئاشکرا بکەین، دەبێت تاکە پاڵپشتمان زانست بێت. ئەو هێزەبێت کە لە زانستەوە وەریدەگرین. دەبێت لە چوارچێوەی کات و شوێن دا لە رووداوەکان و پەیوەندیی نێوانیان بکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی جەنابی پرۆفیسۆر دەیکات فڕی بە زانستەوە نییە. بەڵکو لایەنی هێز و زۆر دەگرێت. دەڵێت "هەرکەس بەهێزبێت لەسەر هەقە". پێویستە بڵێین کە دۆگماتیزمێکی خەستی لەم جۆرە، شایستەی ناوی "کۆنەپەرستی"یە. کۆنەپەرستیش تەنیا پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە. ئەگەر سەرەڕای هەبوونی راستەقینە بە ئاشکرا نکۆڵی لە

بوونی نەتەوەیەک بکرێت، جگە لە کۆنەپەرستی چی بەمە دەگوترێت؟ ئەم جۆرەی کۆنەپەرستیش ترسناکترینە. چونکە دۆگماتیزمێکی خەست لە ڕێگەی ناوی پرۆفیسۆر، دکتۆر و پێگەی سەرۆکایەتیی پارێزەرانەوە بەکاردەهێنێت. ئیدی ئەم پۆستەی بۆ فەتوادان بەکاردەهێنێت و دەڵێت "خەڵکان نین و ناشبن". چونکە دەوڵەتی داگیرکار و ئیمپریالیزمی جیهانی ئەمەی دەوێت. ڕاستگۆترین جێبەجێکارانی سیاسەتە ئیمپریالیستەکانیش کەمالیستەکانن. ئەگەر بوونی "خەڵکان" قبووڵ بکرێت، ئەوکات درێژەدان بە ڕەگەزپەرستیی کەمالیستی و داگیرکاری، مەحاڵ دەبێت. لێرەدا پێویستە بڵێین ئەم جۆرە فەتوایانە لەڕووی نێوەڕۆکەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو فەتوایانەدا نییە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی دا دراون. بۆ نموونە، ئەو فەتوایەی کە یاووز سوڵتان سەلیم پێش جەنگی چاڵدێران لە موفتیی ڕۆژگار، حەمزە ئەفەندییەوە وەریگرتووە جیاوازییەکی لەگەڵ فەتواکەی د.فاروق ئێرەم دا نییە. فەتواکەی حەمزە ئەفەندی دەڵێت "کوشتنی قزڵباشەکان[108] و بەتاڵانبردنی ماڵیان خێرە". فەتواکەی پرۆفیسۆریش دەڵێت "خەڵکان نین و ناشبن". هەردووکیان هێزی جێبەجێکردنیان هەیە، بەڵام ئەمەی دووەم لە ڕێگەی ڕێکخراوە نهێنییەکانی دەوڵەتەوە جێبەجێ دەبێت. پرسیارێکی دیکەش کە دەبێت لە سەرۆکی پارێزەرانی تورکیا بکرێت پەیوەندی بە دیموکراسییەوە هەیە. لە جێگەیەک دا کە تێیدا نەتەوەیەک یەکێکی دیکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، سەرجەم مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی لێ زەوت دەکات، زمان و کولتووری خۆی بەزۆر بەسەردا دەسەپێنێ، لەوپەڕی دواکەوتوویی و بەربەریدا ناوچەیەک دەڕووتێنرێتەوە و داگیر دەکرێت، دەتوانرێت باس لە دیموکراسی بکرێت؟ ئەمە چ جۆرە دیموکراسییەکە؟ ئەو یەکسانیی سیاسییەی کە بنەمای دیموکراسییە چۆن دەستەبەر کراوە؟ چەمکی دیموکراسی کە

108 - قزڵباش واتە سەرسوور؛ مەبەست لێی عەلەوییەکانە کە بە گشتی کڵاو و جامانەی سوور لەسەر دەکەن. (وەرگێڕ)

لەوانەیە سـەبارەت بـە دەوڵەتـی داگیـرکار مانایەکـی هەبێـت، سـەبارەت بـە نەتـەوەی داگیرکـراو و چەوسـێنراوە، بەتایبـەت بـۆ کوردسـتان کـە کۆلۆنییەکـی نێودەوڵەتییـە، چ مانایەکـی هەیـە؟ بـا لەسـەر وتارەکـەی سـەرۆکی پارێـزەران بـەردەوام بیـن:

"کەسـێکیش ناتوانێـت بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە ئاوێتەبوونـی نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا دەسـتی پێنەکـردووە، لـەم کاتـەدا بەکارهێنرانـی دەسـتەواژەی 'خەڵـکان' دەبێـت بە بەربەسـت لەبـەردەم ئەمەدا. (میسـاقی میللی)یەکـەی ئەتاتـورک تەنیـا ڕووی لـە دەرەوە نییـە. ئـەم بنەمایـە لەکاتی لەدایکبوونـی دیموکراسـییەوە، بەشـێوەیەکی ئامانجـدار لەلایـەن چەندیـن حکومەتـەوە بەتایبـەت لەکاتـی ناوخۆشـدا جێبەجـێ کـراون.

گوایـە دەسـتەواژەی "خەڵـکان" دەبێتـە ڕێگـر لەبـەردەم ئاوێتەبـوون دا. چونکـە بەگوێـرەی تێگەیشـتنێکی دۆگماتیـک و نکۆڵیـکار، یەکێتـی واتـە باڵادەسـتی و ئیمتیـازی تەواوەتیـی تـورک. ئەگـەر دەسـتەواژەی "خەڵـکان" بەکاربهێنرێـت لەوانەیـە ئـەم ئیمتیـازە زیانـی بەربکەوێـت. لەحاڵێکـدا هـەروەک چـۆن سـوپا ئەرکـی "پاراسـتنی دەوڵـەت و ڕژێـم"ی بـۆ خـۆی بڕیـارداوە، بیرۆکراسـیی کەمالیسـتەکانیش لەپاڵ سـوپادا گرنگترین خاوەنی چالاکییـە ڕەگەزپەرسـتی و داگیرکارییەکانـە لـە دژی کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد.

سـەرۆکی پارێـزەران دەیەوێـت بـەم بیـر و بۆچوونـە داگیـرکار و ڕەگەزپەرسـتانەیە هەوڵـی ڕوونکردنـەوەی هـۆکاری دواکەوتنـی "ڕۆژهەڵات"یـش بـدات: "لەنێـو هەمـوو کۆمەڵگەیـەک دا هەندێـک ناوچـە هـەن کـە بـە هـۆکاری جیـاواز دواکەوتـوون. بـۆ نموونـە، بەرامبـەر بـەو ڕووداوانـەی کـە لەسـەر بانگەشـەی ئـەوەی کـە باشـووری ئیتاڵیـا دەچەوسـێنرێتەوە هەڵگیرسـان، وەڵامـی دەوڵەتـی ئیتاڵیـا بـەم جـۆرە بـوو: پلانێکـی تایبـەت بـۆ گەشـەکردنی یەکسـانی باشـووری ئیتاڵیـا ئامـادە دەکرێـت. بۆیـە لەمـڕۆدا کێشـەی باشـووری ئیتاڵیـا بـەراورد بـە جـاران زۆر کـەم بووەتـەوە.

بێگومـان لـەم رووەوە جیابوونـەوەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا لـە نیشـتمانی ئێمـەدا زەقتریـن و تاڵتریـن راسـتییە، بـەڵام ئـەم جیابوونەوەیـە، جیاوازیـی نێـوان 'خەڵـکان' نییـە. رۆژهـەڵات، بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی ئـەو خەڵکانـەی کـە لـەوێ دەژیـن فەرامـۆش کـراوە. ئەمـەش گرفتێکـی قورسـە و لـە دوای دەوڵەتـی عوسـمانییەکانیش هـەر بـەردەوام بـووە".

نووسـەر چونکـە گرنگیـی بـە راسـتییە بەرجەسـتەکان نـادات، لەمـەش دا کەوتووەتـە هەڵەیەکـی ئاشـکراوە. باکـوور و باشـووری ئیتاڵیـا لـەڕووی رەگەزییـەوە جیـاواز نیـن. هەمـان نەتـەوەن، بـەڵام ناوچـەی رۆژهەڵاتـی تورکیـا کـە فەرامـۆش کـراوە لـەڕووی رەگەزییـەوە جیـاوازە. ئێرە بەگشـتی باکـووری کوردسـتانە و نیشـتمانی کوردانـە. لـەدوای دابەشـکردنی کوردسـتان لـە لـۆزان دا لەلایـەن ئیمپریالیسـتەکانەوە، ئـەم بەشـە کەوتووەتـە سـنووری دەوڵەتـی تورکیـاوە.

سەرۆکی پارێزەران باس لە رەگەزپەرستیش دەکات:

"شـتێکی دیکەش کە ئاوێتەبوونی نەتەوەیی دەشـێوێنێت رەگەزپەرسـتییە. بنەمـای ئەمـەش ئـەو بانگەشـەیەیە کـە گوایـە لەنێـو 'نەتەوە'یەکـدا چەنـد 'خەڵک'ێکـی جیـاواز هـەن. لـە هـەر قۆناخێکـدا ئەم بانەشـەیە لە دەسـەڵات دا کاریگـەری هەبووبێـت، ژمـارەی ئەوانـەی کـە بەرگرییـان لـەم چەمکـی 'خەڵـکان'ە کـردووە چڕبوونەتـەوە. لەبـەر ئـەم هۆیـە، رەگەزپەرسـتی بۆچوونێکـی ئەوتۆیـە کـە خـۆی دەڕمێنێـت، نایەوێـت خـۆی نوێبکاتـەوە و لـە ئەنجامـی ئەمـەش دا دەردەکەوێت چەنـد دەسـتکرد و هەڵبەسـتراوە. بەتایبـەت ئەگـەر ئـەم تەوژمـە بکەوێتـە دەسـتی کەسـانێکەوە کـە توونـدوتیـژی وەک ئامـراز بەکاردەهێنـن، ئـەوکات زیاتـر بەربەرییەتەکـەی دەردەکەوێـت. پێویسـتە وانـە لـە 'یاسـای رێگریکـردن لـە توونـدوتیـژی'ی سـاڵی 1974ی ئینگلتـەرا وەربگریـن". سـەرۆکی پارێـزەران لێـرەش دا بەهەڵـەدا چـووە. چونکـە پێیوایـە کورد و تـورک یەک نەتەوەیـان پێکهێناوە. لەکاتێکـدا کۆکردنـەوەی ئـەم دوو نەتەوەیـە دەرەنجامـی یـەک نەتـەوە بـە دەسـتەوە نـادات. هـەروەک چـۆن کۆکردنـەوەی نەتەوەکانـی عـەرەب و

کـورد لـە یـەک وڵات دا نایانکاتـە یـەک نەتـەوە، بـەڵام کاکی پڕۆفیسـۆر وەک یەکێتییەکـی دڵخوازانـە، ئارەزوومەندانـە و یەکسـانیخوازانە لـەو زنجیرانـە دەڕوانێـت کـە بـە هاوکاریـی ئیمپریالیزمـی جیهانـی کراونەتـە دەسـت و ملـی نەتـەوەی کـورد لـە سـاڵی 1923ەوە. لەکاتێکـدا ئـەم یەکێتییـە لەسـەر بنەمـای باڵادەسـتی و ئیمتیـازی نەتـەوەی تـورک و بـە هێـزی چـەک دامـەزراوە. هەروەهـا بەگوێـرەی ئـەم وتارەی جەنابی پڕۆفیسـۆر باسـکردن لـە نەتـەوەی کـورد لە تورکیـادا رەگەزپەرسـتییە. ئەمەش هەمـان لۆجیکی دادوەرەکانـی دادگاکانـی دۆخـی نائاسـاییە. ئـەم لۆجیکـە لـە دادگاییەکانـی دیاربەکـر دا، لەلایـەن نیشـتمانپەروەر و دیموکراتەکانـی کـوردەوە بـە بەڵگـەوە پـەردە لەسـەر رووی هەڵـدراوە. بـەڵام ئـەوەی کـە سـەرۆکی پارێزەرانیـش وەک ئەندامانـی دەزگای هەواڵگـری بیردەکاتـەوە، شـتێکی پەنـد ئامێـزە. هۆشـمەندییەک کـە پێیوابێـت داگیرکردنـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی دیموکراسـی دا روویـداوە، بێگومـان باسـکردنی هەبوونـی نەتـەوەی کوردیـش بـە رەگەزپەرسـتی دەبینێـت. وەک دەبینرێـت، کێشـەی نەتەوەیـی کـورد لـە تورکیـا، هێنـدە قـووڵ و کاریگـەرە کـە خەسـڵەتی راسـتەقینەی کـەس و دامـەزراوەکان ئاشـکرا دەکات. لـەو دەوڵەتانـەدا کـە فرەنەتەوەییـن، بەتایبـەت لـەو دەوڵەتانـەدا کـە یەکێـک لـە نەتـەوەکان ئەوانی دیکە دەچەوسـێنێتەوە، خۆگرتنی دیموکراسـی شـتێکی زۆر سەختە. لـەم وڵاتانـەدا کەسـەکان و دامـەزراوەکان یـان لایەنـی رژێمـە سـەربازی و داگیرکارەکـەی خۆیـان دەگـرن. یاخـود لایەنـی خەباتـی دیموکراسـیی و دژە داگیرکاریـی نەتـەوەی چەوسـاوە دەگـرن. سـەرۆکی پارێزەرانـی تورکیـا کەسـێکە کـە کارەکـەی خـۆی بـە باشـی دەزانێـت. لەمێـژە کـە لایەنـی خۆی هەڵبـژاردووە:

"کاتـی ئـەوە هاتـووە لـە تورکیادا دەرەنجـام لـە هەندێـک "رووداوی رابردوو" دەربهێنرێت. دەڵێن 'رابردوو نەمردووە' و ئەمەش قسـەیەکی راسـتە. وەک فۆڵکنـەر دەڵێـت 'رابـردوو رانەبـردووە.' رێگـەی تـووران وەک دەرەنجامێکـی حەتمیـی داخوازییـە نەتەوەییـەکان پەیدانەبـووە. وەک فێرکارییەکـی بیانـی

هاتـووە؛ هـاوڕێ لەگـەڵ کۆمەڵێـک فەنتازیاشـدا کـە هیـچ پەیوەندییەکیان بـە خەڵکـەوە نییـە. بـە جێکردنەوەی پاڵنەرێکی کوشـتن لە سـەری ئینسـانی تـورک دا، درێـژەدان بـەو کاریگەرییـەی خـۆی دەدات کـە هەمیشـە یەکێتیـی نەتەوەیـی دەخاتە مەترسـییەوە".

رێگـەی تـووران، بێگومـان وەک داخوازییەکـی نەتەوەیـی پەیدانەبـووە، بەڵام رزگاربوونـی کوردسـتان لـە ئیمپریالیزمـی نێودەوڵەتـی و گەیشـتنی بە مافە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی، داخوازیـی نەتـەوەی کـوردە. سـەرۆکی پارێـزەران لـە نەبینینـی ئەمـەدا خاوەنـی بەهرەیەکـی گەورەیـە. ئـەم زاتـەی کاتێـک بـاس دێتـە سـەر قوبـرس "سـتەمی ماکاریۆس" لـە دەمـی ناکەوێتە خـوارەوە، ئایا چـۆن ئـەو خەباتـە راڤـە دەکات کـە لـە باشـووری کوردسـتان بەرامبـەر بـە رەگەزپەرسـت و داگیرکەرانـی بەعـس دەکرێـت؟ ئـەوەی کـە کـورد لەتـاو بۆردوومانـی فڕۆکـە بە منـداڵ و ژن و پیرەوە تاوەکـو 'هەکاری' هاتـوون و داوای پەنابەریـی لـە تورکیـا دەکـەن بـە چ مانایـەک دێـت؟ سـەرۆکی پارێـزەران کـە لێـدوان لەسـەر لێـدوان سـەبارەت تورکەکانـی قوبـرس دەدات، بۆچـی لەبەرامبـەر ئـەم هۆڤێتییـە نێودەوڵەتییـە کـە بەرامبـەر بـە کـورد دەکرێـت بێدەنگـە؟ هۆکارەکـەی زۆر روونـە. چونکـە ئەندامێکـی چینـی بـوورژوارزی داگیـرکار و میلیتاریسـتە. هەمـوو ئەمانەش مەرجـە سـەرەکییەکانی "هاوبەشـێتیی لـە خۆشـی و ناخۆشـی دا"ی چینـی بـوورژوازی تـورک پێکدەهێنـن.

کاتێـک سـوپای تورکیا دەچێـت بـۆ داگیرکردنی قوبـرس، دەوڵەتمـەدارەکان و ئەندامانـی دەزگا هەواڵگرییەکـەی بـە کوردسـتان دا بڵاودەبنـەوە و هەڵمەتـی کۆکردنـەوەی یارمەتـی دەسـت پێدەکـەن. ئـەم هەڵمەتانـەش بـەزۆر ئەنجـام دەدرێـن، ئەوانـەی کـە نەیانەوێـت بەشـداری بکـەن، ناویـان تۆمـار دەکرێـت، ئەگـەر تۆزێـک دەوڵەمەندبـن پێیـان دەگوترێـت لەمـەودوا گۆژمـەی بانـگ، تراکتـۆر، پەییـن و تۆویـان پێنادرێـت. ئینجـا لـە رادیۆکانـەوە دەڵێـن "لـە سـیلڤان و سـیلڤەرەکەوە ئەوەنـدە یارمەتـی کۆکراوەتـەوە". بـەڵام کاتێـک کـورد بـە منـداڵ و پیـر و ژنـەوە و لـە نێوەڕاسـتی زسـتان

دا لەتـاو تانـک و فڕۆکەکانـی بەعـس هەڵدێـن و لەسـەر سـنوور داوای پەنابەریـی دەکـەن، پێیـان نادرێـت. کەمالیسـتەکان ئـا بـەم جـۆرە لـە مەسـەلەی هاوبەشـبوون لـە خۆشـی و ناخۆشـی تێدەگـەن.
بـەزۆر پـارە لـە کـوردە گوندییـەکان کۆدەکرێتـەوە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا ئـەم گوندییانـە چەندیـن ڕۆژ لێپرسـینەوەیان لەگـەڵ دەکرێـت، ئەشـکەنجە دەدرێـن لەسـەر ئـەوەی بۆچـی "دوو کیلـۆ شـەکر، سـێ جـووت گـۆرەوی یـان پێـڵاوی لاسـتیکت ناردووە بـۆ کوردسـتانی عێـراق..." کەمالیسـتەکان بەمـە دەڵێـن هاوبەشـێتیی لـە خۆشـی و ناخۆشـی دا. کاتێـک تورکەکانـی قوبـرس گرفتێکـی بچووکیـان بـۆ دروسـت دەبێـت، یەکسـەر بـە زۆر و هەڕەشـە یارمەتـی لـە کـوردەکان کۆدەکرێتـەوە، بـەڵام کاتێـک نەتـەوەی کـورد تووشـی وەحشـیگەرییەک دەبێت کە لـە دونیادا وێنەی نییـە، چەپڵەی بـۆ لێدەدرێـت. پڕۆفیسـۆرەکان نـاوی دامەزراوەکانیـان بەکاردەهێنن، فەتوا دەردەکـەن و دەڵێـن "خەڵـکان نیـن و ناشـبن." چونکـە کەمالیسـت و چینـی بـوورژوازی تورکـی یەکێکـە لـەو هاوبەشـە گرنگانـەی کـە ئـەم "هۆڤێتییـە نێودەوڵەتی"یـەی خولقانـدووە.
سەرۆکی پارێزەران لە پاشماوەی وتارەکەیدا دەڵێت:
"پێویسـتە چـی بکرێـت؟ دەمەوێـت بـە پەیامـی کۆتایـی کۆنگـرەی دەسـتەی دامەزرێنەرانـی یەکێتیـی پارێزەرانـی تورکیـا کـە سـاڵی 1970 لـە شـاری وان بەسـترا، کۆتایـی بـە وتارەکـەم بهێنـم:
بنەماکانـی وەک سـەروەریی دەسـتوور و یاسـا، ئـەوە دەخـوازێـت کـە یاسـاکان بەبـێ جیاکاریـی کات و شـوێن لـە هەمـوو لایەکـی نیشـتمان دا بـە هەمـان شـێوە و هێـز جێبەجـێ بکرێـن. هەمـوو ڕەفتارێـک دژی ئـەم داخوازییـە، پێچەوانـەی دەسـتوورە.
چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نیشـتمان لـە چوارچێـوەی پێـوەرە دەسـتوورییەکان دا، بێگومـان یەکێکـە لـە داخوازییەکانـی یەکێتیـی میللـی. دەبێـت ئـەم یەکێتییـە سیسـتەمی یاسـاییش بگرێتـەوە. بۆیـە یەکێتیـی پارێـزەران کـە بـاوەڕی بـە پێویسـتیی چاکسـازییەکی یاسـایی خێـرا کـردووە،

بـە تـەواوی پێچەوانـەی جیاوازیـی ئابووریـی نێـوان ناوچەکانـە. ئـەوەش راسـتییە کـە ئـەم نایەکسـانییە بەڕوونـی لـە ناوچەکانـی رۆژهـەڵات دا دەبینرێـت. یەکێتیـی ئابووریـی تـورک دەبێـت بێگومـان تـەواو بکرێـت. داخڵبوونـی رۆژهـەڵات بـە یەکێتیـی ئابووریـی تورکیا لەوانەیە لە سـەرەتادا پێویسـتی بـە فیداکاریـی ناوچەکانـی دیکـە بێـت. سـەرەتای پێشـکەوتنی ئابـووری دەکرێـت لـەم رێگەیـەوە سـەرپێ بخرێـت. ئـەم رێگەیـە بـۆ ئابووریی میللـی و لـە کۆمەڵگـە نێودەوڵەتییەکانیشـدا رێگەیەکـی تاقیکراوەیـە و ئەنجامـی ئەرێنـی بـە دەسـتەوە دەدات.

یەکێـتیی پارێزەرانـی تورکیـا پێیوایـە کـە پێویسـتە بـازاڕ بـۆ بەرهەمـە رۆژهەڵاتییـەکان لـە ئابووریـی تورکیـادا بخوڵقێنرێـت؛ بێگومـان ئەمـەش لە سـەرەتادا پێویسـتی بـە فیداکارییە. دەبێـت لەنێـو سـنوورەکانی تورکیـادا، ئەمەکـی هاووڵاتییەکانـی رۆژهـەڵات هەڵبسـەنگێنین و بـەکاری بێنیـن. تاوەکـو ئەمـە نەکرێـت، دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ کێشـە جیاوازەکانی دیکە زۆر سـەخت دەبێـت".

پرۆفیسـۆر لێرەش دا دەکەوێتە ئەو هەڵەیەوە گوایە ئەگەر ناهاوسـەنگیی ئابـووری هەڵبگیرێـت، کەسـێتیی نەتەوەیـی کـورد لەنێودەچێـت و کـورد دەبنـە تـورک. سـەرۆکی پارێـزەران لـە سـەرەتای وتارەکەیـدا دەڵێـت:

"لـە تورکیـادا جاروبـار هەوڵـی بـە سـیمبوول کردنـی چەمکـەکان دەبینرێت. یەکێـک لەمانـەش وشـەی 'خەڵـکان'ە. ئەگـەر مەبەسـت لـەم وشـەیە 'خەڵکـی تـورک' بێـت بـە مانـای نەتـەوەی تـورک، مانـای وایـە دوو وشـەی هاومانـا بەکاردەهێنرێـن، بـەڵام ئەگـەر لەنێـو نەتـەوەی تـورک دا بـاس لـە 'خەڵـکان' بکرێـت ئەمەیـان شـتێکی دیکەیـە".

سـەرۆکی پارێـزەران تـەواو خـۆی لـە گێلـی دەدات. لەکاتێکـدا ئـەو شـتانەی کـە لـەم بارەیـەوە نووسـراون و گوتـراون زۆر روونـن؛ ئەمانـەش لـە دادگاییەکانـی دیابەکـردا بەئاشـکرا گوتـران: نەتەوەیەکـی جیا لـە تـورک لـە تورکیـادا هەیـە کـە خاوەنـی نەتـەوە، زمـان، مێـژوو و کولتـووری جیـاوازە و لـە جوگرافیایەکـی دیاریکـراودا دەژی کـە نـاوی کوردسـتانە. نەتـەوەی کورد

هەیـە، وەک چـۆن تـورک، عـەرەب، فـارس، ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان هەن، بـەڵام سـەرۆکی پاریـزەران تاوەکـو وەک ئەندامێکـی دەزگای هەواڵگـری بیـر بکاتـەوە و خاوەنـی بیرکردنـەوەی زانسـتی نەبێت، هەمیشـە لە تێگەیشـتن لـەم شـتە روون و ئاشـکرایانەدا تووشـی گرفـت و زەحمەتـی دەبێت. چونکە مەرجـی سـەرەکیی روانینـی زانسـتییانە بـۆ رووداوەکان خۆدارنینـە لـە دۆگماتیزمـی توونـد و کۆنەپەرسـتیی خەسـت.

ئـەم هەڵوێسـتەی سـەرۆکی پارێزەرانـی تورکیـا مایـەی شـەرمێکی گەورەیە بـۆ تورکـە دیموکراتـەکان و لەنێـو ئەوانیشـدا مەعقولتریـن دیموکراتـەکان کـە تورکــە سۆسیالیســتەکانن. بوونــی نەتەوەیــەک لەلایــەن ســەرۆکی پارێـزەران و بـە نـاوی پۆسـتەکەیەوە، رەتدەکرێتـەوە. ئەگـەر سـەرنج بدرێت، د.فـاروق ئیـرەم زیاتـر لـە ئیمپراتۆرێـک دەچێـت و فەتـوا دەردەکات. لـە دوای دابەشـکردنی کوردسـتان لـە لـۆزان لەنێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیسـتی دا، کــورد خەباتێکــی زۆریــان لــە دژی دەوڵەتــە داگیــرکار و ئیمپریالیســتە جۆراوجـۆرەکان کـردووە، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـە، پرۆفیسـۆرێک کـە وەک ئیمپراتــۆر بیردەکاتــەوە، فەتــوای "خەڵــکان نیــن و ناشــبن" دەردەکات. پێویسـتە ئـەو تورکـە سۆسیالیسـتانەی کـە دەڵێـن خەبـات بـۆ دیموکراسـی دەکەیــن، شــەرم لەمــە بکــەن. لەهەمبــەر ئــەم دۆخــەدا، هەندێــک لــە کــوردە دیموکــرات و سۆسیالیســتەکانیش کــە دەڵێــن لــە چوارچێــوەی دیموکراسـیی تورکیـادا خەبـات دەکەیـن، دەبێـت ئەوانیش شـەرم بیانگرێت. ئەگـەر کەسـێک کـە لـە پۆسـتی سـەرۆکی پارێزەراندایـە نکۆڵـی لـە بوونـی نەتەوەیـەک بـکات و ئـەم کارەشـی ئیدانـە نەکرێـت، کـورد دەبێـت شـەرم لەمـە بکـەن. پێویسـتە بڵێـم ئـەم جـۆرە کەسـە دۆگماتیسـتانە هەمیشـە دەبـن. رێکخـراوە نهێنییەکانـی دەوڵەت و دەزگای هەواڵگری پێویسـتییەکی زۆریـان بـە نووسـین و عەقڵـی ئـەم جۆرە کەسـانە هەیە. بەتایبـەت ئەوانەی کـە نازنـاوی پرۆفیسـۆریان هەیـە و وەک ئیمپراتـۆر بیـر دەکەنـەوە.

بـەڵام سـەرۆکی پاریـزەران زۆر بـاش دەزانێـت چـی دەکات و بۆچـی دەیکات. کاتیـک لـە شـاری (وان)یش گـوتـار دەخوێنێتـەوە زۆر باش ئـاگاداری ئەمەیە.

گرنگ ئەوەیە ئەم جۆرە کەسانە و نووسینەکانیان ئیدانە بکرێن. کەسانی لەم جۆرە کە دووژمنی زانست و خەڵکن، نابێت بێ پەروا و سەربەرزانە لەنێو خەڵک دا بسووڕێنەوە. لێرەدا کارێکی گرنگ دەکەوێتە سەر شانی پارێزەرانی کورد. بێگومان گەورەترین و گرنگترین گرووپ کە دەبێت شەرم لەم کارەی سەرۆکەکەیان بکەن، پارێزەرانی کوردن. چونکە سەرۆکی پارێزەران لە کۆبوونەوە جیاوازەکاندا کە لە شارەکانی وان و دیاربەکر و هاوشێوەکانیان رێکخراون، چاوی لە چاوی ئەم پارێزەرانە بڕیوە و گوتوویەتی "خەڵکان نین و ناشبن". ئەگەر پرۆفیسۆرێک لەهەمبەر کەسایەتیی نەتەوەیی کورد دا هێندە بێ رێز بێت، ئەوا رۆڵی ملکەچی و هاوکاریی ئەوان گەورەیە، بەڵام ئێستا کۆمەڵێک پارێزەری لاو پێدەگەن کە ناشرینی و رەگەزپەرستیی ئەم جۆرە کەسانە و ماستاوچێتییان بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی ئاشکرا دەکەن.

لێرەدا دەگەینە خاڵێکی دیکەی گرنگ. ئەویش رێککەوتنە لەسەر خەبات دژی فاشیزم. ئەگەر سەرنج بدرێت، سەرۆکی پارێزەران زوو زوو دروشمە دیموکراتی و شۆڕشگێڕییەکانی وەک قسەکەی مارکس کە دەڵێت "نەتەوەیەک کە نەتەوەیەکی دیکە دەچەوسێنێتەوە ناتوانێت ئازاد بێت" بەکاردەهێنێت. گوایە بەم جۆرە لە خەباتی دژی فاشیزم دا بەشدار دەبێت. لەکاتێکدا دووژمنێکی سەرسەختی کوردە. چونکە بە زانین و مەبەست ئەمە دەکات. کەسێکی رەگەزپەرست و داگیرکار کە دووژمنی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد و ئازادییەکەی بێت، مەحاڵە دیموکرات و شۆڕشگێڕیش بێت. رەگەزپەرستی ئەو شتەیە کە پێکهاتەی فیکری ئەم جۆرە کەسانە پێکدەهێنێت. کەواتە ئەم دروشمە دیموکراتی و شۆڕشگێڕییانەی کە ئەم زاتە بەکاریان دەهێنێت ساختەن، بەڵام بۆچی ئەم زاتە هێندە ئاسان ئەم دروشمانە بەکاردەهێنێت؟

داگیرکار و رەگەزپەرستە بەعسییەکانی بەغدا، کاتێک بەرامبەر بە نەتەوەی کورد جینۆسایدی دەکرد، زۆر بە ئاسانی گازی ژەهراوی، بۆمبی فسفۆڕی و ئەو لاپاڵمانەی بەکاردەهێنا کە ئەمریکاش نەیدەتوانی

بە ئاسانی لە ڤێتنام بەکاریان بهێنێت، کاتێک سەرچاوە ئاوییەکانیان ژەهراوی دەکرد و منداڵانی کۆمەڵکوژ دەکرد، لە هەمان کاتدا ئاوێتەبوون و کاری هاوبەشی لەگەڵ دونیای دیموکرات و رای گشتیی سۆسیالیزمی جیهانی دا فەرامۆش نەدەکرد. بەهۆی ئەمەشەوە گوشار و جینۆسایدی سەر کورد خراپتر دەبوو. ئەم هەوڵەش بۆ ئاوێتەبوونی رای گشتیی جیهان ئامانج لێی شاردنەوەی داگیرکاری و رەگەزپەرستیی خۆی بوو. لەمەش دا سیاسەتەکانی بەعس سەرکەوتوو بوون. ئەم بابەتە لە نزیکەوە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کوردستان لە ئاستی کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتیدایە. ئەوەش کە سەرۆکی پارێزەران گرنگی بە بەکارهێنانی دروشمە دیموکراتی و سۆسیالیستییەکان دەدات لە بنەڕەت دا مەبەست لێی شاردنەوەی داگیرکاری و رەگەزپەرستیی خۆیەتی. وەک چۆن سەرۆکی حیزبی جەهەپە، بولەنت ئەجەوید، کە بەردەوام پارتەکەی بەرەو راستڕەوی دەکشێت، سوود لە ئەندامێتیی حیزبەکەی لە (سۆسیال ئینەتەرناسیۆل)دا دەبینێت. سەرۆکی پارێزەران لە وتارێکی دا بە ناوی (دادگایە نائاساییەکان لە رابردوو و ئێستادا) کە لە رۆژنامەی (میللییەت)دا بڵاوبووەتەوە دووفاقییەتی زیهنیی خۆی دەردەخات و دەڵێت:

"... دامەزراندنی دامەزراوەیەک بە یاسایەکی تایبەت بەس نییە بۆ ئەوەی بیکاتە 'دادگا'. ژۆن دارک[109] لە دادگایەکی ئایینی و سیاسی دا دادگاییکرا و حوکمی مردنی بۆ دەرکرا، بەڵام دواتر وەک 'قەدیس' ناوی دەرچوو. دادگاییەکە لەکاتی خۆیدا گونجاو بوو لەگەڵ رێنماییەکاندا، بەڵام ئەمانە رێنماییەکانی دادگاکانی پشکنینی سەدەکانی نێوەڕاست بوون".

سەرۆکی پارێزەران دژایەتیی ئەو دادگایە دەکات کە (ژۆن دارک)ی

---

109 - ژنە نێودارێکی کاتۆلیکی فەرەنسی بوو، لە جەنگی سەت ساڵەی نێوان ئینگلیز و فەرەنسییەکان دا پێشەوایەتیی سوپای فەرەنسییەکان دەکات بۆ گرتنەوەی ناوچەی پاریس و دەوروبەری، بەڵام ساڵێک دواتر لەلایەن ئینگلیز و سیخوڕە فەرەنسییەکانەوە دەگیرێت و بە تۆمەتی لە ئایین دەرچوون دەسووتێنرێت. (وەرگێڕ)

تێدا دادگاییکـراوە لەسـەر ئـەوەی کـە شـێوازێکی تایبەتیـان هاوشـێوەی ئـەوەی دادگاکانـی پشـکنین بەکارهێنـاوە. لەکاتـی جینۆسـایدی دێرسـم دا کەمالیسـتە فاشیسـتەکانیش لـە دادگاییکـردن دا شـێوازێکی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـوو. بەجۆرێـک، تۆمەتنامەیـان نەدەدایـە گومانلێکـراو، مافـی بەرگرییـان پێنـەدەدا، بڕیارەکانـی دادگا بنبـڕ بـوون و سـەرکردە سـەبازییەکان بڕیاریان دەردەکرد نەک 'دادوەر'ان، بەڵام جەنابی پڕۆفیسـۆر ئـەم شـێوازە  دژی دیموکراسـی نازانێـت. فەتـوا دەردەکات و دەڵێـت لـە سـەردەمی ئەتاتـورک دا رەچـاوی یاسـا و رێسـا دەکـرا:

"... سیاسـەت لـە دادگاکان دا شـتێکی زۆر ترسـناکە. بۆیـە بەرگریکـردن لـە دادگا سیاسـییەکان شـتێکی فریـودەرە. دادگا نائاسـاییەکان بـە نزیکبوونەوەیـان لـە دادگای سیاسـی، دەشـێوێن و سـیفەتی دادگا لەدەسـتدەدەن."

بەڵام سـەرۆکی پارێـزەران یاد و ستایشـی سـەردەمی ئەتاتـورک دەکاتەوە کـە تێیـدا یاسـای تونجەلـی دەرکـراوە کـە لـە هەمـوو دێڕێکـی دا دیـارە دادگایەکـی سیاسـی دروسـت دەکات.

### 3. پڕۆفیسۆر د. حیفزی وەلدەت وەلیدئۆغڵۆ

وەلیدئۆغڵـو لـە وتارێکـی دا لـە رۆژنامـەی (جمهورییـەت)دا کـە لـە سـاڵی 1973دا بڵاوبووەتـەوە، دەڵێـت:

"مـن لـەم وڵاتـەدا سیاسـەتڤان و یاساناسـی کەمـم بینیـوە کـە بـە تـەواوی باوەڕیـان بـە یاسـا هەبێـت. یەکێـک لەوانـەش رەفیـق شـەوکەت بـوو. ئـەو بـاوەڕی وابـوو کـە دەبێـت سـەروەریی یاسـا و سـەرجەم مەرجەکانـی دەوڵەتـی یاسـا جێبەجـێ بکرێـن و هەڵگـری رۆحێکـی ئایدیـاڵ بـوو لـە بابەتی یاسـادا. ئـەم رۆحـە شۆڕشـگێرەی، بەهـۆی ئـەو ناهەقییانـەی کـە بەسـەر خەڵکـی تـورک دا هاتـن و ئـەو مەترسـییانەی کـە رووبـەڕووی نیشـتمان بوونـەوە، لـەودا لەدایکببـوون. لـەدوای دامەزراندنـی کۆمـار، هەمیشـە

لـە دژی دادگا تایبـەت و نائاسـاییەکان وەسـتایەوە؛ تەنانـەت لەبـەر ئەمـە ماوەیەکیـش لـە پەرلەمـان و سیاسـەت دوور کەوتـەوە.
هـەر رەفیـق شـەوکەت بـوو کـە 'دامـەزراوەی حقوقی تـورک'ی لـە ئەنقەرە دامەزرانـد کـە سـاڵی رابـردوو لەلایـەن دادگای بـاری نائاسـاییەوە داخـرا. لـەم رێکخـراوەی دا، کۆنفرانسـی لەسـەر بابەتـە یاسـاییە جۆراوجـۆرەکان بۆ یاساناسـە ناسـراوەکانی ئـەو رۆژگارە سـازدەکرد".
وەک دەبینرێـت، ئـەم کەسـایەتییە لەلایـەن نووسـەرەوە وەک پشـتیوانی دەوڵەتـی یاسـا پێشـکەش دەکرێـت. دەڵێـت لـە پەرلەمـان دا خەباتـی بـۆ ئەمـە کـردووە. رەفیـق شـەوکەت لـە سـێ خولـی پەرلەمـان دا لەلایـەن شـێفی مەزنـەوە وەک پەرلەمانتـار هەڵبژێـردراوە. واتـە لەنێـوان سـاڵانی 19311943دا پەرلەمانتـار بـووە. بەداخـەوە نووسـەر چەواشـەکاری لـە رووداوە واقیعییەکانـی مێـژوودا دەکات. چونکـە رەفیـق شـەوکەت بەدرێژایـی ژیانـی جگـە لـە "پەرسـتن"ی شـێف و دەوڵەتەکەی هیچـی دیکەی نەکـردووە. باسـکردنی کەسـێک وەک خەباتگێـڕ لـە دژی کارە نایاسـاییەکان، کـە لەکاتـی دەرکـردن و جێبەجێکرانـی یاسـای 'نیشـتەجێکردنی زۆرەملـێ' و یاسـای 'تونجەلـی' و ئەنجامدرانـی چەندیـن کۆمەڵکوژیـی لـە کوردسـتان دا پەرلەمانتـار بـووە، بەڵگەیەکـی بەرجەسـتەیە لەسـەر دابڕانـی نووسـەر لـە واقیعـی حـاڵ. بێگومـان روانینێکیـش کـە تاوەکـو ئەمەنـدە لـە رووداوەکانـەوە دووربێـت، زانسـتی نابێـت. چونکـە لـە هەمبـەر ئـەم یاسـا و جێبەجێکارییانـە، تاکـە بەرهەڵسـتییەک لـە پەرلەمـان دا نەکـراوە. خـۆی لـە خۆیـدا تـەواوی پەرلەمانتـاران لەلایـەن جەهەپـە و شـێفی دەوڵەتـەوە هەڵدەبژێـردران و پیـاوی خۆیـان بـوون. دامەزراندنـی رێکخـراوی حقوقـی تـورک ئـەم کەسـە ناکاتـە دیموکـرات. لـە بەشـەکانی دیکـەی ئـەم کتێبـەدا دەردەکەوێـت کـە جینۆسـایدەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی لەلایەن یاساناسـە تورکەکانـەوە پشـتیوانی لێکـراوە. کاتێـک سـاڵی 1943 ئـەم دامەزراوەیـە بونیاتنـرا، یاسـای نیشـتەجێکردنی زۆرەملـێ و هەروەهـاش یاسـای تونجەلی

کاریـان پێدەکـرا. لـە هەمـان سـاڵ دا ڕووداوی '33 گوللـە'ش ڕوویـدا. [110] نووسـەر کـە ڕابـردوو دەشـێوێنێت شـتێکی نائاسـایی نییـە. تاوەکـو جەنابـی پڕۆفیسـۆری یاسـاناس بەشـێوەیەکی زانسـتی سـەبارەت ڕابـردوو بیرنەکاتـەوە، مەحاڵـە ببێتـە خاوەنـی بۆچوونێکـی نزیـک لـە ڕاسـت و ڕاسـتەقینە سـەبارەت بـە ڕووداوەکانی ڕابـردوو. بنەمـای سـەرەکیی بیـری زانسـتیش ئەوەیـە کـە ڕووداوە بەرجەسـتەکان بەهەنـد وەربگیرێـن و وەک گشـتێک لـە پەیوەندیـی نێـوان ڕووداوەکان بکۆڵرێتـەوە. فەرامۆشـکردنی مەبەسـتدارانەی هەندێـک ڕووداو تەنیـا لەبەرئـەوەی کـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی نایەوێـت و ڕێگـەی لێدەگرێـت، بـە هیـچ جۆرێـک لەگـەڵ میتـۆدی زانسـتی دا یـەک ناگرێتـەوە. سـەر نەویکـردن بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی کـە ڕێگـە لـە گەشـەکردنی زانسـت دەگرێـت، هەڵوێسـتێکی ترسـنۆکانە و کۆنەپەرسـتانەیە.

**4. ئایـا پرۆفیسـۆر و نووسـەرە تورکـەکان کـە خەسـڵەتی سـەرەکییان پشـتگیریکردنی داگیرکردنـی کوردسـتان و سیسـتەمی ئیسـتیعماری جیهانییـە، دەتوانـن بەرامبـەر بـە فاشـیزم خەباتێکـی کاریگـەر بکـەن؟**

پێشـر لـە چەنـد شـوێنێکی جیـاوازی ئـەم کتێبـەدا گوتمـان زانکـۆ، پڕۆفیسـۆر و نووسـەرە تورکـەکان گرنگتریـن ئامـرازی ئیسـتیعماری تورکـن لـە کوردسـتان. ئەمانـە بـە هیـچ جۆرێـک دژی سیاسـەتی داگیـرکاری، دابەشـکردن و بەڕێوەبردنـی نەتـەوەی کـورد ناوەسـتنەوە و لەم سیاسـەتە بێـزار نیـن. بـە پێچەوانەوە، بە نـاوی "شۆڕشـگێڕی" و "پێشـکەوتنخوازی"یەوە چەپڵـەی بـۆ لێـدەدەن.
بـەڵام ڕۆشـنبیرانی تـورک کـە بیرکردنـەوە و هەڵوێسـتیان لـە بابەتـی کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد دا بـەم جۆرەیـە، لەبەرامبـەر گرفتەکانـی

110 - لـە تەممـووزی سـاڵی 1943دا لـە ناحیـەی (ئۆزالـپ)ی سـەر بـە شـاری وان، 33 کـەس بـە ئیددیعـای قاچاخچێتیـی ئـاژەڵ، بـە فەرمانـی فەرماندەیەکی سـەربازی و بەبـێ هیچ جـۆرە دادگایيەک، گوللەباران کـران. لـە ئەنجام دا 32 کـەس مـردن و یـەک کەسـیش بەزیندوویـی هـەڵات. (وەرگێـڕ)

دیکـەی تورکیـادا بێگومـان هەڵوێسـتێکی زۆر دیموکراتتریـان هەیـە. بـۆ نموونـە، د.فـاروق ئیرەمـی سـەرۆکی پارێزەرانـی تورکیـا، د.حیفـزی وەلیدئۆغڵـو و حەسـەن عیزەدیـن دینامۆ بەگشـتی وەک "دیموکـرات"، "دژی ئیمپیریالیـزم" و دژی "فیۆدالیـزم" دەردەکـەون. دژی دەسـەڵاتی بیانییەکانـن بەسـەر تورکیـاوە. لایەنگـری بەدیموکراتیبـوون و ئازادبوونـی کۆمەڵگـەن. ناتوانرێـت بوترێـت کـە فاشیسـتن. جاروبار دژی فاشـیزمیش دەوەسـتنەوە. تەنانـەت هەندێـک لەمانـە ناشـتوانرێت بگوترێـت کـە دژی کۆمۆنیزمـن. شـتێکی زۆر بەسـوود دەبێـت ئەگـەر لـە رەگ و ریشـەکانی ئـەم پێکهاتـە دووفاقییـەی بیرکردنەوە و هەڵوێسـتی رۆشـنبیرانی تـورک، بکۆڵینەوە. ئەو کەسانەی کـە لـە کێشـە گشـتییەکانی تورکیـادا دژی ئیمپریالیزمـن، بۆچـی لـە بابەتـی کوردسـتان دا لایەنگـری ئیمپێریالیزمـن؟ بۆچـی بڵاوکـەرەوە، پێکهێنـەر و هانـدەری سیاسـەتێکی رەگەزپەرسـتانە و داگیرکارانـەن؟ ئەوانـەی کـە لایەنگـری دیموکراسـی، ئـازادی و یەکسـانیی گەلانـن، بۆچـی گـوێ لـە مـاف و ئازادییەکانـی نەتـەوەی کـورد کـەڕ و پشـتی داگیـرکاری دەگـرن؟ ئـەو کەسـانەی کە دەڵێن دژی سیاسـەتی "پەرتکـە و زاڵبە"ن بۆچی بەڵـێ بـۆ دابەشـکردنی کوردسـتان و داگیرکردنـی دەکـەن؟ ئـەو کەسـانەی کـە چێژێکـی زۆر لـەوە دەبینـن بڵێـن کـە خەبـات بـۆ ئـازادی دەکـەن، بۆچـی پشـتگیری لـە بەکۆیلەکردنـی نەتـەوەی کـورد و لەنێوبردنـی دەکـەن؟ ئەوانـەی کـە دەڵێـن دژی فاشـیزمن، بۆچـی چـاو لـەوە دەپۆشـن یەکێـک لـەو سـەرچاوە سـەرەکییانەی کـە فاشـیزم بەخێـودەکات ئـەو سیاسـەتی ئیسـتیعمارەیە کـە لەسـەر کوردسـتان پەیـڕەو دەکرێـت؟

یەکێـک لـە هـۆکارە بنەڕەتییەکانـی ئـەم بیرکردنـەوە دووفاقییـە نەبوونـی بیرکردنەوەیەکـی زانسـتییانەیە. چونکـە بـە بەکارهێنانـی پێـوەری جۆراوجۆر زانیاریـی زانسـتیی لـە سرووشـت، مـرۆڤ و کۆمەڵگـەوە بەدەسـتنایێت. میتـۆدی زانسـتی یەکێکـە. لـە بەرامبـەر سـەرجەم رووداوەکانـەوە بـە یـەک شـێواز بەکاردەهێنرێـت. چونکـە هۆشـی ئینسـان یـەک پارچـەی دابـەش نەبـووە. قۆناخـی بەدەسـتهێنانی زانیاریـش یەکێکـە. ناگونجێـت

لایەکــی هۆشــی مــرۆڤ دیموکــرات و لایەکــی دیکــەی فاشیســت بێــت. ئەگــەر لــە کردارەکانــی کەســێک دا دژیەکییەکــی لــەم جــۆرە هەبێــت، ئــەو لایەنــەی کــە بەســەر هــۆش دا زاڵ دەبێــت و ئاراســتەی دەکات، فاشــیزم دەبێــت. چونکــە هۆشــی مــرۆڤ یــەک پارچەیــە. کەوایــە ڕۆشــنبیرانی تــورک ئارایشــتی "زانســتی"یان بــە بــەری ئــەوەدا کــردووە کــە وەک خــۆی بەرگرییــان لــە ئایدیۆلۆژیــای فەرمــی کــردووە، زانســتەکەیان لــە چوارچێــوەی ئــەم ئایدیۆلۆژیایــەدا بەرهــەم هێنــاوە و ئــەم ئایدیۆلۆژیایەیــان بڵاوکردووەتــەوە. بــۆ ئــەوەی ئــەم چالاکییانەشــیان بشــارنەوە، ســیخوڕییان بەســەر ئەوانــەوە کــردووە کــە وەک خۆیــان بیــر ناکەنــەوە.

ئەم پێکهاتــە دووفاقییــەی بیرکردنــەوە و چالاکــی کــە لــە بیر و هەڵوێســتی ڕۆشــنبیرانی تــورک دا زاڵــە و دیموکراســیی ئەوانــی خنکانــدووە، خەســڵەتی دژە زانســتی، دژە دیموکراســی، ڕەگەزپەرســتی و داگیرکاریی ئەوانی ئاشــکرا کردووە.

بــەڵام خەباتێکــی کاریگــەر و ماقــووڵ لــە دژی فاشــیزم بــەوە دەبێــت کــە خەباتــی دیموکراســیی نەتــەوەی کــورد لــە دژی کۆلۆنیالیــزم و خەبــات لــە دژی فاشــیزم لــە تــەواوی تورکیــادا، یــەک بگرێــت. لێــرەش دا کێشــەیەکی گرنــگ ســەرهەڵدەدات. لایەنــە شۆڕشــگێڕ و دیموکراتەکانــی کــورد چــۆن دەتوانــن ڕێککەوتــن لەگــەڵ تورکــە ئەنتــی فاشیســتەکان بکــەن کــە ئەمــان لــە هەمــان کات دا یەکێکــن لــە ئەڵقــە گرنگەکانــی داگیرکاریی کوردســتان؟ چــەپ و سۆسیالیســتە تورکەکانیــش هاوشــێوەی دیموکراســیی تورکیا لەم خاڵــەدا دەخنکێــن و ناتوانــن چارەســەرێکی تەندروســت بخەنــەڕوو. چــەپ و سۆسیالیســتەکانی تــورک تاوەکــو لــە خەســڵەتە کەمالیســتییەکانیان خاوێــن نەبنــەوە، تاوەکــو بــە تــەواوی مانــا تایبەتمەندیــی داگیرکارانــە و ڕەگەزپەرســتانەی کەمالیــزم نەتەکێنــن، مەحاڵــە بتوانرێــت ســەنگەرێکی هەمیشــەیی، کاریگــەر، ماقــوول و دژە فاشــیزم بونیــات بنرێــت. چونکــە ئەوانــەی کــە خاوەنــی بیــر و هەڵوێســتێکی ڕەگەزپەرســتانە و داگیرکارانــەی لــەم جــۆرەن، ناتوانــن بەشــێوەیەکی ماقــووڵ دژی فاشــیزم بــن، بــەڵام

دژە کۆلۆنیالیزمــە ماقووڵــەکان لــە هەمــان کات دا ماقووڵتریــن دژە فاشیســتەکانن.

## بۆچوونی کۆمۆنیست ئینتەرناسیۆنال لەبەرامبەر جینۆساید

لەنێـو بەڵگەنامەکانـی ئـەم کۆمیتەیـەدا نووسـراوێک لەسـەر یاخیبوونـی دێرسـم لەژێـر ناونیشـانی (یاخیبوونێکــی نوێــی کــوردەکان) لــە رۆژی 27/7/1937دا بڵاوکراوەتـەوە.
"دوو مانـگ زیاتـرە حکومەتـی ئەنقـەرە سـەرقاڵی سـەرکوتکردنی یاخیبوونێکـی کۆنەپەرسـتانەی عەشـیرەتەکانی کـوردە لـە ناوچەی دێرسـم. لایەنـە دەربەگـەکان، سـەرەڕای ئـەو ریفۆرمانـەی کـە لەلایـەن پارتـی کەمالیسـتەکانەوە کـراون، تاوەکـو ئەمـڕۆ سـەرکەوتووبوون لـەوەدا کـە لـەم شـوێنە سـەختانەی ناوچەکـەدا خۆیـان حەشـار بـدەن. سـاڵی رابـردوو ئـەم شـوێنە ناونـرا تونجەلـی. چینـە دەسـەڵاتدارەکانی دێرسـم، سـەرەڕای یاسـا جێبەجێکـراوەکان، ئیمتیـازی نایاسـایی خۆیـان پاراسـتبوو".
وەک دەبینرێـت، نووسـەر راسـیم داواز، شۆڕشـێکی نەتەوەیـی لـە بەرامبـەر کۆکـوژی و جینۆسـایددا وەک "یاخیبوونێکـی کۆنەپەرسـتانە" دەناسـێنێت. نووسـەر هەرچەنـدە بـە خـۆی دەڵێـت "کۆمۆنیسـت"، بـەڵام لەڕاسـتی دا کەمالیسـتە. هاوشـێوەی کەمالیسـتەکان دەڵێـت نەتـەوەی کـورد دژی "ریفۆرمـە پێشـکەوتنخوازەکان" وەسـتاوەتەوە.
دروشـمی سـەرەکیی کەمالیسـتەکان بریتیبـوو لـە "میللەتێکـی یەکپارچـەی بـێ چیـن و ئیمتیـاز". وەک داخوازییەکـی ئـەم سیاسـەتە هەمـوو جـۆرە سـەندیکایەکی کرێـکاران قەدەخـە کرابـوو. بـە گوتنـی "لـە دەوڵەتـی تورکیـادا چیـن نییـە، ئیمتیـاز نییـە، خـاوەن کار و کرێکاریـش لەژێـر چاودێریـی یەکسـان و لێبووردەیـی و میهرەبانیـی دەوڵەتـدان، جیاوازییـەک لەنێـوان خـاوەن کارگـە و کرێـکار، گوندنشـین و فەرمانبەرێکـی پلەبـاڵادا، خـاوەن گونـد و گوندییـەکان دا نییـە"، بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد گوایـە

کۆمەڵگە یەکپارچە، بێ چینە و هیچ بەشێک ئیمتیازی بەسەر بەشێکی دیکەدا نییە. بەم جۆرە پشتی ستەم و چەوساندنەوەی کرێکار و گوندنیشینەکان لەلایەن خاوەن کار، خاوەن کارگە، خاوەن زەوی و بیرۆکراتەکانەوە گیراوە. لەم خاڵەدا کەمالیزم خاوەنی بیرکردنەوە و جێبەجێکردنێکی کۆنەپەرستانەیە. ئەو سیاسەتەی کە بەرامبەر چینی کرێکار گیراوەتە بەر سیاسەتێکی فاشیستانەیە. ئەو سیاسەتەش کە بەرامبەر کورد پەیڕەوکراوە داگیرکارانە و ڕەگەزپەرستانەیە. لەساڵانی 1920دا هاوکارییەکی چڕوپڕی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ئابووری و سەربازی لەگەڵ ئیمپێریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی دا کردووە و کوردستانی دابەشکردووە. لە ساڵی 1925یش بەدواوە، لەپێناو لەنێوبردنی نەتەوەی کورد دا دەستی لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان تێکەڵاوکردووە و لەژێر ناوی "بەشارستانیکردن"دا جینۆسایدی کردووە. شتانی وەک دزی، تاڵانی، ڕاگواستنی بەکۆمەڵی خەڵک، کۆکوژی و جینۆسایدەکانی وەک "ریفۆرم" پیشان داوە. لێرەدا نووسەری کۆمۆنیست چاو لە هەموو ئەم شتانە دەپۆشێت و باس لە "پێشکەوتنخوازی"ی کەمالیزم دەکات. کورد کە دژی چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم وەستاونەتەوە، تۆمەتبار دەکات. "پارتی خەڵک (کەمالیستەکان) لەژێر گوشاری چینی بوورژوازی میللی دا کە دەیەوێت بازاڕی ناوخۆیی فراوانتر بکات، دەوڵەتی کۆماری ساڵی رابردوو بڕیاریدا کۆتاییەک بۆ ئەم دۆخە کۆن و ناهاوچەرخە دابنێت. یاسایەکی نوێی دەرکرد کە تەنانەت ڕێگەی بە لەسێدارەدانیش دەدا، دەسەڵاتێکی سەربازیی بە ماف و دەسەڵاتی زۆر فراوانەوە بۆ ئەم ویلایەتە دیاریکرد، نەخشەیەکی ریفۆرمی بەزۆر جێبەجێکرد کە بریتیبوو لە ڕاگواستنی سەرۆک عەشیرەت، شێخ و ئاغاکان بۆ شارە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ".

بەڕوونی دەبینرێت کە نووسەر ئاگاداری سەرجەم ماددەکانی یاسای تونجەلی بووە. لەجیاتی ئەوەی ڕەخنەیان لێبگرێت و دژیان بوەستێتەوە، چەپڵەی بۆ لێدەدات، لەجیاتی ئەوەی پشتگیری لە مافی چارەی

خۆنووسـین وەک هـەر نەتەوەیەکـی دیکـە بـۆ کوردیـش ڕەوا ببینێـت، لایەنـی ئـەو کارانـە دەگرێـت کـە بەکۆیلەکردنـی ئـەم نەتەوەیـە ئاسـان دەکـەن؛ دیارە ئـەم کارەشـی شـەرم و لەکەیەکـە بـە نێوچاوانـی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیسـت ئینتەرناسـیۆنالەوە. دەڵێـت لەپێنـاو فراوانکردنـی بـازاڕ بـۆ بـوورژوازی میللـی دا دەرەبەگـەکان لەنێودەبرێـن. ئەمـە تەنیـا ئەوکاتـە دەگونجێـت کارێکـی "پێشـکەوتنخواز"انە بێـت لـە ناوچەیـەک دا ئەنجـام بدرێـت کـە خەڵکـی یـەک نەتـەوەی تێـدا بـژی؛ بـۆ نموونـە، یـۆزگات یـان چـۆڕووم، بـەڵام ئەگـەر بـوورژوازی تورکـی بـۆ ئـەوەی بازاڕەکـەی فـراوان بـکات کوردسـتان داگیـر بـکات و بیخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە، ئەمەیـان داگیرکارییەکـی ڕوونـە. داگیرکردنـی سـووریا، عێـراق، سـعودیە، بوولگاریـا یـان یۆنـان لەلایـەن تورکیـاوە بەمەبەسـتی فراوانکردنـی بازاڕەکـەی چ جیاوازییەکـی لەگـەڵ داگیرکردنـی کوردسـتان دا هەیـە؟

"بەگوێرەی هەواڵەکانی میدیا و ئەو گوتارەی عیسـمەت ئینۆنووی سـەرۆک وەزیـران لـە پەرلەمـان خوێندیـەوە، لـە سـەرەتادا 2530 هـەزار کـەس لـە خەڵکـی ناوچەکـە کـە ژمـارەی دانیشـتووانی بـە لایەنـی کەمـەوە 100 هـەزار کـەس دەبێت، لـە بەرامبـەر ئـەم بڕیارە دەرکراوانـەی حکومەتـەوە یاخیبـوون، بـەڵام زۆر لـە یاخیبـووان دواتـر بەهـۆی گوشـارەکانەوە خۆیـان تەسـلیمی دەسـەڵاتی سـەربازی کـرد. ئەمـڕۆ دەگوترێـت ژمـارەی ئەوانـەی کـە دژی حکومـەت وەسـتاونەتەوە تەنیـا 10 هـەزار کەسـن".

نووسـەر ڕێـک وەک کەمالیسـتەکان لـە ڕووداوەکان دەڕوانێـت. شـتێکی جیـاواز لـەوەی ئـەوان ناڵێـت، بـەڵام سـەرەڕای لایەنگیـری داگیـرکاری و چەوسـاندنەوە بـە خۆیشـی دەڵێـت پێشـکەوتنخواز و شۆڕشـگێڕ."ئەمڕۆ دەرەبەگـەکان کـە بەهـۆی ڕیفۆرمەکانـی حکومەتـی کەمالیسـتەوە بوونـی خۆیـان لـە مەترسـیدا دەبینـن، سـەرقاڵی بەرگرییەکـی نائومێدانـەن. حکومەتـی کەمالیسـتی، سـەرکەوتووبووە لـە دەرکردنـی ئـەم بڕیارانـەی خـوارەوە لـە پەرلەمـان دا:

1. عەشـیرەتەکان لەمـەودوا خاوەنـی کەسـایەتییەکی مەعنـەوی نابـن.

هەمـوو ئـەو بڕیـار و بەڵگەنامانەی کـە دژی ئەم بڕیارەن هەڵوەشـاونەتەوە.
2. کۆتایــی بــە ســەرجەم دەســەڵاتەکانی ســەرۆکی عەشــیرەت، بــەگ و شــێخەکان هێنــراوە.
3. ســەرجەم مــاڵ و موڵکــی عەشــیرەت و ســەرۆکەکانیان، بــەگ و ئاغــا و شـێخەکان ـــ خاوەنی هـەر بەڵگەنامە و شـایەتێک بن ـ لەلایـەن دەوڵەتەوە دەسـتیان بەسـەردا دەگیرێـت".
وەک دەبینرێــت، رەگ و ریشــە نەتەوەییەکانــی یاخیبوونەکــە بەتــەواوی فەرامــۆش دەکرێــن و بەکارهێنرانــی ســوپا لــە دێرســم وەک لەنێوبردنــی سیسـتەمی دەربەگایەتـی پیشـان دەدرێـت. لەکاتێکـدا لـە سـاڵی 1925ەوە ئـەم بیانـووەی کـە لـە یاسـا و رێنماییەکانـدا بـەزۆری بەکارهاتـووە، هەرگیـز لــە بەرچــاو نەگیــراوە. ئەوەتــا کۆکوژییــەکان تــەواوی نەتــەوەی کوردیــان گرتووەتـەوە. وەک لـە کتێبی (نیشـتەجێکردنی زۆرەملێیانەی کـوردەکان)دا ئامـاژەمـان بـۆ کـردووە، لـە نەفیکردنەکانـدا جیاوازیـی نییـە لەنێـوان هـەژار و دەوڵەمەنـد، ئەوانـەی ئیددیعـای نەتەوایەتییـان کـردووە و ئەوانـەش کـە نەیانکـردووە. بـەڵام لـە بەهانـە و هـۆکاری یاسـاکاندا کـە بـۆ رەوایـی پێـدان بەکارهێنراون، شـتانی وەک "خەبات لە دژی عەشـیرەتەکان و دەرەبەگایەتی" نووســراوە. لەکاتێکــدا خەبــات دژی دەرەبەگایەتــی پێویســتە لــە تــەواوی وڵات دا بکرێـت. کەمالیسـتەکان مـاڵ و موڵکـی ئاغـا و دەوڵەمەندەکانـی کوردسـتانیان داگیرکـرد، بـەڵام هەمـوو جـۆرە ئیمتیازێکـی ئاغـا و بەگـە تورکەکانــی رۆژئــاوای تورکیایــان پاراســت و ســەرمایەکانیان گونجانــد لەگـەڵ سیسـتەمی سـەرمایەداری دا، بـەڵام ئـەو هەوڵـەی لـە کوردسـتان درا داخڵکردنــی ســەرمایەی دەوڵەمەنــدەکان نەبــوو بــۆ نــاو سیســتەمی ســەرمایەداری، بەڵکـو لەنێوبردنـی چینێـک بوو کـە دەکرا لێوەی بانگەشـەی مافـە نەتەوەییـەکان سـەرهەڵبدات. تەنیـا دوای ئـەوەی کـە بەشـێک لـە کــورد، کوردێتیــی خۆیــان رەتکردووەتــەوە و کۆیلەیەتــی خۆیــان قبــووڵ کــردووە، ئینجــا ئــەم گواســتنەوەی ســەرمایەیە لــە کوردســتان روویــداوە. "دەرەبەگـەکان بـۆ ئـەوەی خەڵـک شـوێن خۆیـان بخـەن دەنگـۆی ئەوەیـان

بڵاوکــردەوە هێــزە چەکدارەکانــی حکومــەت لاوازبــوون. گوایــە ئەگــەر حکومـەت هێـزی زیاتـر ڕەوانـەی ناوچەکـە بـکات، ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان یەکسـەر جەنـگ لـە دژی تورکیـا ڕادەگەیێنن. جگـە لەمە، عەرەبەکان پشـتی یاخیبـووەکان دەگـرن".

ئــەم نووســەرە لــە شــێواندنی ڕووداوەکان دا کارامەییەکــی گــەورەی هەیـە. پێـش لـە هـەر شـت، چ لـە پێـش و چ لەکاتـی بەرگریـی دێرسـم دا بچووکتریـن نیشـانە و بەڵگەنامـە نییـە لەسـەر بەسـتنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان دا. جارێکـی دیکەیـش جێگـەی خۆیەتـی ئـەوە بیـر بخەینـەوە کـە یاسـای تونجەلی لە ساڵی 1935دا دەرکـراوە و جێبەجێکراوە، بـەڵام بەرخۆدانەکـە سـاڵی 1937 دەسـتی پێکـردووە. بەئاشـکرا دەبینرێـت کــە ڕووداوەکان بەرهەڵســتییەک بــوون لــە دژی ســتەم و کۆمەڵکوژیــی داگیـرکاران.

بـا وادابنێیـن کـە پەیوەندییەکـی بەوجـۆرەش هەبـووە، ئایـا نووسـەرێکی کۆمۆنیسـت بـەم جـۆرە بیردەکاتـەوە؟ ڕووداوە بەرجەسـتەکە ئەوەیـە کـە لـە کۆنفرانسـی لـۆزان دا لـە سـاڵی 1923 دا کوردسـتان دابەشـکراوە و داگیرکــراوە. پێویســت نــاکات نووســەرێکی کۆمۆنیســت لــەم ڕووداوە کەتوارییـەوە دەسـت پـێ بـکات؟ ئایـا دەتوانرێـت ئـەوە لـە بەرچـاو نەگیرێـت کــە کوردســتان لەنێــوان ئینگلیــز، فەرەنســییەکان، کەمالیــزم و ڕژێمــە شـاهانەییەکەی ئێـران دا دابەشـکراوە؟ دەتوانرێـت ڕووداوێکـی بنەڕەتیـی لـەم جـۆرە بەهەنـد وەرنەگیرێـت کـە کار لـە گشـت پێشـهاتەکانی دوای خـۆی دەکات؟ کەوایـە بێگومـان دەبێـت ئـەم هێزانـەی کـە کوردسـتانیان دابەشــکردووە لەپێنــاو کۆنترۆڵکردنــی تــەواو و بەڕێوەبردنــی دا کاری هاوبەش لەسـەر ئاسـتی سیاسـی، ئایدیۆلۆژی و سـەربازی بکەن. هەروەها ناچــارن بــە هاوبەشــی لــە دژی هەمــوو جــۆرە داوایەکــی نەتەوەیــی و دیموکراسـیانەی کـورد بوەسـتنەوە. بۆیـە نـەک هەر پشـتی شۆڕشـەکانیان نەگرتـووە و هانیـان نـەداون، بەڵکو یارمەتـی سـەرکوتکردنیان داوە. چونکە ڕاسـتییەکی گـەورە هەیـە ئەویـش ئەوەیـە کـە بەرخۆدانـی کـورد لـە هـەر

پارچەیەکی کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ناوچەکانی دیکەش. ئەوەتا 20 ڕۆژ پێش ئەوەی ئەم نووسینەی ڕاسیم داواس بڵاوببێتەوە، ڕێککەوتننامەی "سەعدئاباد" واژۆکراوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنەش دەستەبەرکردنی کاری هاوبەشی داگیرکارانەی دەوڵەتە ئیمپێریالیستییەکان بووە لە خاکی کوردستان دا. هەروەها یارمەتیدانی یەکتر لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوە نەتەوەییەکان کورد بووە. ئەوەی کە نووسەر هەموو ئەم شتانە پشتگوێ دەخات و وەک کەمالیستەکان قسە دەکات، بەڕوونی دەریدەخات چەند دوورە لە بیری زانستییەوە.

"دەرەبەگەکان دوای ئەوەی ڕای گشتییان بەم شێوەیە ئامادەکرد، چەندین عەشیرەت لەنێوان خۆیاندا ڕێککەوتن و نووسراوێکیان بۆ فەرمانگەی پشکنەری گشتی نارد و بێشەرمانە چەند مەرجێکیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئیدارەی حکومەت دا پێشنیاز کرد. داوایان دەکرد هەموو ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنرێنەوە کە لە دژی دەسەڵاتە دەربەگییەکەی خۆیان دەرکرابوون".

وەک دەبینرێت، نووسەر داواکانی کورد لە دەوڵەتی داگیرکار و فاشیست وەک خەبات لەپێناو هێشتنەوەی دەرەبەگایەتی پیشان دەدات. نووسەر کە دەڵێت دژی ستەمی دەرەبەگایەتییە، چەپڵە بۆ هەموو جۆرە ستەمێکی دەوڵەتی داگیرکار لێدەدات. تەنانەت ناوی "پێشکەوتنخوازی" و "دیموکراسی"یان لێدەنێت. نووسەر کە چاو لە هەوڵی کەمالیستە داگیرکار و فاشیستەکان دەنوقێنێت لە نانەوەی ئاژاوە لەنێوان عەشیرەتە کوردییەکان، بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە سەرۆک عەشیرەتەکان "دەنگۆ"یان بڵاوکردووەتەوە. لەکاتێکدا وەک لە ڕووداوی ”ڕەهبەر"دا دەبینرێت، دەنگۆی ئەوەی کە ڕەهبەر لە ڕیزی یاخیبووەکان دەجەنگێت لەلایەن خودی دەوڵەتەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت. دەوڵەتی داگیرکار کە کۆنترۆڵی سەرجەم ئامرازەکانی گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵی کردووە، بە ئاسانی هەموو جۆرە

پڕوپاگەندەیەکی بە زیانی کوردەکان ئەنجامداوە. "ئێستا ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەوپەڕی خێراییەوە بەردەوامە. چەندین فڕۆکەش تێیدا بەشدارن. لە ئێستاوە دیارە رووبەڕووبوونەوەکە چۆن کۆتایی دێت".
رۆژنامەنووسێکی تورک بە ناوی ناشید حەققی کە ناوچە کوردییەکانی بەسەرکردووەتەوە، لە رۆژنامەی (خەبەر)دا بەم جۆرە رووداوەکان دەگوازێتەوە: ئەمڕۆ دەیان هەزار هاووڵاتیی ئەم وڵاتە، نەوە لەدوای نەوە بوونە یاری دەستی کۆمەڵێک ئاغا و شێخ و دەرەبەگ کە ژمارەیان لە چەند سەت دانەیەک تێناپەڕێنێت. بۆ ئەوەی لەم خەڵکانە تێبگەیێنرێن کە ژیانی شارستانی تەواو جیاوازە لەم ژیانەی ئێستایان، پێویستە بەر لە هەر شتێک، لەژێر کۆیلایەتیی ئەم چەتە زۆر کەمینەیە رزگاربکرێن و مافی ژیانی ئازادیان پێ ببەخشرێت".
نووسەر بەتەواوی هاوڕایە لەگەڵ (ناشید حەققی)دا کە یەکێکە لە سیخوڕە گرنگەکانی کەمالیستە داگیرکار و فاشیستەکان لە کوردستان، بەڵام هەست بە پێویستیی لێکۆڵینەوە ناکات لەوەی کە ئایا ئامانج لەم گوفتارە شاردنەوەی چ کردارێکە. هەرچەندە دەگوترێت لە دژی ئاغا و شێخەکان خەبات دەکەین، بەڵام بەشانازییەوە باس لەوەش دەکات کە ناوچەکە لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆردوومان دەکرێت. ناوی "رزگارکردن لە دەست چەتەیەکی زۆر کەمینە" لە چالاکیی بەکۆیلەکردنی نەتەوەی کورد دەنێت. ناوی "ئازادکردنی خەڵک" لە راوکردنی تەواوی نەتەوەی کورد دەنێت.
کەسێکی مارکسی دەبێت سەرجەم ئەو بەربەستە ئایدیۆلۆژییانە هەڵبماڵێت کە راستییەکان دەشارنەوە، بەڵام لێرەدا راسیم داواس هەست بە پێویستییەکی لەم جۆرە ناکات و هەموو گوتارەکانی کەمالیستە داگیرکار و فاشیستەکان وەک شتی راست قبووڵ دەکات. ئەمە جگە لەوەی ناشید حەققی بەهۆی چالاکییە سیخوڕییەکانییەوە، لەلایەن مستەفا کەمالەوە وەک پەرلەمانتار دەستنیشان کراوە. یەکێکە لەو چەند رۆژنامەنووسەی کە مۆڵەتی سەردانکردنی کوردستانی

پێدراوە. وەک دەزانرێت، دەوڵەتە داگیرکەرەکان تەنیا رێگە بە ئەوانە دەدەن سەردانی ناوچە داگیرکراوەکان بکەن کە لە روانگەی ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەتەوە شت دەبینن و دەیانگوازنەوە.

دەزانرێت کە نووسەری ئەم وتارە، واتە راسیم داواس، ئەو (ئیسماعیل بیلەن)ەیە کە ئەمڕۆ سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی تورکیایە.

ئیسماعیل بیلەن بەهۆی بیرکردنەوە و کردەوەکانی ئەمڕۆ ناچارە لە دەرەوەی تورکیا بژی. لە سەردەمی تاکحیزبی دا، کەمالیستەکان سیاسەتێکی زۆر توندیان بەرامبەر بە چینی کرێکار و سۆسیالیستەکان گرتبووە بەر و گوشارێکی زۆریان خستبوونە سەر. راسیم داواس کە ناچارکراوە لە دەرەوەی تورکیا بژی، زۆرباش ئاگاداری ئەم حاڵەیە، بەڵام هەموو ئەم شتانە نابنە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کە ماستاو بۆ رژێمی کەمالیستەکان بکات. لە نووسراوەکەی سەرەوەدا چەمکە مارکسییەکان دەکات بە قەڵغانێک بۆ خۆی، بەڵام لەژێر ئەمەدا پڕوپاگەندە بۆ داگیرکاریی ئیمپریالیزم و فاشیزم دەکات. هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم چەمکانە هەرگیز بەشی شاردنەوەی ناشرینییەکەی ناکەن. ئەم رووداوە لەبارەی رابردووی بزووتنەوە کۆمۆنیستەکانی تورکیاشەوە سەرەداومان پێدەدات. گەشەنەکردنی بزووتنەوەیەکی لەم جۆرە کە تەسلیمی کەمالیزم بووە، هەموو جۆرە چالاکییەکی داگیرکارانەی ئەوی قبووڵ کردووە، هەرگیز بیری لە مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی بۆ کورد نەکردووەتەوە، شتێکی زۆر سرووشتییە کە گەشە نەکات. بەتایبەت ئەم وتارە زۆر باش دەریدەخات کە پارتی کۆمۆنیستی تورکیا لەسەر چ بنەمایەکی فشۆڵ دامەزراوە و بۆچی خەڵک پشتگیری لێناکەن. دامەزراوەیەک کە هێندە لە خەڵک دابڕابێت و بووبێتە داردەستی رژێمی داگیرکاری کەمالیستەکان، نەزۆک بوونەکەی شتێکی ئاساییە. هەرچەندە ئەم وتارە بە ناوی راسیم داواسەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام کۆمۆنیست ئینتەرناسیۆنالیش لێی بەرپرسیارە. لە کتێبێکی دیکەدا بە درێژی لەسەر هەڵوێستی کۆمۆنیست ئینتەرناسیۆنال سەبارەت

کێشـەی کورد و دابەشـکردنی کوردسـتان دەوەسـتین، بەڵام لێرەدا جێگەی خۆیەتـی بەکورتـی ئاماژەیـەک بـەم خاڵـە بکەیـن. کۆمۆنیسـتە تورکەکانیش بەشـدارن لـەو کۆمەڵکوژییـەدا کـە دەوڵەتـی تورکیـا لـە کوردسـتان ئەنجامیـداوە. چونکـە ئەمانـە رەخنەیـان لـە هیـچ یەکێـک لـە کردارەکانـی دەوڵەتـی داگیـرکار و فاشیسـت نەگرتـووە و لـە دژی نەوەسـتاونەتەوە. بەپێچەوانـەوە، بـە چەپڵـە لێـدان پێشـوازییان لە هەموو شـتێک کـردووە کە بەرامبـەر کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد کـراوە. راپۆرتیـان لـە دژی میللەتـی کـورد پێشکێشـی کۆمۆنیسـت ئینتەرناسـیۆنال کـردووە. لـە هەمـوو دێرێکـی ئـەم راپۆرتانەشـیاندا بزووتنـەوەی نەتەوەیی کوردیان وەک شـتێکی خـراپ پیشـانداوە و سـووکایەتییان پێکـردووە، بـەڵام سـەبارەت کەمالیـزم وتـاری ستایشـکارانەیان نووسـیوە و وەک "پێشـکەوتنخواز" و "شۆڕشـگێڕ" ناسـاندوویانە.

بێگومـان دامـەزراوەی کۆمۆنیسـت ئینتەرناسـیۆنالیش بەرپرسـیارە لەوەی کـە کەسـانی رەگەزپەرسـت و ماسـتاوچیی لـەم جـۆرەی لەنێـو بونیـادی خۆیـدا قبـووڵ کـردووە و راپۆرتەکانیانـی لەسـەر بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد وەک بەرهەمـی زانسـتی ئەژمارکـردووە.

لەپێنـاو رێککەوتنێکـی پتـەو و ماوەدرێـژ لەنێـوان بزووتنـەوەی دیموکراتیـی کـورد و بزووتنـەوەی کرێکاریـی تـورک دا، پێویسـتە رابـردوو زۆر بەباشـی بزانێـت و رەخنـەی لێبگیرێـت. مەحاڵـە بـە پشـتگوێ خسـتنی رووداوەکانـی رابـردوو بتوانرێـت بەرەیەکـی هاوبەشـی بەهێـز دروسـتبکرێت.

## ئەنجام

1. بـۆ ئـەوەی لـە کەسـەکان، مـرۆڤ، سرووشـت، مێـژوو و ڕووداوە کۆمەڵایەتییـەکان تێبگەیـن و زانیاریـی دروسـت لەبارەیانـەوە بەرهـەم بێنیـن، دەبێـت ئـەو شـێوازی بیرکردنەوەیـە بەکاربێنیـن کـە پێیدەڵێیـن "زانسـت". خاڵـی دەسـتپێکی ئـەم میتـۆدەش ڕووداوەکانـن. لەسـەر بنەمای ئـەو هەسـتانەی کـە لـە ئەندامـە هەسـتەوەرەکانەوە وەردەگیرێـن، ڕێگەی عەقڵانـدن بەکاردێت و لەمەوەشـەوە بڕیار، بیردۆز و تیۆرییەکان بەدەسـت دێـن. تیۆرییـە بەدەسـتهاتووەکان لـە جیهانـی ڕووداوەکان دا تاقـی دەکرێنـەوە و لایەنـە ڕاسـت و هەڵەکانیـان دیـاری دەکرێـن.
واتـە لەلایـەک ڕاسـتیی کۆمەڵایەتـی و ڕووداوەکان، لەلایەکیـش هەسـت و هۆشـێک کـە هەوڵـی پەیبـردن بـە ڕاسـتی دەبـات و دەیەوێـت ڕاسـتی بەرجەسـتە ئاشـکرا بـکات. ئەگـەر لـە قۆناخـی یەکـەم دا کـە هەسـتکردنە بەهەڵەداچوونێکـی مەبەسـتدار بوونـی هەبێـت، یاخـود هەندێـک ڕووداوی هەسـتپێکراو فەرامـۆش بکرێـن، بێگومـان لەسـەر ئەمـە بڕیـار، بیـردۆز و تیۆریـی ڕاسـت و زانسـتی هەڵناچنرێـت. بەڵکـو بریتییـە لـە ڕەفتارکـردن بەگوێـرەی داخوازییەکانـی ئایدیۆلۆژیا. ئەرکـی بنەڕەتیـی ئایدیۆلۆژیاکانیـش، بەتایبـەت کەمالیـزم کـە لەسـەر درۆ دامـەزراوە، بریتییـە لـە شـاردنەوەی ڕاسـتی و لەنێوبردنـی؛ بۆیـە دەتوانێـت ڕووداوە دەستنیشـانکەرەکان بـە نەبـوو حیسـاب بـکات و نەیانبینێـت. لـە لایەکی دیکـەوە، ئـەو بیرکردنەوە و توێژینەوانـەی کـە تێیانـدا ڕووداوێکـی دیاریکـراو یـان پەیوەندیـدار لـە بەرچاو ناگـرن، ناتوانرێـت پێیـان بگوترێـت "زانسـتی". بـۆ نموونـە، کەسـێک کـە توێژینـەوە لـە بابەتـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی تورکیـادا دەکات، بەبـێ دەسـتبردن بـۆ ڕووداوی نەتـەوەی کـورد و باسـە پەیوەندیدارەکانـی، ناتوانێـت بانگەشـەی زانسـتیبوونی کارەکەی بـکات. چونکـە ڕووداوەکان کار و کاردانەوەیـان لەنێواندایـە و پێکـەوە "گشـت"ێک پێکدەهێنـن. ڕووداوی نەتـەوەی کوردیـش هـەروەک چـۆن کار لـە ڕووداوەکانـی دیکـە دەکات،

دەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی ئەوانیشـەوە. بـۆ نموونـە، پەیوەندییەکـی تـەواو هەیـە لەنێـوان نەفیکراوەکانـی کـورد بـۆ رۆژئـاوای وڵات و گەشـەکردن یان گەشـەنەکردنی سـەرمایەداری لـە تورکیـادا. ئـەو سیاسـەتە گشـتییەی کـە بـۆ تواندنـەوەی نەتـەوەی کـورد گیراوەتەبـەر بێگومـان کار لـە سیاسـەتی گشـتیی پـەروەردەش دەکات. هاوشـێوەی ئەمـە، لـە بابەتی کێشـەی کورد دا، مەحاڵـە بگوترێـت کـە کاری لـە سیاسـەتی دەرەوەی تورکیـا نەکـردووە لەگـەڵ وڵاتـە کوردنیشـینەکانی دراوسـێ دا. ئـەو شـتەی کە لە کوردسـتان پێیدەگوترێـت "شـەڕ و دووژمنایەتیـی ناوخـۆی عەشـیرەتەکان" لـە نزیکـەوە پەیوەندیـی بـە سیاسـەتی داگیرکارانـەی دەوڵەتـەوە هەیـە.

کەوایـە کەسـێک یـان دامەزراوەیـەک کـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتی دەکات، مافـی ئـەوەی نییـە رووداوێـک و پەیوەندییەکانی هەر بەهەوەس پشـتگوێ بخـات و حیسـابی نەبـووی بـۆ بـکات. بیـری زانسـتی مـاف و رەفتارێکـی لـەم جـۆرە نییـە. وەک پێشـتریش گوتمـان، خاوەنـی ئـەم جـۆرە رەفتارانـە ئایدیۆلۆژیسـتەکانن. ئـەم هەڵوێسـتە لـە هەمـان کاتـدا بـۆ ئـەوان ئەرکـە. چونکـە ئەرکـی سـەرەکیی ئایدیۆلۆژیاکان ئەوەیە بیر و رەفتارێک بسـەلمێنن کـە پێشـتر بڕیـاری لەبـارەوە دراوە، بـەڵام لـە زانسـت دا بـەردەوام زانیاریـی نـوێ بەرهـەم دەهێنرێـت.

لەکاتێکـدا لـەم لێکۆڵینەوەیەدا داتـاکان دەریدەخەن کە زانکـۆ تورکییەکان، پرۆفیسـۆرە تورکـەکان، تەقالایەکـی زۆر دەدەن بـۆ نەبینینـی رووداوی نەتـەوەی کـورد. بۆیـە لەژێـر نـاوی "کاری زانسـتی"دا ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـی دەوڵـەت پشتڕاسـت دەکەنـەوە و بـڵاوی دەکەنـەوە. لـەم روانگەیـەوە، پێویسـتە بـە وردی هەڵوێسـتە بکرێـت لەسـەر یاسـای تونجەلـی و جێبەجێکردنەکـەی و شـێوازی موتاڵاکردنـی لـە ناوەنـدە زانسـتییەکان دا. بەئاشـکرا دەبینرێـت کـە دابڕان لـە رووداوە بەرجەسـتەکان و شـوێنکەوتنی کوێرانـەی ئایدیۆلۆژیـا، "زانـا"کان و "زانکۆ"کانـی خسـتووەتە چ دۆخێکـی سـەخت و نازانسـتییەوە.

هـۆکاری ئەمـە چییـە؟ واتـە بۆچـی دەسـەڵاتی داگیـرکار و پرۆفیسـۆرەکانی

زانکـۆ لـە پەیوەندییەکـی نزیکـدان؟ چونکـە دەسـەڵاتی داگیـرکار بـۆ ئـەوەی درێـژە بـە سیاسـەتەکەی بـدات و جێبەجێـی بـکات، زۆر پێویسـتی بـە درۆ هەیـە. نووسـرانی ئـەم درۆیانـە لەلایـەن زانـا و پرۆفیسـۆرەکانی زانکـۆوە و پڕوپاگەنـدە بۆکردنـی لەلایـەن ئەمانـەوە، کاری دەوڵەتـی داگیـرکار زۆر ئاسـان دەکات. لـەم رووەوە دەوڵەتـی داگیـرکاری تورکیـا پێویسـتییەکی زۆری بـە کەسـانی وەک د. وەلیـد وەلیدەئۆغلـو، د. فـارووق ئێـرەم و هاوشـێوەکانیان هەیـە.

ئـەم پرۆفیسـۆرانەی زانکـۆش کـە بەتـەواوی لـە بیـری زانسـتی دوور کەوتوونەتـەوە و مێشـکیان بـە درۆکانـی ئایدیۆلۆژیـای رەسـمی کوێـر بووەتـەوە، پێویسـتییەکی زۆریـان بـە دەوڵەتـی چەوسـێنەر هەیـە. لـە هەمـوو بۆنەیـەک دا، لـە میدیـای نووسـراو یـان بیسـتراودا، دیسـان هەمـان ئـەو شـتانە دەجوونـەوە کە چەندان سـاڵە دەیڵێنـەوە. هەموو سـاڵێک لەم بۆنانـەدا، لـە رۆژنامـە و لـە شاشـەکانەوە، رسـتە سـواوەکانی وەک "جەنگی سـەربەخۆیی تـورک یەکـەم جەنـگ بـوو لـە دژی ئیمپریالیـزم" ، "ئەتاتـورک خەڵکـە کۆیلەکانـی رۆژهەڵاتـی رۆشـن کردووەتـەوە" و هاوشـێوەکانیان دەڵێنـەوە.

کاتێـک ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە ئاراسـتەی ئـەم جـۆرە پرۆفیسـۆرانە دەکەیـن ترسـنۆکانە بێدەنـگ دەبـن: ئەوانەی بەشـدارییان لـە جەنگێکی دژە ئیمپریالیزم دا کردووە، بۆچی دوای تەواوبوونی شـەڕەکە کاری هاوبەشـیان لەگـەڵ کۆلۆنیالیـزم کـردووە و کودسـتانیان دابەشـکردووە؟ بۆچـی بەشـدارییان لـە سیاسـەتی "پەرتکـە و زاڵبـە"ی نەتـەوەی کـورد دا کـردووە و مافـە نەتەوەیـی و دیموکراتییەکانـی نەتـەوەی کوردیـان پێشـێلکردووە؟ یاخـود چـاو و گوێـی خۆیـان لـە ئاسـتی ئـەم پرسـیارانەدا دادەخـەن و درێـژە بـە پڕوپاگەنـدەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـی دەدەن کە لەسـەر درۆ هەڵچنراوە. راپۆرتـی هەواڵگـری لەسـەر ئەم و ئـەو دەدەن. ئەم کەسـانەی کە بەتەواوی لـە بیـری زانسـتی دابـڕاون و ئایدیۆلۆژیا درۆیینەکەیـان بـە نـاوی زانسـتەوە پێشـکێش دەکـەن، کاتێکیـش شـتێک لەسـەر "خەڵـکان" دەنووسـن جگە لە

پۆلیسچێتی هیچی دیکە ناکەن. وەک پۆلیس وتاری "زانستی" دەنووسن و دەڵێن "خەڵکان نین و ناشبن".

شتە سەیرەکە ئەوەیە ئەم زانیارییانەی کە تەواو لە زانست دابڕاون ماوەی 50 ساڵە چۆن بەرهەم دەهێنرێن؟ ئەم زانیارییانەی کە لەسەر ئایدیۆلۆژیای فەرمیی و درۆ دامەزراون، چۆن وەک شتی زانستی پێشکێش کراون و بە خەڵکیش قبووڵکراون؟ چۆن خۆیان وەک "شۆڕشگێڕ" ناساندووە؟

لە بیرمان نەچێت ئایدیۆلۆژیای فەرمی ئایدیۆلۆژیای باڵادەستە. واتە ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدارە و بەسەر هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا سەپێندراوە. هێزی ئەوەی هەیە هەموو چینەکانی دیکە بەڕێوەببات. ئەوانەی کە دەیانەوێت لە فەرمانگەکانی حکومەت دا پلەیان بچێتە سەرەوە، دەبێت بەبێ قەید و شەرت مل بۆ داخوازییەکانی ئایدیۆلۆژیای رەسمی کەچ بکەن. "زانکۆی تایبەت"یش لەمە بەدەر نین.

2. یاسای تونجەلی بەڵگەنامەیەکی سیاسیی ئەوتۆیە بەوپەڕی ئاشکرایی دەریدەخات کە لە سەردەمی تاکحیزبیدا چۆن دەستوور و یاساکان جێبەجێکراون. پرۆفیسۆر و زانکۆ تورکییەکان کاتێک سەردەمی تاکحیزبی هەڵدەسەنگێنن هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی ئەم یاسایە و شێوازی جێبەجێکردنەکەی نەبینن و لەبیری بەرنەوە. لەکاتێکدا تەنیا ئەم یاسایە و جێبەجێکردنەکەی بەشی ئەوە دەکات بڕیار لە بارەی سیستەمی تاکحیزبییەوە بدەین. ئەگەر ئەم رووداوە سەرەکییە لەبەرچاو نەگیرێت، هەرگیز زانیاریی زانستی بەرهەم نایێت. چونکە ئەم رووداوە لە رەگ و ریشەوە بڕیارەکانی وەک "سیستەمی تاکحیزبی دیموکراتی بوو، بیر لەوە کرابووەوە کە وردە وردە بەرەو فرەحیزبی بڕوات، تێیدا هەمیشە رەچاوی دەستوور و یاساکان دەکرا" هەڵدەوەشێنێت. ئەم رووداوە لە هەمان کاتدا بەوپەڕی روونی سیاسەتی دەوڵەتی تورک سەبارەت کوردستان ئاشکرا دەکات.

یاسای تونجەلی بە هەموو ئەم خەسڵەتانەیەوە یەکێکە لەو رووداوە

بنەڕەتییانـەی کـە داگیرکاریـی دەوڵەتـی تورکیـا دەستنیشـان و ئاشـکرا دەکات.

3. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، دووڕوویـی بیرکردنـەوەی رۆشـنبیر، پڕۆفیسـۆر و بیرمەندانـی تـورک ئاشـکرا کـراوە. ئـەو کەسـانەی کـە لـە بابەتـی مافـە نەتەوەییەکانـی تـورک و مافـی تورکەکانـی قوبـرس و هاوشـێوەکانیاندا ئەوپـەڕی هەسـتیاری دەنوێنـن، کاتێـک دێتـە سـەر باسـی نەتـەوەی کـورد، رێککەوتنێکی چڕوپڕ لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکار، عەسـکەری و بورژوازییەکەی خۆیانـدا دەکـەن. لەپێنـاو گەشـەپێدانی ئـەم پەیوەندییـەش کـە لەگـەڵ چینـی بـورژوازی خۆیانـدا بەسـتوویانە و ئامانـج لێـی رێگریکردنـە لـە خەباتـی دیموکراتـی و شۆڕشـگێڕانەی نەتـەوەی کـورد دژی چەوسـاندنەوە، هەمـوو رێگەیـەک دەگرنەبـەر. لەپێناو شـاردنەوەی ئـەم ماسـکەش دا، بەدیقەتەوە گوتارێکـی شۆڕشـگێڕانە و دیموکراتییانـە و دروشـمە سۆسیالیسـتییەکان بەکاردەهێنـن.

4. کوردسـتان لەنێـوان سـاڵانی 19271948دا لـە رێگـەی هەندێـک رێنمایـی کارگێڕییـەوە بەڕێوەبـراوە نـەک بەپێـی دەسـتوور. مـاف و دەسـەڵاتێکی بێسـنوور بـە پشـکنەری گشـتی و پارێـزگاری ویلایەتـەکان دراوە. بێگومـان ئـەم دەسـەڵاتانەش لەژێـر کۆنتڕۆڵـی ئیدارەی دادگاکان دا نەبـوون. بەڵکـو بەپێچەوانـەوە، ئـەوان دادگاکانیـان کۆنتـڕۆڵ و ئاراسـتە کـردووە.

سیسـتەمی پشـکنەری گشـتی لـە روانگەی مـاف و ئەرکـەوە زۆر لەسـەروو دامـەزراوەی پارێـزگاری ئاسـاییەوەیە. لـەم سیسـتەمەدا مـاف و ئەرکەکانی پارێـزگاری ئاسـایی بەشـێوەیەکی فـراوان سـنووردار کـراوە و کراونەتـە فەرمانبەرێـک لەژێـر فەرمانـی پارێـزگاری گشـتی دا. نابێـت ئـەم سیسـتەمە لەگـەڵ ئـەوەی عوسـمانییەکاندا تێکـەڵاو بکرێـت کـە نـاوی "ئەیالـەت" بـوو. سیسـتەمی پشـکنەرایەتی گشـتی لـە ناوچەیەکـی دیاریکـراودا و لەپێنـاو ئامانجێکـی دیاریکـراودا جێبەجێکـراوە. ئەمـەش پەیوەندیـی بـە داگیرکـردن، کۆنترۆڵکـردن و چەوسـاندنەوەی کوردسـتانەوە هەیـە تاوەکـو دەگاتـە بچووکتریـن یەکەکانـی. ئەوەتـا کاتێـک ئـەم سیسـتەمە لـە سـاڵی 1948دا

هەڵدەگیرێت، کاری داگیرکردنی سیاسی و ئابووریی کوردستان کۆتایی پێهاتووە. هەموو ئەو هێزانەی کوردستان کە بانگەشەی نەتەوایەتییان کردووە، لە رێگەی دەسەڵاتە جیاوازەکانی دەوڵەتەوە، لەنێوبراون، لاوازکراون یاخود راونراون بەرەو دەرەوەی وڵات. بەم جۆرە هەوڵی دروستکردنی چینێکی دەسەڵاتداری خۆجێیی دراوە کە بوونە سیخوڕ و کۆیلەی دەوڵەتی داگیرکار. ئەم چینە چیتر "کورد" نین. بەڵکو چینێکی سیخوڕی ئەوتۆیە کە کوردێتیی خۆی رەتدەکاتەوە، پڕوپاگەندە بۆ تورکێتی دەکات و سیخوڕیی بۆ دەکات. ئەرکی سەرەکیشی رێگرتنە لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و شکاندنی. چینێکی سیخوڕیکاری لەم جۆرە کە خیانەتی لە کورد کردووە، بەهیچ جۆرێک پێی ناگوترێت "بورژوازی کوردی".

بێگومان کەسان و خێزانی ئەوتۆش هەن کە وەک کورد ماونەتەوە، لەسەر بانگەشە نەتەوایەتییەکانیشیان لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکاردا تێکگیراون، ستەمیان لێکراوە و لاوازکراون، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمانە ببنە چینی "بورژوازی کورد" دەبێت بەشێوەیەکی نەخشەدار داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن.

پێشتر گوتمان کوردستان لە رێگەی دامەزراوەی پارێزگاریی گشتییەوە بەڕێوەبراوە. بەڵام "یاسای تونجەلی" کە یاسایە و رێنمایی نییە، زۆر لە رێنماییەکان زیاتر بڕیاری قورسی لەخۆگرتووە. ئەمەش بەکورتی نیشانەی ئەوەیە کە لە کوردستان هەوەس کراوە بە یاسا. ئەگەر ئیدارەی سیاسی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دادگاکان بێت، یاسایەک دەربکرێت کە بڕیارەکانی زۆر لە رێنماییەکان قورسترین، هەموو ئەمانەش پێچەوانەی نێوەڕۆکی دەستوور بن، تەنیا لە ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵات دا جێبەجێبکرێت.. بێگومان ئەمانە نیشانەکانی هەوەس خوازین. دامەزرێنەرانی پشکنەرە گشتییەکان پەیوەندیی بە "ئامانجە تایبەتەکان"ەوە هەبووە، بەڵام لە بنەڕەتدا چۆنێتییەکی وەهای هەیە کە ئەم ئامانجانە دەشارێتەوە. خۆی لە خۆیدا ئەم جێبەجێکارییە لە

ساڵی 1927 و تەنانەت لەپێشتریشەوە لە کوردستان دەستی پێکردووە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا لە ساڵانی 19341935ەوە دەستی پێکراوە. جگە لەمە، بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکە بینرا کە بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگە و دادگاییکردن خەڵک بە کۆمەڵ کۆمەڵکوژ کراون. جینۆسایدێکی فراوان کراوە. ئەم جینۆسایدە پێش دەرکرانی یاسای تونجەلی و هەروەها دواتریش لە تەواوی کوردستان دا دەبینرێت. رووخێاندن و سووتاندنی گوندەکان، تەقاندنەوەی ئەشکەوتەکان کە پڕبوون لە منداڵ و ژن و گەنج و پیر، گوللەبارانکردنی ئەوانەی لەتاو گیانی خۆیان دەرپەڕیونەتە دەرەوە، بەشێکن لەم کۆمەڵکوژییە. بەتاڵانبردنی کەلوپەل، ئاژەڵ و بەروبوومی گوندنشینانی کوردیش لەلایەن دەوڵەتەوە، بەشێکی دیکەی ئەم سیاسەتەیە. بێگومان ئەم یاسایە رەوایی بە هەموو ئەم کردەوانە داوە.

5. شتێکی زۆر گرنگە کە لە یاسای تونجەلی دا، جێبەجێکارییەکانی، کاریگەری و ئەنجامەکانی لەسەر دێرسم بکۆڵرێتەوە. گرنگترین ئامانجی ئەم جێبەجێکارییە لەنێوبردنی کەسێتیی کورد و کوردستان و پێگەیاندنی ئەو کوردانەیە کە لە کۆمەڵکوژییەکە رزگاریان دەبێت بەجۆرێک کە لەگەڵ ئامانجی رژێمی کەمالیستی دا بگونجێت. ئەمڕۆ لە دێرسم، بەتایبەت لەنێو عەلەوییەکاندا، هەست بە خۆشەویستی بۆ کەمالیزم دەکرێت. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە دەوڵەتی داگیرکار ئەگەر بەشێوەیەکی پارچەییش بێت گەیشتووەتە ئامانجەکانی. چونکە ئەمڕۆ دێرسم خاوترین ناوچەی کوردستانە لەڕووی گەشەی نەتەوەیی کورد دا. کەواتە دەبێت هۆکارەکانی "ئەتاتورکی" و "کەمالیستی"بوونی خەڵکی ئەم ناوچەیە چی بێت سەرەڕای ئەو کۆمەڵکوژییە گەورەیەی بەسەریان هاتووە؟

ئایینی فەرمیی عوسمانییەکان حەنەفی بووە. ئەمەش لە جیهانی ئیسلام دا باوترین ئایینزا (مذهب) بووە. ئایینزا سونییەکان کە لە حەنەفی، شافیعی، مالیکی و حەنبەلی پێکهاتوون، پێکدادانێک لەنێوانیاندا

نەبـووە. بـۆ نموونـە، کـورد کـە سـەر بـە مەزهەبـی شـافیعی بـوون، هیـچ کێشـەیەکی ئایینزاییـان لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـددا بـۆ دروسـت نەبـووە، بـەڵام لەنێـوان ئاییـنزای سـوننەی باڵادەسـت و عەلـەوی دا پێکدادانێکـی قـووڵ هەبـووە. شـیعەکان وەک ئایینزایەکـی دیکـە تەماشـا کـراون. لەبەرامبـەردا شـیعە لـە ئێـران ئایینزای فەرمی بـووە. لەبەر ئەمـە، دەوڵەتی عوسـمانی بەدرێژایـی تەمەنـی دەسـەڵاتی خۆی گوشـاری خسـتووەتە سـەر شـیعەکانی نێو سـنووری دەوڵەتەکـەی. عەلەوییەکان هەمیشـە مامەڵەی هاووڵاتیـی پلـە دوویـان لەگـەڵ کـراوە.

دوای دامەزرانی کۆمار، کەمالیسـتەکان کێشـەی فراوانکردنی کاپیتالیزمیان هەبـوو. ئەمـەش گرفتێکـی گەورەبـوو. ئەمـە داخوازیـی ئەوەبـوو کـە بنەمـا شـەرعییەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی هەڵبگیرێـن و بناخـەی لاییـک لـە شـوێنیان دابنرێـت. چونکـە یاسـا شـەرعییەکان لـە بابەتەکانـی موڵکـی تایبـەت، بانـک، سـوو، میـرات و وەبەرهێنانـدا هەندێـک سـنووریان هەبـوو. لـەم روانگەیـەوە سیسـتەمی لاییسـیزم قبووڵکـرا. واتـە کاروبـاری ئاییـن و دەوڵـەت بەتـەواوی جیاکرانـەوە. ئـەم گۆڕانـە، ئـەو گوشـارە زۆرەشـی لەسـەر عەلەوییـەکان نەهێشـت کـە چەندیـن سـاڵ بـوو پێـوەی گیـرۆدە بـوون. هەڵگرتنـی ئـەو ئیمتیـازە فەرمییـەی کـە بـۆ ئاییـنزای حەنەفـی دەسـتەبەر کرابـوو، هەروەهـا دابینکردنـی یەکسـانی پێشـهاتێکی زۆر گرنگ بـوو. گومـان لەوەشـدا نییـە کە ئەمـە کاری کەمالیسـتەکان بوو، بـەڵام ئایا ئەمـە دەتوانێـت رەشـەکوژیی کەمالیسـتەکان بەرامبـەر بـە دێرسـمییەکان لەبیـر بباتـەوە؟ داخـوازی ئەوەیـە کـە دەسـتبەرداری کەسـێتی و شـەرەفی نەتەوەیـی کـورد ببـن؟ بـەڵام هەڵگیرانـی گوشـارە فەرمییـەکان لەسـەر عەلەوییەکان وەک دەرەنجامێکی پەڕینەوە بۆ سیسـتەمی لاییسـیزم، چۆنی دەتوانێـت رێ لـە خەباتـی دێرسـمییەکان بگرێـت بـۆ ئـەو مافـە نەتەوەیـی و دیموکراتییانـەی کـە کەمالیسـتەکان زەوتیـان کـردوون؟ ئەمـە هۆکارێکـی قەناعەتبەخـش نییـە بـۆ شـیکردنەوەی دوورەپەرێزیـی دێرسـمییەکان و خەڵکانـی ناوچەکانـی دیکـە لـە گەشـەکردنی نەتەوەیـی کـورد. پێویسـتە

لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی دیکەش بکرێت. چونکە ناکرێت ئەمە تاکە هۆکاری سەرەکی بێت.

یەکێک لە دەرەنجامە گرنگەکانی ئەم هەڵوێستەی عەلەوییەکان، را و بۆچوونی تورکە چەپەکانە لەسەر دێرسم. بەشێک لە تەوژمە چەپەکانی تورک بە سوود وەرگرتن لە دوورەپەرێزیی دێرسمییەکان لە کێشەی نەتەوەیی کورد، لەوێ دەرفەتی خۆڕێکخستنیان بۆ رەخساوە. ئەو دروشمەش کە بەزۆری لەوێ بەکارهێنراوە ئینتەرناسیۆنالیزم بووە، بەڵام نە دێرسمییەکان و نە تورکە چەپەکان کە هەوڵیانداوە بیاننهێننە نێو رێکخراوەکانی خۆیانەوە، هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ئەو کوردانەی کە هێشتا نەگەیشتوونەتە هوشیارییەکی نەتەوەیی لەگەڵ کێ و لەسەر چ نێوەڕێکێک دەچنە نێو ئینتەرناسیۆنالیزمەوە. تاوەکو کورد بۆ یەکێتیی کوردستان لە دژی ئیمپریالیزم و حکومەتە هاوکارە خۆجێیەکان کارنەکەن، چۆن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە (و چینی کرێکاری نێو ئەم نەتەوانە) و بە چ پێوەرێک دەتوانن ئینتەرناسیۆنال پێکبێنن؟

تورکە چەپەکان کاتێک خۆیان لە دێرسم رێکخستووە، دروشمێکی نەتەوەگەریی وەک "تورکیای سەربەخۆ"یان کردووە بە سەرمەشقی خۆیان. کەچی لە هەمانکات دا ئەوەشیان تەڵقین کردوون کە خۆ خەریککردن بە نەتەوایەتی کوردییەوە لەگەڵ شۆڕشگێڕی دا ناگونجێت و هەڵوێستێکی دژە مارکسییانەیە. جەختی زۆریان لەوە کردووەتەوە کە مارکسیست و لێنینیستەکان هەرگیز مەیلی نەتەوەییان نییە و بگرە خەباتیشی لە دژ دەکەن؛ تەنانەت ئەگەر نەتەوەگەرییەکە نەتەوایەتی نەتەوە چەوساوەکەش بێت. لە ئەنجامی ئەمەدا، کەسانێک کە هاواری "تورکیای سەربەخۆ"یان کردووە، کەسانێکی دیکەیان قەناعەت پێکردووە کە گوتنی "کوردستانی سەربەخۆ" تاوانە. بەم جۆرە، "شۆڕشگێڕ"ە دێرسمییەکان کە دژی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان وەستاونەتەوە، بوونە بەرگریکارە گرنگەکانی نەتەوایەتی تورکی. تورکە چەپەکان لەکاتی گەڕان بەدوای دەرفەتی خۆ رێکخستندا لە دێرسم، دەستەواژەی "یەکێتیی

تـورک و کـورد"یـان زۆر بەکارهێنـاوە. بێگـومـان یەکێتیـی خەڵـکان و خەباتـی هاوبـەش خولیایەکـی دیموکراتییانەیە. شۆڕشـگێڕە راسـتەقینەکان لەپێناو هێنانەدیـی ئـەم ئامانجـەدا تێدەکۆشـن، بـەڵام دەسـتەبەرکردنی یەکێتیـی ناوخۆیـی کـورد و خەباتکـردن بـۆ کوردسـتانێکی یەکگرتـوو، داوایەکـی زۆر دیموکراتیتـرە. ئەوانـەی کـە دابەشـکردنی نەتـەوەی کـورد و کوردسـتان دەشـارنەوە و لـەم ئاسـتەدا کار بـۆ یەکێتـی ناکـەن، بێگـومـان سـەبارەت بـە یەکێتـی لـە ئاسـت و قۆناخەکانـی دیکەشـدا سـەرکەوتوو نابـن. چونکـە نەتـەوەی کـورد و کوردسـتان لـە کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دا لەلایـەن ئیمپریالیزمـەوە دابەشـکراوە. تاوەکـو خەبـات لـە دژی ئـەم کارەی ئیمپریالیـزم نەکرێـت، خەباتێکـی دژە ئیمپریالیـزم و دیموکراتیـک روونـادات. خەباتێـک کـە سـنوورە کێشـراوەکانی ئیمپریالیـزم قبـووڵ دەکات، ناتوانێـت دژە ئیسـتیعمار بێـت. بە قبووڵکردنی تەواوی سیاسـەتی "پەرتکـە و زاڵبە"ی ئیمپریالیـزم بـۆ کوردسـتان، چـۆن دەتوانرێـت دژایەتـی بکرێـت؟

بـۆ نموونـە، سـەرجەم دەوڵەتـە داگیرکراوەکانـی ئەفریقـا، لـە چوارچێـوەی ئـەو سـنوورانەدا سـەربەخۆییان بەدەسـتهێناوە کـە لـە سـاڵی 1880ەوە ئیمپریالیـزم بـۆی کێشـاون. بێگـومـان ئـەم سـەربەخۆییە زۆر گرنگـە، بـەڵام ناتوانرێـت بگوترێـت کـە ئەمـە گـورزی توونـدی لـە ئیمپریالیـزم وەشـاندووە. چونکـە ئیمپریالیـزم بەگوێـرەی خواسـت و بەرژەوەندییەکانـی خـۆی سـنوورەکانی کێشـاوە. لەبـەر ئەمـە، لـە ئەفریقـا چەنـد وڵاتێکـی زۆر کـەم لـە ئەنجامـی خەباتـی چەکـداری سـەربەخۆییان بەدەسـتهێناوە؛ وەک جەزائیـر، گینـە بیسـاو، ئەنگـۆلا و مۆزەمبیـک. ئەوانـەی دیکـە لەسـەر بنەمـای رێککەوتن لەگـەڵ دەوڵەتانی داگیرکـەر سـەربەخۆییان وەرگرتووە. یەکێتیـی کوردسـتان، گەورەتریـن گـورز دەبێـت بـۆ سـەر ئیمپریالیـزم لـە رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت دا. چونکە دابەشـکردنی نەتەوەی کورد و کوردستان بەگوێـرەی بەرژەوەندییەکانـی ئیمپریالیـزم بـووە. دابەشـکردنی کوردسـتان بەجۆرێـک کـە خەڵکەکـەی لـە مێـژوو، زمـان و ناسـنامەی خۆیـان دابـڕێـن، دەرەنجامـی سیاسـەتی "پەرتکـە و زاڵبـە"ی ئیمپریالیزمـە، بـەڵام دابەشـکراو

نەتەوەی کورد و کوردستانە. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دوورەپەرێزیی دێرسمییەکان لە کوردایەتی، ئەو وێنەی "عەلەویی پێشکەوتوو و رۆشنبیر"ەیە کە لەلایەن کەمالیستەکان و تورکە چەپەکانەوە دروستکراوە. بێگومان بەرگریکردن لە کەمالیزم هیچ پێشکەوتنێکی تێدا نییە. دژایەتیکردنی ناسنامەی نەتەوەیی خود و شاردنەوەی کۆیلایەتیش لە رێگەی دروشمە کۆمۆنیستییەکانەوە پێی ناگوترێت پێشکەوتن. پێویستە بەگرنگییەوە لەسەر ئەم وێنایەی "عەلەوییە پێشکەوتووەکان" هەڵوێستە بکەین کە تورکە چەپەکان پەرەیان پێداوە. لەپاڵ ئەمەدا، پێویستە ئەوەش بزانرێت کە شیعەیەتی لە ئێرانیش ئایینی فەرمییە؛ بەڵام ئایا دەتوانرێت باس لە "پێشکەوتن"ی شیعەکانی ئەوێ بکرێت؟ دەستەواژەکانی وەک "مەسیحییە راستڕەوەکان، موسڵمانە چەپەکان"، "عەلەوییە پێشکەوتووەکان، سوننییە دواکەوتووەکان" و هاوشێوەکانیان تەنیا دروشمن. لەپێناو پشتگیریکردن لە هەندێک ئایدیۆلۆژیا دروستکراون. بۆ نموونە، "موسڵمانە چەپەکان"ی لوبنان بەهیچ جۆرێک عەلەوی نین، بەڵام دەبێت لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی زیاتر و جیدیتر بکرێت.

خاڵە گرنگەکە ئەمەیە: لەدوای ساڵی 1950ەوە لە کوردستان، کاری داگیرکاری و کۆنترۆڵکردن بەتەواوی جێگربوو. ئەو چینانەی کە دەکرا بانگەشەی نەتەوایەتی بکەن یان لەنێوبران یاخود زۆر لاوازکران. لەدوای ئەمەش چالاکییەکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد خێراتر بوون. لەپێناو ئەمەشدا دەوڵەت هەموو تواناکانی خۆی خستەگەڕ. لەپاڵ پەروەردەدا، دەرفەتی ئابووری و فەرمانبەریی رەخسێنرا. منداڵ و نەوەکانی ئەوانەی کە لە جینۆسایدەکەدا لەنێوبران و بەرەو پەتی سێدارە بەڕێکران، لەڕووی ئابوورییەوە یارمەتی دران. لە بیرۆکراسیی دەوڵەتی داگیرکاردا پۆستی گرنگیان پێدان. ئەمەش دەرفەتی ئاوێتەبوون لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فەرمی دا رەخساند. ئەم سیاسەتە، لەدوای ساڵی 1948ەوە لە هەموو کوردستان دا دەبینرێت، بەڵام دوای بەهێزبوون و بڵاوبوونەوەی خەباتی

دیموکراتـی لـە دژی ئیمپریالیـزم، کاردانـەوەی توونـد دژی ئـەم سیاسـەتە پەیدابـووە. گرنگترین رووداو کـە لـەدوای 1975ەوە لـە کوردسـتان و لەنێو کـورد دا دەبینرێـت ئەمەیـە. دەکرێـت ئـەم هەسـتیارییەش لـە هەمـوو لایەکـی کوردسـتان دا بەدیبکرێـت، بـەڵام دێرسـمییەکان سـەرەڕای ئـەوەی لەسـەر بانگەشـەی نەتەوەیـی رووبـەڕووی جینۆسـایدێک بوونەتـەوە کـە نموونـەی لـە مێـژووی دونیـادا دەگمەنـە، کەچـی ئـەم هەسـتیارییەیان تێدا نابینرێـت و بـە دەسـتەواژە کۆمۆنیسـتییەکان دەیانەوێت هەڵوێسـتە کەمالیسـتییەکانی خۆیـان پەردەپـۆش بکـەن. ئـەم رووداوە سـەیرەش دەبێـت لێکۆڵینـەوەی جیـدی لەسـەر بکرێـت. لێـرەدا پێویسـتە بڵێیـن کـە دەسـتەواژەی "دێرسـمییەکان" بێگومـان هەموو دێرسـمییەکان ناگرێتەوە. مەبەسـتمان ئەوەیـە بڵێیـن کـە "بەگشـتی" وان. چونکـە لـەدوای سـاڵی 1950ەوە لـە ریزەکانـی پێشـەوەی خەباتـی نەتەوەیـی و دیموکراتـی، چەندیـن شۆڕشـگێڕی دێرسـمی دەبینیـن. هەمـان شـت بـۆ دەسـتەواژەی "عەلەوییەکان"یـش راسـتە.

6. دەگوترێـت "لـە دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم، دەوڵەتانی ئیمپریالیسـتی ئەنادۆڵیـان دابەشـکرد. ویسـتیان تورکـەکان لەسـەر شـانۆی مێـژوو لەنێوبـەرن. جەنگـی سـەربەخۆیی تورک بەرامبـەر بە ئیمپریالیزم ئامانجەکەی ئەوەبـوو کـە لەنێونەچێـت، لەسـەر شـانۆی مێـژوو نەسـڕدرێتەوە، ژیانـی شـەرەفمەندانەی هەبێـت و لەگـەڵ نەتەوەکانـی دیکـەدا یەکسـان بێـت". ئـەم بۆچوونـە لەنێـو زانکـۆکان، میدیا، تەوژمە راسـت و چەپەکانـی هەموو تورکـەکان دا باڵادەسـتە و قبووڵکـراوە. ئەمـە راسـتی و رووداوی یەکەمـە. لـەولاوە، رووداوێکـی دیکەمـان هەیـە: نەتـەوەی تـورک (کەمالیسـتەکان) کـە لەپێنـاو لەنێونەچـوون، نەسـڕدرانەوە لەسـەر شـانۆی مێـژوو، لـە ژیانـی سـەربازانە و یەکسـانی دا خەباتیـان لـە دژی دەوڵەتانـی ئیمپریالیسـتی کـردووە، بـە ئامانجـی لەنێوبردنـی نەتـەوەی کـورد، سـڕینەوەی زمـان و کولتـوور و ناسـنامەکەی لەسـەر شـانۆی مێـژوو، کاری هاوبەشـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی و سـەربازیی و چڕوپڕی کـردووە لەگـەڵ دەوڵەتانی

ئیمپریالیسی دا، بەڵام ئەو تورکانەی کە لە چوارچێوەی کەمالیزمدا لە ڕەوایی ڕووداوی یەکەم دەڕوانن، ڕاستی دووەمیش بێ قەید و شەرت قبووڵ دەکەن و بەخۆشحاڵییەوە چەپڵەی بۆ لێدەدەن. بەم جۆرە، نەتەوەی تورک کە خەبات دەکات بۆ ئەوەی لەسەر شانۆی مێژوو نەسڕدرێتەوە، ئەرکی سڕینەوەی نەتەوەی کوردی لەسەر شانۆی مێژوو پێدەسپێردرێت. ئەم بیرکردنەوە و هەڵوێستە دووڕووانەیە، خەسڵەتی سەرەکیی زانکۆ و میدیای تورکی، تورکە ڕاسترۆ و چەپڕۆ و تەنانەت "دیموکرات"ەکانیشە. هەوڵدان بۆ بەچەپکردنی بیر و بۆچوونێکی تاوەکو ئەم ڕادەیە ئیمپریالیستانەیە، ڕەگەزپەرستانە و داگیرکارانە، زیانی زۆری لە گەشەکردنی سەرجەم تەوژمی چەپەکانی تورک داوە. وتارەکەی ڕاسیم داواس سەبارەت یاسای تونجەلی و جێبەجێکردنەکانی، بەڵگەیەکی گرنگی ئەم کارەساتەیە.

هەرچەندە ڕاستی بەم جۆرەیە، بەڵام کاتێک تەماشای نووسین و وتارەکانی مستەفا کەمال دەکەین، هەڵوێستی دژە ئیمپریالیستانەی تێدا دەبینین. بۆ نموونە، لە ساڵی 1933دا گوتوویەتی:

"... ئێستا سەیری ئەو خۆرە بکەن کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت. چۆن ئەمڕۆ دەبینم خۆر هەڵدێت، لە دوورەوە هوشیاربوونەوەی سەرجەم میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش دەبینم. هێشتا چەندین نەتەوەی برا هەن کە لەمەودوا دەگەنە سەربەخۆیی و ئازادی. سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی ئەوان بێگومان ڕووی لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی دەبێت. ئەم نەتەوانە سەرەڕای گشت زەحمەت و کۆسپەکان، بەربەستەکان تێدەپەڕێنن و بەو ئاییندەیە دەگەن کە چاوەڕێیان دەکات.

ئیمپریالیزم لە سەرزەوی لەنێودەچێت و شوێنی خۆی بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگیینێوان نەتەوەکان جێدەهێڵێت بەبێ جیاوازی لەنێوان ڕەنگ، ئایین و ڕەچەڵەک دا".

بەڵام کاتێک لە ڕووداوە ڕاستەقینەکان دەڕوانین، دەبینین ئەم قسانە جگە لە فریودان و دووڕوویی هیچی دیکە نین. چونکە دەوڵەتی

داگیـرکاری تـورک کـە سـەرۆکە ئەبەدییەکـەی مسـتەفا کەمالـە، لەپێنـاو سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بێداربوونەوەکەی دا، هەموو هێـز و دەسـەڵاتی دەوڵەتـی بەکارهێنـاوە. لەپێنـاو بەکۆیلەکردنـی نەتەوەی کـورد و لەنێوبردنـی تـەواوی ناسـنامە نەتەوەییەکەیـدا، هاوکارییەکـی چڕی لەگـەڵ دەوڵەتانـی ئیمپریالیسـتی دا کـردووە. ئـەم هاوکارییـەش لـە هەمـوو ئاسـتەکانی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی، ئابـووری، کولتـووری و سـەربازی دا بـەردەوام بـووە.

کەوایـە ئـەو شـتەی کـە پێکهاتـەی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـیی کەسـێک دەردەخـات کارەکانیەتـی نـەک گوفتارەکانـی. ئـەو شـتانەی کـە مسـتەفا کەمـال بەرامبـەر بـە نەتـەوەی کـورد کردوونـی، لـە رەگ و ریشـەوە ئـەم جـۆرە گوفتارانـەی بـەدرۆ دەخەنـەوە. یاسـای "پاراسـتنی ئەتاتورک"یش هەر بـۆ ئەمـە دەرکـراوە. ئـەم یاسـایە دەیەوێـت بـەردەوام بـە شـان و باڵـی ئەتاتـورک دا هەڵبدرێـت و هیـچ رەخنەیەکـی لـێ نەگیرێـت. جگـە لـەوەی کـە سـزای یاسـایی هەمـوو ئـەو بۆچـوون و رەخنانـەش دیـاری دەکات کـە ئاراسـتەی دەکرێـت. لـە توێژینـەوەی (ململانێـی دابەشـکاریی ئیمپریالیـزم لەسـەر کوردسـتان 1915 - 1923)دا زیاتـر لەسـەر ئـەم خاڵـەی دوایـی دەوەسـتین.

حەمدی بەی کە (موفەتیشی موڵکییە) بووە، لە ڕۆژی 2/2/1926دا لە ڕاپۆرتێکدا کە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی کردووە، دەڵێت:
لە دەرەنجامی پەیوەندی و بەدواداچوونەکانم بۆم دەرکەوت کە دێرسم تاوەکو دێت کوردایەتی تێیدا زیاد دەکات، بۆیە مەترسییەکە گەورە دەبێت.
لە کتێبی (جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد و شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق)دا هاتووە :لە بەهاری 1938دا حکومەت ڕایگەیاند هەموو ئەو یاخیبووانەی کە چەکەکان تەسلیم دەکەن لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە. لەسەر ئەمە، بەنزیکەیی هەموو خەڵکی کاراباڵ، فەرهاد، پیلوانک، شێخ، مەمەدان و کاراجاسەییدەکان کە خۆیان بەدەستەوە دابوو لەنێوبران. دوای ئەمە، ئەندامانی عەشیرەتی مازگیرت و قورەیشان و هەروەها کوردانی عەشیرەتی یوسفان و بەختیار کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، بەبێ جیاوازیی شیرخۆر، سکپڕ و پیر، پێکەوە و زۆربەیان بە چەقۆ کوژران. لە کۆتاییەکانی هاوینیشدا ئەندامانی عەشیرەتەکانی خۆرمەکان، قورەیشان، ئالان، مازگرت و باباسووران بە گازی ژەهراوی، چەقۆ یان سووتاندن کوژران. هەزاران کچی لاوی دێرسمی بۆ ئەوەی ناموسی خۆیان بپارێزن، لە بەرزاییەکانەوە خۆیان فڕێدەدایە خوارەوە.
ئەمە ترسناکترین و وەحشیترین جینۆساید بوو کە مێژووی دونیا بەخۆیەوە بینبێتی. نەتەوەیەک تەنیا لەبەرئەوەی ڕەتیکردبووەوە کۆیلایەتی و توانەوە قبووڵ بکات، لە ناوچەرگەی خاکی باپیرانیاندا، کۆمەڵ بە کۆمەڵ بە گازی ژەهراوی، گوللە و نێزە کوژران".

# یاسای تونجەلی 1935و جینۆسایدی دێرسم

ئیسماعیل بێشکچی

İBV
İSMAİL BEŞİKCİ VAKFI